بێگومان، جگە لە گۆڕانكارییە ژمارەیی و جوگرافییەكان، لە ڕووی تەمەنیش گۆڕانكارییەكی زۆر بە سەر پێكهاتەی دانیشتوانی هەرێم دا هاتووە. كەمبوونی ژمارەی لەدایكبوان لە ساڵانی ڕابردوودا، وایكردووە گۆڕانكارییەكی بەرچاو لە بنچینەی هەرەمی دانیشتوانی هەرێمی كوردستان درووست ببێت. بە ڕەچاونەكردنی ئەو گۆڕانكارییە جوگرافییانەی كە لە ڕابردوو بە سەر سنووری كارگێڕیی پارێزگاكاندا هاتووە و بەلاوەنانی كاریگەرییەكانی لە سەر پێكهاتەی دانیشتوانی هەرێمی كوردستان، شێوەی خوارەوە گۆڕانكاری لە هەرەمی دانیشتوانی هەرێمی كوردستان لە ساڵانی 1987 و 2020 پێشان دەدات. پێویستە بوترێت كە هەرەمی دانیشتوان باوترین و ڕوونترین شێوازی پیشاندانی پێكهاتەی دانیشتوانە لە ڕووی تەمەن.

شێوەی 1: هەرەمی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان - 1987 و 2020





بە هۆی نەبوونی سەرژمێریی گشتگیری دانیشتوان لە عێراق، بۆ دەستکەوتنی ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان، دەستەی ئاماری هەرێم هەوڵی داوە بە شێوەیەکی زانستی پێشبینی بۆ ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بکات. لە سەر ئەم بنەمایە، بە پاڵپشتیی سندوقی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ دانیشتوان (UNFPA)، دوو جار پێشبینی بۆ ژمارەی دانیشتوانی هەرێم کراوە. جاری یەکەم لە ساڵی 2013 بۆ ساڵانی 2010-2020 و جاری دووەم لە ساڵی 2022 بۆ ساڵانی 2021-2040. بە پێی دوایین ڕاپۆرتی پێشبینیی ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان، لە ساڵی 2021 ژمارەی دانیشتوانی هەرێم 6.3 ملیون کەس بووە و لە ساڵی 2022 ژمارەکە 6.43 ملیون کەس بووە. پێشبینیی ژمارەی دانیشتوانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵانی 2021 و 2022 لە خشتەی خوارەوە خراوەتە ڕوو.

خشتەی 2: پێشبینیی ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵانی 2021 و 2022 (ملیۆن کەس)

| | هەرێمی کوردستان | هەولێر | سلێمانی | دهۆک | هەڵەبجە |
|---|---|---|---|---|---|
| **2021** | 6.30 | 2.30 | 2.19 | 1.69 | 0.118 |
| **2022** | 6.43 | 2.35 | 2.23 | 1.73 | 0.120 |

**نەخشەی1:پێشبینیی ژمارەی دانیشتوان لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2022(ملیۆن کەس)**



## ڕێژەی ڕەگەز

بەشێوەیەکی ئاسایی، ڕێژەی ڕەگەز بۆ تازە لەدایکبوان، کە بە ژمارەی منداڵ لە ڕەگەزی نێر بەرامبەر بە ژمارەی منداڵ لە ڕەگەزی مێ لە ماوەی ساڵێك پێناسە دەکرێت، بریتییە لە 105. واتە بۆ هەر 100 لەدایکبووی کچ لە ماوەی ساڵێکدا، 105 لەدایکبووی کوڕ هەن. بە گشتی، لەدایکبوونی منداڵی نێر زۆرترە لە منداڵی مێ، بەڵام لە تەمەنەکانی سەرەوە، بەهۆی زۆربوونی مردن لە نێو ڕەگەزی نێر، کۆچکردن و هۆکاری تر، هێدی هێدی ژمارەی ڕەگەزی مێ زۆرتر دەبێت لە نێر. بە پێی پێشبینیی دەستەی ئاماری هەرێم بۆ دانیشتوانی هەرێمی کوردستان، ڕێژەی ڕەگەز لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2022 بریتییە لە 101.0%. لە سەر ئاستی پارێزگاکان ئەم ڕێژەیە لە هەولێر 102.1%، سلێمانی 100.3%، دهۆك 100.7% و هەڵەبجە 100.3% بووە.

## دابەشبوونی دانیشتوان


پێشبینییەکانی ژمارەی دانیشتوان کاتێك کاریگەرتر و بەسوودتر دەبن کە وردەکاریی پێویستیان لە ڕووی تەمەن، ڕەگەز و شوێنی جوگرافی هەبێت. ئەم جۆرە لە وردەکارییانە بۆ داڕشتنی پلان و بەرنامەی کاری وەزارەتەکانی حکومەت گرینگیی خۆیان هەیە. دابەشبوون لە ڕووی ڕەگەز و تەمەنی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2022 لە خشتەی 3 خراوەتە ڕوو. دابەشبوونەکانی ئەم خشتەیە دوو ئاراستەی جیاوازیان هەیە. ئاراستەی یەکەم، دابەشبوون بە پێی ڕەگەز لە نێو گروپەکانی تەمەن؛ و ئاراستەی دووەم، بە پێچەوانەوە، واتە بە پێی گروپەکانی تەمەن لە نێو ڕەگەزەکان.

خشتەی 3: دابەشبوونی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بە پێی گروپی تەمەن و ڕەگەز - 2022 (%)

| گروپی تەمەن | دابەشبوون لە نێو ڕەگەز بە پێی گروپی تەمەن | | | دابەشبوون لە نێو گروپی تەمەن بە پێی ڕەگەز | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | نێر | مێ | کۆ | نێر | مێ | کۆ |
| **0-4** | 12.0 | 12.2 | 11.7 | 51.3 | 48.7 | 100 |
| **5-9** | 11.6 | 11.7 | 11.5 | 50.8 | 49.2 | 100 |
| **10-14** | 12.0 | 12.3 | 11.7 | 51.6 | 48.4 | 100 |
| **15-19** | 10.6 | 11.0 | 10.2 | 52.2 | 47.8 | 100 |
| **20-24** | 9.4 | 9.7 | 9.2 | 51.5 | 48.5 | 100 |
| **25-29** | 9.1 | 9.2 | 9.0 | 50.9 | 49.1 | 100 |
| **30-34** | 7.7 | 7.5 | 7.8 | 49.4 | 50.6 | 100 |
| **35-39** | 6.3 | 6.0 | 6.6 | 47.9 | 52.1 | 100 |
| **40-44** | 5.8 | 5.8 | 5.8 | 50.0 | 50.0 | 100 |
| **45-49** | 4.4 | 4.4 | 4.3 | 51.0 | 49.0 | 100 |
| **50-54** | 2.4 | 2.0 | 2.8 | 41.4 | 58.6 | 100 |
| **55-59** | 2.6 | 2.4 | 2.9 | 44.9 | 55.1 | 100 |
| **60-64** | 2.5 | 2.4 | 2.5 | 48.8 | 51.2 | 100 |
| **65-69** | 1.3 | 1.3 | 1.4 | 46.8 | 53.2 | 100 |
| **70-74** | 0.9 | 0.8 | 0.9 | 47.8 | 52.2 | 100 |
| **75-79** | 0.6 | 0.6 | 0.7 | 48.3 | 51.7 | 100 |
| **80+** | 0.9 | 0.7 | 1.0 | 42.2 | 57.8 | 100 |
| **کۆ** | 100.0 | 100.0 | 100.0 | 50.3 | 49.7 | 100 |

بۆ بەرچاوڕوونیی باشتر لەبارەی پشکی گروپەکانی تەمەن لە کۆی ژمارەی دانیشتوان لە سەر ئاستی هەر دوو ڕەگەزی نێر و مێ، لە شێوەی خوارەوە هەرەمی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان خراوەتە ڕوو.

شێوەی 2: هەرەمی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان- 2022




جۆرێکی تر لە دابەشبوونی دانیشتوان، دابەشبوونە بە پێی گرووپی تەمەنی کارکردن و پشتبەستن. لەم جۆرەدا، ئەو کەسانەی لە تەمەنی ستانداردی کارکردنن، واتە 15-64 ساڵ، لە گرووپێك دادەنرێن و ئەوانی تر لە دوو گرووپ، یەکێکیان بۆ تەمەنەکانی پێش ئەم گرووپە (تەمەنی 0-14 ساڵ) و ئەوی تر، بۆ تەمەنەکانی دوای ئەم گرووپە (تەمەنی 65+). ئەم جۆرەی دابەشبوونی دانیشتوان لە خشتەی 4 دەبینرێت.

خشتەی 4: دابەشبوونی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بە پێی ڕەگەز و گرووپەکانی کارکردن و پشتبەستن – 2020

| پارێزگا | گرووپی تەمەن | نێر | مێ | تێکڕا |
|---|---|---|---|---|
| هەولێر | 0-14 | 37.0% | 35.6% | 36.3% |
| | 15-64 | 59.7% | 60.4% | 60.0% |
| | 65+ | 3.4% | 4.0% | 3.7% |
| سلێمانی | 0-14 | 32.9% | 31.3% | 32.1% |
| | 15-64 | 63.0% | 64.0% | 63.5% |
| | 65+ | 4.1% | 4.7% | 4.4% |
| دهۆك | 0-14 | 39.9% | 38.7% | 39.3% |
| | 15-64 | 57.5% | 58.1% | 57.8% |
| | 65+ | 2.7% | 3.2% | 2.9% |
| هەڵەبجە | 0-14 | 32.9% | 31.3% | 32.1% |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | 15-64 | 63.0% | 64.0% | 63.5% |
| | 65+ | 4.1% | 4.7% | 4.4% |
| **هەرێمی کوردستان** | 0-14 | 36.3% | 34.9% | 35.6% |
| | 15-64 | 60.3% | 61.1% | 60.7% |
| | 65+ | 3.4% | 4.1% | 3.8% |

## ئاوارەکان و پەنابەران

بابەتێکی تر کە گرینگە و پێویستە بە هەند وەربگیرێت، ئاوارەکان و پەنابەرانن. دوای ڕاپەرین ژمارەیەکی کەم لە ئاوارە و پەنابەران لە هەرێمی کوردستان هەبوون، بەڵام دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس ژمارەی ئاوارەکان بەرەو هەڵکشان چوو و خەڵکێکی زۆر ڕوویان لە هەرێم کرد. لێشاوی گەورەی پەنابەران بۆ هەرێمی کوردستان دوای ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی لە سوریا دەستی پێ کرد و لێشاوی ئاوارەکانیش دوای سەرهەڵدانی داعش و داگیرکردنی ڕووبەرێکی زۆر لە چەند پارێزگایەکی باکور و ڕۆژئاوای عێراق ڕووی دا و لە کانوونی یەکەمی ساڵی 2014 کۆی ژمارەی ئاوارەکان و پەنابەرانی ئەم ڕووداوانە لە هەرێمی کوردستان گەیشتە سەرووی 1,100,000 کەس (بەنزیکەیی، 881 هەزار ئاوارەی پارێزگاکانی عێراق و 226 هەزار پەنابەری سووری)، کە نزیک بوو لە 21% لە دانیشتوانی ڕەسەنی هەرێمی کوردستان لەو کاتەدا کە بریتی بوو لە 5,333,000، بە نزیکەیی. پشکی پارێزگاکانی هەرێم لە ئاوارە و پەنابەران بەم شێوەیە بوو: پارێزگای دهۆک 50.7%، هەولێر 31.7%، و سلێمانی 17.6%.

لە ماوەی ساڵانی ڕابردوو، ژمارەی ئاوارەکان و پەنابەران بەرەو نزمبوونەوە ڕۆیشتووە. بە پێی ئەو زانیارییانەی کە لە لایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ (IOM) و کۆمیسیاری باڵای پەنابەران سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان (UNHCR) دەست کەوتوون، لە ساڵی 2022، ژمارەی ئاوارەکان بە نزیکەیی 695 هەزار کەس بووە و پەنابەرانیش بە نزیکەیی 248 هەزار کەس بوونە. خشتەی خوارەوە ژمارەی ئاوارەکان و پەنابەران لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە ماوەی 2018-2022 پیشان دەدات.


خشتەی 5: ژمارەی ئاوارە و پەنابەران لە هەرێمی کوردستان – 2018-2022

| | | هەرێمی کوردستان | هەولێر | سلێمانی/هەڵەبجە | دهۆک |
|---|---|---|---|---|---|
| **2018** | ئاوارە* | 868,032 | 234,846 | 181,302 | 451,884 |
| | پەنابەر** | 249,329 | 128,675 | 32,151 | 88,503 |
| | کۆ | 1,117,361 | 363,521 | 213,453 | 540,387 |
| **2019** | ئاوارە | 784,548 | 212,562 | 150,336 | 421,650 |
| | پەنابەر | 242,944 | 124,182 | 30,511 | 88,251 |
| | کۆ | 1,027,492 | 336,744 | 180,847 | 509,901 |
| **2020** | ئاوارە | 780,492 | 237,408 | 140,304 | 402,780 |
| | پەنابەر | 238,574 | 122,912 | 31,511 | 84,151 |
| | کۆ | 1,019,066 | 360,320 | 171,815 | 486,931 |
| **2021** | ئاوارە | 698,975 | 231,694 | 136,496 | 330,785 |
| | پەنابەر | 247,422 | 128,927 | 32,339 | 86,156 |
| | کۆ | 946,397 | 360,621 | 168,835 | 416,941 |
| **2022** | ئاوارە | 694,491 | 232,860 | 141,522 | 320,109 |
| | پەنابەر | 247,523 | 130,210 | 34,058 | 83,255 |
| | کۆ | 942,014 | 363,070 | 175,580 | 403,364 |

***سەرچاوە: ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ (IOM)** **** سەرچاوە: کۆمیسیاری باڵای پەنابەرانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان (UNHCR)**

بە پێی ژمارەکانی ئەم خشتەیە تا ڕادەیەك جوڵەی ئاوارەکان و پەنابەران لە نێو پارێزگاکانی هەرێم هەیە، بەڵام بە گشتی ئاراستەی گۆڕانکارییەکان بەرەو نزمبوونەوەی ژمارەی ئاوارەکان و پەنابەران ڕۆیشتووە، ئەمەش بە واتای گەڕانەوەی ئاوارەکان و پەنابەرانە بۆ شوێنە بنەڕەتییەکانیان. ئەم گەڕانەوەیە بە مانای کۆتایی هاتنی بوونی پەنابەران و ئاوارەکان لە هەرێمی کوردستان نییە و ئاسۆی کۆتایی هاتنەکە نادیارە. شێوەی 3 گۆڕانکارییەکان ڕوونتر دەردەخات.

شێوەی 3: ژمارەی ئاوارەکان و پەنابەرەکان لە هەرێمی کوردستان- 2022




بە پێی ئەو پێشبینییانەی کە بۆ ژمارەکانی ئاوارەکان و پەنابەران کراوە، لە ماوەی 20 ساڵی داهاتوو هێشتا 33%-48% لەو ئاوارە و پەنابەرانەی لە ساڵی 2022 لە هەرێمی کوردستان بوونیان هەبووە دەمیننەوە و چەقی مانەوەکەش لە پارێزگای هەولێر دەبێت و بەرزترین ئاستی کەمبوونەوەی ژمارەی ئاوارەکان و پەنابەران لە داهاتوودا لە پارێزگای دهۆك دەبێت.

## هێزی کار

ئەزموونی ڕاستەقینەی دەستەی ئاماری هەرێم لە جێبەجێکردنی ڕووپێوی هێزی کار و دەرکردنی نیشاندەرە ئامارییەکانی تایبەت بە هێزی کار بۆ ساڵی 2012 دەگەڕێتەوە کە یەکەم ڕووپێوی خۆی سەبارەت بە هێزی کار بە پشتیوانیی تەکنیکی و زانستیی ڕێکخراوی RAND -ی ئەمریکی ئەنجامدا. لە شێوازنامەی (میتۆدۆلۆجیی) ئەنجامدانی ئەم ڕووپێوە، بڕیارنامە و پێناسەکانی کۆنفرانسی ژمارە 13-ی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کار (International Labor Organization – ILO) پەیڕەو کراون و لەسەر ئەو بنەمایە، پرسیارنامەیەکی تایبەت بۆ ئەم ڕووپێوە ئامادە کرا و ڕووپێوەکە ئەنجام درا و دواتر لە ساڵانی 2013، 2014 و 2015 بەردەوام بوو. جگە لە ساڵی 2015 کە بە هۆی قەیرانی داراییەوە تەنیا یەك گەڕی ئەم ڕووپێوە ئەنجام درا، لە ساڵانی تر دوو گەڕ لە ڕووپێوەکە جێبەجێ کراون. هەروەها لە ڕووپێوی دیموگرافی (ساڵی 2017) بەشێکی بچووکی تایبەت کرا بوو بە دۆخی کارکردنی بەشداربوانی ڕووپێوەکە و لەوێش ڕێژەی بێکاری و چەند نیشاندەرێکی تر، وەك بەشداریکردن لە هێزی کار، پیشە، داهات، .. هتد، دەرکران. دواتر، لە ساڵی 2018، دەستەی ئاماری هەرێم بۆ داواکردنی پاڵپشتیی تەکنیکی و دارایی بۆ جێ بەجێ کردنی ڕووپێوی هێزی کار لە هەرێمی کوردستان پەیوەندیی بە ڕێکخراوی نێودەولەتیی کار کرد و لە ساڵی 2019 یادداشتێکی لێکتێگەیشتن بۆ جێبەجێ کردنی ڕووپێوی هێزی کار لە هەرێمی کوردستان لە نێوان هەر دوو لا ئیمزا کرا و ڕووپێوەکە لە ساڵی 2021 ئەنجام درا. ئەم ڕووپێوە هاوکات لە گەڵ هەرێمی کوردستان، لە عێراقیش ئەنجام درا و بوو بە یەکەم ڕووپێوی هێزی کار کە لە دوای ساڵی 2008 لە گشت پارێزگاکانی عێراق ئەنجام بدرێت.

ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کار (ILO) لایەنی سەرەکی و سەرچاوەی چەمك و پێناسەکانی پەیوەست بە بابەتەکانی کار و بێکارییە و هەر چەند ساڵ جارێك چەمك و پێناسەکان تازە دەکاتەوە و ڕێنمایی و ڕێسای تایبەت بە شێوازی بەکارهێنان و سوودلێوەرگرتنیان دەر دەکات. دەستەی ئاماری هەرێم کە لە ساڵانی 2012-2015 ڕووپێوی تایبەت بە هێزی کاری ئەنجام داوە و چەمك و پێناسەکانی سیازدەیەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی ئامارزانەکانی هێزی کار ( 13th International Conference of Labour Statisticians - ICLS) لە ساڵی 1982، بە کار هێناوە، لە ڕووپێوی ساڵی 2021 سوودی لەو چەمك و پێناسە تازەکراوانەی کار و بێکاری وەرگرتووە کە لە نۆزدەیەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی ئامارزانەکانی هێزی کار (19th ICLS) لە ساڵی 2013 بڕیاریان لەسەر دراوە و بە دوایەمین پێناسەکانی بواری هێزی کار لە جیهان دادەنرێن.

لە هەندێك بابەتدا جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوان پێناسەکانی 13th ICLS و 19th ICLS دا هەیە و لێرەدا هەندێك لەو جیاوازییانە دەخرێنە ڕوو. هەروەها، پێویستە ئاماژە بەوە بدرێت کە بەگشتی ئەو پێناسە و چەمکانەی لێرەدا هاتوون ئەوانەن کە لە ڕووی زانستی و بە پێی ستانداردەکانی نۆزدەیەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی ئامارزانەکانی هێزی کار پێناسەیان بۆ کراوە.

یەکێك لەو پێناسانەی کە گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە، بریتییە لە کەسانی کارکەر. لە پێناسەکانی کۆنفرانسی سیازدەیەم، ئەو کەسانەی کە لە بواری بەرهەمهێنانی ئەو کەرستانەی بۆ بەکارهێنانی خۆیی سوودیان لێوەردەگیرێت، کاریان دەکرد، بە کەسانی کارکەر ئەژمار دەکران، بەڵام بەپێی پێناسەی نوێی کۆنفرانسی نۆزدەیەم، ئەم کەسانە وەك کارکەر ئەژمار ناکرێن. هەر بە پێی ئەم پێناسە نوێیە، ئەگەر ئەم جۆرە کەسانە بەدوای کاردا نەگەڕێن و ئامادەیی کارکردنیان تێدا نەبێت، بە بێکاریش ئەژمار ناکرێن و بەم شێوەیە دەکەونە دەرەوەی هێزی کار. بەم پێیە، گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە ژمارەی کەسانی بێکار و کەسانی دەرەوەی هێزی کار ڕوو دەدات و کار دەکاتە سەر هەر دوو ڕێژەی هێزی کار و بێکاری.

لە کۆنفرانسی نۆزدەیەمدا، پێناسەیەکی نوێ هاتووەتە ئاراوە بە ناوی هێزی کاری شاراوە (Potentioanl Labor Force). ئەو کەسانەی کە لە هێزی کار دا نین، واتە بێکارن، بەڵام بەدوای کار دا دەگەڕێن و ئامادەیی کارکردنیان نییە، یاخود بە دوای کار دا ناگەڕێن بەڵام لە ئەگەری هەبوونی کارێك ئامادەیی کارکردنیان هەیە، بە هێزی کاری شاراوە ئەژمار دەکرێن. بەهۆی بوونی ئەگەرێکی بەهێزی چوونە نێو هێزی کار بۆ ئەم کەسانە، چەمکێکی تری نوێ درووست بووە بە ناوی هێزی کاری فراوانکراو ( Extended Labour Force) کە بریتییە لە کۆی کەسانی کارکەر، کەسانی بێکار، و هێزی کاری شاراوە.

بەر لە چوونە نێو بابەتەکان، پێویستە چەند تێبینییەك بخرێنە ڕوو:

یەکەم: بەهۆی بەکارهێنانی پێناسەی کۆنی هێزی کار (پێناسەی 13th ICLS) لە ڕووپێوەکانی پێشووتر، لەم ڕاپۆرتەدا و لەو شوێنانەی کە پێویستی بە بەراورد لە گەڵ ساڵانی پێشووتر هەبووە، و بۆ ئەوەی بەراوردەکە زانستی و واقعی بێت، هەوڵ دراوە نیشاندەرەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2021 بە پێی پێناسەی کۆن دابنرێن. هەروەها بەهۆی نەبوونی نیشاندەری پەیوەست بە هێزی کار بۆ ساڵانی 2016-2020، بە ناچار بۆ بەراوردی ئەنجامە نوێیەکان، بە گشتی ئەنجامەکانی ساڵانی 2012-2015 هەڵبژێردراون.

دووەم: تەمەنی ستانداردی کارکردن 15-64 ساڵە بەڵام بە هۆی تایبەتمەندیی خەڵکی هەرێمی کوردستان، دەستەی ئاماری هەرێم لە زۆربەی ڕووپێوەکانی خۆی دا تەمەنی 15 و سەرووتری بە تەمەنی کارکردن داناوە و بۆ بابەتی نیشاندەرەکانی کار و بێکاری ڕەچاو کردووە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی خەڵکانێکی زۆر لە تەمەنی سەروو 64 ساڵیش کار دەکەن یان لەوانەیە بە دوای کار دا بگەڕێن. هەروەها بە پێی ستانداردە نێودەوڵەتییەکان، تەمەنی 15-24 ساڵ بە تەمەنی گەنجێتی دەناسرێت و کەسانی ئەم تەمەنە بە گەنج دادەنرێن و لەم ڕاپۆرتەشدا ئەم پێناسەیە ڕەچاو کراوە.

سێیەم: لە ڕووپێوەکانی ساڵانی ڕابردوو دا هەڵەبجە پارێزگایەکی سەربەخۆ نەبووە و قەزایەکی پارێزگای سلێمانی بووە، لە بەر ئەمە لە بەراوردەکان لە گەڵ ساڵانی پێشوو، هەڵەبجە لە گەڵ سلێمانی ئەژمار کراوە.

## بەشداریکردن لە هێزی کار

لە ڕووی ئابوورییەوە دەکرێت دانیشتوان بە سەر دوو دەستە دابەش بکرێن، چالاك و ناچالاك، یان بە دەربڕینێکی تر هێزی کار و دەرەوەی هێزی کار.

هێزی کار: ئەو کەسانەن کە لە تەمەنی کارکردنن و یان کاریان هەیە یان بێکارن بەڵام بە پێی پێناسەی بێکاری. ڕێژەی هێزی کار لە نێو دانیشتوانی هەرێمی کوردستان لە ماوەی ساڵانی 2012 بۆ 2021 گۆڕانکارییەکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینیوە و لەم بەشەدا دەخرێتە ڕوو.

دەرەوەی هێزی کار: هەموو ئەو کەسانەن کە بە هێزی کار ئەژمار نەکراون. واتە، کەسانی خوار 15 ساڵان و ئەوانەش کە سەرووی 15 ساڵن و پێناسەی هێزی کار نایانگرێتەوە.

خشتەی خوارەوە ڕێژەی بەشداریکردن لە هێزی کار لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی ساڵانی ڕابردوو پێشان دەدات. هەروەك دیارە، سەرەڕای بوونی کەمێك بەرزی و نزمی لەم ڕێژەیە لە ساڵانی 2012-2015 دا، بەڵام ئەم ڕێژەیە گۆڕانکارییەکی بەرچاوی بە خۆیەوە نەبینیوە و تا ڕادەیەك لە یەکتر نزیك بوونە. بەڵام، لە ساڵی 2021 گۆڕانکارییەکی بەرچاو لەم ڕێژەیەدا دەبیندرێت کە بێگومان، هەر وەك پێشتر باس کرا، بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گۆڕانکارییانەی لە چەمك و پێناسەکاندا درووست بوونە. بە پێی ئەنجامەکانی ڕووپێوی هێزی کار 2021، تێکڕای بەشداریکردن لە هێزی کار لە هەرێمی کوردستان بریتییە لە 45.0% و لە سەر ئاستی پارێزگاکانیش، هەولێر بە پلەی یەکەم دێت (47.0%)، دواتر هەر یەك لە پارێزگاکانی سلێمانی، هەڵەبجە و دهۆك دێن (46.4%، 44.5%، و 39.6%، بە ڕیزبەند).


خشتەی 6: ڕێژەی بەشداریکردن لە هێزی کار لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان (%)– 2012-2021

| | هەولێر | سلێمانی | دهۆك | هەرێمی کوردستان |
|---|---|---|---|---|
| **2012** | 38.1 | 40.3 | 35.6 | 38.4 |
| **2013** | 40 | 41.9 | 35.9 | 39.8 |
| **2014** | 39.6 | 41.9 | 34.7 | 39.3 |
| **2015** | 40 | 41.2 | 34 | 39 |
| **2021*** | 47.0 | 46.4 | 39.6 | 45.0 |
| **2021**** | 53.3 | 52.5 | 48.4 | 51.8 |
| *** بە پێی پێناسەی 19th ICLS** | | | | |
| **** بە پێی پێناسەی 13th ICLS** | | | | |

بۆ باشتر بینینی گۆڕانکارییەکان، شێوەی خوارەوە هێڵی گۆڕانکاری لە ڕێژەی بەشداریکردن لە هێزی کار لە گشت پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان پێشان دەدات، و دەردەکەوێت کە هێڵەکان بە نزیکەیی وەکو یەکن، جگە لەوەی ئاستی گۆڕانکارییەکان لە پارێزگای

دهۆك بەرزترە. گۆڕانكاری لە پێكهاتەی تەمەنی دانیشتوانی هەرێمی كوردستان و بەرزبوونی ڕێژەی كەسانی تەمەن 15 ساڵان و سەرووتر بەراورد بە كەسانی خوار تەمەن 15 ساڵان دەكرێت بە هۆكارێكی بەرزبوونی ڕێژەی هێزی كار لە هەرێمی كوردستان دابنرێت. جیاواز لە خشتەی 6 لە سەرەوە، لەم شێوەیەدا ڕێژەكانی بەشداریكردن لە هێزی كار بۆ ساڵی 2021 بە پێی پێناسەی 13th ICLS بەكار هاتوون.

شێوەی 4: بەراووردی بەشداریكردن لە هێزی كار لە هەرێمی كوردستان ساڵانی 2012 -2021 (%)




ئەگەر لەسەر ئاستی پارێزگاكانی هەرێمی كوردستان، سەیری ڕێژەی بەشداریكردن لە هێزی كار لە ساڵی 2021 بكرێت، دەردەكەوێت كە ئەم نیشاندەرە لە هەولێر و سلێمانی بە نزیكەیی لە یەك ئاستدان، دوای ئەوانیش لە هەڵەبجە ڕێژەیەكی نزمتری تۆمار كردووە و لە دهۆكیش نزمترین ئاستی هەبووە. یەكێك لەو نیشاندەرانەی كە لە ڕووی ئابوورییەوە گرینگە و بە پێوەرێكی گەشەسەندنی كۆمەڵگە دادەنرێت، ڕێژەی بەشداریكردنی ئافرەتانە لە هێزی كار. لە هەرێمی كوردستان ئەم ڕێژەیە لە ئاستێكی نزمدایە و بەراورد بە وڵاتان، جیاوازیی نێوان هەر دوو ڕەگەز لە ئاستێكی بەرزدایە. بە پێی ڕووپێوی هێزی كار لە ساڵی 2021، ڕێژەی بەشداریكردنی ئافرەتان لە هێزی كار لە گشت پارێزگاكانی هەرێمی كوردستان، جگە لە پارێزگای دهۆك، لە ئاستێكن كە نزیكن لە یەكتر بەڵام لە پارێزگای دهۆك بەڕێژەیەكی بەرچاو لە پارێزگاكانی تر نزمترە. خاڵی سەرنجراكێش لێرەدا بەشداریكردنی ئافرەتە لە هێزی كار لە پارێزگای هەڵەبجە كە بەرزترین ڕێژەی لەناو پارێزگاكانی هەرێمی كوردستان تۆمار كردووە . (خشتەی خوارەوە) ڕێژەی بەشداریكردن لە هێزی كار بە پێی ڕەگەز لە ڕووپێوی هێزی كاری ساڵی 2021 دەخاتە ڕوو.

خشتەی 7: ڕێژەی بەشداریكردن لە هێزی كار لە هەرێمی كوردستان بەپێی ڕەگەز (%) – ڕووپێوی هێزی كار 2021

| | هەولێر | سلێمانی | دهۆك | هەڵەبجە | هەرێمی كوردستان |
|---|---|---|---|---|---|
| نێر | 75.4 | 74.5 | 69.5 | 70.3 | 73.5 |
| مێ | 18.6 | 18.6 | 9.4 | 19.0 | 16.5 |
| كۆ | 47.0 | 46.4 | 39.6 | 44.5 | 45.0 |

چاوپێشخاندنێكی خێرا بە ڕێژەی بەشداریكردن لە هێزی كار لە ساڵانی ڕابردوو، كە لە خشتەی8لە خوارەوە هاتووە، ئەوە ڕوون دەكاتەوە كە سەرەڕای گۆڕانكاری لە پێناسەی بەشداربوون لە هێزی كار لە ڕووپێوی ساڵی 2021 و كاریگەرییەكانی لە سەر ژمارەی ئەو كەسانەی بە هێزی كار دادەنرێن، بەڵام ئەم ڕێژەیە، لە نێو هەر دوو ڕەگەزدا، بەرزبوونەوەی بەخۆیەوە بینیوە.


خشتەی 8: ڕێژەی بەشداریکردن لە هێزی کار بۆ دانیشتوانی تەمەن 15+ ساڵی هەرێمی کورستان بەپێی ڕەگەز(%)

| ڕەگەز | 2014 | 2015 | 2017 | * 2021 |
|---|---|---|---|---|
| **نێر** | 66.0 | 64.21 | 66.3 | 73.5 |
| **مێ** | 13.13 | 14.78 | 13.8 | 16.5 |
| **کۆ** | 39.18 | 38.98 | 39.60 | 45.0 |

* بە پێی پێناسەی 19th ICLS


شێوەی 5، ئاستی گۆڕانکارییەکانی نێوان ساڵەکان بۆ هەر دوو ڕەگەزەکە باشتر پێشان دەدات. هەر وەك لە شێوەکە دیارە، بەراورد بە ساڵانی ڕابردوو، گۆڕانکارییەکان لە ساڵی 2021 تا ڕادەیەك بەرزترن و ئەم زیادبوونە لە ڕێژەی بەشداریکردن لە هێزی کار لە نێو ڕەگەزی نێر بەرچاوترە.

شێوەی 5: ڕێژەی بەشداریکردن لە هێزی کار بۆ دانیشتوانی تەمەن 15+ ساڵی هەرێمی کورستان بەپێی ڕەگەز (%)-2014-2021




پێکهاتەی هێزی کار لە نێو هەر دوو ڕەگەز بە پێی ئاستی خوێندنیان جیاوازییەکی گەورەی هەیە (شێوەی خوارەوە). یەکێك لە هۆکارەکانی ئەم جیاوازییە دەکرێت کەمبوونی ژمارەی ئەو ئافرەتانە بێت کە لە هێزی کاردان و هەروەها زیاتر ئەو ئافرەتانە هەوڵی چوونە نێو بازاڕی کار دەدەن کە خاوەن بڕوانامەن. لە شێوەی خوارەوە دەردەکەوێت کە بە نزیکەیی نیوەی ئەو ئافرەتانەی لە هێزی کارن هەڵگری بڕوانامەی سەرووی ئامادەیین، لە کاتێکدا لە نێو پیاوان، بەرزترین ڕێژە بۆ کەسانی بێ بڕوانامە کە توانای خوێندنەوە و نووسینیان هەیە دەگەڕێتەوە و کەمترە لە یەك لەسەر سێی پیاوانی نێو هێزی کار.

شێوەی 6 : پێکهاتەی هێزی کار لە هەرێمی کوردستان بە پێی ڕەگەز و ئاستی خوێندن(%)




بڵاوبوونەوەی پەتای کۆڤید-19 لە جیهان لە ساڵی 2020 و کاریگەرییەکانی لە ماوەی ساڵانی دواتردا لە هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤایەتی دیارن. بێگومان بازاڕی کار و گۆڕانکارییەکانی، لەم کاریگەرییانە بەدوور نەبوونە و بە شێوەی جیاواز ڕەنگدانەوەیان بەسەردا هەبووە. بۆ بەراوردی بەشداریکردنی ئافرەتان لە هێزی کار بەر لە پەتاکە و دوای ئەو،(خشتەی 9) ڕێژەی بەشداریکردنەکە لە چەند وڵاتێکی جیهان خراوەتە ڕوو. هەروەك لە خشتەکەدا دیارە، گۆڕانکارییەکان لە زۆر لە وڵاتان بەرچاو و کاریگەر نین، بەڵام لە هەندێ وڵاتیش گۆڕانکاری لە ڕێژەی بەشداریکردنی ئافرەت لە هێزی کار لە نێوان ساڵانی 2017-2021 بەرچاوە، بۆ نموونە سوید کە نزیکەی 7 خاڵ و ئەفریقیای باشور کە نزیکەی 3 خاڵ دابەزینیان هەبووە.

خشتەی 9: بەراوردی نێوان هەرێمی کوردستان و چەند وڵاتێکی تری جیهان بۆ ڕێژەی بەشداریکردنی ئافرەت لە هێزی کار لە ساڵانی 2017 و 2021 (%)

| وڵات | 2017 | 2021 |
|---|---|---|
| هەرێمی کوردستان | 13.3 | 16.5 |
| عێراق | 11.18 | 10.77 |
| ئیمارات | 52.82 | 52.57 |
| تورکیا | 33.53 | 32.82 |
| ئەلمانیا | 55.88 | 55.46 |
| سوید | 70.22 | 63.25 |
| ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا | 57.04 | 56.09 |
| کەنەدا | 61.48 | 60.63 |
| کۆریای باشور | 53.16 | 53.7 |
| هۆنگ کۆنگ | 55.16 | 54.19 |
| نیوزیلاند | 65.52 | 66.11 |
| ئەفریقای باشور | 52.19 | 49.56 |

لقی چالاكیی ئابووری یەكێكی ترە لەو بابەتانەی كە لە كایەی هێزی كار دا بە گرینگییەوە باس دەكرێت و بەدواداچوون بۆ گۆڕانكارییەكانی دەكرێت و ڕەوتی گۆڕانكارییە ئابوورییەكان لەوێوە باشتر خۆیان دەنوێنن. بە پێی ئەنجامەكانی ڕووپێوی هێزی كاری ساڵی 2021، لە كاری سەرەكیی كەسانی كاركەر، بازرگانیی تاك و كۆ، چاككردنەوەی ئۆتۆمبێل و ماتۆڕسیكل بە پلەی یەكەم دێت لە ڕووی لەخۆگرتنی كەسانی كاركەر (20.9%) و دوای ئەو كارگێڕیی گشتی، بەرگریكردن و ئاسایشی كۆمەڵایەتیی ناچاری بە پلەی دووەم (17.9%) و پەروەردە بە پلەی سێیەم (10.7%) دێن. كشتوكاڵ، دارستان و ڕاوەماسی بە هاوبەشی لە گەڵ درووستكردن پلەی چوارەمیان بەدەست هێناوە (7.9%) و پلەی پێنجەم بۆ بواری بیناسازی (7.0%) و پلەی شەشەم بۆ گواستنەوە و كۆگایی كردن (6.6%) تۆمار كراوە.

## بێكاری

یەكێك لە داواكراوترین نیشاندەرەكانی هێزی كار، ڕێژەی بێكارییە. بە پێی ئەنجامەكانی ڕووپێوی هێزی كار ساڵی 2021، ڕێژەی بێكاری لە هەرێمی كوردستان بریتی بووە لە 16.5% بە پێی پێناسەكانی دوایین كۆنفرانسی ئامارزانەكانی هێزی كار ( 19th ICLS). سەرەڕای نزمبوونی ڕێژەی بەشداریكردنی ئافرەتان لە هێزی كار، بەڵام بێكاری ڕێژەیەكی بەرزی لە نێو ئافرەتان هەیە. هەروەك لە(خشتەی خوارەوە) دەردەكەوێت، دهۆك بەرزترین ئاستی بێكاریی ئافرەتانی تۆمار كردووە (35.1%) و كەمترین ڕێژەی بێكاریی ئافرەتان بۆ پارێزگای هەڵەبجە دەگەڕێتەوە (26.2%).


خشتەی 10 :ڕێژەی بێكاری لە هەرێم بە پێی ڕەگەز لە ڕووپێوی هێزی كار 2021 - (%)

| | نێر | مێ | كۆ |
|---|---|---|---|
| **هەرێمی كوردستان** | 13.6 | 29.6 | 16.5 |
| **هەولێر** | 14.7 | 30.1 | 17.7 |
| **سلێمانی** | 8 | 27.7 | 12 |
| **دهۆك** | 22.6 | 35.1 | 24.1 |
| **هەڵەبجە** | 6.1 | 26.2 | 10.4 |


ئەم نیشاندەرە، واتە بێكاری، لە ماوەی 10 ساڵی ڕابردوودا بەرزی و نزمیی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە. لە ساڵانی بەر لە قەیرانی دارایی و شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش، ڕێژەی بێكاری لە هەرێمی كوردستان ڕووەو نزمبوونەوە بوو، بەڵام دوای ئەوە، بۆ ماوەیەك ڕووی لە بەرزبوونەوە كردووە و دواتر دیسان بەرەو نزمبوونەوە ڕۆیشتووە. بەرلەوەی ڕێژەی بێكاری بگاتەوە بە ئاستی جارانی خۆی، پەتای كۆڤید-19 جارێكی تر وای كرد ئەم ڕێژەیە ڕووەو هەوراز هەڵكشێتەوە. ئاوڕدانەوە لە نیشاندەری بێكاری لە پارێزگاكانی هەرێمی كوردستان لە ساڵانی دوای 2012، بە ڕوونی دەردەخات كە هەرچەند لە پارێزگاكانی هەولێر و سلێمانی (لە گەڵ هەڵەبجە) هەڵبەز و دابەزێكی بەرچاو لە ڕێژەی بێكاری هەبووە، بەڵام بۆ پارێزگای دهۆك، لە دوای قەیرانی دارایی و شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش، ڕێژەی بێكاری بە بەردەوامی بەرەو بەرزبوونەوە ڕۆیشتووە.

شێوەی 7 ، گۆڕانكارییەكانی ڕێژەی بێكاری لە پارێزگاكانی هەرێمی كوردستان لە ساڵی 2012 بە دواوە، بۆ ئەو ساڵانەی كە ڕێژەكە بەردەست بووە، دەخاتە ڕوو. پێویستە ئەوە بە بیر بهێنرێتەوە كە، بۆ ئەوەی بتوانرێت ڕێژەی بێكاری بۆ ساڵی 2021 لە گەڵ ساڵانی ڕابردوو بەراورد بكرێت، ئەم ڕێژەیە لەم شێوەیەدا بە پێی پێناسەی كۆن (پێناسەی 13th ICLS) ئەژمار كراوە.

**نەخشەی2:ڕێژەی بێکاری لە پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان لە ڕووپێوی هێزی کار 2021 - (%)**




شێوەی 7 : ڕێژەی بێکاری لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان (%) – ساڵانی 2021-2012 (پێناسەی th ICLS13)




ئاراستەیەکی تری جێگەی گرینگیدان لە بابەتی هێزی کار، ڕێژەی بێکارییە لە نێو گەنجان. بە پێی ئەنجامەکانی ڕووپێوی هێزی کاری ساڵی 2021، ڕێژەی بێکاری لە نێو گەنجانی تەمەن 15-24 ساڵ بەراورد بە تەمەنەکانی تر لە ئاستێکی بەرزدایە، ئەمەش بە هۆی تایبەتمەندییەکانی ئەم گرووپی تەمەنە (وەك نوێبوون لە بازاڕی کار و نەبوونی شارەزایی، پەسەندنەکردنیان لە لایەن خاوەنکارەکان، ئامادەنەبوون بۆ ئەنجامدانی هەموو جۆرە کارێك، .. هتد)، تا ڕادەیەك ئاساییە. خاڵی سەرنجراکێشی بێکاری لە نێو گەنجان، بوونی ڕێژەیەکی ئێجگار بەرزی بێکارییە لە نێو ڕەگەزی مێ بە تایبەت ئەوانەی خاوەن بڕوانامەن، تەنانەت بڕوانامەی نزم. (شێوەی 8) ئەم بابەتە ڕوونتر دەخاتە بەر چاو.

شێوەی 8: ڕێژەی بێکاری لە نێو گەنجان بە پێی ڕەگەز و بڕوانامە (%) – ڕووپێوی هێزی کار 2021




## کەرتی کارکردن


کارکردن لە کەرتی حکومی یەکێکە لە ئامانجەکانی گەنجان و کەسانی بێکار بە گشتی و بووەتە هۆکار بۆ نائاساییبوونی قەبارەی حکومەت لە ڕووی ژمارەی فەرمانبەرەکان و درووستبوونی بارگرانی لە ڕووی دارایی و ڕای گشتیی هاوڵاتیان. بارودۆخی هەرێمی کوردستان لە دوای 2014 لە زۆر ڕووەوە جیاوازیی بەخۆیەوە بینیوە کە یەکێك لە گرنگترینیان گۆڕانکاریی ئابوورییە و ڕەنگە

کارئاسانیش بووبێت بۆ گۆرانکاریی تر. بۆ مەبەستی گونجان و سازان لە گەڵ بارودۆخی نەخوازراوی ئابووری، هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرەو خۆپاراستن لە کاریگەرییە نەرێنییەکانی ئەم گۆرانکارییانە بوون هەم بۆ خۆی و هەم بۆ هاوڵاتیان.

ستراتیژی ئێستای حکومەتی هەرێم بە ئامانجی پەرەپێدانی کەرتی تایبەت و بچووککردنەوەی قەبارەی کەرتی حوکوومییە.ئاراستەکردنی هاوڵاتیان بۆ لای کەرتی تایبەت و هاندانیان بۆ برەودان بەم کەرتە یەکێك بووە لەو کارانەی کە حکومەتی هەرێم زۆر پێداگریی لەسەر کردووە و هەنگاوی قورس و جیددیی بۆ هاوێشتووە.


ڕووپێوی هێزی کاری ساڵی 2021 کاریگەرییەکانی ئەم هەنگاوانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاشکرا دەکات. شێوەی 9 ڕادەی گەشەکردنی کەرتی تایبەت و بچووکبوونی کەرتی حکومی لە ڕووی قەبارەوە دەخاتە ڕوو. هەروەك دیارە، لە ساڵانی 2012-2014 گۆرانکارییەکی گرینگ لە کەرتی حکومی و تایبەت ڕووی نەداوە و ئەو جیاوازییە زۆر کەمەش کە هەبووە بە ئاراستەی بەرزبوونەوەی کەرتی حکومی و بچووکبوونی کەرتی تایبەت بووە. لە ساڵی 2015، بەرزبوونەوەکە هەستپێکراوتر بوو و کەرتی حکومی بەرامبەر بە ساڵی پێشووتر یەك خاڵ بەرزبووبوو. ئاراستەکانی گەشەی کەرتەکانی حکومی و تایبەت لە دوای ساڵی 2015 پێچەوانە بوونەتەوە و لە ساڵی 2021 هەر یەك لەم دوو کەرتە نزیکەی 14 خاڵ بە ئاراستەی پێچەوانە جووڵەیان هەبووە.

شێوەی 9 :کەرتی کارکردن لە کاری سەرەکی لە هەرێمی کوردستان (%) – 2012-2021




ئەگەر لە سەر ئاستی پارێزگا سەیری ئەنجامەکانی ڕووپێوی هێزی کاری ساڵی 2021 بکرێت، کاریگەرییەکانی سیاسەت و هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێم لەسەر ئاستی پارێزگا بە ڕوونی دەبنیدرێت. ئاستی گۆرانکارییەکان لە هەر دوو پارێزگای سلێمانی (لە گەڵ هەڵەبجە) و دهۆك ئاراستەیەکی هاوتەریبن، بەڵام لە هەولێر، ئەم گۆرانکارییە جیاوازە و بەرزترە لە پارێزگاکانی تر. شێوەی 10، گۆرانکارییەکانی کارکردن لە کەرتی تایبەت لە هەرێم بۆ ساڵانی 2012-2021، بە پێی داتای بەردەست، دەخاتە ڕوو.

شێوەی 10: ڕێژەی کارکردن لە کەرتی تایبەت (%) – 2021-2012





## لقی ئابووری

ئەنجامەکانی ڕووپێوەکە، هەروەها، ئەوەیان دەرخستووە کە لە ڕووی هێزی کارەوە، کشتوکاڵ، هەرچەند بە ڕێژەیەکی کەم، بەڵام بەرەوپێشچوونێکی بەخۆیەوە بینیوە و بواری پیشەسازیش گەڕاوەتەوە دۆخی بەر لە قەیرانی دارایی و شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش. شێوەکانی 11 و 12 لە خوارەوە، دۆخی چاڵاکییە ئابوورییەکان لە کاری سەرەکیی کەسانی کارکەر لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا بەخۆیانەوە بینیوە، پێشان دەدەن کە لە ئەنجامەکانی ڕووپێوەکانی هێزی کار دەرکەوتوون. بۆ باشتر تێگەیشتن لەو لقە ئابوورییانەی لە شێوەکاندا ئاماژەیان پێ کراوە، لە خوارەوە ڕوونکردنەوەیەکی کورت و پوخت بۆ ئەم گروپانەی لقە ئابوورییەکان هاتووە:

- کشتوکاڵ بریتییە لە کشتوکاڵ، دارستان، ڕاوکردنی ماسی و بەخێوکردنی ئاژەڵ.
- پیشەسازی بریتییە لە کانگە و دەرهێنانی کانە بەرد؛ دروستکردن؛ دابینکردنی کارەبا، گاز، هەڵم و هەواگۆڕکێ (تەکییف)؛ دابینکردنی ئاو، ئاوەڕۆ و ئیدارەدانی پاشماوەکان؛ و بیناسازی.
- خزمەتگوزارییەکان بریتین لە بازرگانیی تاك و کۆ؛ چاککردنەوەی ئۆتۆمبێل و ماتۆڕسیکل؛ گواستنەوە و کۆگایی کردن؛ چاڵاکییەکانی حەواندنەوە و خۆراك؛ زانیاری و پەیوەندییەکان؛ چاڵاکیە دارایی و بیمەییەکان؛ چاڵاکییەکانی عەقارات و خانووبەرە؛ چاڵاکیە پیشەیی، زانستی و تەکنیکییەکان؛ چاڵاکییە کارگێڕی و خزمەتگوزارییە پاڵپشتیکارەکان؛ کارگێڕیی گشتی و بەرگریکردن؛ ئاسایشی کۆمەڵایەتیی ناچاری؛ پەروەردە؛ چاڵاکییەکانی تەندروستیی مرۆڤ و کاری کۆمەڵایەتی؛ هونەرەکان، ڕابواردن و کات بەسەر بردن؛ چاڵاکییەکانی خزمەتگوزارییەکانی تر.


لە ڕووی پیشەسازییەوە، پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی بە نزیکەیی لە یەك ئاستدان و دوای ئەوانیش هەڵەبجە بە پلەی سێیەم و دهۆك بە پلەی چوارەم دێن. بەڵام لە بواری کشتوکاڵدا، هەولێر لە کۆتایی ڕیزبەندی پارێزگاکاندایە (5.0%) و سلێمانی بە پلەی یەکەم (10.3%) ئینجا هەڵەبجە (9.2%) و دهۆك (7.9%) دێن. لە ڕووی چاڵاکیە خزمەتگوزارییەکانیش پارێزگای هەولێر لە سەرەتای ڕیزبەندەکەیە (75.4%) و دوای ئەو هەر یەك لە هەڵەبجە (74.5%)، دهۆك (71.8%) و سلێمانی (70.1%) دێن.

شێوەی 11: دابەشبوونی کارکردن لە لقە فراوانەکانی چالاکیی ئابووری لە کاری سەرەکی، بە پێی پارێزگا – ڕووپێوی هێزی کار 2021




یەکێك لە هەوڵەکانی حکومەتی هەرێم لە ساڵانی دواییدا، هاندان بووە بۆ پەرەپێدانی بوارەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و هەوڵەکان و پلان و سیاسەتەکانی بەم ئاراستەیەدا دارشتووە و هەنگاوی بۆ جیبەجێکردنیان ناوە. ئەگەر سەرنجێك بخرێتە سەر شێوەی 12، دەبیندرێت کە هەر دوو بواری کشتوکاڵ و پیشەسازی گۆڕانکارییان بە خۆیانەوە بینیوە و بەراورد بە ساڵانی ڕابردوو بە ڕێژەیەکی کەم بەرزبوونەوەیان هەبووە و ئەم باشتربوونە زیاتر لە بواری پیشەسازی دەبیندرێت و بە نزیکەیی 2 خاڵ بەرز بۆتەوە.

شێوەی 12 :گۆڕانکاری لە لقی ئابوری لە کاری سەرەکی (%) – 2012-2021



## فرەکاری

بابەتێکی تر کە شایانی هەڵوەستە لەسەر کردنە و دەرخەری ئاستی هەبوونی کاری شیاوە، خاوەن چەند کار یان فرەکارییە، واتە کارکردن لە زۆرتر لە یەك کار. نزیکەی 1.43 ملیون کەس لە هەرێمی کوردستان کار دەکەن کە نزیکەی 98,000 کەسیان لە زیاتر لە کارێکدا کار دەکەن و بێگومان پشکی شێری ئەم ژمارەیە (سەرووی 93,000 کەس) بەر ڕەگەزی نێر دەکەوێت. بەم پێیە، ڕێژەی کەسانی خاوەن زیاتر لە یەك کار لە هەرێمی کوردستان، بریتییە لە 6.8% کەسانی کارکەر. ئەم ڕێژەیە نزیکەی سێ بەرامبەرە بەراورد بە گشت عێراق. (خشتەی خوارەوە)، ئەم وردەکارییانە باشتر ڕوون دەکاتەوە. ئەم ژمارە بەرزەی کەسانی خاوەن زیاتر لە یەك کار بە شێوەیەکی بەرچاو کاریگەریی لەسەر ڕێژەی بێکاری هەیە. نەمانی فرەکاری واتە پڕکردنەوەی شوێنی ئەم کەسانە بە کەسانی بێکار، واتە نزمبوونی ڕێژەی بێکاری. ژمارەی کەسانی بێکار و کەسانی خاوەن چەند کار لە ڕووپێوی هێزی کار 2021، ئەو ڕاستییە ئاشکرا دەکات کە لە ئەگەری نەبوونی فرەکاری ڕێژەی بێکاری بە لای کەم 6% کەمتر دەبوو.

خشتەی 11: خاوەن چەندکارەکان بە پێی ڕەگەز – هەرێمی کوردستان و عێراق – ڕووپێوی هێزی کار 2021


| | کۆ | نێر | مێ |
|---|---|---|---|
| **کارکردن لە دوو کار یان زیاتر (هەرێمی کوردستان)** | 97,800 | 93,100 | 4,700 |
| **کۆی کارکەران (هەرێمی کوردستان)** | 1,427,800 | 1,207,100 | 220,700 |
| **ڕێژەی کەسانی خاوەن چەند کار (هەرێمی کوردستان)** | 6.8% | 7.7% | 2.1% |
| **ڕێژەی کەسانی خاوەن چەند کار (عێراق)** | 2.2% | 2.4% | 0.7% |

## داهات

کۆتا بەشی ئەم بابەتە بۆ داهات و گۆڕانکارییەکانی داهاتی مانگانەی کەسانی کارکەر لە کارە سەرەکییەکەیان تەرخان کراوە. لە ڕووپێوی هێزی کار لە ساڵانی 2014 و 2015 بابەتی داهاتی مانگانەی کەسانی کارکەر خرایە نێو ڕاپۆرتی ئەنجامەکانی ڕووپێوەکە. بەهۆی هەستیاریی پرسیارەکە، ڕەنگە ژمارەیەکی زۆری کەسانی وەڵامدەر ئارەزووی ئاشکراکردنی داهاتی مانگانەیان نەبێت و لە کاتی وەڵامدانەوەی پرسیاری تایبەت بەم بابەتە خۆیان لە وەڵامدانەوە بەدوور بگرن یان ناچار بن بە شێوازی تر وەڵام بدەنەوە. لە بەر ئەمە و بۆ دوورخستنەوەی کەسانی وەڵامدەر لە هەر جۆرە دوودڵییەك و وەرگرتنی وەڵامێکی درووستتر و نزیکتر لە ڕاستەقینە، لە ڕووپێوەکانی هێزی کار هەوڵ دراوە بە پێی مەودایەکی گونجاو داهاتەکان بە شێوەی گروپ دابنرێن و بە پێی ئەم گروپانە پرسیار لە داهاتی کەسی کارکەر بکرێت. ئەم گروپانەی داهات، کە لە شێوەی خوارەوە دەبینرێن، لە ساڵی 2014 بەدواوە لە هەرێمی کوردستان لە گشت ڕووپێوەکان پەیرەو کراون و بە جۆرێك بوونەتە ستانداردی گروپەکانی داهات لە کاری ئاماری لە هەرێمی کوردستان.


بە پێی ئەنجامەکانی ڕووپێوی هێزی کار لە هەرێمی کوردستان، لە ساڵی 2021 داهاتی مانگانەی کەسانی کارکەر لە زۆرێك لە گروپەکان بۆ ئافرەتان ڕێژەیەکی بەرزتر لە پیاوانی تۆمار کردووە، بە تایبەت لە گروپی داهاتی 750,000-1,000,000 دینار جیاوازییەکی بەرچاو بەدی دەکرێت. هەروەها لە ئەنجامەکان ئەوە دەرکەوتووە کە زۆرینەی کەسانی کارکەر (75%) داهاتیان لە نێوان 250,000-1,000,000 دینارە. شێوەی خوارەوە وردەکارییەکانی داهاتی مانگانەی کەسانی کارکەر لە هەر دوو ڕەگەزی نێر و مێ و بۆ گشت گروپەکانی داهات دەخاتە ڕوو.

شێوەی 13: داهاتی مانگانە (000) – ڕووپێوی هێزی کار 2021




ئەگەر بەراوردێك لە نێوان ئاستی داهاتی کەسانی کارکەر لە ساڵانی 2014، 2015 و 2021 بکرێت کە لە ڕووپێوەکانی هێزی کار لەم ساڵانەدا دەست کەوتوون، ئەوە دەردەکەوێت کە بە گشتی، ئاستی داهاتی کەسانی کارکەر لە دوای ساڵی 2014 ڕوو لە نزمبوونەوە بووە. ڕێژەی کەسانی خاوەن داهاتی نێوان 250,000-1,000,000 دینار لە ساڵانی 2014 و 2015 بریتییە لە 71.4% و 68.6%، بە ڕیزبەند، لە کاتێکدا لە 2021 بریتی بووە لە 75%. دیارترین گۆڕانکاری لە ئاستی داهات لە گرووپی داهاتی 250,000-500,000 دینار دەبینرێت و نزیکەی 10 خاڵ بەرزبوونەوەی هەیە. هەروەها زۆرترین کەمبوونەوە لە داهات لە گرووپی داهاتی 1,000,000-1,500,000 دینار بەدی دەکرێت کە زیاترە لە 7 خاڵ. ئەم گۆڕانکارییانە لە شێوەی خوارەوە بە وردی و بۆ گشت گرووپەکانی داهات باشتر ڕوون کراونەتەوە.

شێوەی 14: بەراوردی داهاتی مانگانە لە هەرێمی کوردستان (000) بە پێی ڕووپێوەکانی هێزی کار - 2014، 2015 و 2021



## سەرچاوەکان


- بەشی ئاماری دانیشتوان و هێزی کار2021، ڕاپۆرتی دەستەی ئامار بۆ شیکردنەوەی ژمارەی دانیشتوان، لە ساڵی 2021، هەرێمی کوردستان: دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان.
- بەشی ئاماری دانیشتوان و هێزی کار2018، ڕاپۆرتی دیمۆگرافی دەستەی ئامار ، لە ساڵی 2017، هەرێمی کوردستان: دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان.
- بەشی ئاماری دانیشتوان و هێزی کار2022، ڕاپۆرتی پێشبینیی ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان، لە ساڵی 2022، هەرێمی کوردستان: دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان.
- بەشی ئاماری دانیشتوان و هێزی کار (2012) ڕاپۆرتی ڕووپێوی هێزی کار لە هەرێمی کوردستان 2012 ، هەرێمی کوردستان: دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان.
- بەشی ئاماری دانیشتوان و هێزی کار (2013) ڕاپۆرتی ڕووپێوی هێزی کار لە هەرێمی کوردستان 2013 ، هەرێمی کوردستان: دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان.
- بەشی ئاماری دانیشتوان و هێزی کار (2014) ڕاپۆرتی ڕووپێوی هێزی کار لە هەرێمی کوردستان 2014 ، هەرێمی کوردستان: دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان.
- بەشی ئاماری دانیشتوان و هێزی کار (2015) ڕاپۆرتی ڕووپێوی هێزی کار لە هەرێمی کوردستان 2015 ، هەرێمی کوردستان: دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان.
- بەشی ئاماری دانیشتوان و هێزی کار (2021) ڕاپۆرتی ڕووپێوی هێزی کار لە هەرێمی کوردستان 2021 ، هەرێمی کوردستان: دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان.
- بەشی ئاماری دانیشتوان و هێزی کار (2022) ، داتا و زانیاری ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ (IOM)2022.هەرێمی کوردستان: دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان.
- بەشی ئاماری دانیشتوان و هێزی کار (2022) ، کۆمیسیاری باڵای پەنابەرانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان (UNHCR)2022،هەرێمی کوردستان: دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان.

# ئامارەکانی
# پەروەردە، تەندروستی و
# کۆمەڵایەتی

## پەروەردە

پەروەردە و فێرکردن لە گشت بوارەکاندا بە بنەمای سەرەکی پێشکەوتن و گەشەسەندنی وڵاتان دادەنرێت کە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لە سەر باشترکردنی بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و پیشەسازی، بۆیە بە شێوەیەکی گشتی، وڵاتان گرنگییەکی تایبەت بە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن دەدەن. بە بوونی سیستەمێکی پەروەردەیی و فێرکردنی پتەو و باش، کۆمەڵێك ئامانج دەپێکێت کە بریتین لە بەرزکردنەوەی توانستی نەوەکانی داهاتوو بە مەبەستی سوود وەرگرتن لە تواناکانیان بۆ کاری داهێنان و نوێکاری، بەرزکردنەوەی ئاستی توانستی و ڕۆشنبیری لاوان بە گشتی و ئافرەتان بە تایبەتی، فەراهەمکردنی دەرفەتی کاری زیاتر، و بەرزکردنی زانیاری و هۆشیاری لە چۆنیەتی پاراستنی ژینگە و ڕێکخستنی خێزان. لە ماوەی ڕابردوودا هاوشێوەی ووڵاتانی تر، حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵێکی زۆر داوە بۆ بنبڕکردنی نەخوێندەواری و سەرکەوتوو بووە لە پێشخستن و بەدیهێنانی یەکسانی نێوان کوڕان و کچان لە پەیوەندیکردن و بەردەوامبوون لە خوێندن لە گشت قۆناغەکانی خوێندندا. هەرچەندە کە ئاڵنگارییەکی زۆر گەورە هاتۆتە پێش بە تایبەت لە دوو ساڵی ڕابردوودا بەهۆی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا  کە بووە هۆی پەککستنی خوێندن لە ناوەندەکانی خوێندندا، بەڵام حکومەت هەوڵی دا سیستەمی خوێندنی ئەلیکترۆنی دابین بکات تا قوتابییەکان بتوانن ڕاستەوخۆ لە ڕێگای دیجیتاڵ پلاتفۆڕمەکان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن وانەکانیان وەربگرن، بەڵام بە پێی داتاکان زۆرینەی هاوڵاتیان لەم سیستەمە ڕازی نەبوون چونکە ئەزمونێکی نوێ بوو بۆیان هەروەك لە خشتەی خوارەوەدا دەرکەوتووە . بە شێوەیەکی گشتی، نیشاندەرەکانی تایبەت بە پرۆسەی فێرکردن و خوێندن دڵخۆشکەرن لە دابینکردن و دەستەبەرکردنی خوێندن وەك مافێکی سەرەتایی بۆ منداڵان و لاوان لە گشت قۆناغەکانی خوێندن بۆ هەر دوو ڕەگەز بەبێ جیاوازی (خشتەی 1).


خشتەی 1: نیشاندەری بواری پەروەردە لەسەر ئاستی پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان(%)

| نیشاندەر | دهۆك | سلێمانی | هەولێر | هەرێمی کوردستان | سەرچاوە |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕێژەی هەرزەکاران ولاوان تەمەن (10 - 30) ساڵان کە بەردەوام بوونە لە خوێندن لەساڵی 2019 | 59.6 | 64.6 | 55.7 | 60.2 | ڕووپێوی نیشتمانی هەرزەکارانو لاوان 2019 |
| ڕێژەی هەرزەکاران ولاوان تەمەن (10 - 30) ساڵی کە لە ڕابردوودا پەیوەندیان کردووە بە خوێندن | 36.0 | 34.4 | 41.9 | 37.5 | ڕووپێوی نیشتمانی هەرزەکارانو لاوان 2019 |
| ڕێژەی هەرزەکاران ولاوان تەمەن (10 - 30) ساڵی کە هەرگیز پەیوەندیان بەخوێندن نەکردووە | 4.4 | 0.9 | 2.3 | 2.3 | ڕووپێوی نیشتمانی هەرزەکارانو لاوان 2019 |
| ڕێژەی هەرزەکاران ولاوان تەمەن (10 -30) ساڵی کە بەردەوامن لەخوێندن لە کەرتی حکومی | 97.4 | 94.8 | 90.3 | 94.0 | ڕووپێوی نیشتمانی هەرزەکارانو لاوان 2019 |
| ڕێژەی هەرزەکاران ولاوان تەمەن (10 -30) ساڵی کە بەردەوامن لەخوێندن لە کەرتی تایبەت | 2.6 | 5.2 | 9.7 | 6.0 | ڕووپێوی نیشتمانی هەرزەکارانو لاوان 2019 |
| ڕێژەی ئەندامانی خێزان تەمەن 4 ساڵان وزیاتر کە بەردەوام بوونە لە خوێندن | 36.3 | 34.2 | 34.3 | 34.7 | ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان IWISH-II 2021 |
| ڕێژەی ئەندامانی خێزان تەمەن 4 ساڵان وزیاتر کە لە ڕابردوودا پەیوەندیان کردووە بە خوێندن | 41.5 | 48.6 | 49.9 | 47.4 | ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان IWISH-II 2021 |
| ڕێژەی ئەندامانی خێزان تەمەن 4 ساڵان وزیاتر کە هەرگیز پەیوەندیان بە خوێندن نەکردووە | 22.2 | 17.2 | 15.8 | 17.9 | ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان IWISH-II 2021 |
| ڕێژەی نەخوێندەواری لە نێوان ئەندامانی خیزان تەمەن 10 ساڵان و زیاتر | 18.7 | 16.5 | 13.6 | 16.0 | ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان IWISH-II 2021 |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕێژەی نەخوێندەواری لە نێوان ڕەگەزی نێر بۆ تەمەنی 10 ساڵان و زیاتر | 10.4 | 9.7 | 8.1 | 9.3 | ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان IWISH-II 2021 |
| ڕێژەی نەخوێندەواری لە نێوان ڕەگەزی مێ بۆ تەمەنی 10 ساڵان وزیاتر | 26.6 | 23.2 | 19.0 | 22.5 | ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان IWISH-II 2021 |
| ڕێژەی ئەندامانی خێزان تەمەن 4 ساڵان وزیاتر کە لە کەرتی حکومی دەخوێنن | 95.7 | 94.1 | 93.5 | 94.3 | ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان IWISH-II 2021 |
| ڕێژەی ئەندامانی خێزان تەمەن 4 ساڵان وزیاتر کە لە کەرتی تایبەت دەخوێنن | 3.4 | 5.2 | 6.2 | 5.1 | ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان IWISH-II 2021 |
| ڕێژەی وئەندامانی خێزان تەمەن 4 ساڵان و زیاتر کە لە کەرتی تر دەخوێنن | 0.9 | 0.8 | 0.2 | 0.6 | ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان IWISH-II 2021 |
| ڕێژەیی ئەندامانی خێزان تەمەن 4 ساڵان و زیاتر ئەوانەی نارازین لە خوێندنی ئەلکترۆنی / کەناڵی تەلەفزیۆنی پەروەردەیی لە هەرێمی کوردستان | 62.4 | 68.4 | 65.7 | 66.0 | ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان IWISH-II 2021 |
| ڕێژەیی ئەندامانی خێزان تەمەن 4 ساڵان و زیاتر ئەوانەی ڕازین لە خوێندنی ئەلکترۆنی / کەناڵی تەلەفزیۆنی پەروەردەیی لە هەرێمی کوردستان | 37.6 | 31.6 | 34.3 | 34.0 | ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان (IWISH-II ) 2021 |


**ڕێژەی هەرزەکاران و لاوان تەمەن (10 - 30) ساڵان کە بەردەوامبوونە لە خوێندن لە ساڵی 2019:** بریتیە لە ژمارەی هەرزەکار و لاوان کە بەردەوامبوونە لە خوێندن لە هەر قۆناغ وئاستێکی خوێندن کە تەمەنیان لە نێوان (10 - 30) ساڵی دایە لەسەر کۆی ژمارەی هەرزەکاران و لاوانی ڕووپێو کراو لە هەمان گروپی تەمەن لە ساڵی 2019دا. بە پێی ڕووپێوی نیشتمانی هەرزەکاران و لاوان 2019، ئەم ڕێژەیە لە هەرێمی کوردستان بریتییە لە 60.2% و لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم، پارێزگای سلێمانی بەرزترین ڕێژەی تۆمارکردووە کە دەکاتە 64.6% و دواتر پارێزگاکانی دهۆك و هەولێر دێن بەڕێژەی 59.6% و55.7 % یەك لەدوای یەك هەروەك لە شێوەی خوارەوە پیشاندراوە:

شێوەی 1: ڕێژەی هەرزەکاران و لاوان تەمەن (10 - 30) ساڵی کە بەردەوامبوونە لەخوێندن لەسەر ئاستی پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2019




**ڕێژەی هەرزەکاران و لاوان تەمەن (10 - 30) ساڵی کە لە ڕابردوودا پەیوەندیان کردووە بە خوێندن:** بریتیە لە ژمارەی ئەو هەرزەکار و لاوانە کە لە ڕابردوودا پەیوەندییان کردووە بە خوێندن لە هەر قۆناغ و ئاستێکی خوێندندا بووبن و تەمەنیان لە نێوان (10 - 30) ساڵی دایە لەسەر کۆی ژمارەی هەرزەکاران و لاوان لە هەمان گروپی تەمەندا. بە پێی ڕووپێوی نیشتمانی هەرزەکاران و لاوان 2019، ئەم ڕێژەیە لە هەرێمی کوردستان بریتییە لە 37.5% و لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم، پارێزگای هەولێر بەرزترین ڕێژەی تۆمارکردووە کە دەکاتە 41.9% و دواتر پارێزگای دهۆك و سلێمانی دێن کە جیاوازییەکی کەم لە نێوانیاندا هەیە بە ڕێژەی 36% و34.4% یەك لەدوای یەك هەروەك لە شێوەی 2 پیشان دراوە.

شێوەی 2 : ڕێژەی هەرزەکاران و لاوان تەمەن (10 - 30) ساڵی کە لە ڕابردوودا پەیوەندیان کردووە بە خوێندن لەسەر ئاستی پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان - ڕووپێوی نیشتمانی هەرزەکاران و لاوان لە ساڵی 2019





**ڕێژەی هەرزەکاران و لاوان تەمەن (10 - 30) ساڵی کە هەرگیز پەیوەندیان بەخوێندن نەکردووە:** بریتیە لە ژمارەی ئەو هەرزەکار ولاوانە کە هەرگیز پەیوەندییان بە خوێندنەوە نەکردووە لە گروپی تەمەنی (10-30) ساڵان لەسەر ژمارەی هەرزەکاران و لاوان کە ڕووپێو کراون لە هەمان گروپی تەمەندا. بە پێی ڕووپێوی نیشتمانی هەرزەکاران و لاوان 2019، ئەم ڕێژەیە لە هەرێمی کوردستان 2.3% ە و لە سەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم، لە پارێزگای دهۆك بەرزترین ڕێژەی پەیوەندی نەکردن بەخوێندن تۆمارکراوە کە 4.4%ە پاشان پارێزگای هەولێر وسلێمانی بە جیاوازییەکی بەرچاو دێن بە ڕێژەی 2.3% و 0.9% یەك لەدوای یەك هەروەك لە شێوەی 3 پیشان دراوە.

شێوەی 3 : ڕێژەی هەرزەکاران و لاوان تەمەن (10 - 30) ساڵی کە هەرگیز پەیوەندیان بەخوێندن نەکردووە لەسەر ئاستی پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان - ڕووپێوی نیشتمانی هەرزەکاران و لاوان لەساڵی 2019





**ڕێژەی هەرزەکاران ولاوان تەمەن (10 -30) ساڵی کە بەردەوامن لەخوێندن لە کەرتی حکومی:** بریتیە لە ژمارەی ئەو هەرزەکار و لاوانە کە بەردەوامن لە خوێندن لە کەرتی حکومی لە گرووپی تەمەنی (10-30) ساڵان لەسەر کۆی ژمارەی هەرزەکاران و لاوانی ڕوپێو کراو لە هەمان گرووپی تەمەندا.بە پێی ڕووپێوی نیشتمانی هەرزەکاران و لاوان 2019، لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان ڕێژەکە 94 % ە و لەسەر ئاستی پارێزگاکان پارێزگای دهۆك بەرزترین ڕێژەی تۆمارکردووە کە دەکاتە 97.4% و پاشان پارێزگای سلێمانی بەڕێژەی 94.8% وپارێزگای هەولێر دێت بەڕێژەی 90.3%.

شێوەی 4: دابەشبوونی ڕێژەی وەڵامدەرانی تەمەن (10 -30) ساڵی کە بەردەوامن لەخوێندن لە کەرتی حکومی لەسەر ئاستی پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان- ڕووپێوی نیشتمانی هەرزەکاران ولاوان لە ساڵی 2019





**ڕێژەی هەرزەکاران ولاوان تەمەن (10 -30) ساڵی کە بەردەوامن لەخوێندن لە کەرتی تایبەت:** بریتیە لە ژمارەی ئەو هەرزەکار ولاوانە کە بەردەوامن لە خوێندن لە کەرتی تایبەت لە گرووپی تەمەنی (10-30) ساڵان لەسەر کۆی ژمارەی هەرزەکاران و لاوانی ڕووپێو کراو لە هەمان گرووپی تەمەندا. بە پێی ڕووپێوی نیشتمانی هەرزەکارانو لاوان 2019، ڕێژەکە لە هەرێمی کوردستان دەگاتە 6 %، و لەسەر ئاستی پارێزگاکان، پارێزگای هەولێر بە پلەی یەکەم دێت بە ڕێژەی 9.7%، دواتر پارێزگای سلێمانی وپارێزگای دهۆك دێن بەڕێژەی 5.2% و 2.6% یەك لەدوای یەك هەروەك لە شێوەی 5 لە خوارەوە پیشاندراوە.

شێوەی 5 : ڕێژەی هەرزەکاران و لاوان تەمەن (10 -30) ساڵی کە بەردەوامن لەخوێندن لە کەرتی تایبەت لەسەر ئاستی پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان- ڕووپێوی نیشتمانی هەرزەکاران و لاوان لەساڵی 2019





**ڕێژەی ئەندامانی خێزان تەمەن 4 ساڵان و زیاتر کە لە ئێستا بەردەوامن لە خوێندن:** بریتیە لە ژمارەی ئەندامانی خێزان تەمەن 4 ساڵان وزیاتر کە لە ساڵی 2019دا بەردەوامبوونە لە خوێندن لە هەر قۆناغ وئاستێکی خوێندندا لەسەر کۆی ژمارەی ئەندامانی خێزان کە ڕووپێو کراون وپەیوەندییان بە خوێندن کردووە لە هەمان گروپی تەمەندا. بە پێی ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان 2021(IWISH-II)بەشێوەیەکی گشتی، لە هەرێمی کوردستان ڕێژەکە بریتیە لە 34.7% ولە سەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم، پارێزگای دهۆك بەرزترین ڕێژەی هەبووە (36.3%) ودواتر پارێزگاکانی هەولێر وسلێمانی دێن بە جیاوازی ئێجگار کەم بە ڕێژەکانی 34.3 %، 34.2% یەك لەدوای یەك هەروەك لە شێوەی 6 پیشاندراوە.

شێوەی 6 : دابەشبوونی ڕێژەی ئەندامانی خێزان تەمەن 4 ساڵان و زیاتر کە لە ئێستا بەردەوامن لە خوێندن لەسەر ئاستی پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان - ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان 2021(IWISH-II)





**ڕێژەی ئەندامانی خێزان تەمەن 4 ساڵان و زیاتر کە لە ڕابردوودا پەیوەندیان کردووە بە خوێندن:** بریتیە لە ژمارەی ئەندامانی خێزان تەمەن 4 ساڵان وزیاتر کە لە ڕابردوودا پەیوەندییان کردووە بە خوێندن لە هەر قۆناغ وئاستێکی خوێندن لەسەر کۆی ژمارەی ئەندامانی خێزانی ڕووپێو کراو لە هەمان تەمەندا. لە هەرێمی کوردستان ڕێژەکە 47.4% ە و لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم، لە نێوان پارێزگای هەولێر (49.9%) و سلێمانی (48.6%) جیاوازییەکی ئەوتۆ بەدی ناکرێت بەڵام پارێزگای دهۆك کەمترین ڕێژەی تۆمارکردووە کە دەکاتە 41.5% بە پێی ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان 2021 ( (IWISH-II) هەروەك لە شێوەی خوارەوە پیشاندراوە.

شێوەی 7 : دابەشبوونی ڕێژەی ئەندامانی خێزان تەمەن 4 ساڵان و زیاتر کە لە ڕابردوودا پەیوەندیان کردووە بە خوێندن لەسەر ئاستی پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان - ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان(IWISH-II2021)




**ڕێژەی ئەندامانی خێزان تەمەن 4 ساڵان و زیاتر کە هەرگیز پەیوەندیان بە خوێندن نەکردووە:** بریتیە لە ژمارەی ئەندامانی خێزان تەمەن 4 ساڵان وزیاتر کە هەرگیز پەیوەندییان بە خوێندنەوە نەکردووە لەسەر کۆی ژمارەی ئەندامانی خێزانی ڕووپێو کراو لە هەمان تەمەندا. بە شێوەیەکی گشتی لە هەرێمی کوردستان ڕێژەکە بەرزە کە دەکاتە 17.9% و لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم، پارێزگای دهۆك بەرزترین ڕێژەی هەیە کە بریتییە لە 22.2% پاشان پارێزگای سلێمانی و هەولێر دێن بە ڕێژەی 17.2% و 15.8% یەك لەدوای یەك بە پێی ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان 2021 (IWISH-II) هەروەك لە شێوەی8 پیشاندراوە.

شێوەی 8 : دابەشبوونی ڕێژەی ئەندامانی خێزان تەمەن 4 ساڵان وزیاتر کە هەرگیز پەیوەندیان بە خوێندن نەکردووە لەسەر ئاستی پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان - ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان 2021(IWISH-II)




## نەخوێندەواری


لە وڵاتانی هەژار یان تازە گەشەسەندوو بە بەراورد بە وڵاتانی پێشکەوتوو، ڕێژەی نەخوێندەواری بە شێوەیەکی بەرچاو بەرزترە، کە ئەمەش کاریگەری ڕاستەوخۆی کردووەتە سەر دۆخی ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگە لەم وڵاتانە لە زۆر بواردا. بە مەبەستی کەمکردنی ڕێژە ونەهێشتنی نەخوێندەواری لە وڵاتان بەپێی توانای دارایی وقەبارەی نەخوێندەواری هەوڵ بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری دەدەن. لە هەرێمی کوردستانیش لە ڕێگای بنکەکانی نەهێشتنی نەخوێندەورای وخویندنی خێرا هەوڵ بۆ بنەبڕکردنی نەخوێندەواری دەدرێت ڕۆڵێکی فراوانی گێڕاوە لە سوود گەیاندن بە تاکەکانی کۆمەڵگە وکەمبوونەوەی ڕێژەی نەخوێندەواری.

بە پێی ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان 2021 (IWISH-II)، لە هەرێمی کوردستان ڕێژەی نەخوێندەواری لە نێوان ئەندامانی خێزان تەمەن 10 ساڵان وزیاتر بریتیە لە 16.0% ولەسەر ئاستی پارێزگاکان، بەرزترین ڕێژەی نەخوێندەواری لە پارێزگای دهۆکە بە ڕێژەی 18.7% دواتر هەریەك لە پارێزگاکانی سلێمانی و هەولێر دێن هەریەکەیان بە ڕێژەی 16.5% و 13.6% یەك لە دوای یەك هەروەك لە شێوەی9 لە خوارەوەدا پیشاندراوە.

شێوەی 9 : ڕێژەی نەخوێندەواری لە نێوان ئەندامانی خێزان تەمەن 10 ساڵان و زیاتر لەسەر ئاستی پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان - ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان 2021(IWISH-II)



**نەخشەی3 : ڕێژەی نەخوێندەواری لە نێوان ئەندامانی خێزان تەمەن 10 ساڵان و زیاتر لەسەر ئاستی پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان - ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان 2021(IWISH-II)**



## نەخوێندەواری لە نێوان ڕەگەزی نێر بۆ تەمەنی 10 ساڵان وزیاتر


**ڕێژەی نەخوێندەواری لە نێوان ڕەگەزی نێر بۆ تەمەنی 10 ساڵان وزیاتر:** بە پێی ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان 2021 (IWISH-II) لە هەرێمی کوردستان، ڕێژەی نەخوێندەواری لەنێوان ڕەگەزی نێر لە گرووپی تەمەن 10 ساڵان وزیاتر بریتیە لە 9.3% و لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم، بەرزترین ڕێژەی نەخوێندەواری لە پارێزگای دهۆکە بە ڕێژەی 10.4% ودواتر پارێزگای سلێمانی وهەولێر دێن هەر یەکەیان بە ڕێژەی 9.7% و8.1% یەك لەدوای یەك.

## نەخوێندەواری لە نێوان ڕەگەزی مێ بۆ تەمەنی 10 ساڵان وزیاتر

**ڕێژەی نەخوێندەواری لە نێوان ڕەگەزی مێ بۆ تەمەنی 10 ساڵان وزیاتر:** لە هەرێمی کوردستان ڕێژەی نەخوێندەواری لەنێوان ڕەگەزی مێ بۆ ئەم گروپە تەمەنە ڕێژەیەکی بەرزی تۆمارکردووە کە دەکاتە 22.5% ولەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم بەرزترین ڕێژە لە پارێزگای دهۆکە کە ڕێژەکەی 26.6% ە ودواتر هەریەك لە پارێزگاکانی سلێمانی وهەولێر دێن بەڕێژەی 23.3% و19.0% یەك لەدوای یەك.

ئەگەر بەراوردی ڕێژەی نەخوێندەواری نێوان هەردوو ڕەگەز بکەین، بۆمان دەردەکەوێت جیاوازییەکی بەرچاو هەیە چ لەسەر ئاستی هەرێم یاخود لەسەر ئاستی پارێزگاکان بە جۆرێك کە ڕێژەی نەخوێندەواری بۆ ڕەگەزی مێ زیاترە لە ڕەگەزی نێر کە هۆکارەکانی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو جیاوازییەی لە نێوان هەردوو ڕەگەز دا کراوە لە ماوەی سەدەی ڕابردوو بەشێوەیەك زیاتر گرنگی دراوە بە خوێندن و ناردنە بەر خوێندنی ڕەگەزی نێر بە بەراورد بە ڕەگەزی مێ.  لە لایەکی ترەوە هەبوونی کۆمە ڵێك هوکاری تری ئابووری و کۆمەڵایەتی کە کاریگەری ڕاستەوخۆی لە بەرزکردنەوەی ڕێژەی نەخوێندەواری هەبووە. لە شێوە خوارەوە جیاوازی ڕێژەی نەخوێندەواری بۆ هەردوو ڕەگەز پیشاندراوە.


شێوەی 10 : ڕێژەی نەخوێندەواری لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێ بۆ تەمەنی 10 ساڵان و زیاتر لەسەر ئاستی پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان - ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان 2021( IWISH-II)




## خوێندن لە کەرتی حکومی بۆ ئەندامانی خێزان تەمەن 4 ساڵان و زیاتر

**ڕێژەی ئەندامانی خێزان تەمەن 4 ساڵان و زیاتر کە لە کەرتی حکومی دەخوێنن:** بریتیە لە ژمارەی ئەندامانی خێزان تەمەن 4 ساڵان و زیاتر کە لە کەرتی حکومی دەخوێنن لەسەر کۆی ژمارەی ئەندامانی خێزان کە ڕووپێو کراوون لە هەمان گروپی تەمەن. بە پێی ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان 2021  (IWISH-II)، بە شێوەیەکی گشتی، لە هەرێمی کوردستان، ڕێژەی خوێندن لە کەرتی حکومی بەرزە کە دەگاتە 94.3% و لەسەر ئاستی پارێزگاکان، بەرزترین ڕێژە لە پارێزگای دهۆکە کە 95.7% ە وپاشان پارێزگای سلێمانی وهەولێر دێن هەریەکەیان بەڕێژەی 94.1% و93.5% یەك لەداوی یەك هەروەك لە شێوەی خوارەوە پیشاندراوە.


شێوەی 11 : دابەشبوونی ڕێژەی ئەندامانی خێزان تەمەن 4 ساڵان و زیاتر لە کەرتی حکومی دەخوێنن لەسەر ئاستی پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان - ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان IWISH-II)2021)




## خوێندن لە کەرتی حکومی بۆ ئەندامانی خیزان تەمەن 4 ساڵان و زیاتر


**ڕێژەی ئەندامانی خێزان تەمەن 4 ساڵان و زیاتر کە لە کەرتی تایبەت دەخوێنن:** بریتیە لە ژمارەی ئەندامانی خێزان تەمەن 4 ساڵان و زیاتر کە لە کەرتی تایبەت دەخوێنن لەسەر کۆی ژمارەی ئەندامانی خێزانی ڕووپێو کراو لە هەمان گرووپی تەمەن. بە شێوەیەکی گشتی، بە پێی ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان 2021 (IWISH-II) لە هەرێمی کوردستان، ڕێژەکە دەگاتە 5.1 % ولەسەر ئاستی پارێزگاکان، بەرزترین ڕێژە لە پارێزگای هەولێرە کە 6.2 % ە و پاشان پارێزگای سلێمانی بە ڕێژەی 5.2 % ودهۆك 3.4 % دێن هەروەك لە شێوەی12 پیشاندراوە.

شێوەی 12 : ڕێژەی ئەندامانی خێزان تەمەن 4 ساڵان و زیاتر لە کەرتی تایبەت دەخوێنن لەسەر ئاستی پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان - ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان 2021 (IWISH-II)




**ڕێژەی ئەندامانی خێزان تەمەن 4 ساڵان و زیاتر کە لە کەرتی تر دەخوێنن (کەرتی تێکەڵاو):** بریتیە لە ژمارەی ئەندامانی خێزان تەمەن 4 ساڵان و زیاتر کە لە کەرتی تر دەخوێنن (کەرتی تێکەڵاو) لەسەر کۆی ژمارەی ئەندامانی خێزان ڕووپێو کراو لە هەمان گروپی تەمەندا. بە شێوەیەکی گشتی ، لە هەرێمی کوردستان ڕێژەکە دەگاتە 0.6 % و لەسەر ئاستی پارێزگاکان، لە هەردوو پارێزگای دهۆك (0.9 %) و سلێمانی (0.8 %) بە جیاوازییەکی زۆر کەم بەرزترین ڕێژەی تۆمارکردووە و کەمترین ڕێژە لە پارێزگای هەولێرە بە ڕێژەی 0.2% بە پێی بە پێی ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان 2021 (IWISH-II) هەروەك لە شێوەی 13 پیشاندراوە.

شێوەی 13 : ڕێژەی سەدی ئەندامانی خێزان تەمەن 4 ساڵان و زیاتر لە کەرتی تر دەخوێنن لەسەر ئاستی پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان - ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان 2021 (IWISH-II)




**ڕێژەیی ئەندامانی خێزانی تەمەن 4 ساڵان و زیاتر بەگوێرەی ڕازیبوونیان و ناڕازیبوونیان لە خوێندنی ئەلکترۆنی / کەناڵی تەلەفزیۆنی پەروەردەیی لە هەرێمی کوردستان:** دوای بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا لە جیهان بەگشتی و لە هەرێمی کوردستان بەتایبەتی، وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگای پلاتفۆرمێکی ئەلیکترۆنی بەردەوامی بە پرۆسەی خوێندن دا لە کەرتەکانی حکومی، تایبەت و کەرتی تر بەمەبەستی بەردەوامیدان بە پرۆسەی خوێندن لەماوەی گرتنەبەری ڕێکاری تایبەت دژ بە بڵاوبوونەوەی پەتاکە بە تایبەت لەماوەی قەدەغەی هاتووچۆ, بۆ ئەم مەبەستە، لە ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2021، بەشێکی پرسیارنامەکە تایبەت بوو بەم بابەتە و ڕاو بۆچوونی قوتابیان کە لە قۆناغە جیاوازەکان بەردەوام بوون لە خوێندن لەم بارەیەوە وەرگیراوە. ئەنجامەکان دەریدەخەن، ئاستی ڕازیبوون لەم پرۆسەیە لە ئاستێکی نزمدایە، بەشێوەیەك لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، ڕادەی ڕازیبوون ڕێژەکەی 34.0% بووە بەرامبەر بە ڕادەی ناڕازیبوون کە ڕێژەکەی 66.0% ە و ڕێژەیەکی بەرزە و نزیکەی دوو ئەوەندەی ڕادەی ڕازیبوونە, بەهەمان شێوە لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم، پارێزگای هەولێر بەڕێژەی 34.3% ڕازیبوون بەرامبەر بە ڕادەی ناڕازیبیون کە ڕێژەکەی 65.7% بووە، لە پاێزگای سلێمانی بەڕێژەی 31.6% ڕازیبوون بەرامبەر بە ڕادەی ناڕازیبیون بەڕێژەی 68.4% ، لە پارێزگای دهۆك بەڕێژەی 37.6% ڕازیبوون بەرامبەر بە ڕادەی ناڕازیبیون بەڕێژەی 62.4%. بەشێوەییەکی گشتی ڕادەی ناڕازیبوون چ لەسەر ئاستی هەرێم و چ لەسە ر ئاستی پارێزگاکان ڕێژەیەکی بەرزی تۆمارکردووە بە جۆرێك کە لە هەر 3 قوتابی 2 قوتابی ناڕازین لەم شێوازە خوێندنە هەروەك لە شێوەی خوارەوە پیشاندراوە.

شێوەی 14 : ڕێژەی ئەندامانی خێزانی تەمەن 4 ساڵان و زیاتر بەگوێرەی ڕازیبوون و نارازیبونیان لە خوێندنی ئەلکترۆنی / کەناڵی تەلەفزیۆنی پەروەردەیی لە هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان - ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان 2021 (IWISH-II)




## تەندروستی

بەشی تەندروستی چەندین نیشاندەری گرنگ و سەرەکی لەخۆ دەگرێت کە لە هەردوو ڕووپێوی نیشتمانی هەرزەکارانو لاوان 2019 و ڕووپێوی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و تەندروستی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان (IWISHII 2021) سەرچاوە دەگرێت. هەروەک لە خشتەی خوارەوە هاتووە، نیشاندەرەکان بریتین لە هەڵسەنگاندنی بارودۆخی تەندروستی هەرزەکاران و لاوان، گوێبیست بوون و ئاشنا بوون و ڕێگاکانی خۆپاراستن لە نەخۆشی کوشندەی ئایدز، دەستپێکردن بە وەچە خستنەوەی ئافرەتان لە گرویێکی دیاریکراوی تەمەنیان، ژمارەی لە دایکبوانی زیندوو، شێوازی منداڵبوونیان، بەکارهێنانی ڕێگاکانی ڕێکخستنی خێزان، هەڵسەنگاندنی بارودۆخی تەندروستیان، بابەتی خەتەنەکردنی مێینە و چەند نیشاندەرێکی تری گرنگ.

خشتەی 2: نیشاندەری گرنگی بواری تەندروستی لەسەر ئاستی پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان(%)

| نیشاندەر | دهۆک | سلێمانی | هەولێر | هەرێمی کوردستان | سەرچاوە |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕێژەی هەرزەکاران ولاوان تەمەن (10-30) ساڵی کە بارودۆخی تەندروستی خۆی بە باش هەڵدەسەنگێنێت | 98.3 | 97.9 | 99.0 | 98.4 | ڕووپێوی نیشتمانی هەرزەکارانو لاوان 2019 |
| ڕێژەی هەرزەکاران ولاوان تەمەن (10-30) ساڵی کە بارودۆخی تەندروستی خۆی بە خراپ هەڵدەسەنگێنێت | 1.7 | 2.1 | 1.0 | 1.6 | ڕووپێوی نیشتمانی هەرزەکارانو لاوان 2019 |
| ڕێژەی گەنجان ولاوان تەمەن (18-30) ساڵی کە گوێبیستی نەخۆشی ئایدز بوون | 86.8 | 95.9 | 94.2 | 92.9 | ڕووپێوی نیشتمانی هەرزەکارانو لاوان 2019 |
| ڕێژەی گەنجان ولاوان تەمەن (18-30) ساڵی کە گوێبیستی نەخۆشی ئایدز نەبوون | 13.2 | 4.1 | 5.8 | 7.1 | ڕووپێوی نیشتمانی هەرزەکارانو لاوان 2019 |
| ڕێژەی گەنجان ولاوان تەمەن (15-30) ساڵی ئەوانەی جگەرە دەکێشن | 20.7 | 19.6 | 20.2 | 20.1 | ڕووپێوی نیشتمانی هەرزەکارانو لاوان 2019 |
| ڕێژەی سەدی گەنجان ولاوان تەمەن (15-30) ساڵی ئەوانەی لە خوار تەمەنی 15 ساڵیەوە جگەرە دەکێشن | 42.2 | 27.5 | 27.5 | 30.9 | ڕووپێوی نیشتمانی هەرزەکارانو لاوان 2019 |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| **ڕێژەی ئافرەتانی تەمەن 49-15 ساڵان ئەوانەی هاوسەردارن یان پێشتر هاوسەرگیریان کردووە چوونەتە نەخۆشخانە لەماوەی هەفتەی یەکەم دوای کۆتایی هاتنی سکپڕیەکەیان (مردوو، لەبارچوو ولەباربراو) لەماوەی 5 ساڵی ڕابردوو** | 38.1 | 23.3 | 47.4 | 34.5 | **ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتانIWISH-II 2021** |
| **ڕێژەی ئافرەتانی تەمەن 49-15 ساڵان کە ئێستا هاوسەردارن یان پێشتر هاوسەرگیریان کردووە وچاودێری تەندروستی پێش منداڵبوونیان وەرگرتووە بۆ کۆتا لەدایکبووی زیندوو لە ماوەی 5 ساڵی ڕابردوو** | 97.6 | 99.8 | 98.7 | 98.9 | **ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتانIWISH-II 2021** |
| **تێکڕای بە پیتبوون بۆ ئافرەتی تەمەن 49-15 ساڵان** | 3.4 | 3.0 | 3.3 | 3.2 | **ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتانIWISH-II 2021** |

بەردەوامی خشتەی 2

| نیشاندەر | دهۆک | سلێمانی | هەولێر | هەرێمی کوردستان | سەرچاوە |
|---|---|---|---|---|---|
| **ڕێژەی ئافرەتانی تەمەن 49-15 ساڵان ئەوانەی کە هاوسەردارن ویان پێشتر هاوسەرگیریان کردووە لەماوەی 5 ساڵی ڕابردوو لە دامەزراوەی تەندروستی منداڵیان بووە** | 99.0 | 98.3 | 92.6 | 96.4 | **ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان IWISH-II 2021** |
| **ڕێژەی ئافرەتانی تەمەن 49-15 ساڵان ئەوانەی کە هاوسەردارن ویان پێشتر هاوسەرگیریان کردووە لەماوەی 5 ساڵی ڕابردوو لە دەرەوەی دامەزراوەی تەندروستی منداڵیان بووە** | 1.0 | 1.7 | 7.4 | 3.6 | **ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان IWISH-II 2021** |
| **ڕیژەیی ئافرەتانی تەمەن 49-15 ساڵی ئەوانەی کە ئێستا هاوسەردارن وە یان پێشتر هاوسەرگیریان کردووە ومنداڵی زیندوویان بووە لەماوەی پێنج ساڵی پێش ڕوپێوەکە بە شێوازی سروشتی منداڵیان بووە** | 65.1 | 45.8 | 42.6 | 49.2 | **ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان IWISH-II 2021** |
| **ڕیژەیی ئافرەتانی تەمەن 49-15 ساڵی ئەوانەی کە ئێستا هاوسەردارن وە یان پێشتر هاوسەرگیریان کردووە ومنداڵی زیندوویان بووە لەماوەی پێنج ساڵی پێش ڕوپێوەکە بە نەشتەرگەری (قەیصەری) منداڵیان بووە** | 34.9 | 54.2 | 57.4 | 50.8 | **ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان IWISH-II 2021** |
| **ڕێژەی ئافرەتانی تەمەن 49-15 ساڵان ئەوانەی هاوسەردارن یان پێشتر هاوسەرگیریان کردووە ومنداڵی زیندوویان بووە لە ماوەی 5 ساڵی پێش ئەنجامدانی ڕووپێوەکە و شیری خۆیان داوەتە منداڵەکانیان ڕاستەوخۆ دوای منداڵبوون** | 87.8 | 97.1 | 84.5 | 89.5 | **ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان IWISH-II 2021** |
| **ڕێژەی ئەو ئافرەتانەی کە تەمەنیان 49-15 ساڵییە کە هاوسەردارن یان پێشتر هاوسەرگیریان کردووە خۆیان یان هاوسەرەکانیان ڕێگاکانی ڕێکخستی خێزان بەکارهێناوە لە ڕابردوودا** | 63.9 | 78.3 | 79.3 | 75.6 | **ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان IWISH-II 2021** |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕێژەی ئەو ئافرەتانەی کە تەمەنیان **49-15** ساڵییە وئێستا هاوسەردارن یان پێشتر هاوسەرگیریان کردووە خۆیان یان هاوسەرەکانیان ڕێگاکانی ڕێکخستنی خێزان بەکاردەهێنن لە ئێستادا | 81.9 | 78.4 | 87.4 | 82.3 | ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان IWISH-II 2021 |
| ڕێژەی ئەو ئافرەتانەی کە تەمەنیان **49-15** ساڵییە وئێستا هاوسەردارن یان پێشتر هاوسەرگیریان کردووە خۆیان یان هاوسەرەکانیان هەر ڕێگایەکی نەریتی بەکاردەهێنن لە ئێستادا | 34.3 | 30.2 | 29.1 | 30.5 | ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان IWISH-II 2021 |


بەردەوامی خشتەی 2

| نیشاندەر | دهۆك | سلێمانی | هەولێر | هەرێمی کوردستان | سەرچاوە |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕێژەی ئەو ئافرەتانەی کە تەمەنیان **49-15** ساڵییە وئێستا هاوسەردارن یان پێشتر هاوسەرگیریان کردووە خۆیان یان هاوسەرەکانیان هەر ڕێگایەکی مۆدێرن بەکاردەهێنن لە ئێستادا | 65.7 | 69.8 | 70.9 | 69.5 | ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان IWISH-II 2021 |
| ڕێژەی ئافرەتانی تەمەن **15** سالان وزیاتر کە باری تەندروستیان بە (باش) هەڵدەسەنگێنن | 94.4 | 90.0 | 91.9 | 91.6 | ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان IWISH-II 2021 |
| ڕێژەی ئافرەتانی تەمەن **15** سالان وزیاتر کە باری تەندروستیان بە (خراپ) هەڵدەسەنگێنن | 5.6 | 10.0 | 8.1 | 8.4 | ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان IWISH-II 2021 |
| ڕێژەی سەدی ئەو ئافرەتانەی کە تەمەنیان **15** ساڵ وزیاترە و (جگەرە وهاوشێوەی) دەکێشن | 5.4 | 3.9 | 8.1 | 5.7 | ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان IWISH-II 2021 |
| ڕێژەیی ئافرەتانی تەمەن **15** ساڵان وزیاتر کە خەتەنەکراون | 3.4 | 52.2 | 53.3 | 48.0 | ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان IWISH-II 2021 |
| ڕێژەیی ئەندامانی خێزان تەمەن **10** ساڵان وزیاتر کە لە ماڵەوە چارەسەریان وەرگرتووە لە ماوەی توشبونیان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا | 96.3 | 96.2 | 91.0 | 94.4 | ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان IWISH-II 2021 |
| ڕێژەیی ئەندامانی خێزان تەمەن **10** ساڵان وزیاتر کە لە نەخۆشخانەی حکومی چارەسەریان وەرگرتووە لە ماوەی توشبونیان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا | 2.2 | 2.3 | 6.6 | 3.9 | ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان IWISH-II 2021 |
| ڕێژەیی ئەندامانی خێزان تەمەن **10** ساڵان وزیاتر کە لە نەخۆشخانەی تایبەت چارەسەریان وەرگرتووە لە ماوەی توشبونیان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا | 1.4 | 1.4 | 2.4 | 1.8 | ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان IWISH-II 2021 |

**ڕێژەی سەدی هەرزەکاران ولاوان تەمەن (10-30) ساڵی لە بارەی هەڵسەنگاندنی بارودۆخی تەندروستیان:** مەبەست لە هەڵسەنگاندنی باری تەندروستی گشتی هەرزەکاران و لاوانە لە ڕووی جەستەیی و دەروونیەوە نەك تەنها نەبوونی نەخۆشی یان کەمئەندامی و هەروەها مامەڵە کردنیانە لەگەڵ چالاکییەکانی ڕۆژانە و گشت لایەنەکانی تری ژیاندا بە شێوەیەکی دروست. هەرزەکاران و لاوان بە گشتی لە هەرێمی کوردستان بە ڕێژەی 98.4% دۆخی تەندروستییان بە باش هەڵسەنگاندووە ئەمەش ڕێژەیەکی بەرچاو و دڵخۆشکەرە و لە بەرامبەردا بە ڕێژەی1.6% تەندروستییان بە خراپ هەڵسەنگاندووە (ڕووپێوی نیشتمانی هەرزەکاران و لاوان 2019).

لەسەر ئاستی پارێزگاکان، هەریەك لە پارێزگاکانی هەولێر، دهۆك و سلێمانی بە ڕێژەکانی 99.0%، 98.3% و 97.9% یەك لەدوای یەك باری تەندروستییان بە باش هەڵدەسەنگێنن و ئەوانەی دۆخی تەندروستییان بە خراپ هەڵسەنگاندووە بەرزترین ڕێژە لە پارێزگای سلێمانییە بە ڕێژەی 2.1% دواتر پارێزگای دهۆك وهەولێر دێن بە ڕێژەی 1.7% و 1.0% یەك لەدوای یەك (شێوەی خوارەوە).


شێوەی 15 : ڕێژەی هەرزەکاران و لاوان تەمەن (10-30) ساڵی لەبارەی هەڵسەنگاندنی بارودۆخی تەندروستیان لەسەر ئاستی پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان - ڕووپێوی نیشتمانی هەرزەکاران و لاوان2019




## گوێبیست بوونی گەنجان و لاوان تەمەن (18-30) بە نەخۆشی ئایدز

**ڕێژەی سەدی گەنجان و لاوان تەمەن (18-30) ساڵی بەپێی گوێبیست بوونیان بە نەخۆشی ئایدز:** ئایدز نەخۆشیەکی ترسناکە بە مانای لە دەستدانی سیستەمی بەرگری لەشی مرۆڤە کە دەبێتە هۆی گیانلەدەستدانی تووشبووان. ئەم نەخۆشییە لە ڕێگای وەرگرتنی خوین لەکەسی تووشبوو، کرداری سێکسی و بەکارهێنانی کەلوپەلی پزیشکی پێشتر بەکار هاتوو بە تایبەتی لەڕێگای دەرزییەوە دەگوازرێتەوە. ئامانج لەم نیشاندەرە بە دەرخستنی ڕادەی هۆشیاری هەرزەکاران و لاوانە لەبارەی نەخۆشییەکە و هۆکار وڕێگاکانی خۆ پارێزیە. بە شێوەیەکی گشتی ڕێژەی هەرزەکاران ولاوان تەمەن (18-30) ساڵی کە گوێبستی ئەم نەخۆشییە بوونە لە هەرێمی کوردستان دەگاتە 92.9% کە ڕێژەیەکی بەرز و دڵخۆشکەرە و بەهەمان شێوە لەسەر ئاستی پارێزگاکان، پارێزگای سلێمانی و هەولێر جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێوانیاندا نیە و لە هەولێر ڕێژەکە 95.9%ە و لە سلێمانی 94.2% و نزمترین ڕێژە لە پارێزگای دهۆکە کە ڕێژەکەی 86.8%ە. لە بەرامبەردا ئەوانەی کە گوێبیستی ئەم نەخۆشییە نەبوونە، لە هەرێمی کوردستان 7.1% ە و لەسەر ئاستی پارێزگاکان, بەرزترین ڕێژە لە پارێزگای دهۆکە (13.2%) و دواتر پارێزگاکانی هەولێر (5.8%) و سلێمانی (4.1%) دێن هەروەك لەشێوەی 16 پیشاندراوە بە پێی ڕووپێوی نیشتمانی هەرزەکارانو لاوان 2019 .


شێوەی 16: ڕێژەی گەنجان و لاوان تەمەن (18-30) ساڵی کە گوێبیستی نەخۆشی ئایدز بوون لەسەر ئاستی پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان - ڕووپێوی نیشتمانی هەرزەکاران و لاوان2019




## جگەرە کێشان لە نێوان لاوانی تەمەن (15-30) ساڵیدا

**ڕێژەی سەدی گەنجان و لاوان تەمەن (15-30) ساڵی ئەوانەی جگەرە دەکێشن:** جگەرە کێشان یەکێکە لە هەرە مەترسییە جدییەکان بۆسەر تەندروستی مرۆڤ ونەك تەنها زیان بە تەندروستی دەگەیەنێت بەڵکو لە ڕووی جەستەیی، دەروونی و ئابوورییەوە زیانبەخشە. بێگومان جگەرە کێشان لە ناو هەرزەکاران و لاوان دا دیاردەیەکی باو وترسناکە بەشێوەیەك کە ڕێژەی جگەرەکێشان لە نێوان هەرزەکاران و لاوان لە هەرێمی کوردستان دەگاتە 20.1% کە ئەم ڕێژەیەش تارادەیەك بەرزە (ڕووپێوی نیشتمانی هەرزەکاران و لاوان 2019). لەسەر ئاستی پارێزگاکان، جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوانیاندا بەدی ناکرێت، هەریەك لە پارێزگای دهۆك20.7% ولە هەولێر 20.2% ولە سلێمانی 19.6% تۆمارکراوە هەروەك لە شێوەی 17 پیشاندراوە.

شێوەی 17 : ڕێژەی گەنجان و لاوان تەمەن (15-30) ساڵی ئەوانەی جگەرە دەکێشن لەسەر ئاستی پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان -ڕووپێوی نیشتمانی هەرزەکاران و لاوان2019





## جگەرە کێشان لە نێوان لاوانی تەمەن (15-30) ساڵی پێش تەمەنی 15 ساڵی

**ڕێژەی سەدی هەرزەکاران تەمەن (15-30) ساڵی ئەوانەی لە خوار تەمەنی 15 ساڵیەوە دەستیان بە جگەرە کێشان کردووە:** بە هەمان شێوە جگەرە کێشانی هەرزەکاران ولاوانی خوار تەمەن 15 ساڵ زەنگێکی مەترسیدارترە بۆ سەر کۆمەڵگا بەگشتی و بۆ سەر چینی هەرزەکاران و لاوان بە تایبەت لەڕووی تەندروستی وئابوورییەوە. ئەم ڕێژەیە لە هەرێمی کوردستان بەرزە (30.9%) و لەسەر ئاستی پارێزگاکان، پارێزگای دهۆك بەرزترین ڕێژەی تۆمارکردووە (42.2%) کە شایانی هەڵوەستە لەسەرکردنە و دواتر هەردوو


پارێزگای هەولێر وسلێمانی دێن بە ڕێژەیەکی یەکسان (27.5%) هەروەك لە شێوەی 18 پیشاندراوە (ڕووپێوی نیشتمانی هەرزەکارانو لاوان 2019).

شێوەی 18 :ڕێژەی گەنجان ولاوان تەمەن (15-30) ساڵی ئەوانەی لە خوار تەمەنی 15 ساڵیەوە دەستیان بە جگەرە کێشان کردووە لەسەر ئاستی پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان -ڕووپێوی نیشتمانی هەرزەکاران و لاوان2019





**ڕێژەی سەدی ئافرەتانی تەمەن 15-49 ساڵان ئەوانەی هاوسەردارن یان پێشتر هاوسەرگیریان کردووە و لە ماوەی هەفتەی یەکەم دوای کۆتایی هاتنی سکپڕیەکەیان ( مردوو، لەبارچوو و لەباربراو) سەردانی نەخۆشخانەیان کردووە لەماوەی 5 ساڵی پێش ئەنجامدانی ڕووپێوەکە:** ڕاددەی هۆشیاری ئافرەتان لە سەردانیکردنیان بۆ نەخۆشخانە پاش کۆتایی هاتنی سکپڕی ( مردوو ، لەبارچوو و لەباربراو) ڕاستەوخۆ یاخود پاش چەند ڕۆژێك کە زیاتر نەبێت لە هەفتەیەك بۆ وەرگرتنی چاودێری و ڕێنمایی پزیشکی هۆکارێکی گرنگە بۆ دوورکەتنەوە لە حاڵەتی نەخوازراو و مەترسی بۆ سەر ژیانیان یان هەر زیانێکی تر بۆ سەر تەندروستییان. حکومەت بە کردنەوەی نەخۆشخانە ودامەزراوەی تایبەت بە ئافرەتان ومنداڵبوون وبنکەکانی تەندروستی وبە کارخستنی کارمەندی تەندروستی وبڵاو کردنەوەی هۆشیاری لە ڕێگاکانی ڕاگەیاندن وە یان ڕاستەخۆ بە ئافرەتان ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لەم بارەیەوە. ئەم ڕێژەیە لە هەرێمی کوردستان دەگاتە 34.5% وتاڕاددەیەك ڕێژەیەکی نزمە وئافرەتان پێویستیان بە هۆشیاری زیاتر هەیە لەسەر ئەم بابەتە، لەسەر ئاستی پارێزگاکانیش، ڕێژەکە لە پارێزگای هەولێر بەرزترینە کەدەکاتە 47.4% و پاشان پارێزگای دهۆك بە ڕێژەی 38.1% دێت و نزمترین ڕێژە لە پارێزگای سلێمانییە بە ڕێژەی 23.3% (شێوەی 19 پیشاندراوە).

شێوەی 19 : ڕێژەی ئافرەتانی تەمەن 15-49 ساڵان ئەوانەی هاوسەردارن یان پێشتر هاوسەرگیرییان کردووە و لە ماوەی هەفتەی یەکەم دوای کۆتایی هاتنی سکپڕییەکەیان ( مردوو ، لەبارچوو و لەباربراو) سەردانی نەخۆشخانەیان کردووە لەماوەی 5 ساڵی پێش ئەنجامدانی ڕووپێوەکە لەسەر ئاستی پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان - ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان (IWISH-II) 2021



**ڕێژەی سەدی ئافرەتانی تەمەن 15-49 ساڵان کە ئێستا هاوسەردارن یان پێشتر هاوسەرگیریان کردووە وچاودێری تەندروستی پێش منداڵبوونیان وەرگرتووە بۆ کۆتا لەدایکبووی زیندوو لە ماوەی 5 ساڵی پێش ئەنجامدانی ڕووپێوەکە:** هۆشیاری ئافرەتان لە بارەی سکپڕیی و وەرگرتنی چاودێری پزیشکی پێش منداڵبوون ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە تەندروستی دایك وکۆرپەکەیدا. بە پێی ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان 2021 (IWISH-II) خۆشبەختانە ئەم ڕیژەیە لە هەرێمی کوردستاندا ڕێژەیەکی بەرزی تۆمارکردووە کە دەکاتە 98.9% و بە هەمان شێوە لەسەر ئاستی پارێزگاکان ڕێژەکان بەرزن و بەرزترین ڕێژە لە پارێزگای سلێمانییە بە ڕێژەی 99.8%، دواتر پارێزگاکانی هەولێر ودهۆك دێن هەریەکەیان بەڕێژەی 98.7% و 97.6% یەك لەدوای یەك هەروەك لە شێوەی 20 پیشاندراوە.


شێوەی 20 : ڕێژەی ئافرەتانی تەمەن 15-49 ساڵان کە ئێستا هاوسەردارن یان پێشتر هاوسەرگیرییان کردووە و چاودێری تەندروستی پێش منداڵبوونیان وەرگرتووە بۆ کۆتا لەدایکبووی زیندوو لە ماوەی 5 ساڵی پێش ئەنجامدانی ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان2021 لەسەر ئاستی پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان




## تێکڕای بەپیتبوون بۆ ئافرەتی تەمەن 15-49 ساڵان:


بریتیە لە تێکڕای ژمارەی هەبوونی منداڵی لەدایکبوو زیندووی بۆ هەر ئافرەتێك لە تەمەنی (15-49) ساڵان لەماوەی ژیانی هاوسەریدا. بە پێی ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان IWISHII 2021، لە هەرێمی کوردستان، تێکڕای ژمارەی لەدایکبووی منداڵی زیندوو بۆ هەر ئافرەتێک 3.2 منداڵە و لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم، پارێزگای دهۆك بەرزترینە کە 3.4 منداڵە و دواتر پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی دێن بە تێکڕای 3.3 و 3 منداڵ بۆ هەر ئافرەتێک یەك لەدوای یەك هەروەك لە شێوەی 21 لە خوارەوە پیشاندراوە.

شێوەی 21 : تێکرای بەپیتبوون بۆ هەر ئافرەتێک لە تەمەنی 15-49 ساڵان لەسەر ئاستی پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان - ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان 2021 (IWISH-II)




**ئافرەتانی تەمەن 15-49 ساڵان ئەوانەی کە هاوسەردارن و یان پێشتر هاوسەرگیریان کردووە و منداڵییان بووە (لە دامەزراوەی تەندروستی و دەرەوەی دامەزراوەی تەندروستی) لەماوەی 5 ساڵی پێش ئەنجامدانی ڕووپێوەکە:** منداڵبوون لە دامەزراوەی تەندروستی و لەژێر چاودێری کەسانی پسپۆڕ و کارامە لەم بوارەدا هۆکارێکە بۆ دوورکەوتنەوە لە مەترسی لەسەر تەندروستی جەستەیی بۆ دایك و کۆرپەکەیو کەمبوونەوەی ژمارەی مردنی دایکان و کۆرپەکانییان . بە پێی ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان 2021 (IWISH-II)، لە هەرێمی کوردستان، ڕێژەی منداڵبوون لە دامەزراوەی تەندروستی لە ئاستێکی بەرزدایە و ڕێژەکەی 96.4% ە. لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم، بەرزترین ڕێژە لە پارێزگای دهۆکە بە ڕێژەی 99.0% ودواتر بە ڕێژەیەکی هەندێك کەمتر پارێزگای سلێمانی دێت بەڕێژە 98.3% وکەمترین ڕێژە لە پارێزگای هەولێرە بە ڕێژەی 92.6%. بەهەمان شێوە منداڵبوون لە دەرەوەی دامەزراوەی تەندروستی ودوور لە چاودێری پزیشکی مەترسییەکی گەورەیە بۆ سەر ژیانی دایك وکۆرپەکەی. ئەم ڕێژەیە لە هەرێمی کوردستان بریتییە لە 3.6% و لەسەر ئاستی پارێزگاکان زۆرترین ڕێژە لە پارێزگای هەولێرە بە ڕێژەی 7.4% ودواتر پارێزگاکانی سلێمانی ودهۆك دێن هەریەکەیان بە ڕێژەی 1.7 % و1% یەك لەدوای یەك هەروەك لە شێوەی خوارەوە پیشاندراوە.


شێوەی 22 : ڕێژەی ئافرەتانی تەمەن 15-49 ساڵان ئەوانەی کە هاوسەردارن و یان پێشتر هاوسەرگیرییان کردووە و لە دامەزراوەی تەندروستی منداڵییان بووە لە ماوەی 5 ساڵی پێش ئەنجامدانی ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی وکۆمەڵایەتی ئافرەتان 2021 لەسەر ئاستی پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان





## شێوازی منداڵبوون (سروشتی و قەیسەری)

**ڕێژەی سەدی ئافرەتانی تەمەن 15-49 ساڵی ئەوانەی کە ئێستا هاوسەردارن یان پێشتر هاوسەرگیرییان کردووە ومنداڵی زیندوویان بووە لەماوەی پێنج ساڵی پێش ڕووپێوەکە بە پێی شێوازی منداڵبوونییان:** بە گشتی منداڵ بە دوو شێوازی سروشتی ونەشتەرگەری قەیسەری لە دایك دەبێت. شێوازی منداڵبوونی سروشتی یەکێکە لە شێوازە بەربڵاوەکان لە جیهاندا، بەڵام لە هەرێمی کوردستان لە چەند ساڵی ڕابردوودا منداڵبوون بە شێوازی نەشتەرگەری قەیسەری بەشێوەیەکی زۆر بەرچاو ڕووی لە زیاد بوون کردووە. بە پێی ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان 2021 (IWISH-II)، لە هەرێمی کوردستان، بە شێوەیەکی گشتی منداڵبوون بە شێوازی سروشتی ڕێژەی 49.2%ە ولەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم پارێزگای دهۆك بەرزترین ڕێژەی هەیە 65.1% ودواتر هەریەك لە پارێزگاکانی سلێمانی وهەولێر دێن هەریەکەیان بەڕێژەی 45.8% و42.6% یەك لەدوای یەك. منداڵبوون بەشێوازی قەیسەری لە هەرێمی کوردستان ڕێژەیەکی بەرزی هەیە (50.8%) ولەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم ،بەرزترین ڕێژە لە پارێزگای هەولێرە( 57.4%) ودواتر هەریەك لە پارێزگاکانی سلێمانی ودهۆك دێن (بە ڕێژەی 54.2% و34.9% یەك لەدوای یەك). ئەگەر بەراوردی هەردوو شێوازی منداڵبوون لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان هەروەها لەسەر ئاستی پارێزگاکان بکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە ڕێژەی منداڵبوون بە قەیسەری بەرزترە لە شێوازی سروشتی ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر تەندروستی ئافرەتان دروست دەکات وپێویستە هۆشدرای بدرێت لە لایەن لایەنەکانی پەیوەندیدار لە بەرزبوونەوەی ڕێژەی منداڵبوون بە نەشتەرگەری قەیسەری لە ماوەی ساڵانی رابردوو لە هەرێمی کوردستاندا. لە شێوەی خوارەوە بەراودی هەردوو شێوازی منداڵبوون بە سروشتی و قەیسەری پیشاندراوە.

شێوەی 23 : ڕێژەی ئافرەتانی تەمەن 15-49 ساڵی ئەوانەی کە ئێستا هاوسەردارن یان پێشتر هاوسەرگیرییان کردووە ومنداڵی زیندوویان بووە لەماوەی پێنج ساڵی پێش ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان 2021 بە پێی شێوازی منداڵبوونییان (سروشتی و قەیسەری) لەسەر ئاستی پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان




**نەخشەی4: ڕێژەی ئافرەتانی تەمەن 15-49 ساڵی ئەوانەی کە ئێستا هاوسەردارن یان پێشتر هاوسەرگیرییان کردووە ومنداڵی زیندوویان بووە لەماوەی پێنج ساڵی پێش ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان 2021 کە بە نەشتەرگەری (قەیسەری) منداڵییان بووە لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان**




**ڕێژەی سەدی ئافرەتانی تەمەن 15-49 ساڵان ئەوانەی هاوسەردارن یان پێشتر هاوسەرگیرییان کردووە و منداڵی زیندوویان بووە لە ماوەی 5 ساڵی پێش ئەنجامدانی ڕووپێوەکە:** شیرپێدانی سروشتی سودی زۆری بۆ منداڵ و دایکیش هەیە. ڕێکخراوی منداڵپارێزی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNICEF) و ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی (WHO) ڕێنمایی بۆ شیرپێدانی سروشتی دەکەن کە لە کاتژمێری یەکەمی دوای لەدایکبوونی منداڵەکەوە دەست پێدەکات تا شەش مانگی یەکەمی تەمەنی منداڵدا کە بە تەنها و بێ هیچ خواردنێکی تر کاریگەری ئەرێنی لەسەر گەشەی جەستەیی و هزری منداڵ دروست دەکات. بە پێی ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان 2021 (IWISH-II)، لە هەرێمی کوردستان، ئەم ڕێژەیە 89.5% ولەسەر ئاستی پارێزگاکان پارێزگای سلێمانی بەرزترین ڕێژەی هەیە کە دەکاتە 97.1%، دواتر هەریەك لە پارێزگاکانی دهۆك وهەولێر دێن هەریەکەیان بەڕێژەی 87.8% و84.5% یەك لەدوای یەك هەروەك لە شێوەی 24 لە خوارەوە پیشاندراوە.

شێوەی 24: ڕێژەی ئافرەتانی تەمەن 15-49 ساڵان ئەوانەی هاوسەردارن یان پێشتر هاوسەرگیرییان کردووە و منداڵی زیندوویان بووە لە ماوەی 5 ساڵی پێش ئەنجامدانی ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان 2021 و شیری خۆیان داوەتە منداڵەکانیان ڕاستەوخۆ دوای منداڵبوون لەسەر ئاستی پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان





**ڕێژەی سەدی ئافرەتانی تەمەن 15-49 ساڵی کە هاوسەردارن یان پێشتر هاوسەرگیرییان کردووە خۆیان یان هاوسەرەکانیان ڕێگاکانی ڕێکخستی خێزانیان بەکارهێناوە لە( ڕابردوودا و لە ئێستادا لە کاتی ئەنجامدانی ڕووپێوەکە):** ڕێکخستنی خێزان بریتییە لە دانانی پلان بۆ کونترۆل کردنی ژمارەی منداڵ، درێژکردنەوەی ماوەی نێوان دوو سکپڕی و ڕێگەگرتن لە دووگیانبوون بە بەکارهێنانی ڕێگەیەك یان زیاتر لەیەکێك لە ڕێگاکانی ڕێگری لە سکپڕی لەلایەن ژن و مێرد یان یەکێکیان لەبەر هەر هۆکارێك بێت (تەندروستی، ئابووری ، کۆمەڵایەتی). بە پێی ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان 2021 (IWISH-II)، لە هەرێمی کوردستان، **ڕێژەی ئەو ئافرەتانەی کە لەڕابرووددا (پێش ڕووپێو) ڕێگاکانی ڕێکخستنی خێزانیان بەکارهێناوە** 75.6% بووە و لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم، بەرزترین ڕێژە لە پارێزگای هەولێرە (79.3%) دواتر هەریەك لە پارێزگاکانی سلێمانی ودهۆك دێن (بەڕێژەی 78.3% و63.9% یەك لەدوای یەك). **ڕێژەی ئەو ئافرەتانەی کە لە ئێستادا (کاتی ئەنجامدانی ڕووپێوەکە لە ساڵی 2021) ڕێگاکانی ڕێکخستنی خێزانیان بەکاردەهێنن** لە هەرێمی کوردستان 82.3% ە و ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزە، لە سەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم، بەرزترین ڕێژە لە پارێزگای هەولێرە(87.4%) ودواتر هەریەك لەپارێزگاکانی دهۆك وسلێمانی دێن بەڕێژەی 81.9% و 78.4% یەك لەدوای یەك. ئەگەر بێت بەراورد بکەین لە نێوان ڕێگاکانی ڕێکخستنی خێزان لە ڕابردوو ولە ئێستادا لە هەرێمی کوردستان، ڕێژەکە بەرزبوونەوەی بەخۆیەوە بینیوە. لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم، جگە لە پارێزگای سلێمانی بۆمان دەدەکەوێت لە پارێزگای هەولێر ودهۆك ڕێژەکان بەرزبوونەوەیان بەخۆیەوە بینیوە هەروەك لە شێوەی 25 پیشاندراوە.

شێوەی 25 :ڕێژەی ئافرەتانی تەمەن 15-49 ساڵی کە هاوسەردارن یان پێشتر هاوسەرگیرییان کردووە خۆیان یان هاوسەرەکانیان ڕێگاکانی ڕێکخستنی خێزان بەکارهێناوە لە ڕابردوودا (پێش ڕووپێو) و لە ئێستادا لە کاتی ئەنجامدانی ڕووپێوەکە) لەسەر ئاستی پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان - ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان 2021 (IWISH-II)





**ڕێژەی سەدی ئەو ئافرەتانەی کە تەمەنیان 15-49 ساڵییە و ئێستا هاوسەردارن یان پێشتر هاوسەرگیرییان کردووە خۆیان یان هاوسەرەکانیان هەر ڕێگایەکی (نەریتی یان مۆدێرن) بەکاردەهێنن لە ئێستادا (کاتی ئەنجامدانی ڕووپێو 2021):** ڕێگاکانی ڕێکخستنی خێزان بەشێوەیەکی گشتی دوو جۆرن (ڕێگەی مۆدێرن و ڕێگەی نەریتی). ڕێگەی مۆدێرن وەك بەکارهێنانی (حەب ،لەولەب، غەرسە،دەرزی و کۆندۆم،...) وە ڕێگا نەریتیەکان وەك (شیرپێدانی سروشتی، فرێدانی دەرەکی، ڕێگری کاتی سووڕی مانگانە، ...) کە هەریەکێك لەم ڕێگایانە کاریگەری و دەرەنجامی خۆی هەیە. بە پێی ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان 2021 (IWISH-II)، **ڕێژەی بەکارهێنانی ڕێگاکانی نەریتی لە ئێستادا** لە هەرێمی کوردستان 30.5% ولەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم، پارێزگای دهۆك بەرزترین ڕێژەی هەیە (34.3%) ودواتر هەریەك لە پارێزگاکانی سلێمانی وهەولێر دێن هەریەکەیان بە ڕێژەی 30.2% و 29.1% یەك لەدوای یەك. **ڕێژەی بەکارهێنانی ڕێگاکانی مۆدێرن لە ئێستادا** لە هەرێمی کوردستان 69.5% ولەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم، بەرزترین ڕێژە لە پارێزگای هەولێرە (70.9%) ودواتر هەریەك لە پارێزگاکانی سلێمانی و دهۆك دێن هەریەکەیان بەڕێژەی 69.8% و65.7% یەك لەدوای یەك. ئەگەر بەراوردی نێوان هەردوو ڕێگاکە بکەین لەهەرێمی کوردستان، دەبینین ڕێژەی بەکارهێنانی ڕێگاکانی مۆدێرن نزیکەی دوو ئەوەندەی ڕێگاکانی نەریتییە وبەهەمان شێوە لەسەر ئاستی پارێزگان هەروەك لە شێوەی خوارەوە پیشاندراوە.

شێوەی 26: ڕێژەی ئەو ئافرەتانەی کە تەمەنیان 15-49 ساڵییە و ئێستا هاوسەردارن یان پێشتر هاوسەرگیرییان کردووە خۆیان یان هاوسەرەکانیان هەر ڕێگایەکی (نەریتی یان مۆدێرن) ڕێکخستنی خێزان بەکاردەهێنن لەسەر ئاستی پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان - ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان 2021 (IWISH-II)



**ڕێژەی سەدی ئافرەتانی تەمەن 15 ساڵان وزیاتر بە گوێرەی هەڵسەنگاندنی باری تەندروستییان:** ڕای ئەو کەسەیە کە چاوپێکەوتنی لەگەڵ ئەنجامداوە سەبارەت بە تەندروستی گشتی تەواو لە ڕووی جەستەیی ودەروونی نەك تەنها لە نەبوونی نەخۆشی یان کەمئەندامی لەگەڵ ڕادەی مامەڵەکردنی لەگەڵ چالاکییەکانی ڕۆژانەی بەشێوەیەکی دروست کە ڕێگەی پێدەدات مامەڵەی گشت لایەنەکانی تری ژیاندا بکات. بەپێی ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان(IWISHI)2021 ، لەهەرێمی کوردستان، ئەو **ئافرەتان کە تەندروستی خۆیان باش هەڵدەسەنگێنن** ڕێژەیەکی بەرزی هەیە کە 91.6% ولەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم بەرزترین ڕێژە لە پارێزگای دهۆکە کە 94.4% ودواتر هەریەك لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی دێن هەریەکەیان بە ڕێژەی 91.9% و90.0% بەشێوەی یەك لەدوای یەك. بە هەمان شێوە ئەو **ئافرەتانەی باری تەندروستی خۆیان خراپ** هەڵسەنگاندووە لە هەرێمی کوردستان ڕێژەی 8.4% ولەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم بەرزترین ڕێژە لە پارێزگای سلێمانی یە کە 10.0% ودواتر هەریەك لە پارێزگاکانی هەولێرو دهۆك دێت هەریەکەیان بە ڕێژەی 8.1% و5.6% بەشێوەی یەك لەدوای یەك هەروەك لە شێوەی 27 پیشاندراوە.


شێوەی 27 :ڕێژەی ئافرەتانی تەمەن 15 ساڵان و زیاتر بە گوێرەی هەڵسەنگاندنی باری تەندروستییان لەسەر ئاستی پارێزگاکان و هەرێمی کورستان - ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان 2021 (IWISH-II)




## جگەرە کێشان لە نێوان ئافرەتانی تەمەن 15 ساڵ وزیاتر


**ڕێژەی سەدی ئافرەتانی تەمەن 15 ساڵ وزیاتر کە (جگەرە وهاوشێوەی) دەکێشن:** جگەرە کێشان یەکێکە لەو خووە خراپانەی کە زیان بە تەندروستی دەگەیەنێت هەروەها بە شێوەیەکی ڕاستەخۆ کاریگەری هەیە لە چەندین نەخۆشی وەك شێرپەنجەی سیەکان، دەم وقورگ و ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە لەڕۆژێکدا جگەرەیەك یان زیاتر دەکێشێت یان نێرگەلە وجگەرەی وئەلیکترۆنی دەکێشن. کێشانی جگەرە وهاوشێوەکانی لە نێوان ئافرەتان دا دیاردەیەکی تا ڕادەیەك بەرچاوە لە هەرێمی کوردستان و ڕێژەکەی دەکاتە 5.7% ولەسەر ئاستی پارێزگاکان، پارێزگای هەولێر بەرزترین ڕێژەی هەیە (8.1%) ودواتر هەریەك لە پارێزگاکانی دهۆك وسلێمانی دێن هەریەکەیان بە ڕێژەی 5.4% و3.9% یەك لەدوای یەك (ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان 2021) هەروەك لە شێوەی 28 پیشاندراوە.

شێوەی 28 :ڕێژەی ئافرەتانی تەمەن 15 ساڵ و زیاتر کە (جگەرە و هاوشێوەی) دەکێشن لەسەر ئاستی پارێزگاکان و هەرێمی کورستان - ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان 2021 (IWISH-II)




**ڕێژەی سەدی ئافرەتانی تەمەن 15 ساڵان وزیاتر کە خەتەنەکراون:** یەکێك لە دیاردە باوەکانی هەندێك لە کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست خەتەنە کردنی مێینەیە (FGM). لە هەرێمی کوردستان دیاردەی خەتەنە کردنی مێینە بە گشتی قەدەغە کراوە وبەگوێرەی یاسا لە پەرلەمانی کوردستان سزای زیندان ومادری لەسەر هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم کردارە لە چەند ناوچەیەك بە نهێنی ئەنجام دەدرێت کە دەبێتە مایەی هەڕەشە بۆ سەر تەندروستی جەستەیی و دەروونی ئافرەتان. بە پێی ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان 2021، ئەم ڕێژەیە لە هەرێمی کوردستان ڕێژەیەکی بەرزی ( 48%) تۆمارکردووە، و لەسەر ئاستی پارێزگاکان، هەریەك لە پارێزگاکانی هەولێر وسلێمانی بەرزترین ڕێژەیان هەیە (53.3% و52.2% یەك لەدوای یەك) وە نزمترین ڕێژە لە پارێزگای دهۆکە ( 3.4%) هەروەك لە شێوەی 29 لە خوارەوە پیشاندراوە.


شێوەی 29 : ڕێژەی ئافرەتانی تەمەن 15 ساڵان و زیاتر کە خەتەنەکراون لەسەر ئاستی پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان - ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان 2021 (IWISH-II)




**ڕێژەی سەدی ئەندامانی خێزان تەمەن 10 ساڵان و زیاتر بە گوێرەی شوێنی چارەسەرکردنیان لە ماوەی توشبونیان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا :** پەتای کۆرۆنا (کۆڤید 19) پەتایەکی جیهانییە و تاکو ئێستا چەندین ملیۆن کەس لە جیهاندا بەهۆیەوە گیانیان لەدەستداوە، بۆیە لەگەڵ سەرهەڵدانی ڤایرۆسەکە و بڵاوبوونەوەی بە جیهاندا لە ساڵی 2020، حکومەت و ڕێکخراوەکان لەسەرانسەری جیهاندا ڕێنمایی و ڕێو شوێنی توندیان بۆ بەرەنگاربوونەوە لە بڵاوبوونەوەی زیاتری ڤایرۆسەکە ڕاگەیاندووە. زۆر لە توشبووانی ئەم پەتایە بە پشت بەستن بە ڕێنمایە تەندروستییەکان و بە گوێرەی بارودۆخی تەندروستی و ڕاددەی توندی پەتاکە لە ماڵەوە یان لە نەخۆشخانەکان( حکومی و تایبەت) چارەسەری پێویستیان وەرگرتووە. داتاکان دەردەخەن کە لە هەرێمی کوردستان ئەوانەی توشی پەتاکە بوون **و چارەسەریان لە ماڵەوە وەرگرتووە** ڕێژەکەی 94.4% ە، لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمیش، لەنێوان پارێزگاکانی دهۆك و سلێمانی جیاوازییەکی ئەوتۆ بەدی ناکرێت (بە ڕێژەی 96.3% و 96.2% یەك لەدوای یەك) و نزمترین ڕێژە لە پارێزگای هەولێرە بەڕێژەی 91.0%. بە پێی ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان 2021، ئەوانەی لە **نەخۆشخانەی حکومی چارەسەریان وەرگرتووە** لە هەرێمی کوردستان ڕێژەکەی 3.9% ە و لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم، بەرزترین ڕێژە لە پارێزگای هەولێرە (6.6%) و پارێزگاکانی سلێمانی و دهۆك نزیکن لەیەکەوە و ڕێژەکەیان 2.3% و 2.2%ە یەك لەدوای یەك. ئەوانەی لە **نەخۆشخانەی**

**تایبەت چارەسەریان وەرگرتووە** لەهەرێمی کوردستان، ڕێژەکەی 1.8%ە و لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم پارێزگای هەولێر بەرزترین ڕێژەی هەیە (2.4%) و پارێزگاکانی دهۆك و سلێمانی ڕێژەی یەکسانیان تۆمارکردووە کە دەکاتە 1.4%. نیشاندەرەکان وا دەردەخەن کە زۆربەی ئەوانەی لە هەرێمی کوردستان توشی پەتای کۆرۆنا بوونە، لەماڵەوە چارەسەری پێویستیان وەرگرتووە هەروەك لە شێوەی خوارەوە ئاماژەی پێدراوە.

شێوەی 30 :ڕێژەی ئەندامانی خێزان تەمەن 10 ساڵان و زیاتر بە گوێرەی شوێنی چارەسەرکردنیان لە ماوەی توشبونیان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لەسەر ئاستی پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان - ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان 2021 (IWISH-II)




## ڕاپرسی دەربارەی ڕێکارەکانی حکومەتی هەرێم بۆ بەرەنگاربوونەوە لە دژی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا

دوای بڵاوبوونەوی ڤایرۆسی کۆرۆنا و دەرکەوتنی چەند حاڵەتێکی تووشبوون لە هەرێمی کوردستان و گرتنەبەری ڕێکارەکان لە دژی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە لایەن حکومەتی هەرێم، بە مەبەستی وەرگرتنی ڕای گشتی لەو بارودۆخەی هاتبووە ئاراوە و بۆئەوەی ئەنجامەکانی ئەم ڕاپرسییە ببێتە ڕێنیشاندەرێك و بەرچاو ڕونیەك بۆ حکومەت و گرتنە بەر و دانانی پلانی پێویست بۆ ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی زیاتری ڤایرۆسەکە، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان لەژێر چاودێری وەزارەتی پلاندانان لە ڕێککەوتی 24/ 3/ 2020 هەڵسا بە ئەنجامدانی ڕاپرسیەك بە شێوەی ئۆنلاین بۆ ماوەی 48 کاتژمێر وتیایدا 49،037 کەس بەشداربوون بەشێوەیەك 48،082 لە هەرێمی کوردستان و 995 کەس لە دەرەوەی هەرێم بەشداربوون.

### بەهەند وەرگرتنی نەخۆشی (ڤایرۆسی کۆرۆنا):


یەکێك لە نیشاندەرەکانی ڕاپرسیەکە تێروانینی هاووڵاتیانە لەسەر **بەهەندوەرگرتنی پەتای کۆرۆنا.** بە پێی ئەنجامەکان دەرکەوتووە، **زۆر بەهەند وەرگرتنی** ئەم ڤایرۆسە لەلایەن هاووڵاتیان تاڕاددەیەك لە ئاستێکی بەرزدایە بەشێوەیەك، لە پارێزگای دهۆك بەڕێژەی 65% و هەولێر 58.3% و پارێزگای سلێمانی 56.3% و هەڵەبجە 50% و هەردوو ئیدارەی گەرمیان و ڕاپەڕین بەڕێژەی 50.4 % و 45.6% یەك لە دوای یەك هاتوونە وەك لە شێوەی 31 دا هاتووە.

شێوەی 31 : ڕێژەی بەهەند وەرگرتنی نەخۆشی (ڤایرۆسی کۆرۆنا) لەلایەن هاووڵاتیان لەسەر ئاستی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان لە هەرێمی کوردستان - ڕاپرسی ئۆنلاین ساڵی 2020





**پابەندبوونی هاووڵاتیان بە ڕێنماییەکانی (حکومەتی هەرێمی کوردستان) لە خۆپارێزی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا:** پابەند بوونی هاووڵاتیان بە ڕێنماییەکانی خۆپارێزی کە لە لایەن حکومەتەوە دەردەکرا، بۆ هاووڵاتیان هۆکارێك بوو بۆ پاراستنی ژیانیان و ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی زیاتری ڤایرۆسەکە، بۆ ئەم مەبەستەش حکومەتی هەرێم لە ڕێگای وەزارەتی تەندروستیەوە چەندین ڕێنمایی و ڕێکاری بۆ پاراستنی تەندروستی و گیانی هاووڵاتیان دەرکرد و هاوڵاتیان تاڕاددەیەکی باش پابەندی ڕێنماییەکان بوون. لەسەر ئاستی پارێزگاکان، بەرزترین ڕێژەی هاووڵاتیان کە زۆر پابەندی ڕێنماییەکان بوون لە پارێزگای دهۆکە بە ڕێژەی71.5% دواتر هەریەك لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی دێن هەریەکەیان بەڕێژەی 63.3% و 51.9% یەك لەدوای یەك و لەسەر ئاستی ئیدارە سەربەخۆکانیش جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوانیان بەدی نەکراوە هەروەك لە شێوەی 32 پیشاندراوە.

شێوەی 32 : ڕێژەی پابەندبوونی هاوڵاتیان  بە ڕێنماییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە خۆپارێزی لە ڤایرۆسی کۆڕۆنا لەسەر ئاستی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان لە هەرێمی کوردستان  - ڕاپرسی ئۆنلاین ساڵی 2020





**کاریگەری ڕێکارەکانی حکومەتی هەرێم دژ بە ڤایرۆسی کۆرۆنا:** ڕێکارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر هاووڵاتیان کاریگەریەکی بەرچاوی هەبووە لە ڕێگریکردن لە زیاتر بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە بە شێوەیەك بە گوێرەی ڕاوبۆچوونی هاوڵاتیان لەسەر کاریگەری ڕێکارەکان بە پلەی **زۆرباشە** لە پارێزگای دهۆك بە ڕێژەی 63.3% یە و باشە بەرێژەی 28.1% وە لە پارێزگای هەولێر زۆرباشە بەرێژەی 60.7% و باشە بەرێژەی 27.6% وە پارێزگای سلێمانی ڕێژەی زۆرباشە 51.2% وە باشە 33.6% هاتووە وە لە ئیدارەی گەرمیان ڕێژەی زۆرباشە  42.5% وە باشە 35.2% بە هەمان شێوە ئیدارەی ڕاپەڕین زۆرباشە  41.4% وە باشە بەرێژەی 37.3% هاتووە وەك لە شێوەی 33 دیارە.

شێوەی 33 : ڕێژەی کاریگەری ڕێکارەکانی حکومەتی هەرێم دژ بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لەسەر ئاستی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان لە هەرێمی کوردستان - ڕاپرسی ئۆنلاین ساڵی 2020





**ئاستی بەرپرسیارێتی حکومەتی هەرێم لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا:** ئاستی بەرپرسیارێتی حکومەتی هەرێم لە ڕووبەڕووبونەوەی پەتای کورۆنا لەسەر ئاستی پارێزگاکان بەپێی ڕاوبۆچوونی هاووڵاتیان لە پارێزگای دهۆك و هەولێر بە ڕێژەیەکی یەکسانە بریتیە لە 63.6% بە پلەی **زۆرباشە** هەڵسەنگێندراون، بە پلەی **باشە** لە هەردوو پارێزگای دهۆك و هەولێر بە ڕێژەی (26.4% و 26.0%) دوا بەدوای یەك هاتوون، لە پارێزگای سلێمانی پلەی زۆرباشە بریتیە لە 47.5% وە باشە بریتیە لە 33.8% وە لە پارێزگای هەڵەبجە زۆرباشە 40.6% و باشە 35.4% وە لە هەردوو ئیدارەی گەرمیان و ڕاپەڕین زۆرباشە بە ڕێژەی (38.6% و 40.2%) وە پلەی باشە (3709% و 36.9%) دوابەدوای یەك هاتوون، وە هەڵسەنگاندنی هاووڵاتیان بۆ ئاستی بەرپرسیارێتی حکومەتی هەرێم بە پلەی زۆر کەمە لە پارێزگای دهۆك 1.5% و لە هەولێر 1.9% و لە پارێزگای سلێمانی 3.0% وە لە هەڵەبجە 4.6% وە لە ئیدارەی گەرمیان 5.1% و ئیدارەی ڕاپەڕین بە ڕێژەی 3.8% هاتوون، وەك لە شێوەی 34 دا دیارە.

شێوەی 34 : ڕێژەی ئاستی بەرپرسیارێتی حکومەتی هەرێم لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لەسەر ئاستی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان لە هەرێمی کوردستان - ڕاپرسی ئۆنلاین ساڵی 2020





**هەبوونی بڕوا لە لای هاولاتیان کە تووشی ئەم ڤایرۆسە بین لە داهاتوودا:** بیرورای هاووڵاتیان لە بارەی توشبوونیان بە پەتای کۆرۆنا لە داهاتوودا تاڕاددەیەك نادیارە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی پەتای کۆرۆنا پەتایەکی نوێیە و هاووڵاتیان ئەزمونی پێشوتریان نیە لەگەڵیدا بۆیە ڕێژەی ئەوانەی بە **نازانم** وەڵامیان داوەتەوە ڕێژەیەکی بەرزی تومارکردووە بە شێوەیەك لە پارێزگای هەولێر 68.9% یە و لە سلێمانی 67.5% و لە پارێزگای دهۆك 61.1% لە هەڵەبجە 63.9% و ئیدارەی گەرمیان 64.9% و ئیدارەی ڕاپەڕین 68.9% یە،وە ڕێژەی ئەوانەی بڕوایان وایە کە تووشی پەتاکە نابن لە داهاتوودا **(نەخێر)** لە پارێزگای دهۆك بریتیە لە 34.1% و لە سلێمانی 25.6% و هەولێر 26.0% و هەڵەبجە 32.8% و هەردوو ئیدارەی گەرمیان و ڕاپەڕین بە ڕێژەی (28.2% و 25.8%) دوابەدوای یەك هاتوون هەروەك لەشێوەی 35دا دیارە.

شێوەی 35 : ڕێژەی هەبوونی بڕوا لە لای هاولاتیان کە تووشی ئەم ڤایرۆسە بین لە داهاتوودا لەسەر ئاستی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان لە هەرێمی کوردستان - ڕاپرسی ئۆنلاین ساڵی 2020




**سەرچاوەی سەرەکی وەرگرتنی زانیاری سەبارەت بە ڤایرۆسی کۆرۆنا:** وەرگرتنی زانیاری پێویست بۆ خۆپارێزی ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە پاراستنی تەندروستی هاولاتیان و ڕێنیشاندەربووە بۆ گرتنە بەری ڕێوشوێنی پێویست لە کاتی دەرکەوتنی نیشانەکانی پەتاکە و توشبوونیان بە ڤایرۆسەکە. لەم بارەیەوە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و کەناڵەکانی تەلەفزیۆن بە ئاستێکی باش پێشەنگ بوون لە پێدانی زانیاری و هۆشیارکردنەوی هاولاتیان دەربارەی ڤایرۆسەکە و بەهەمان شێوە ماڵپەڕە فەرمیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی تەندروستی و ڕێکخراوی (WHO) لە پاش ئەوانەوە دێن لە گرنگی ڕۆڵیاندا، بەشێوەیەك کە لە پارێزگای هەولێر تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بە ڕێژەی 52% وە تەلەفزیۆن بە ڕێژەی 50.1% هاتووە وە لە پارێزگای سلێمانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بە ڕێژەی 49.6% وە تەلەفزیۆن بە ڕێژەی 54.2% هاتووە وە لە پارێزگای دهۆك تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بە ڕێژەی 50.3% وە تەلەفزیۆن بە ڕێژەی 44.5% هاتووە ، لە پارێزگای هەڵەبجە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بە ڕێژەی 55.1% وە تەلەفزیۆن بە ڕێژەی 51.8% هاتووە ، وە لە هەردوو ئیدارەی گەرمیان و ڕاپەڕین تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بە ڕێژەی (56.6% و 54.1%) و تەلەفزیۆن بەڕێژەی (45.9% و 47.4%) یەك لە دوای یەك هاتووە وەك لە شێوەی 36 دا دیارە.


شێوەی 36: سەرچاوەی سەرەکی وەرگرتنی زانیاری سەبارەت بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لەسەر ئاستی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان لە هەرێمی کوردستان - راپرسی ئۆنلاین ساڵی 2020




*** رێژەکان زیاترن لە 100% لەبەرئەوەی رێگەدرابوو بە زیاتر لە وەلامێك بۆ وەلامدانەوە.**

**گرنگترین کێشە کە تووشی هاولاتیانی بەشداربوو بووە لەکاتی بڵاوبوونەوی ڤایرۆسی کۆرۆنا:** پاش بڵاو بوونەوەی پەتای کۆرۆنا و گرتنە بەری رێوشوێنی خۆپارێزی بۆ دوورکەوتنەوە لە تووشبوون بە ڤایرۆسەکە، هاوڵاتیان ڕوبەڕووی چەندین کێشە و گرفت بوونەوە لە ڕووی پەروەردە و کۆمەڵایەتی و تەندروستی وکێشەی ئابووری و بێکاریەوە، دیارترینیان کێشەی ئابووری وە پاشان بێکاری بووە بە شێوەیەك کێشەی ئابووری لە پارێزگای هەڵەبجە بەرزترین رێژەی تۆمارکردووە کە بریتیە لە 82.6 % ، وە لە دوای ئەو پارێزگای دهۆك دێت بەرێژەی 76.8% و پارێزگای سلێمانی و هەردوو ئیدارەی گەرمیان و ڕاپەڕین بە ڕێژەیەکی تاڕادەیەك نزیك لەیەك دێن بریتیە لە( 75.7% ،75.2% ،73.4%) یەك لەدوای یەك و پارێزگای هەولێر بە رێژەی 72.3% هاتووە وەك لەشێوەی37دا دیارە.

شێوەی 37 :گرنگترین كێشە كە تووشی هاولاتیانی بەشداربوو بووە لەكاتی بڵاوبوونەوی ڤایرۆسی كۆرۆنا لەسەر ئاستی پارێزگاكان و ئیدارە سەربەخۆكان لە هەرێمی كوردستان - ڕاپرسی ئۆنلاین ساڵی 2020




*** ڕێژەكان زیاترن لە 100% لەبەرئەوەی ڕێگەدرابوو بە زیاتر لە وەڵامێك بۆ وەڵامدانەوە.**

## كۆمەڵایەتی

بەشی كۆمەڵایەتی بەشێكی سەرەكی و فرە بابەتە كە چەندین نیشاندەری گرنگ لە خۆ دەگرێت. نیشاندەرەكانی ئەم بەشە لە هەردوو ڕووپێوی هەرزەكاران و لاوان و ڕووپێوی بارودۆخی كۆمەڵایەتی و تەندروستی ئافرەتان2021(IWISH-II) سەرچاوە دەگرێت. ئەو نیشاندەرانەش وەك باری هاوسەرگیری هەرزەكاران و لاوان، ڕاوبۆچونیان لەسەر چەند بابەت و دیاردەیەكی ناو كۆمەڵگە، هاوڕا بوون یان هاوڕانەبوونیان لەسەر بوونی چەند چەمكێكی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە ناو كۆمەڵگە، باری هاوسەرگیری ئافرەتانی تەمەن 15 ساڵان و زیاتر، هاوسەرگیری ئافرەتان پێش تەمەنی 15 ساڵی و 18 ساڵی، هۆكارەكانی هاوسەرگیری كردن، ڕێژە و هۆكارەكانی تەڵاقدان و تەمەنی ئافرەتان لەكاتی تەڵاقداندا و چەند بابەتێكی تر لەخۆ دەگرێت كە لە خشتەی خوارەوە ڕونكراوەنەتەوە.

خشتەی 3 نیشاندەری گرنگی بواری كۆمەڵایەتی لەسەر ئاستی پارێزگاكان و هەرێمی كوردستان(%)

| نیشاندەر | دهۆك | سلێمانی | هەولێر | هەرێمی كوردستان | سەرچاوە |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕێژەی هەرزەكاران و لاوان تەمەن (10 - 30) ساڵی كە سەڵتن | 84.5 | 85.2 | 78.4 | 82.6 | ڕووپێوی نیشتمانی هەرزەكارانو لاوان 2019 |
| ڕێژەی هەرزەكاران و لاوان تەمەن (10 - 30) ساڵی كە هاوسەردارن | 15.3 | 14.0 | 20.6 | 16.7 | ڕووپێوی نیشتمانی هەرزەكارانو لاوان 2019 |
| ڕێژەی هەرزەكاران و لاوان تەمەن (10 - 30) ساڵی كە تەڵاقدراون | 0.1 | 0.3 | 0.9 | 0.4 | ڕووپێوی نیشتمانی هەرزەكارانو لاوان 2019 |
| ڕێژەی هەرزەكاران و لاوان تەمەن (10 - 30) ساڵی كە بێوەژن / بێوەپیاو | 0.1 | 0.0 | 0.0 | 0.0 | ڕووپێوی نیشتمانی هەرزەكارانو لاوان 2019 |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕێژەی هەرزەکاران و لاوان تەمەن (10 - 30) ساڵی کە (جیابووەوە)ن | 0.0 | 0.4 | 0.1 | 0.2 | ڕووپێوی نیشتمانی هەرزەکارانو لاوان 2019 |
| ڕێژەی گەنجان ولاوان تەمەن (15-30) ساڵی کەهاوڕان لەبارەی ئەوەی کە خوێندنی کوڕان گرنگترە لە خوێندنی کچان | 16.9 | 13.3 | 15.7 | 15.1 | ڕووپێوی نیشتمانی هەرزەکارانو لاوان 2019 |
| ڕێژەی گەنجان ولاوان تەمەن (15-30) ساڵی کە هاوڕانین لەبارەی ئەوەی کە خوێندنی کوڕان گرنگترە لە خوێندنی کچان | 80.2 | 83.4 | 80.5 | 81.5 | ڕووپێوی نیشتمانی هەرزەکارانو لاوان 2019 |
| ڕێژەی گەنجان ولاوان تەمەن (15-30) ساڵی کە بێلایەن ونازانن لەبارەی ئەوەی کە خوێندنی کوڕان گرنگترە لە خوێندنی کچان | 3.0 | 3.3 | 3.8 | 3.4 | ڕووپێوی نیشتمانی هەرزەکارانو لاوان 2019 |
| ڕێژەی گەنجان ولاوان تەمەن (15-30) ساڵی کە هاوڕان لەبارەی ئەوەی کە پیاومافی ئەوەی هەیە لە خێزانەکەی بدات ئەگەر بەگوێی نەکرد | 19.6 | 9.3 | 13.0 | 13.3 | ڕووپێوی نیشتمانی هەرزەکارانو لاوان 2019 |

بەردەوامی خشتەی 3

| نیشاندەر | دهۆک | سلێمانی | هەولێر | هەرێمی کوردستان | سەرچاوە |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕێژەی گەنجان ولاوان تەمەن (15-30) ساڵی کە هاوڕانین لەبارەی ئەوەی کە پیاو مافی ئەوەی هەیە لە خێزانەکەی بدات ئەگەر بەگوێی نەکرد | 75.8 | 88.0 | 83.4 | 83.2 | ڕووپێوی نیشتمانی هەرزەکارانو لاوان 2019 |
| ڕێژەی گەنجان ولاوان تەمەن (15-30) ساڵی کە بێلایەن و نازانن لەبارەی ئەوەی کە پیاو مافی ئەوەی هەیە لە خێزانەکەی بدات ئەگەر بەگوێی نەکرد | 4.6 | 2.7 | 3.6 | 3.5 | ڕووپێوی نیشتمانی هەرزەکارانو لاوان 2019 |
| ڕێژەی گەنجان ولاوان تەمەن (15-30) ساڵی کە هاوڕان لەبارەی پەسەندکردنی تاوانەکانی کوشتن لە ژێر ناوهێنانی تاوانی شەرەف | 31.2 | 6.4 | 10.1 | 14.1 | ڕووپێوی نیشتمانی هەرزەکارانو لاوان 2019 |
| ڕێژەی گەنجان ولاوان تەمەن (15-30) ساڵی کە هاوڕانین لەبارەی پەسەندکردنی تاوانەکانی کوشتن لە ژێر ناوهێنانی تاوانی شەرەف | 60.1 | 89.7 | 84.8 | 80.3 | ڕووپێوی نیشتمانی هەرزەکارانو لاوان 2019 |
| ڕێژەی گەنجان ولاوان تەمەن (15-30) ساڵی کە بێلایەن و نازانن لەبارەی پەسەندکردنی تاوانەکانی کوشتن لە ژێر ناوهێنانی تاوانی شەرەف | 8.7 | 3.8 | 5.2 | 5.6 | ڕووپێوی نیشتمانی هەرزەکارانو لاوان 2019 |
| ڕێژەی گەنجان ولاوان تەمەن (15-30) ساڵی کە هاوڕان لەبارەی ئەوەی کە ئافرەت هاوبەشی سەرەکی پیاوە لە بڕیاردانی هەموو بڕیارەکانی خێزان | 91.2 | 86.4 | 92.1 | 89.7 | ڕووپێوی نیشتمانی هەرزەکارانو لاوان 2019 |
| ڕێژەی گەنجان ولاوان تەمەن (15-30) ساڵی کە هاوڕانین لەبارەی ئەوەی کە ئافرەت هاوبەشی سەرەکی پیاوە لە بڕیاردانی هەموو بڕیارەکانی خێزان | 6.3 | 11.7 | 6.6 | 8.4 | ڕووپێوی نیشتمانی هەرزەکارانو لاوان 2019 |
| ڕێژەی گەنجان ولاوان تەمەن (15-30) ساڵی کە بێلایەن و نازانن لەبارەی ئەوەی کە ئافرەت هاوبەشی سەرەکی پیاوە لە بڕیاردانی هەموو بڕیارەکانی خێزان | 2.5 | 2.0 | 1.3 | 1.9 | ڕووپێوی نیشتمانی هەرزەکارانو لاوان 2019 |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕێژەی گەنجان ولاوان تەمەن (15-30) ساڵی کە هاوڕانین لەبارەی ئەوەی کە دەبێ کچەکان هاوسەرگیری لەگەڵ خزمەکانیان بکەن ئەگەر بەخێوکەرەکەی ویستی لەسەر بێ | 75.6 | 88.4 | 89.6 | 85.6 | ڕووپێوی نیشتمانی هەرزەکارانو لاوان 2019 |
| ڕێژەی گەنجان ولاوان تەمەن (15-30) ساڵی کە بێلایەن و نازانن لەبارەی ئەوەی کە دەبێ کچەکان هاوسەرگیری لەگەڵ خزمەکانیان بکەن ئەگەر بەخێوکەرەکەی ویستی لەسەر بێ | 4.6 | 1.1 | 2.1 | 2.4 | ڕووپێوی نیشتمانی هەرزەکارانو لاوان 2019 |
| ڕێژەی گەنجان ولاوان تەمەن (15-30) ساڵی کە هاوڕان لەبارەی ئەوەی کە پێویستە چالاکییە سیاسییەکان تەنها بۆ پیاوان بمێنێتەوە | 22.7 | 18.4 | 20.5 | 20.3 | ڕووپێوی نیشتمانی هەرزەکارانو لاوان 2019 |
| ڕێژەی گەنجان ولاوان تەمەن (15-30) ساڵی کە هاوڕانین لەبارەی ئەوەی کە پێویستە چالاکییە سیاسییەکان تەنها بۆ پیاوان بمێنێتەوە | 70.8 | 76.3 | 74.5 | 74.2 | ڕووپێوی نیشتمانی هەرزەکارانو لاوان 2019 |

بەردەوامی خشتەی 3

| نیشاندەر | دهۆك | سلێمانی | هەولێر | هەرێمی کوردستان | سەرچاوە |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕێژەی گەنجان ولاوان تەمەن (15-30) ساڵی کە بێلایەن و نازانن لەبارەی ئەوەی کە پێویستە چالاکییە سیاسییەکان تەنها بۆ پیاوان بمێنێتەوە | 6.5 | 5.2 | 5.0 | 5.5 | ڕووپێوی نیشتمانی هەرزەکارانو لاوان 2019 |
| ڕێژەی گەنجان ولاوان تەمەن (15-30) ساڵی کە هاوڕان لەبارەی ئەوەی کە مافی ئافرەتە داوای جیابوونەوە (الطلاق) بکات یان جیابێتەوە ئەگەر لەگەڵ هاوسەرەکەی نەگونجا | 68.3 | 91.9 | 95.7 | 87.3 | ڕووپێوی نیشتمانی هەرزەکارانو لاوان 2019 |
| ڕێژەی گەنجان ولاوان تەمەن (15-30) ساڵی کە هاوڕانین لەبارەی ئەوەی کە مافی ئافرەتە داوای جیابوونەوە (الطلاق) بکات یان جیابێتەوە ئەگەر لەگەڵ هاوسەرەکەی نەگونجا | 25.3 | 4.9 | 3.6 | 9.6 | ڕووپێوی نیشتمانی هەرزەکارانو لاوان 2019 |
| ڕێژەی گەنجان ولاوان تەمەن (15-30) ساڵی کە بێلایەن و نازانن لەبارەی ئەوەی کە مافی ئافرەتە داوای جیابوونەوە (الطلاق) بکات یان جیابێتەوە ئەگەر لەگەڵ هاوسەرەکەی نەگونجا | 6.3 | 3.2 | 0.8 | 3.1 | ڕووپێوی نیشتمانی هەرزەکارانو لاوان 2019 |
| ڕێژەی گەنجان ولاوان تەمەن (15-30) ساڵی کە هاوڕان ئافرەتان کە باڵا پۆش نین هۆکارن بۆ توشبوونیان بە کێچەڵی سێکسی وبێزارکردنیان | 47.4 | 56.3 | 48.8 | 51.3 | ڕووپێوی نیشتمانی هەرزەکارانو لاوان 2019 |
| ڕێژەی گەنجان ولاوان تەمەن (15-30) ساڵی کە هاوڕانین ئافرەتان کە باڵا پۆش نین هۆکارن بۆ توشبوونیان بە کێچەڵی سێکسی وبێزارکردنیان | 45.5 | 37.8 | 45.6 | 42.7 | ڕووپێوی نیشتمانی هەرزەکارانو لاوان 2019 |
| ڕێژەی گەنجان ولاوان تەمەن (15-30) ساڵی کە بێلایەن ونازانن لەوەی ئافرەتان کە باڵا پۆش نین هۆکارن بۆ توشبوونیان بە کێچەڵی سێکسی وبێزارکردنیان | 7.1 | 5.9 | 5.6 | 6.1 | ڕووپێوی نیشتمانی هەرزەکارانو لاوان 2019 |
| ڕێژەی گەنجان ولاوان تەمەن (18-30) ساڵی کە ئارەزووی کۆچ کردن دەکەن بۆ دەرەوەی وولات | 29.8 | 34.9 | 26.4 | 30.4 | ڕووپێوی نیشتمانی هەرزەکارانو لاوان 2019 |
| ڕێژەی ئافرەتانی تەمەن 15 ساڵان و زیاتر کە (سەڵت)ن | 31.4 | 23.9 | 30.6 | 27.9 | ڕووپێوی نیشتمانی هەرزەکارانو لاوان 2019 |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕێژەی ئافرەتانی تەمەن 15 ساڵان و زیاتر کە (هاوسەردار)ن | 60.3 | 63.8 | 61.2 | 62.1 | ڕووپێوی نیشتمانی هەرزەکارانو لاوان 2019 |
| ڕێژەی ئافرەتانی تەمەن 15 ساڵان و زیاتر کە (تەڵاقدراو)ن | 0.8 | 2.9 | 0.7 | 1.7 | ڕووپێوی نیشتمانی هەرزەکارانو لاوان 2019 |
| ڕێژەی ئافرەتانی تەمەن 15 ساڵان و زیاتر کە (بێوەژن)ن | 7.1 | 9.4 | 6.2 | 7.7 | ڕووپێوی نیشتمانی هەرزەکارانو لاوان 2019 |
| ڕێژەی ئافرەتانی تەمەن 15 ساڵان و زیاتر کە (جیابووەوە)ن | 0.5 | 0.0 | 1.4 | 0.6 | ڕووپێوی نیشتمانی هەرزەکارانو لاوان 2019 |

بەردەوامی خشتەی 3

| نیشاندەر | دهۆك | سلێمانی | هەولێر | هەرێمی کوردستان | سەرچاوە |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕێژەی ئافرەتان کە پێش تەمەنی 18 ساڵی هاوسەرگیریان کردووە | 22.1 | 23.0 | 22.2 | 22.6 | ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان IWISH-II 2021 |
| ڕێژەیی ئافرەتانی هاوسەردار یان ئەوانەی کە پێشتر هاوسەرگیریان کردووە پێش تەمەنی 18 ساڵی (باری ئابووری) هۆکاری هاوسەرگیریی کردنیان بووە | 3.0 | 2.5 | 0.0 | 1.7 | ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان IWISH-II 2021 |
| ڕێژەیی ئافرەتانی هاوسەردار یان ئەوانەی کە پێشتر هاوسەرگیریان کردووە پێش تەمەنی 18 ساڵی (داب و نەریتی کۆمەڵگە) هۆکاری هاوسەرگیریی کردنیان بووە | 55.1 | 44.4 | 25.3 | 40.0 | ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان IWISH-II 2021 |
| ڕێژەیی ئافرەتانی هاوسەردار یان ئەوانەی کە پێشتر هاوسەرگیریان کردووە پێش تەمەنی 18 ساڵی (پێداگری خێزان بۆ هاوسەرگیریی) هۆکاری هاوسەرگیریی کردنیان بووە | 16.3 | 34.1 | 47.2 | 35.0 | ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان IWISH-II 2021 |
| ڕێژەیی ئافرەتانی هاوسەردار یان ئەوانەی کە پێشتر هاوسەرگیریان کردووە پێش تەمەنی 18 ساڵی (ئارەزووی کچەکە) هۆکاری هاوسەرگیریی کردنیان بووە | 31.2 | 34.1 | 35.7 | 34.1 | ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان IWISH-II 2021 |
| ڕێژەیی ئافرەتانی هاوسەردار یان ئەوانەی کە پێشتر هاوسەرگیریان کردووە پێش تەمەنی 18 ساڵی (بارودۆخی ئەمنی) هۆکاری هاوسەرگیریی کردنیان بوو | 0.9 | 0.0 | 0.0 | 0.2 | ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان IWISH-II 2021 |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕێژەیی ئافرەتانی هاوسەردار یان ئەوانەی کە پێشتر هاوسەرگیریان کردووە پێش تەمەنی 18 ساڵی (هۆکاری تر (هی تر)) هەبووە بۆ هاوسەرگیریی کردنیان | 3.0 | 2.0 | 0.0 | 1.5 | ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان IWISH-II 2021 |

بەردەوامی خشتەی 3


| نیشاندەر | دهۆك | سلێمانی | هەولێر | هەرێمی کوردستان | سەرچاوە |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕێژەیی ئافرەتانی تەڵاقدراو تەمەن 15 ساڵان وزیاتر کە (باری ئابووری) هۆکاری تەڵاقدانی بووە | - | - | - | 8.0 | ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان IWISH-II 2021 |
| ڕێژەیی ئافرەتانی تەڵاقدراو تەمەن 15 ساڵان وزیاتر کە (فرەژنی) هۆکاری تەڵاقدانی بووە | - | - | - | 12.9 | ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان IWISH-II 2021 |
| ڕێژەیی ئافرەتانی تەڵاقدراو تەمەن 15 ساڵان وزیاتر کە (نەبوونی متمانە) هۆکاری تەڵاقدانی بووە | - | - | - | 21.1 | ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان IWISH-II 2021 |
| ڕێژەیی ئافرەتانی تەڵاقدراو تەمەن 15 ساڵان وزیاتر کە ( منداڵ نەبوون) هۆکاری تەڵاقدانی بووە | - | - | - | 0.0 | ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان IWISH-II 2021 |
| ڕێژەیی ئافرەتانی تەڵاقدراو تەمەن 15 ساڵان وزیاتر کە ( نەگونجانی کۆمەڵایەتی) هۆکاری تەڵاقدانی بووە | - | - | - | 33.8 | ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان IWISH-II 2021 |
| ڕێژەیی ئافرەتانی تەڵاقدراو تەمەن 15 ساڵان وزیاتر کە ( ئالودە بوون و خواردنەوەی کحول) هۆکاری تەڵاقدانی بووە | - | - | - | 18.6 | ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان IWISH-II 2021 |
| ڕێژەیی ئافرەتانی تەڵاقدراو تەمەن 15 ساڵان وزیاتر کە ( لێدانی پیاو لە هاوسەرەکەی) هۆکاری تەڵاقدانی بووە | - | - | - | 16.0 | ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان IWISH-II 2021 |
| ڕێژەیی ئافرەتانی تەڵاقدراو تەمەن 15 ساڵان وزیاتر کە (تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان) هۆکاری تەڵاقدانی بووە | - | - | - | 0.0 | ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان IWISH-II 2021 |
| ڕێژەیی ئافرەتانی تەڵاقدراو تەمەن 15 ساڵان وزیاتر کە (دەستتێوەردانی خێزان) هۆکاری تەڵاقدانی بووە | - | - | - | 36.0 | ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان IWISH-II 2021 |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕێژەیی ئافرەتانی تەڵاقدراو تەمەن 15 ساڵان وزیاتر کە (تیرۆرستانی داعش) هۆکاری تەڵاقدانی بووە | - | - | - | 0.0 | ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان IWISH-II 2021 |
| ڕێژەیی ئافرەتانی تەڵاقدراو تەمەن 15 ساڵان وزیاتر کە (پێداگری هاوسەرەکەی) هۆکاری تەڵاقدانی بووە | - | - | - | 1.1 | ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان IWISH-II 2021 |
| ڕێژەیی ئافرەتانی تەڵاقدراو تەمەن 15 ساڵان وزیاتر کە ( هۆکاری تر) هۆکاری تەڵاقدانی بووە | - | - | - | 8.0 | ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان IWISH-II 2021 |

## باری هاوسەرگیری هەرزەکاران و لاوان تەمەن (10 - 30) ساڵی


**ڕێژەی سەدی هەرزەکاران و لاوان تەمەن (10 - 30) ساڵی بە پێی باری هاوسەرگیریان** : بەگوێرەی ئەنجامەکانی ڕووپێوی هەرزەکاران و لاوان 2019، دەرکەوتووە کە ڕێژەی هاوسەرگیری لە نێوان هەرزەکاران و لاوان لەم گروپەی تەمەنەدا ڕێژەیەکی نزمی تۆمارکردوو. لە هەرێمی کوردستان ڕێژەی هەرزەکاران و لاوان کە سەڵتن 82.6%ە لە بەرامبەر دا 16.7% هاوسەردارن و 0.4% تەڵاقدراون. بەهەمان شێوە لە سەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم، لە پارێزگای سلێمانی 85.2% سەڵت، 14.0% هاوسەردارن و 0.3% تەڵاقدراون، دواتر لە پارێزگای دهۆك 84.5% سەڵتن، 15.3% هاوسەردان و 0.1% تەڵاقدراون، لە پارێزگای هەولێر 78.4% سەڵتن، 20.6% هاوسەردارن و 0.9% تەڵاقدراون هەروەك لە شێوەی خوارەوە پیشاندراوە.

شێوەی 38 : ڕێژەی هەرزەکاران و لاوان تەمەن (10 – 30) ساڵی بە پێی باری هاوسەرگیریان لەسەر ئاستی پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان - ڕووپێوی نیشتمانی هەرزەکاران ولاوان 2019





**ڕێژەی گەنجانی تەمەن (15-30) ساڵی بە پێی ڕاوبۆچونیان لەبارەی ئەوەی کە خوێندنی کوڕان گرنگترە لە خوێندنی کچان:**
لە وەرگرتنی ڕاو بۆچوونی گەنجان و لاوان لەبارەی بە گرنگتر بینینی خوێندنی کوڕان بەراورد بە خوێندنی کچان، دەردەکەوێت کە لە هەرێمی کوردستان، ئەوانەی لەگەڵ ئەم بابەتە هاوڕان ڕێژەکەی15.1%ە و ئەوانەی کە هاوڕا نین 81.5% و ئەوانەی بێلایەنن 3.4%ە. لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم، بەرزترین ڕێژەی هاوڕابوون لە پایزگای دهۆکە بە ڕێژەی 16.9% و ئەوانەی هاوڕانین 80.2%ە و بێلایەن 3.0%ە، دواتر لە پارێزگای هەولێر 15.7% هاوڕان، 80.5% هاوڕانین و 3.8% بێلایەنن، لە پارێزگای سلێمانی 13.3% هاوڕان، 83.4% هاوڕانین و 3.3% بێلایەنن هەروەك لە شێوەی 39 پیشاندراوە، بەگوێرەی ئەنجامەکانی ڕووپێوی هەرزەکاران و لاوان 2019.

شێوەی 39 :ڕێژەی گەنجانی تەمەن (15-30) ساڵی بە پێی ڕاوبۆچونیان لەبارەی ئەوەی کە خوێندنی کوران گرنگترە لە خوێندنی کچان لەسەر ئاستی پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان - ڕووپێوی نیشتمانی هەرزەکاران ولاوان 2019





**ڕێژەی گەنجان و لاوان تەمەن (15-30) ساڵی بە پێی ڕاوبۆچونیان لەبارەی ئەوەی کە پیاو مافی ئەوەی هەیە لە خێزانەکەی بدات ئەگەر بەگوێی نەکرد:** بە پێی پێناسەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، توندوتیژی دژ بە ئافرەتان بریتییە لە هەر جۆرە توندوتیژیەك کە ببێتە هۆی زیان و ئازاری جەستەیی و دەروونی بە مەبەستی زیانگەیاندن یان بەرتەسك کردنەوەی ئازادی ژنان چ لە ناو خێزان بێت چ لە ناو کۆمەڵگادا بێت، بە نهێنی یان ئاشکرا یان بە هەڕەشە و زۆرەملێ ئەنجام بدرێت. بە دڵنیاییەوە لێدانی پیاو لە هاوسەرەکەی لە بەر هەر هۆکار و ڕەفتارێك بێت (یەکێك لەوانە بابەتی بەگوێ نەکردنی هاوسەرەکەیەتی) بە توندو تیژی بەرامبەری هەژمار دەکرێت. لە هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی گشتی، هاوڕابوونی لاوان لەسەر ئەم بابەتە دە گاتە 13.3%, و ڕێژەی ئەوانەی کە هاوڕا نین بریتیە لە 83.2% و بێلایەن بریتییە لە 3.5%، لەسەر ئاستی پارێزگاکان، بەرزترین ڕێژەی هاوڕابوون لە پارێزگای دهۆکە بە ڕێژەی 19.6% و کەمترین ڕێژە لە پارێزگای سلێمانییە بەرێژەی 9.3% و بۆ ئەو لاوانەی کە هاوڕا نەبوونە لەسەر ئەم بابەتە، پارێزگای سلێمانی بەرزترین ڕێژەی هەیە کە دەگاتە 88.0% و پارێزگای دهۆک نزمترین ڕێژەی هەیە و بریتیە لە 75.8 % هەروەك لە شێوەی 40 پیشاندراوە بە پێی ڕووپێوی نیشتمانی هەرزەکاران و لاوان 2019.

شێوەی 40 : ڕێژەی گەنجان و لاوان تەمەن (15-30) ساڵی بە پێی ڕاوبۆچونیان لەبارەی ئەوەی کە پیاو مافی ئەوەی هەیە لە خێزانەکەی بدات ئەگەر بەگوێی نەکرد لەسەر ئاستی پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان - ڕووپێوی نیشتمانی هەرزەکاران ولاوان 2019





**ڕێژەی گەنجان و لاوان تەمەن (15-30) ساڵی بە پێی ڕاوبۆچونیان لەبارەی پەسەندکردنی تاوانەکانی کوشتن لە ژێر ناوهێنانی تاوانی شەرەف:** تاوانەکانی شەرەف جۆرێکە لە تاوانی توندوتیژی خێزانی بەرامبەر بە ژن کە دەرەنجامی دابونەریت و ئاستی ڕۆشنبیری کۆمەڵگەیە. بە پێی ئەنجامەکانی ڕووپێوی نیشتمانی هەرزەکاران و لاوان 2019، هاوڕابوونی لاوان لەسەر ئەم بابەتە لە هەرێمی کوردستان بریتییە لە 14.1% و ئەوانەی کە هاوڕا نین 80.3% و ئەوانەی بێلایەنن 5.6%ە. لەسەر ئاستی پارێزگاکان، پارێزگای دهۆك بەرزترین ڕێژەی هاوڕابوونی هەیە کە دەکاتە 31.2% و پارێزگای سلێمانی کەمترین ڕێژەی هاوڕابوونی هەیە و ڕێژەی 6.4% تۆمارکردووە و هەروەها ئەو لاوانەی هاوڕا نین لەسەر ئەم بابەتە، لە پارێزگای دهۆک کەمترین ڕێژەیە کە دەکاتە 60.1% و بەرزترین ڕێژە لە پارێزگای سلێمانیە بە ڕێژەی 89.7% , هەروەك لە شێوەی 41 پیشاندراوە.

شێوەی 41 :ڕێژەی گەنجان و لاوان تەمەن (15-30) ساڵی بە پێی ڕاوبۆچونیان لەبارەی پەسەندکردنی تاوانەکانی کوشتن لە ژێر ناوهێنانی تاوانی شەرەف لەسەر ئاستی پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان - ڕووپێوی نیشتمانی هەرزەکاران و لاوان 2019





**ڕێژەی گەنجان و لاوان تەمەن (15-30) ساڵی بەپێی ڕاوبۆچونیان لەبارەی ئەوەی کە ئافرەت هاوبەشی سەرەکی پیاو بێت لە بڕیاردانی هەموو بڕیارەکانی خێزان :** بڕیاردانی ئافرەتان لە ناوخێزان مافێکی ڕەوای ئافرەتانە و زەوت کردنی ئەم مافە و قۆرغکردنی لە لایەن ڕەگەزی بەرامبەرەوە بە توندوتیژی هەژمار دەکرێت. لەم بارەیەوە هاوڕا بوونی لاوان لە هەرێمی کوردستان دەگاتە 89.7% وە هاوڕا نەبوون 8.4% و بێلایەن 1.9%ە. لەسەر ئاستی پارێزگاکان، پارێزگاکانی هەولێر و دهۆك بەرزترین ڕێژەیان هەیە لە هاوڕابوون لەسەر ئەم بابەتە کە لە سەرووی 91%ە و نزمترین ڕێژە لە پارێزگای سلێمانییە کە دەکاتە 86.4% بە پێی ڕووپێوی نیشتمانی هەرزەکارانو لاوان 2019 هەروەك لە شێوەی 42 پیشاندراوە.

شێوەی 42 :ڕێژەی گەنجان ولاوان تەمەن (15-30)ساڵی بە پێی ڕاوبۆچونیان لەبارەی ئەوەی کە ئافرەت هاوبەشی سەرەکی پیاو بێت لە بڕیاردانی هەموو بڕیارەکانی خێزان لەسەر ئاستی پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان - ڕووپێوی نیشتمانی هەرزەکاران ولاوان 2019





**ڕێژەی گەنجان و لاوان تەمەن (15-30) ساڵی بە پێی ڕاوبۆچونیان لەبارەی ئەوەی کە دەبێ کچەکان هاوسەرگیری لەگەڵ خزمەکانییان بکەن ئەگەر بەخێوکەرەکەی ویستی لەسەر بێ :** هەڵبژاردنی هاوسەری داهاتوو بۆ کوڕ یان کچ مافێکی یاسایی و ڕەوای خۆیەتی بڕیاری لەسەر بدات و پێویستە کەس و کاری ڕێز لە بڕیارەکەیان بگرێن. هەروەها بە زۆر هاوسەرگیری پێکردنی کچانیش لەگەڵ خزمان یەکێکە لە پێشێلکاری مافەکانی کە تا ئێستاش ئەم دیاردەیە وەکو نەریتێك لە چینێکی کۆمەڵگەدا هێشتا بوونی هەیە و سەلمێنراوە لە ڕووی تەندروستی وەچەخستنەوە زیانی بەدواوەیە. لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان، بە پێی ڕاوبۆچونی لاوان تەمەن (15-30) ساڵی، هاوڕان لەسەر بەردەوامی ئەم بابەتە بریتییە لە 12% کە ڕێژەیەکی تاڕاددەیەك بەرزە, هاوڕا نەبوون 85.6% و بێلایەن2.4%ە، هەروەها لەسەر ئاستی پارێزگاکانیش، پارێزگای دهۆك بەرزترین ڕێژەی هاوڕابوونی هەیە بە ڕێژەی 19.7% و هاوڕانەبوون 75.6%ە, لە پارێزگای سلێمانی ڕێژەی هاوڕابوون 10.5% و هاوڕانەبوون 88.4%ە و نزمترین ڕێژەی هاوڕابوون لە پارێزگای هەولێرە بە ڕێژەی 8.3% وهاوڕا نەبوون 89.6%ە هەروەك لە شێوەی 43 پیشاندراوە، بە گوێرەی ڕووپێوی نیشتمانی هەرزەکارانو لاوان 2019.

شێوەی 43 : ڕێژەی گەنجان و لاوان تەمەن (15-30) ساڵی بە پێی ڕاوبۆچونیان لەبارەی ئەوەی کە دەبێ کچەکان هاوسەرگیری لەگەڵ خزمەکانیان بکەن ئەگەر بەخێوکەرەکەی ویستی لەسەر بێ لەسەر ئاستی پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان - ڕووپێوی نیشتمانی هەرزەکاران ولاوان 2019




**ڕاوبوچونی گەنجان و لاوانی تەمەن 15-30 ساڵی لەبارەی ئەوەی کە پێویستە چالاکییە سیاسییەکان تەنها بۆ پیاوان بمێنێتەوە:** یەکێك لە نیشانە بنچینەییەکانی گەشەسەندن و پێشکەوتنی بەردەوامی وڵاتان، بەشداری سیاسی ئافرەتانە لە پرۆسەی بریاردانی نەتەوەیی و نێودەوڵەتیدا کە بەشداری ئافرەتان لە چالاکی سیاسیدا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە گەشەپێدان هەر وڵاتێکدا. هاوڕابوونی هەرزەکاران و لاوان لەسەر ئەم بابەتە لە هەرێمی کوردستان بریتییە لە 20.3%, هاوڕانەبوون 74.2% و بێلایەن 5.5%ە. لە سەر ئاستی پارێزگاکان، هاوڕابوون لە پارێزگای دهۆك بەرزترین ڕێژەی تۆمارکردووە بریتییە لە 22.7% و هاوڕانەبوون 70.8%ە، دواتر بە هەمان شێوە بۆ پارێزگای سلێمانی هاوڕابوون 18.4%ە کە نزمترین ڕێژەیە بە بەراورد بە پارێزگاکانی تر و ڕێژەی هاوڕا نەبوون 76.3%ە و لە پارێزگای هەولێر ڕێژەی هاوڕابوون بریتییە لە 20.5% و هاوڕانەبوون 74.5%ە هەروەك لە شێوەی 44 پیشاندراوە، بە گوێرەی ڕووپێوی نیشتمانی هەرزەکارانو لاوان 2019.

شێوەی 44 :ڕێژەی گەنجان و لاوان تەمەن (15-30) ساڵی بە پێی ڕاوبۆچونیان لەبارەی ئەوەی کە پێویستە چالاکییە سیاسییەکان تەنها بۆ پیاوان بمێنێتەوە لەسەر ئاستی پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان - ڕووپێوی نیشتمانی هەرزەکاران ولاوان 2019





**ڕێژەی گەنجان و لاوان تەمەن (15-30) ساڵی بە پێی ڕاوبۆچونیان لەبارەی ئەوەی کە مافی ئافرەتە داوای جیابوونەوە (تەڵاق) بکات یان جیابێتەوە ئەگەر لەگەڵ هاوسەرەکەی نەگونجا :** یەکێك لە مافەکانی تری ئافرەتان مافی داوای تەلاقە لە پرۆسەی هاوسەرداری. بە پێی ڕووپێوی نیشتمانی هەرزە کاران و لاوان 2019، ڕێژەی لاوان کە هاوڕان لەسەر ئەم بابەتە لە هەرێمی کوردستان بریتییە لە 87.3% و هاوڕا نەبوون 9.6%ە, و لەسەر ئاستی پارێزگاکانیش، ڕێژەی هاوڕابوون لەسەر ئەم بابەتە لە پارێزگای هەولێر بەرزترین ڕێژەیە بریتییە لە 95.7% و لە پارێزگای سلێمانی 91.9%ە، و لە پارێزگای دهۆك هاوڕابوون نزمترین ڕێژەی تۆمار کردووە کە دەکاتە 68.3% هەروەك لە شێوەی 45 پیشاندراوە.

شێوەی 45 :ڕێژەی گەنجان و لاوان تەمەن (15-30) ساڵی بە پێی ڕاوبۆچونیان لەبارەی ئەوەی کە مافی ئافرەتە داوای جیابوونەوە (تەڵاق) بکات یان جیابێتەوە ئەگەر لەگەڵ هاوسەرەکەی نەگونجا لەسەر ئاستی پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان - ڕووپێوی نیشتمانی هەرزەکاران ولاوان 2019




**ڕێژەی گەنجان و لاوان تەمەن (15-30) ساڵی بە پێی ڕاوبۆچونیان لەبارەی ئەوەی کە ئەو ئافرەتانەی کە باڵا پۆش نین هۆکارن بۆ توشبوونیان بە گێچەڵی سێکسی و بێزارکردنیان** : بە ڕای زۆرینەی  لاوان لە هەرێمی کوردستان، توشبوونی ئافرەتان بە گێچەڵی سێکسی و بێزارکردنیان لە لایەن دەوروبەر و ڕەگەزی بەرامبەرەوە بە تایبەت، تارادەیەك دەبەستنەوە بە باڵاپۆشی ئافرەتان. ڕێژەی  گەنجان و لاوان کە هاوڕان لەسەر ئەم بابەتە لە هەرێمی کوردستان بریتییە لە 51.3%، لەسەر ئاستی پارێزگاکانیش بەرزترین ڕێژەی هاوڕابوون لە پارێزگای سلێمانی تۆمار کراوە بە ڕێژەی  56.3%، لە پارێزگای هەولێر 48.8%، و لە پارێزگای دهۆك ڕێژەی هاوڕابوون 47.4%ە هەروەك لە شێوەی 46 پیشاندراوە .


شێوەی 46 :ڕێژەی گەنجان و لاوان تەمەن (15-30) ساڵی بە پێی ڕاوبۆچونیان لەبارەی ئەوەی کە ئەو ئافرەتانەی کە باڵا پۆش نین هۆکارن بۆ توشبوونیان بە گێچەڵی سێکسی و بێزارکردنیان لەسەر ئاستی پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان - ڕووپێوی نیشتمانی هەرزەکاران ولاوان 2019



## ئارەزووی کۆچکردن لە نێوان گەنجانی تەمەن 18-30 ساڵیدا

**ڕێژەی گەنجان و لاوان تەمەن 18-30 ساڵی کە ئارەزووی کۆچکردن دەکەن بۆ دەرەوەی ووڵات :** گەنجان و لاوان چینێکی گرنگی کۆمەڵگەن کە پێویستە کۆمەڵگە سوود لە وزە و توانا و بەهرەی گەنجان وەربگرێت بۆ بەرەو پێشچوون و گەشەسەندنی وڵات. کۆچکردنی گەنجان بۆ دەروەی وڵات دارمانی پایەیەکی بەهێزی کۆمەڵگە و ووڵاتە. کۆچکردن بە مانای جێهێشتنی خاك و نیشتمان و شوێنی ژیانە بەرەو خاك و وڵاتیکی تر بە مەبەست و ئامانجێکی دیاریکراو لە پێناو بەدەستهێنانی گوزەران و ژیان و دواڕۆژێکی باشتر . چەندین هۆکار و پاڵنەری ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی لە پشت کۆچکردنی لاوانە وەك بێکاری, قەیرانە ناوخۆییەکان, نەبوونی هەلی کار و سەختی بارودۆخی گوزەران بە گشتی کە بوونەتە هۆکار بۆ بڕیاردانی گەنجان بۆ جێهێشتنی وڵاتەکەیان. بە شێوەیەکی ووردتر، نەبوونی ئاسایش، ئارامی، ترس، دڵەڕاوکێی بەردەوام، بارودۆخی سیاسی و ئەمنییەکانی ناوخۆیی و دانەمەزراندنی گەنجانی خاوەن بڕوانامە دیوێکی تری هۆکارەکانی کۆچکردنی گەنجانە. لەگەڵ ئەوەشدا دەرگاکردنەوە بۆ وەرگرتنی پەنابەران لە لایەن هەندێ لە ووڵاتانەوە لەبەر هەر هۆکار و ئەجێندای ئەو وڵاتانە بێت هاندانی زیاتری کۆچکردنی گەنجانە. لە هەرێمی کوردستان بە گشتی، ڕێژەی لاوان کە ئارەزووی کۆچکردن دەکەن بۆ دەرەوەی وڵات بریتییە لە 30.4%. لەسەر ئاستی پارێزگاکان، بەرزترین ڕێژە لە پارێزگای سلێمانیە 34.9% و دواتر هەریەك لە پارێزگاکانی دهۆك و هەولێر دێن هەریەکەیان بەڕێژەی 29.8% و 26.4% یەك لەدوای یەك هەروەك لە شێوەی خوارەوە پیشاندراوە بە پێی ڕووپێوی نیشتمانی هەرزەکارانو لاوان 2019.


شێوەی 47: ڕێژەی گەنجان و لاوان تەمەن 18-30 ساڵی کە ئارەزووی کۆچکردن دەکەن بۆ دەرەوەی ووڵات لەسەر ئاستی پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان - ڕووپێوی نیشتمانی هەرزەکاران و لاوان 2019




## باری هاوسەرگیری ئافرەتانی تەمەن 15 ساڵان و زیاتر

بەشێوەیەکی گشتی هاوسەرگیری لە نێوان ئافرەتان لەم تەمەنە دیاریکراوەدا لە ئاستێکی بەرزدایە، بەگوێرەی ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان(IWISHII)2021. داتاکان وا دەردەخەن کە ڕێژەی ئافرەتان لە تەمەنی دیاریکراودا کە تا ئێستا **سەڵتن** لە هەرێمی کوردستان 27.9%ە و لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم، نزمترین ڕێژە لە پارێزگای سلێمانییە( 23.9%) و دواتر هەر یەك لە پارێزگاکانی هەولێر و دهۆك دێن هەریەکەیان بە ڕێژەی 30.6% و 31.4% یەك لەدوای یەك. بۆ ئەوانەی کە **هاوسەردارن**، ڕێژەیان لە هەرێمی کوردستان 62.1%ە و لەسەر ئاستی پارێزگاکان، بەرزترین ڕێژە لە پارێزگای سلێمانییە بە ڕێژەی 63.8% و دواتر پارێزگاکانی هەولێر و دهۆك دێن هەریەکەیان بە ڕێژەی 61.2% و 60.3% یەك لەدوای یەك. ڕێژەی **تەڵاقدان** لە هەرێمی کوردستان کەمە (1.7%) و لەسەر ئاستی پارێزگاکان، بەرزترین ڕێژە لە پارێزگای سلێمانییە کە 2.9%ە و دواتر هەریەك لە پارێزگاکانی دهۆك و هەولێر دێن هەریەکەیان بە ڕێژەی 0.8% و 0.7% یەك لەدوای یەك. ڕێژەی **بێوەژن** لە هەرێمی کوردستان 7.7%ە و لەسەر ئاستی پارێزگاکان، بەرزترین ڕێژە لە پارێزگای سلێمانییە (9.4%) دواتر هەریەك لە پارێزگاکانی دهۆك و هەولێر دێن هەریەکەیان بە ڕێژەی7.1% و 6.2% یەك لەدوای یەك. ڕێژەی **جیابووەوە** لە هەرێمی کوردستان زۆر کەمە ( 0.6%) و لەسەر ئاستی پارێزگاکان، پارێزگای هەولێر ڕێژەی 1.4%ە و دواتر پارێزگای دهۆك دێت بە ڕێژەی 0.5% هەروەك لە شێوەی خوارەوە پیشاندراوە.


شێوەی 48 : ڕێژەی ئافرەتانی تەمەن 15 ساڵان و زیاتر بە گوێرەی باری هاوسەرگیرییان لەسەر ئاستی پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان - ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان 2021 (IWISH-II)




## هاوسەرگیری ئافرەتان پێش تەمەنی 18 ساڵی و هۆکارەکانی


**ڕێژەی ئەو ئافرەتانەی کە هاوسەرگیرییان پێش تەمەنی 18 ساڵی بووە :** هاوسەرگیری پێشوەختە حاڵەتێکی بەربڵاوە لە زۆربەی وڵاتانی جیهان، هاوسەرگیری منداڵان یان ئافرەتانی تەمەن بچووک کاریگەری خراپ و نەرێنی لە سەر داهاتوویان بەجێدێڵێت بەتایبەتی زۆربەیان پاش هاوسەرگیرییەکە دەستبەرداری خوێندن دەبن و لە داهاتوودا لەوانەیە نەتوانن ببنە خاوەنی پیشەی سەربەخۆی خۆیان. لە کاتێکدا لە ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافەکانی منداڵ باس لەوە دەکات کە زوو بە شوودانی کچان بە هەموو شێوەیەک بە توندوتیژی و پێشێلکردنی مافی منداڵ ئەژمار دەکرێت و لێرەوە داوای پاراستنی مافەکانی منداڵ دەکات و هۆشداری دراوە لە ئەنجامدانی هەر جۆرە توندوتیژییەک دەرحەق بە منداڵان بە هاوسەرگیریی پێشوەختەشەوە. هەروەها پەیماننامە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ، هاوسەرگیری خوار تەمەنی 18 ساڵ قەدەغە دەکەن و بە پێی یاسای زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتوو، بەشوودانی پێشوەختەی کچان دەچێتە خانەی توندوتیژی و دەستدرێژیی بۆ سەر منداڵێتی کچ، بەگوێرەی ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان(IWISHII)2021. بە شێوەیەکی گشتی لە هەرێمی کوردستان 22.6% لە ئافرەتان پێش تەمەنی 18 ساڵی شوویان کردووە و لەسەر ئاستی پارێزگاکان، جیاوازیەکی ئەوتۆ بەدی ناکرێت لە نێوانیان بۆ هەریەك لە سلێمانی، دهۆك و هەولێر بە ڕێژەی 23.0%، 22.1% و 22.2% یەك لەدوای یەك هەروەك لە شێوەی خوارەوە پیشاندراوە.

شێوەی 49: ڕێژەی ئەو ئافرەتانەی کە هاوسەرگیریان پێش تەمەنی 18 ساڵی بووە لەسەر ئاستی پارێزگاکان و هەرێمی کورستان - ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان 2021 (IWISH-II)




**ڕێژەی ئافرەتانی هاوسەردار یان ئەوانەی کە پێشتر هاوسەرگیریان کردووە پێش تەمەنی 18 ساڵی بەگوێرەی هۆکاری هاوسەرگیریی کردنییان** : هاوسەرگیری پێشوەختە چەندین هۆکار و پاڵنەری لە پشتە و لە هەرە دیارترین هۆکارەکان، داب و نەریتی کۆمەڵگەیە کە یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکان کە لە هەرێمی کوردستان ڕێژەی 40%ە و لە سەر ئاستی پارێزگاکان، پارێزگای دهۆك بەرزترین ڕێژەی هەیە (55.1%) و دواتر پارێزگاکانی سلێمانی و هەولێر دێن هەریەکەیان بە ڕێژەی 44.4% و 25.3% بە شێوەی یەك لەدواوی یەك. یەکێکی تر لە هۆکارەکانی هاوسەرگیری ئافرەتان پێش تەمەنی 18 ساڵی، **پێداگیری خێزانە بۆ هاوسەرگیری** کچان لە هەرێمی کوردستان و ڕێژەکەی 35%ە و لەسەر ئاستی پارێزگاکان، پارێزگای هەولێر بەرزترین ڕێژەی هەیە کە دەکاتە 47.2%، دواتر پارێزگای سلێمانی و دهۆك دێن بە ڕێژەی 34.1% ، 16.3% یەك لەدوای یەك. هۆکارەکانی تریش لە شێوەی 50 پیشاندراوە، بەگوێرەی ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان(IWISHII)2021.


شێوەی 50 : ڕێژەی ئافرەتانی هاوسەردار یان ئەوانەی کە پێشتر هاوسەرگیریان کردووە پێش تەمەنی 18 ساڵی بەگوێرەی هۆکاری هاوسەرگیری کردنیان لەسەر ئاستی پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان - ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان 2021 (IWISH-II)



## تەڵاق لە نێوان ئافرەتانی تەمەن 15 ساڵان و زیاتر بەپێی هۆکارەکانی

**ڕێژەی ئافرەتانی تەڵاقدراو تەمەن 15 ساڵان و زیاتر بەپێی هۆکارەکانی تەڵاق**: بەگوێرەی ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان(IWISHII)2021 ، تەلاقدان لە نێوان هاوسەرەکان بۆ چەندین هۆکار دەگەڕێتەوە کە لە شێوەی خوارەوەدا روونکراوەنەتەوە بەڵام لێرەدا باس لە بەرزترین دوو هۆکار لە هۆکارەکانی تەڵاق لە هەرێمی کوردستان دەکەین کە بریتین لە دەستێوەردانی خێزانی و نەگونجانی کۆمەڵایەتی بە ڕێژەکانی 36.0% و 33.8% یەك لەدوای یەك, دواتر هەریەك لە هۆکارەکانی تری وەکو نەبوونی متمانە، ئالودەبوون و خواردنەوەی کحول و کۆمەڵێك هۆکاری تر دێت هەروەك لە شێوەی 51 پیشاندراوە.

شێوەی 51 : ڕێژەی ئافرەتانی تەمەن 15 ساڵان و زیاتر بەپێی هۆکارەکانی تەڵاق لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان - ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان 2021 (IWISH-II)



## سەرچاوەکان


- بەشی ئامارەکانی پەروەردە، تەندروستی و کۆمەڵایەتی2020، دەزگای ناوەندی ئاماری عیراق و دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان و صندوقی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ دانیشتوان( UNFPA)، ڕووپێوی نیشتمانی هەرزەکاران و لاوان 2019، هەرێمی کوردستان: دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان.
- بەشی ئامارەکانی پەروەردە، تەندروستی و کۆمەڵایەتی2021 ، دەزگای ناوەندی ئاماری عیراق و دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان و صندوقی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ دانیشتوان( UNFPA)، ڕووپێوی بارودۆخی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان IWISH-II 2021، هەرێمی کوردستان: دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان.
- بەشی ئامارەکانی پەروەردە، تەندروستی و کۆمەڵایەتی2020، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، ڕاپرسی ڕای گشتی دەربارەی ڕێکارەکانی حکومەتی هەرێم بۆ بەرەنگاربوونەوە لە دژی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا 2020، هەرێمی کوردستان: دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان.

# ئامارەکانی کشتوکاڵ و ژینگە

## کشتوکاڵ و ژینگە

کشتوکاڵ لە هەموو جیهاندا وەک سەرچاوەیەکی گرنگی دابین کردنی ئاسایشی خۆراک و بنچینەی دانانی ئابوورییەکی بەهێز سەیر دەکرێت، بۆیە زانیارییەکان لەم بوارەدا جێگای تێ ڕامان و بایەخی تایبەتین.

ئامارەکانی کشتوکاڵی هەموو ئەو زانیاریانە دەگرێتەوە کە تایبەتن بە بەروبوومەکانی زستانە و هاوینە کە زۆرترین ڕووبەری چانراویان هەیە وە بە یەکەم سەرەکیترین داتای کشتوکاڵی دادەنرێن و نیشاندەرەکانی وەک ڕووبەری چانراو و برشت و بری بەرهەم و جۆری ئافەتی کشتوکاڵی و تێچووی بەرهەمەکان... هتد، بەشێکی گرنگن لە ئاماری بەروبوومەکان، هەروەها داتاکانی تایبەت بە سامانی ئاژەڵی و بەرهەمەکانیان بە دووەم سەرەکیترین داتای ئاماری کشتوکاڵی دادەنرێن کە هاوشانی بەروبوومەکان لە ڕووی ئابوورییەوە بایەخی زۆری هەیە.

هەروەها دوو هۆکاری مرۆیی و سروشتی وەک ژمارەی جووتیار و سەرچاوەکانی ئاوی و کەش و هەوا و زەوی شیاوی کشتوکاڵی بەشێکی تری ئەم ئامارە پێک دەهێنن.

بە شێوەیەکی گشتی ئامانجی سەرەکی ئەم بەشە ئاماریە بەرجەستە کردنی بارودۆخی ڕاستەقینەی ئەم کەرتەیە لە ژێر ڕۆشنایی داتایەکی ورد و باوەڕپێکراو کە ببێتە بناغەیەکی بەهێز بۆ پلانێکی گونجاوی کشتوکاڵی.

## زەوی کشتوکاڵی

هەموو ئەو زەوییانە دەگرێتەوە کە دەکرێت سوودیان لێ وەربگیرێت بۆ مەبەستی چاندنی بەروبوومەکانی کشتوکاڵی کە بە شێوەیەکی گشتی بۆ دوو جۆری زەوی دێم و زەوی ئاوی دابەش دەبێت.

خشتەی 1 : نیشاندەرەکانی زەوی کشتوکاڵی لە پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان 2021

| نیشاندەرەکان | | هەولێر | دهۆك | سلێمانی | هەرێمی کوردستان |
|---|---|---|---|---|---|
| **زەوی شیاوی کشتوکاڵ 2021** | ملیۆن دۆنم | 2.5 | 1.1 | 3.1 | 6.7 |
| | ڕێژە | 37 | 17 | 46 | 100 |
| **زەوی شیاوی کشتوکاڵ / دێمی 2021** | ملیۆن دۆنم | 2.3 | 1.02 | 2.1 | 5.4 |
| | ڕێژە | 42 | 19 | 39 | 100 |
| **زەوی شیاوی کشتوکاڵ / ئاوی 2021** | ملیۆن دۆنم | 0.21 | 0.12 | 0.98 | 1.31 |
| | ڕێژە | 16 | 9 | 75 | 100 |
| **ڕووبەری چانراوی بەروبوومەکانی زستانە 2020 - 2021** | ملیۆن دۆنم | 1.89 | 1 | 2.1 | 5.09 |
| | ڕێژە | 38 | 20 | 42 | 100 |
| **ڕووبەری چانراوی بەروبوومەکانی هاوینە 2021** | ملیۆن دۆنم | 0.08 | 0.08 | 0.15 | 0.31 |
| | ڕێژە | 26 | 26 | 48 | 100 |

سوپاس بۆ خودای گەورە لە هەرێمی کوردستاندا بە هۆی هەبوونی زەوی شیاوی کشتوکاڵی و سەرچاوەکانی ئاو لە ڕووبار و کانیاوەکان، هەلومەرجێکی باش ڕەخساوە بۆ کارکردن و پێشکەوتن لە کەرتی کشتوکاڵی. هەروەک دەزانین، ئەم کەرتە بە یەکێک لە گرنگترین کەرتەکان هەژمار دەکرێت بۆ دابین کردنی ئاسایشی خۆراک.


بە پێی داتاکانی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان، 6.7 ملیۆن دۆنم زەوی شیاوی کشتوکاڵی هەیە، ئەمەش 35.7% ی کۆی گشتی ڕووبەری هەرێم پێک دەهێنێت.

لە سەر ئاستی پارێزگاکان، 2.5 ملیۆن دۆنم لە ڕووبەری زەوی شیاو دەکەوێتە پارێزگای هەولێر و 1.1 ملیۆن دۆنم زەوی دەکەوێتە پارێزگای دهۆک و 3.1 ملیۆن دۆنم زەوی شیاوی کشتوکاڵی دەکەوێتە پارێزگای سلێمانی و پارێزگای هەڵەبجە و ئیدارەی گەرمیان.

هەروەها زۆرترین ڕووبەری دێمی دەکەوێتە پارێزگای هەولێر کە ڕووبەرەکەی 2.3 ملیۆن دۆنم دەبێت بەمەش ڕێژەی 43% ی تەواوی ڕووبەرە دێمیەکانی هەرێمی کوردستان پێك دەهێنێت و پارێزگای سلێمانی 2.1 ملیۆن دۆنم و پارێزگای دهۆك 1.02 ملیۆن دۆنم زەوی دێمی هەیە کە هەر یەکێکیان بە ڕێژەی 39% و 19% ی ڕووبەری دێمی هەرێمی کوردستان پێك دەهێنێن یەك لە دوای یەك. بەڵام زۆرترین ڕووبەری ئاوی دەکەوێتە پارێزگای سلێمانی کە ڕووبەرەکەی 0.98 ملیۆن دۆنم دەبێت بە ڕێژەی 75% و پارێزگای هەولێر 0.21 ملیۆن دۆنم بە ڕێژەی 16% و پارێزگای دهۆك 0.12 ملیۆن دۆنم بە ڕێژەی 9% ی ڕووبەری ئاوی زەویە کشتوکالیەکانی هەرێمی کوردستان پێك دەهێنێت.

شێوەی 1 :زەوی شیاوی کشتوکاڵی بەکارهاتوو بە مەبەستی چاندنی بەروبوومەکانی زستانە و هاوینە لە سەر ئاستی پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان 2021

زۆرترین





ڕووبەری چانراوی بەرهەمی کشتوکاڵی لە پارێزگاکان بە بەراورد لەگەڵ زەوییە کشتوکاڵییەکەی دەکەوێتە پارێزگای دهۆک کە 99% ی ڕووبەرەکانی شیاوی کشتوکاڵی خۆی بەکارهێناوە، پارێزگای هەولێر 78% و پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارەی گەرمیان بەیەکەوە 74% ی زەوییەکانیان بەکارهێناوە بۆ چاندنی بەروبوومی کشتوکاڵی بۆ ساڵی 2021.

## ڕووبەر و بەرهەمی پێشبینی کراو


لە کاتی بەردەست نەبوونی داتایەکی تۆمارکراوی ڕاستەقینەی مەیدانی لە لایەن شارەزایانی بواری کشتوکاڵی و ئاماری، لایەنەکانی پەیوەندیدار پشت بە خەمڵاندنی ڕووبەری پێشبینی کراو دەبەستن، کە ئەمەش سەرچاوە دەگرێت لە هەبوونی داتایەکی ڕێژەیی لە سەر ڕووبەری چانراو و جۆری بەروبوومی چانراو و ژمارەی جووتیارەکان و تایبەتمەندی ناوچەکە لە ڕووی هەلومەرجی چاندن و کاریگەرییەکانی کەش و هەوا.

شێوەی 2 :ڕووبەری پێشبینی کراو بۆ بەروبوومی گەنم لە 2018 تاکو 2021 لە هەرێمی کوردستان




بە هۆکاری نەبونی داتایەکی پشتڕاستکراو بۆ بەرهەمی گەنم، داتاکانی بەرهەم لەم ڕاپۆرتەدا نەخراوەتە ڕوو. هەروەکوو لە هێڵکاریەکە خراوەتە ڕوو، لە نێوان ساڵانی 2020-2021 زۆرترین ئاستی ڕووبەری چانراوی گەنمی هەیە بە بەراورد لە گەڵ ساڵەکانی تر و کەمترین ئاستی ڕووبەری چانراوی گەنم دەکەوێتە ساڵی 2018-2019.

شێوەی 3 :ڕێژەی زەوی کشتوکاڵی بەراو و دێمی لە هەرێمی کوردستان 2021




بە پێی داتای وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان ڕێژەی ڕووبەری ئەو زەوییانەی کە بەراون لەگەڵ ڕووبەری زەوییە دێمییەکان، ئەمەش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کەمی پرۆژەکانی ئاودێری و کەمی سیستەمی ئاودێری پێشکەوتوو بۆ زەوییە کشتوکاڵییەکان.

ڕێژەی زەوی کشتوکاڵی بەراو دەگاتە نزیکەی 19% وە لە بەرامبەردا نزیکەی 81% ی ڕووبەرەکان دێمین، بە پێی ڕاپۆرتی چانراوی بەروبوومی زستانە 2016 – 2017 کە لە لایەن دەستەی ئاماری هەرێم بڵاوکراوەتەوە، بڕشتی یەک دۆنم زەوی بەراو لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان بۆ بەروبوومی گەنم دەکاتە 733 کگم و لە بەرامبەردا بڕشتی یەک دۆنم زەوی دێمی دەکاتە 344 کگم ، ئەمەش جیاوازییەکی زۆرە لە ئاستی بڕشتی بەروبوومێکی سەرەکی وەکوو گەنم، بۆیە بۆ کەمکردنەوەی ئەم جیاوازییە پێویستمان بە پلانێکی تایبەت هەیە لە لایەن دامەزراوەکانی پەیوەندیدار بە کەرتی کشتوکاڵی.

# بەروبوومەکان

## ڕووبەر و بەرهەمی برنج

خشتەی 2 : ڕووبەری چانراو و بەرهەمی برنج لەسەر ئاستی پارێزگاکان وهەرێمی کوردستان لە ساڵی2018 تا 2021

| ساڵ | هەولێر | | دهۆک | | سلێمانی | | هەڵەبجە | | ئیدارەی گەرمیان | | هەرێمی کوردستان | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ڕووبەر / دۆنم | بەرهەم / تۆن | ڕووبەر / دۆنم | بەرهەم / تۆن | ڕووبەر / دۆنم | بەرهەم / تۆن | ڕووبەر / دۆنم | بەرهەم / تۆن | ڕووبەر / دۆنم | بەرهەم / تۆن | ڕووبەر / دۆنم | بەرهەم / تۆن |
| **2018** | 305 | 763 | 11,728 | 9,382 | 1,912 | 1,530 | 254 | 381 | 1,974 | 1,430 | 16,173 | 13,486 |
| **2019** | 193 | 289 | 19,764 | 15,811 | 2,115 | 1,692 | 104 | 208 | 2,420 | 1,658 | 24,596 | 19,658 |
| **2020** | 630 | 945 | 24,206 | 19,365 | 1,540 | 1,232 | 315 | 630 | 75 | 90 | 26,766 | 22,262 |
| **2021** | 613 | 920 | 11,223 | 8,978 | 358 | 286 | 320 | 640 | 1,575 | 1,355 | 14,089 | 12,179 |


برنج لە ڕووی بەهای خۆراکی بایەخی تایبەتی خۆی هەیە، بۆیە وەکوو یەکێک لە گرنگترین بەرهەمە کشتوکاڵییەکان هەژمار دەکرێت. پێداویستی ناوخۆی هەرێم بۆ هەر تاکێک لە هەرێمی کوردستان بۆ بەرهەمی برنج دەگاتە 38.5 کگم بە پێی داتای وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2018.

پێداویستی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بۆ بەروبوومی برنج لە ساڵی 2020 دەگاتە 237,583 تۆن و بەرهەمی ناوخۆیی لە هەمان ساڵدا گەیشتووەتە 22,262 تۆن، واتە بەرهەمی ناوخۆیی نزیکەی 9% ی پێداویستی هەرێمی کوردستان بۆ ئەم بەروبوومە پڕ دەکاتەوە.

بە پێی داتاکانی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ، ئاستی بەرهەمهێنانی بەروبوومی برنج بە شێوەیەکی گشتی لە زیاد بووندایە. لە ساڵی 2018 لە هەرێمی کوردستان ، بەرهەمەکەی 13,486 تۆن بووە و ئەم بڕە بۆ ساڵی 2019 دەبێتە 19,658 تۆن و بە ڕێژەی 45% زیاد دەکات، هۆکاری ئەم زیادبوونە بە شێوەیەکی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ ڕێژەی باران بارین لەم ساڵە دا، هەروەها بۆ ساڵی 2020 ئەم بەرهەمە دەگاتە 22,262 تۆن کە ئەمەش بە ڕێژەی 14% زیادی کردووە، بەڵام بۆ ساڵی 2021 ئەم بڕە بە شێوەیەکی بەرچاو دادەبەزێت و دەگاتە 12,179 تۆن کە دیسان هۆکاری سەرەکی ئەم دابەزینەش دەگەڕێتەوە بۆ کەمی ڕێژەی باران بارین لەم ساڵە دا کە ڕێژەکەی 236 ملم بووە لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان کە ئەمەش ڕێژەیەکی کەمە بۆ بەروبوومێکی وەکوو برنج کە ئاوێکی زۆری پێویستە.

لە سەر ئاستی پارێزگاکان، 80% ی ڕووبەری چانراو دەکەوێتە پارێزگای دهۆک، بۆیە پێویستە لە پارێزگاکانی تریش پلانێکی گونجاو هەبێت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ئەم بەرهەمە.

**نەخشەی5: بەرهەمی برنج لەسەرئاستی پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان بەتۆن لەساڵی 2021**



## ڕووبەر و بەرهەمی کشتوکاڵی هاوینە

خشتەی 3 : بەرهەمی بەروبوومەکانی (تەماتە - خەیار – باینجان – پەتاتە – پیاز – بامیە) لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان 2018-2021

| ساڵ | تەماتە | | خەیار | | باینجان | | پەتاتە | | پیاز | | بامیە | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ڕووبەر / دۆنم | بەرهەم / تۆن | ڕووبەر / دۆنم | بەرهەم / تۆن | ڕووبەر / دۆنم | بەرهەم / تۆن | ڕووبەر / دۆنم | بەرهەم / تۆن | ڕووبەر / دۆنم | بەرهەم / تۆن | ڕووبەر / دۆنم | بەرهەم / تۆن |
| **2018** | 46,366 | 234,180 | 26,638 | 108,715 | 15,172 | 60,890 | 39,482 | 187,712 | 41,631 | 107,485 | 10,055 | 16,703 |
| **2019** | 51,304 | 244,002 | 25,851 | 108,865 | 9,147 | 36,504 | 26,086 | 112,164 | 25,008 | 69,044 | 9,662 | 19,185 |
| **2020** | 56,976 | 277,307 | 29,523 | 116,631 | 8,580 | 38,609 | 35,324 | 198,219 | 27,192 | 53,774 | 10,024 | 19,527 |
| **2021** | 57,307 | 255,669 | 27,040 | 116,062 | 7,066 | 30,022 | 34,952 | 215,354 | 27,304 | 47,976 | 8,181 | 19,321 |

بە پێی داتاکانی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو (خشتەی سەرەوە)، لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان، بەروبوومەکان لە ماوەی ئەم چوار ساڵەدا بڕی بەرهەمەکانیان بە ڕێژەی جیاواز کەم و زیادی کردووە. بۆ بەروبوومی تەماتە کە لە وەرزی هاویندا لە لایەن بەشێکی زۆر لە جووتیارەکان دەچێنرێت، بڕی بەرهەمی لە ساڵی 2018 نزیکەی 234,180 تۆن بووە، ئەم بڕە لە ساڵی 2021 زیاد دەکات و دەگاتە 255,669 تۆن کە ئەمەش بە ڕێژەی 9% زیادی کردووە. هەروەها سەبارەت بە بەروبوومی خەیار، بڕی بەرهەم لە ساڵی 2018 نزیکەی 108,715 تۆن بووە، بەڵام بۆ ساڵی 2021 ئەم بڕە دەگاتە 116,062 تۆن و بە ڕێژەی نزیکەی 7% زیاد دەکات. سەبارەت بە بەروبوومی باینجان، بڕی بەرهەم لە ساڵی 2018 نزیکەی 60,890 تۆن بووە، لە کاتێکدا لە ساڵی 2021 بڕەکەی دادەبەزێت بۆ 30,022 تۆن و بە ڕێژەی 50% کەمی کردووە. بەڵام بەروبوومی پەتاتە جیاواز لە بەرهەمەکانی تر بە ڕێژەیەکی باش لە ماوەی ئەم چوار ساڵەدا زیادی کردووە بە جۆرێک کە لە ساڵی 2018 بڕەکەی 187,712 تۆن بووە و بۆ ساڵی 2021 بڕەکەی دەگاتە 215,354 تۆن کە ئەمەش بە ڕێژەی نزیکەی 15% زیادی کردووە. سەبارەت بە بەروبوومی پیاز لە ساڵی 2018 بڕی بەرهەمەکەی 107,485 تۆن بووە، بەڵام بڕەکەی بۆ ساڵی 2021 بە ڕێژەیەکی زۆر دادەبەزێت بۆ 47,976 تۆن، کە دەکاتە ڕێژەی 55%. هەروەها بەروبوومی بامیە لە ساڵی 2018 ، بڕی بەرهەمەکەی 16,703 تۆن بووە و بۆ ساڵی 2021 ئەم بڕە زیاد دەکات بۆ 19,321 تۆن کە دەکاتە ڕێژەی 16%.

وەکوو ئەوەی لە داتاکانی سەرەوە خراوەتەروو، لە ساڵی 2018 تاوەکوو 2021 بەرهەمی باینجان و پیاز کەمیان کردووە، بەڵام بەرهەمی پەتاتە و تەماتە و خیار و بامیە زیادیان کردووە.

خشتەی 4 : بەرهەمی بەروبوومەکانی (تەماتە - خیار – باینجان – پەتاتە – پیاز – بامیە) لە سەر ئاستی پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان 2021

| پارێزگا | | بامیە | باینجان | تەماتە | پەتاتە | پیاز | خەیار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **هەولێر** | تۆن | 6,936 | 14,718 | 105,372 | 23,266 | 21,109 | 48,042 |
| | % | 36 | 49 | 41 | 11 | 43 | 41 |
| **دهۆک** | تۆن | 3,905 | 5,377 | 46,628 | 165,771 | 19,496 | 19,309 |
| | % | 20 | 18 | 18 | 77 | 40 | 17 |
| **سلێمانی** | تۆن | 3,542 | 6,303 | 94,332 | 19,030 | 4,726 | 45,560 |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | % | 18 | 21 | 37 | 9 | 10 | 39 |
| هەڵەبجە | تۆن | 3,025 | 615 | 3,325 | 3,500 | 2,060 | 896 |
| | % | 16 | 2 | 2 | 2 | 4 | 1 |
| ئیدارەی گەرمیان | تۆن | 1,913 | 3,009 | 6,013 | 3,787 | 1,585 | 2,273 |
| | % | 10 | 10 | 1 | 2 | 3 | 2 |
| هەرێمی کوردستان | | 100 | 100 | 100 | 100 | 100 | 100 |
| | | 19,321 | 29,678 | 255,669 | 215,354 | 48,976 | 116,062 |

لە سەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، وەکوو ئەوەی لە خشتەکەی سەرەوە خراوەتە ڕوو، سەبارەت بە بەروبوومی پەتاتە زۆرترین بڕی بەرهەم دەکەوێتە پارێزگای دهۆک کە ڕێژەکەی دەکاتە 77% و پارێزگای هەولێر 11% و پارێزگای سلێمانی 9% و پارێزگای هەڵەبجە و ئیدارەی گەرمیان و هەر یەکێکیان 2% ی بەرهەمی هەرێمی کوردستان پێک دەهێنن، هەروەها زۆرترین بڕی بەرهەمی تەماتە دەکەوێتە پارێزگای هەولێر کە ڕێژەکەی دەکاتە 41% و پارێزگای سلێمانی 37% و پارێزگای دهۆک 18% و ئیدارەی گەرمیان 2% و کەمترین بڕی بەرهەمی تەماتە دەکەوێتە پارێزگای هەڵەبجە کە 1% ی بەرهەمی هەرێمی کوردستان پێک دەهێنێت.

بۆ بەرهەمی بامیە، بەرزترین ئاستی بەرهەم دەکەوێتە پارێزگای هەولێر بە ڕێژەی 36% و هەریەک لە پارێزگاکانی تر بەو ڕێژانەن، پارێزگای دهۆک 20%، پارێزگای سلێمانی 18%، پارێزگای هەڵەبجە 16% و ئیدارەی گەرمیان 10.%.

هەروەها نزیکەی نیوەی بەرهەمی باینجان دەکەوێتە پارێزگای هەولێر بە ڕێژەی 49% و پارێزگای سلێمانی بە ڕێژەی 21% بە پلەی دووەم دێت و پارێزگای دهۆک 18% و گەرمیان 10% و پارێزگای هەڵەبجە 2% ی بەرهەمی هەرێمی کوردستان پێک دەهێنن.

هەروەها بۆ بەروبوومی پیاز، زۆرترین بڕی بەرهەم دەکەوێتە پارێزگای هەولێر بە ڕێژەی 43% و پارێزگای دهۆک 40% و پارێزگای سلێمانی 10% و پارێزگای هەڵەبجە 4% ە و کەمترین بڕی بەرهەم دەکەوێتە ئیدارەی گەرمیان بە ڕێژەی 3% و سەبارەت بە بەروبوومی خەیار زۆرترین ئاستی بەرهەم دەکەوێتە پارێزگای هەولێر کە ڕێژەکەی دەکاتە 41% و بە پلەی دووەم پارێزگای سلێمانی دێت بە ڕێژەی 39% و پارێزگای دهۆک بە ڕێژەی 17% و ئیدارەی گەرمیان بە ڕێژەی 2% و کەمترین ئاستی بەرهەمی خەیار دەکەوێتە پارێزگای هەڵەبجە کە ڕێژەکەی دەکاتە 1% ی بەرهەمی هەرێمی کوردستان.

## سامانی ئاژەڵ

### کێڵگەکانی پەلەوەر

مەبەست لە پەلەوەر هەموو ئەو کێڵگانە دەگرێتەوە کە مریشک یان پەلەوەرێکی تر تێیدا بە مەبەستی سوود وەرگرتن لە بەرهەمەکانیان بە خێو دەکرێن و بایەخی ئابووری زۆری هەیە و بە بەشێکی گرنگی سامانی ئاژەڵ دادەنرێت.

خشتەی 5 :پرۆژەکانی کێڵگەی پەلەوەر لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان 2018 -2021

| ساڵ | پەلەوەری گۆشت | | مریشکی هێلکەی خواردن | | هەڵهێنەری پەلەوەر | | سەربڕخانەی پەلەوەر | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارەی پرۆژە | توانا/(جوجکە/وەجبە) | ژمارەی پرۆژە | توانا/(هێلکە/ساڵ) | ژمارەی پرۆژە | توانا/(هێلکە/ساڵ) | ژمارەی پرۆژە | توانا/(مریشك/ك اتژمێر) |
| **2018** | 1,467 | 20,803,055 | 11 | 1,638,150,000 | 44 | 271,282,080 | 8 | - |
| **2019** | 1,544 | 23,055,245 | 12 | 1,349,900,000 | 46 | 307,158,080 | 9 | 37,500 |
| **2020** | 1,626 | 24,665,095 | 12 | 1,368,368,000 | 45 | 296,890,280 | 10 | 38,900 |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **2021** | 1,741 | 27,482,920 | 20 | 2,557,297,900 | 52 | 355,907,080 | 10 | 38,900 |

بەخێوکردنی پەلەوەر وەکوو سەرچاوەیەکی سەرەکی دابین کردنی خۆراک، گرنگی و بایەخی زۆری هەیە لە هەرێمی کوردستان و چەندین تایبەتمەندی هەیە کە بووەتە جێگای بایەخی خاوەن کێڵگەکان، وەکوو خێرایی گەشەکردن، گەڕانەوەی سەرمایە لە کەمترین ماوە کە لە سێ مانگ تێپەڕ ناکات، هەبوونی مەجالێکی فراوان بۆ بەخێوکردنی ژمارەیەکی زۆرتر بە بەراورد لەگەڵ ئاژەڵ، هەبوونی زیانێکی کەمتری ئابووری لە کاتی ئەگەرەکانی مردن، ئەم هۆکارانە بایەخی بەخێوکردنی پەلەوەریان لە ڕووی ئابوورییەوە لە هەرێم و جیهاندا زۆرتر کردووە.

سەربڕخانەکانی پەلەوەر گرنگییەکی زۆریان هەیە لە ڕووی بە بازاڕکردنی مریشکی گۆشت و ڕێکخستن و دابین کردنی هەل و مەرجی بەبازاڕکردن، لەبەر ئەوەی لە کاتی گەورە بوونی مریشک و گەیشتنیان بە تەمەنی دیاری کراوی فرۆشتن بۆ خستنەڕوو لە بازاڕەکان ڕووبەڕووی گرفتی بەبازاڕکردن دەبنەوە و لەم کاتەدا ناتوانن مریشکەکانیان بە شێوەی زیندوو لە بازاڕدا ساغ بکەنەوە و مانەوەشیان لە ناو کێڵگەکان دەبێتە هۆی زیانی ئابووری بە جۆرێک کە تێچووی بەخێوکردن بەرز دەکاتەوە و قورسایی ئابووری دەخاتە سەر خاوەن کێڵگەکانی پەلەوەر، بۆیە سەربڕخانەکانی پەلەوەر یەکێک لە هۆکارە گرنگەکانە بۆ ئەوەی بەرهەمەکانیان بە شێوەی بەستوو بۆ کاتێکی پێویست دوا بخرێت و دواتر ڕەوانەی بازاڕەکان بکرێت.

ژمارەی کێڵگەکانی پەلەوەر بۆ ساڵی 2018 نزیکەی 1،467 کێڵگە دەبێت، ئەم ژمارەیە بۆ ساڵی 2021 بە ڕێژەی نزیکەی 18% بەرز دەبێتەوە و دەبێتە 1,741 کێڵگە. داتاکان بە پێی مۆڵەتی فەرمی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو هەژمار کراوە و ژمارەی کێڵگەی کارکردوو لە نێوانیاندا دیاری نەکراوە.

بە هەمان شێوە کێڵگەکانی مریشکی هێلکەی خواردن لە 2018 بۆ 2021 بە ڕێژەی 81% زیادی کردووە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە کەرتی پەلەوەر لە هەرێمی کوردستان بووەتە جێگای بایەخ و گرنگی خاوەن کێڵگەکان و ئەمەش کاریگەری دەبێت لە سەر بووژانەوەی ئابووری هەرێمی کوردستان بە مەرجێک کە لایەنی پەیوەندیدار ئاسانکاریان بۆ بکات لە ڕووی بە بازاڕکردن و تێچووەکانی بەخێوکردن وەکوو (دەرمان، سووتەمەنی، ئالیک)...هتد.

خشتەی 6 :پرۆژەکانی کێڵگەی پەلەوەر لە سەر ئاستی پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان 2021

| پارێزگا | پەلەوەری گۆشت | | مریشکی هێلکەی خواردن | | سەربڕخانەی پەلەوەر | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارەی پرۆژە | توانا/(جوجکە/وەجبە) | ژمارەی پرۆژە | توانا/(هێلکە/ساڵ) | ژمارەی پرۆژە | توانا/(مریشك/ کاتژمێر) |
| **هەولێر** | 540 | 8,626,120 | 11 | 1,534,985,900 | 4 | 18,000 |
| **سلێمانی** | 690 | 11,361,705 | 4 | 337,770,000 | 2 | 7,000 |
| **دهۆک** | 328 | 5,375,275 | 4 | 681,392,000 | 3 | 12,500 |
| **هەڵەبجە** | 34 | 436,820 | - | - | - | - |
| **گەرمیان** | 149 | 1,683,000 | 1 | 3,150,000 | 1 | 1,400 |
| **هەرێمی کوردستان** | 1,741 | 27,482,920 | 20 | 2,557,297,900 | 10 | 38,900 |

بە پێی داتاکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی سامانی ئاژەڵ و ڤێتێرنەری لە ساڵی2021 ، زۆرترین کێڵگەی پەلەوەری گۆشت دەکەوێتە پارێزگای سلێمانی کە 690 کێڵگە لە خۆ دەگرێت بە توانای بەخێوکردنی 11,361,705 جوجکە لە وەجبەیەکدا، بە پلەی دووەم پارێزگای هەولێر دێت کە 540 کێڵگەی پەلەوەری هەیە و توانای بەخێوکردنی 8,626,120 جوجکەی هەیە لە وەجبەیەکدا و پارێزگای دهۆک 328 کێڵگە و توانای بەخێوکردنی 5,375,275 جوجکە و ئیدارەی گەرمیان 149 کێڵگە و توانای بەخێوکردنی 1,683,000 جوجکەی هەیە، و کەمترین ژمارەی کێڵگەی پەلەوەر دەکەوێتە پارێزگای هەڵەبجە بە 34 کێڵگە و توانای بەخێوکردنی 436,820 جوجکە لە ساڵێکدا. سەبارەت بە کێڵگەکانی مریشکی هێلکەی خواردن، زۆرترین کێڵگە دەکەوێتە پارێزگای هەولێر بە 11 کێڵگە و هەریەک لە پارێزگای سلێمانی و دهۆک 4 کێڵگەیان هەیە و ئیدارەی گەرمیان 1 کێڵگە و پارێزگای هەڵەبجە هیچ کێڵگەیەکی مریشکی هێلکەی خواردنی تێدا نییە.

و لە سەر ئاستی پارێزگاکان پارێزگای هەولێر 4 سەربڕخانە و پارێزگای دهۆک 3 سەربڕخانە و پارێزگای سلێمانی 2 سەربڕخانە و ئیدارەی گەرمیان 1 سەربڕخانەی هەیە، بەڵام پارێزگای هەڵەبجە هیچ سەربڕخانەیەکی پەلەوەری تێدا نییە.

## پرۆژەکانی ئاژەڵداری

هەموو پرۆژەیەکی فەرمی مۆڵەت پێدراو ، بەخێوکردن و قەڵەوکردن و پرۆژەکانی مانگای شیر و گامێش دەگرێتەوە کە لە چوارچێوەی شوێنێکی دیاری کراودا خاوەن داری دەکرێت و ئەو ئاژەڵانە ناگرێتەوە کە خاوەنەکانیان لە ژینگەیەکی کراوەدا لە لەوەڕگاکان و پاوانەکانی هەرێمی کوردستان بە شێوەی کۆمەڵ یان تاک بەخێویان دەکەن، بۆیە ئەم ئاژەڵانەی کە بە شێوەی کۆمەڵ یان تاك لە لایەن هاوڵاتییان بەخێو دەکرێن لە ڕووی ژمارە بەجیا هەژمار دەکرێن و داتاکانیان تێکەڵ بە ئاژەڵی ناو پرۆژەکان نابێت.

خشتەی 7 : پرۆژەکانی ئاژەڵداری لە هەرێمی کوردستان 2018 – 2021

| ساڵ | بەخێوکردنی مەڕوبزن | | بەخێوکردنی مانگای شیر | | بەخێوکردنی گامێش | | قەڵەوکردنی گۆلك | | قەڵەوکردنی بەرخ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ.پرۆژە | توانا/سەر | ژ.پرۆژە | توانا/سەر | ژ.پرۆژە | توانا/سەر | ژ.پرۆژە | توانا/سەر | ژ.پرۆژە | توانا/سەر |
| **2018** | 70 | 18,807 | 72 | 7,759 | 1 | 75 | 50 | 9,040 | 7 | 2,210 |
| **2019** | 72 | 18,335 | 73 | 8,719 | 1 | 75 | 59 | 19,909 | 6 | 2,110 |
| **2020** | 75 | 22,760 | 81 | 10,732 | 1 | 75 | 74 | 31,341 | 6 | 2,066 |
| **2021** | 74 | 22,160 | 81 | 11,110 | 1 | 75 | 86 | 65,373 | 7 | 2,166 |

سامانی ئاژەڵ وەکوو بەشێکی گرنگی کەرتی کشتوکاڵی بایەخی زۆری هەیە بۆ دابین کردنی گۆشت و شیر و بەرهەمەکانی. لە هەرێمی کوردستان بە هۆی هەبوونی لەوەڕگا و پاوان، دەرفەتێکی گونجاو بۆ بەخێوکردنی ئاژەڵ ڕەخساوە بۆ ئەوەی بتوانرێت گەشە بەم کەرتە بدرێت و سوود لە بەرهەمەکانی وەربگیرێت.

بەشێک لە پرۆژەکانی سامانی ئاژەڵ لە هەرێمی کوردستان بریتییە لە پرۆژەکانی ئاژەڵداری وەکوو بەخێوکردنی مەڕ و بزن و مانگای شیر و قەڵەوکردنی گۆلک و بەرخ، لە ساڵی 2018 تاوەکوو 2021 ، بەخێوکردنی مەڕ و بزن و مانگای شیر تا ڕادەیەک گەشەی کردووە، بە تایبەت لە پرۆژەکانی قەڵەوکردنی گۆلک گەشەیەکی بەرچاو دەبینرێت و ژمارەیان زۆر زیادی کردووە بە ڕێژەی 72%(خشتەی سەرەوە).

خشتەی 8:پرۆژەکانی ئاژەڵداری لە سەر ئاستی پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان 2021

| پارێزگا | بەخێوکردنی مەڕوبزن | | بەخێوکردنی مانگای شیر | | بەخێوکردنی گامێش | | قەڵەوکردنی گۆلک | | قەڵەوکردنی بەرخ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ.پرۆژە | توانا/سەر | ژ.پرۆژە | توانا/سەر | ژ.پرۆژە | توانا/سەر | ژ.پرۆژە | توانا/سەر | ژ.پرۆژە | توانا/سەر |
| **هەولێر** | 23 | 5,799 | 44 | 6,595 | - | - | 42 | 14,880 | 1 | 550 |
| **سلێمانی** | 6 | 1,545 | 19 | 1,530 | - | - | 18 | 4,283 | - | - |
| **دهۆک** | 44 | 14,516 | 15 | 2,415 | 1 | 75 | 24 | 45,710 | 4 | 1,360 |
| **هەڵەبجە** | - | - | 2 | 470 | - | - | 1 | 100 | 1 | 156 |
| **ئیدارەی گەرمیان** | 1 | 300 | 1 | 100 | - | - | 1 | 400 | 1 | 100 |
| **هەرێمی کوردستان** | 74 | 22,160 | 81 | 11,110 | 1 | 75 | 86 | 65,373 | 7 | 2,166 |

پرۆژەکانی ئاژەڵداری لە خشتەی سەرەوەدا لە سەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان خراوەتە ڕوو. لەم خشتەیەدا تەنیا ئەم ئاژەڵانە نیشان دەدات کە لە چوارچێوەی پرۆژەیەکی فەرمی ڕێگەپێدراو بەخێو دەکرێن و خاوەنەکانیان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی سامانی ئاژەڵ و ڤێتێرنەری لە هەرێمی کوردستان ناویان تۆمارکراوە.
بۆیە ئەم ئاژەڵانەی کە بە شێوەی کۆمەڵ یان تاک لە لایەن هاووڵاتییان بەخێو دەکرێن لە ڕووی ژمارە بە جیا هەژمار دەکرێن و داتاکانیان تێکەڵ بە ئاژەڵی ناو پرۆژەکان نابێت.

زۆرترین پرۆژەی بەخێوکردنی مەڕ و بزن دەکەوێتە پارێزگای دهۆک لە ساڵی 2021 کە ژمارەیان 44 پرۆژە دەبێت، و پارێزگای هەولێر بە پلەی دووەم دێت بە 23 پرۆژە و پارێزگای سلێمانی 6 پرۆژە و ئیدارەی گەرمیان 1 پرۆژە و پارێزگای هەڵەبجە خاوەنی هیچ پرۆژەیەکی بەخێوکردنی مەڕ و بزن نییە.
بەشێکی تر لە پرۆژەکانی ئاژەڵداری بریتییە لە بەخێوکردنی مانگای شیر، و زۆرترین پرۆژە دەکەوێتە پارێزگای هەولێر کە ژمارەیان 44 پرۆژەیە، و بە پلەی دووەم پارێزگای سلێمانی دێت بە 19 پرۆژە و پاشان پارێزگای دهۆک 15 پرۆژە و پارێزگای هەڵەبجە 2 پرۆژە و لە ئیدارەی گەرمیان 1 پرۆژە هەیە.

سەبارەت بە پرۆژەی بەخێوکردنی گامێش، لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان تەنیا پارێزگای دهۆک خاوەنی 1 پرۆژەیە بە توانای بەخێوکردنی 75 سەر و لە پارێزگاکانی تر هیچ پرۆژەیەکی بەخێوکردنی گامێش بوونی نییە.

بە گشتی زۆرترین پرۆژەی سامانی ئاژەڵ لە هەرێمی کوردستان دەکەوێتە پارێزگای هەولێر، کۆی گشتی پرۆژەکان لەم پارێزگایەدا بریتییە لە 110 پرۆژە و پارێزگای دهۆک 88 پرۆژە و پارێزگای سلێمانی 43 پرۆژە و هەریەک لە پارێزگای هەڵەبجە و ئیدارەی گەرمیانیش 4 پرۆژەیان هەیە.

خشتەی 9 : ژمارەی ئاژەڵی مەڕ و بزن و مانگا و گامێش لە سەر ئاستی پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان 2021

| پارێزگا / جۆری ئاژەڵ | مەڕ | بزن | مانگا | گامێش |
|---|---|---|---|---|
| **هەولێر** | 631,381 | 386,934 | 93,029 | - |
| **سلێمانی** | 1,145,610 | 410,992 | 161,971 | 768 |
| **دهۆک** | 953,000 | 345,000 | 44,300 | - |
| **هەڵەبجە** | 97,750 | 10,303 | 20,823 | - |
| **ئیدارەی گەرمیان** | 526,958 | 71,854 | 9,617 | 855 |
| **هەرێمی کوردستان** | 3,354,699 | 1,225,083 | 329,740 | 1,623 |

بە پێی داتاکانی بەڕێوەبەرایەتی سامانی ئاژەڵ و ڤێتێرنەری لە هەرێمی کوردستان، کۆی ژمارەی ئاژەڵەکان بە هەموو جۆرەکانییەوە (مەڕ، بزن، مانگا، گامێش) نزیکەی 4,911,000 سەر ئاژەڵە. هەروەها مەڕ بە بەراورد لەگەڵ ئاژەڵەکانی تر زۆرترین ژمارەی هەیە بە ڕێژەی 68.31% و بە پلەی دووەم بزن زۆرترین ژمارەی هەیە بە نزیکەی 1,225,000 سەر و بە ڕێژەی 29.94% و مانگا بە ڕێژەی 6.71% و گامێش کەمترین ڕێژەی هەیە بە بەراورد لەگەڵ ئاژەڵەکانی تر کە ژمارەکەی دەگاتە نزیکەی 1,623 سەر و بە ڕێژەی 0.03%، هەروەها جێگای ئاماژەیە کە گامێش لەساڵی 2017 تاوەکوو ساڵی 2021 ژمارەکەی بە شێوەیەکی بەرچاو کەمی کردووە بە ڕێژەی نزیکەی 48% کە ئەمەش ڕێژەیەکی زۆرە لە ماوەی 5 ساڵدا و پێویست دەکات هەوڵ بدرێت بۆ پاراستنی ئەم جۆرە ئاژەڵە بە دابین کردنی پێویستییەکانی بەخێوکردن وەکوو(ئاو، ئالیک).
لە سەر ئاستی پارێزگاکان، پارێزگای سلێمانی لە کۆی گشتی بۆ هەموو جۆرەکانی ئاژەڵ بە پلەی یەکەم دێت بە ڕێژەی 35% و پارێزگای دهۆک بە پلەی دووەم دێت بە ڕێژەی 27% و پارێزگای هەولێر بە ڕێژەی 23% و ئیدارەی گەرمیان 12% و کەمترین ژمارەی ئاژەڵ دەکەوێتە پارێزگای هەڵەبجە بە ڕێژەی 3%.
وەکوو ئەوەی لە خشتەی سەرەوە نیشان دراوە مەڕ و بزن لە رووی ژمارە زۆرترین ئاژەڵە لە هەرێمی کوردستان کە ژمارەیان لە ساڵی 2021 دەکاتە 3،354،699 و 1،225،083سەر یەك لە دوای یەك و لە بەرامبەردا گامێش کەمترین ژمارەی هەیە کە دەکاتە 1،623 سەر.

## پرۆژەکانی ماسی

پرۆژەکانی ماسی، حەوزەکانی بەخێوکردنی ماسی و بڕی بەرهەمی گۆشتی ماسی بە هەموو جۆرەکانی دەگرێتەوە و گرنگی زیاتری پێ دەدرێت بە هۆی سەلامەتی بەکارهێنانی گۆشتەکەی بە بەراورد لەگەڵ گۆشتی سوور.

خشتەی 10: پرۆژەکانی سامانی ماسی لە هەرێمی کوردستان 2019 – 2021

| ساڵ | پرۆژەی حەوزی خۆڵی | | پرۆژەی حەوزی کۆنکرێت | | پرۆژەی حەوزی قەفەس | | پرۆژەی حەوزی داخراو | | کۆی پرۆژەکان | توانای گشتی پرۆژەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | توانا تۆن/ساڵ | ژمارە | توانا تۆن/ساڵ | ژمارە | توانا تۆن/ساڵ | ژمارە | توانا تۆن/ساڵ | ژمارە | تۆن/ساڵ |
| **2019** | 351 | 905 | 16 | 1,237 | 22 | 690 | 4 | 202 | 393 | 3,034 |
| **2020** | 358 | 966 | 16 | 1,237 | 22 | 690 | 4 | 202 | 400 | 3,095 |
| **2021** | 360 | 983 | 16 | 1,237 | 24 | 763 | 4 | 202 | 404 | 3,185 |

سامانی ماسی لە هەرێمی کوردستان وەکوو بەشێکی تر لە سامانی ئاژەڵی بوونی هەیە و لە ماوەی ڕابردوودا بە هۆی خواستی زورتر لە لایەن هاوڵاتییانەوە بە بەراورد بە گۆشتی ئاژەڵی بووە جێگای بایەخی هاووڵاتییان و بەم هۆکارە دەرفەتێکی زیاتر هاتە پێشەوە بۆ ئەوەی کارکردن لەم کەرتە فراوانتر بکرێت. بە پێی داتاکان کە لە بەرێوەبەرایەتی گشتی سامانی ئاژەڵ و ڤێتێرنەری هەرێمی کوردستان وەرگیراوە، پرۆژەکانی ماسی تا ڕادەیەک لە جۆری حەوزی خۆڵی زیادی کردووە کە یەکێک لە هۆکارەکان بۆ زیادبوونیان کەمی تێچوونی پرۆژەکەیە.

کۆی گشتی پرۆژەکانی سامانی ماسی لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2021 بە هەموو جۆرەکانی (حەوزی خۆڵی و کۆنکرێتی و قەفەس و داخراو) دەکاتە 404 پرۆژە و پرۆژەکان لە جۆری حەوزی خۆڵی زۆرترن ژمارەیان هەیە بە بەراورد لەگەڵ پرۆژەکانی تر بە جۆرێک کە ڕێژەی پرۆژەکانی حەوزی خۆڵی بۆ ساڵی 2021 لە سەر ئاستی هەرێم دەکاتە 89% و حەوزی قەفەس کە ئەم جۆرە تەنیا لە ناو دەریاچە و ڕووبارەکان دروست دەکرێت بۆ ئەوەی ئاو بە شێوەیەکی بەردەوام هاتووچۆ بکات بە پلەی دووەم دێت بە ڕێژەی نزیکەی 6% و حەوزی کۆنکرێتی نزیکەی 4% و حەوزی داخراویش بە نزیکەی 1% ی پرۆژەکانی سامانی ماسی لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان پێک دەهێنێت. بەرهەمی گۆشتی ماسی بۆ ساڵی 2020 نزیکەی 10,738 تۆن دەبێت لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان، هەروەها پارێزگای هەڵەبجە بە هۆکاری نەبوونی داتای سەربەخۆ داتاکانی لەگەڵ پارێزگای سلێمانی خراوەتە ڕوو.

خشتەی 11 :پرۆژەکانی سامانی ماسی لە سەر ئاستی پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان 2021

| پارێزگا | پرۆژەی حەوزی خۆڵی | | پرۆژەی حەوزی کۆنکرێت | | پرۆژەی حەوزی قەفەس | | پرۆژەی حەوزی داخراو | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | توانا تۆن/ساڵ | ژمارە | توانا تۆن/ساڵ | ژمارە | توانا تۆن/ساڵ | ژمارە | توانا تۆن/ساڵ |
| **هەولێر** | 176 | 319 | 4 | 138 | 1 | 18 | 3 | 192 |
| **سلێمانی** | 74 | 265 | 8 | 685 | 11 | 594 | 1 | 11 |
| **دهۆك** | 43 | 109 | 4 | 413 | 10 | 121 | 0 | 0 |
| **ئیدارەی گەرمیان** | 67 | 289 | 0 | 0 | 2 | 28 | 0 | 0 |
| **هەرێمی کوردستان** | 360 | 982 | 16 | 1,236 | 24 | 761 | 4 | 203 |

لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان، 360 پرۆژەی ماسی لە جۆری حەوزی خۆڵی هەیە کە لەم ژمارەیە زۆرترین ڕێژەی دەکەوێتە پارێزگای هەولێر بە ڕێژەی 49% و پارێزگای سلێمانی 20% ی پرۆژەکان و ئیدارەی گەرمیان 19% و پارێزگای دهۆک 12%ی پرۆژەکانی حەوزی خۆڵی لە خۆ دەگرێت، هەروەها لە کۆی 16 پرۆژە لە جۆری حەوزی کۆنکرێتی 50% ی دەکەوێتە پارێزگای سلێمانی و پارێزگای هەولێر و پارێزگای دهۆک بۆ هەر یەکێکیان ڕێژەکە دەکاتە 25% و ئیدارەی گەرمیان بۆ ئەم جۆرە پرۆژەیە هیچ حەوزێکی نییە، هەروەها لە کۆی 24 پرۆژە لە جۆری حەوزی قەفەس لە هەرێمی کوردستان 46% ی پرۆژەکان دەکەوێتە پارێزگای سلێمانی و 42% ی دەکەوێتە پارێزگای دهۆک و 8% ی دەکەوێتە ئیدارەی گەرمیان و کەمترین پرۆژە دەکەوێتە پارێزگای هەولێر بە ڕێژەی 4%، هەروەها لە کۆی 4 پرۆژەی حەوزی داخراو، تەنیا پارێزگای هەولێر و سلێمانی خاوەنی ئەم جۆرە پرۆژەیەن بە ڕێژەی 75% و 25% یەك لە دوای یەك و پارێزگاکانی تر خاوەنی ئەم جۆرە نین. سەبارەت بە پارێزگای هەڵەبجە بە هۆکاری نەبوونی داتای سەربەخۆ داتاکانی لەگەڵ پارێزگای سلێمانی هەژمار کراوە.

## سەرچاوەکانی ئاو


داتای سەرچاوە ئاوییەکان بەشێکی تری داتاکانی بەشی کشتوکاڵ و ژینگە پێکدەهێنێت کە گرنگی و بایەخی تایبەتی خۆیان هەیە لە ڕووی خستنەڕووی بارودۆخی ئاوی سەرزەوەی و ئاوی ژێرزەوی کە کاریگەریان دەبێت لە سەر ئاسایشی ئاو لە هەرێمی کوردستان. داتاکانی سەرچاوە ئاوییەکان بریتین لە ژمارەی ڕووبارەکان و درێژییەکەیان و ژمارەی بەربەستی خاکی بۆ گلدانەوەی ئاو بە شێوەیەکی وەرزی و کاتی لەگەڵ دەریاچەکان و توانای گلدانەوەی ئاوەکانیان هەروەها بیرەکانی ئیرتیوازی و ئاسایی (بایل) بە هەموو جۆرەکانیان لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان.

خشتەی 12 :ڕووبار و قەبارەی داهاتی ئاوەکانیان لە هەرێمی کوردستان 2021

| ژمارە | ڕووبار/لق | ڕووبەری ئاوڕێژ/کم$^2$ | درێژی(کم) | داهاتی ئاو بۆ ساڵی 2021 ملیار م$^3$ | ڕێژەی داهات | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | ئاو عێراق | دەرەوەی عێراق |
| 1 | **خابوور** | 6,240 | 160 | 1.6 | 42% | 58% |
| 2 | **فیشخابوور** | 54,900 | 1,840 | 2.5 | 0% | 100% |
| 3 | **زێ ی گەورە** | 26,470 | 473 | 5.2 | 58% | 42% |
| 4 | **زێ ی بچوك** | 22,250 | 456 | 1.9 | 64% | 36% |
| 5 | **سیروان(دیالە)** | 32,000 | 386 | 0.74 | 41% | 59% |

بە پێی داتاکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی سەرچاوەکانی ئاو، لە هەرێمی کوردستان 5 ڕووباری سەرەکی هەیە کە هەر یەکێکیان ڕووبەری ئاوڕێژ و درێژییەکی تایبەت بە خۆی هەیە. ئاوی ئەم 5 ڕووبارە بە هۆکاری کەمی ڕێژەی باران و کاریگەرییەکانی وشکە ساڵی لە ناوچەکەدا، ساڵانە بە ڕێژەیەکی زۆر کەم دەکات. لە ساڵی 2016 ، تێکڕای ئاوی ساڵانەیان نزیکەی 36 ملیار م$^3$ بووە، بەڵام بۆ ساڵی 2021 ڕێژەی ئاوەکانی زۆر کەم کردووە و تاوەکوو گەیشتووەتە نزیکەی 12 ملیار م$^3$ کە ئەمەش بە نزیکەی 66% کەمی کردووە.


شێوەی 4: جیاوازی داهاتی ئاوی ڕووبارەکان لە 2016 و بەراوودکردنی ئاوەکانیان لە 2021



وەکوو لە شێوەکە دا دیارە، لە ساڵی 2016، داهاتی ئاوی ڕووباری زێی گەورە گەیشتووەتە نزیکەی 9.5 ملیار م$^3$ بەڵام بۆ ساڵی 2021، ئەم ڕێژەیە کەم دەبێت بۆ 5.2 ملیار م$^3$ کە ئەمەش بە نزیکەی 45%ی ئاوەکەی کەمی کردووە، هەروەها ڕووباری زێ ی بچووک نزیکەی 66% ی ئاوەکەی کەمی کردووە و ئاوی سیروانیش بە ڕێژەی نزیکەی 82% کەمی کردووە. ئاوی خابوور لە ساڵی 2016، بڕەکەی 2.83 ملیار م$^3$ بووە، بەڵام بۆ ساڵی 2021، ئاوەکەی بە ڕێژەی 43% کەمی کردووە بۆ 1.6 ملیار م$^3$. بەڵام جیاواز لەم 4 ڕووبارەی باس کران، ئاوی ڕووباری فیشخابوور بە شێوەیەکی زۆر مەترسیدار کەمی کردووە بە جۆرێک لە ساڵی 2016 بڕەکەی 13.66 ملیار م$^3$ بووە بەڵام لە ساڵی 2021 ئەم بڕە کەم دەبێتەوە بۆ 2.5 ملیار م$^3$ واتە بە ڕێژەی 81% ئاوەکەی کەمی کردووە.

ئەم ڕێژە زۆرە لە کەمبوونەوەی ئاوی ڕووبارەکان بە هۆکاری وشکە ساڵی و کەمی ڕێژەی باران بارین ڕوو دەدات، جگە لە دروست کردنی بەربەستی ئاوی لە لایەن وڵاتانی تورکیا و ئێران کە ئەویش کاریگەری زۆری هەیە لە سەر کەمبوونەوەی ئاوی ڕووباری فیشخابوور و سیروان کە لە داتاکان خراوەتە ڕوو کە بە چ ئەندازەیەکی زۆر ئاوی ئەم دوو ڕووبارە کەمی کردووە، و ئەگەری ئەوەی هەیە کە لە داهاتوودا ئاوەکانیان زۆر زیاتر لە ئێستا کەم ببێتەوە و گرفتی کەمی ئاو زیاتر بکات.

شێوەی 5 :ڕێژەی بیرەکانی مۆڵەت پێدراو لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2021




بە پێی داتای بەڕێوەبەرایەتی گشتی سەرچاوەکانی ئاو، لە هەرێمی کوردستان 24,310 بیری مۆڵەت پێدراو هەیە بە هەموو جۆرەکانییەوە، و لە کۆی گشتی بیرەکان لە هەرێمی کوردستان، 12,374 بیر بۆ مەبەستی ئاوی خواردنەوە و 10,986 بیر بۆ مەبەستی کشتوکاڵی و 950 بیر بۆ مەبەستی پیشەسازی بەکار دێت.

خشتەی 13 : ژمارەی بیرەکانی مۆڵەت پێدراو لە سەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان 2021

| پارێزگا | بیری ئاو خواردنەوە | بیری کشتوکاڵی | بیری پرۆژە پیشەسازیەکان | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| هەولێر | 4,220 | 4,831 | 164 | 9,215 |
| سلێمانی | 6,170 | 3,028 | 488 | 9,686 |
| دهۆک | 1,477 | 2,017 | 119 | 3,613 |
| ئیدارەی گەرمیان | 507 | 1,110 | 179 | 1,796 |
| هەرێمی کوردستان | 12,374 | 10,986 | 950 | 24,310 |

لە سەر ئاستی پارێزگاکان، بۆ هەر سێ جۆر بیر کە لە خشتەی 13 نیشان دراوە، 38% ی بیرەکان دەکەوێتە پارێزگای هەولێر و 40% دەکەوێتە پارێزگای سلێمانی و 15% دەکەوێتە پارێزگای دهۆک و 7% دەکەوێتە ئیدارەی گەرمیان.

هەروەها تا کۆتایی ساڵی 2016، نزیکەی 22,560 بیری بێ مۆڵەت هەڵکەنراوە کە لەم ژمارەیە 380 بیر لە پارێزگای هەولێر و 17,910 بیر لە پارێزگای سلێمانی و 250 بیر لە پارێزگای دهۆک و 600 بیر لە سنووری ئیدارەی گەرمیان تۆمارکراون، کە لە ئێستادا ژمارەیەکیان بە هۆی دابەزینی ئاستی ئاوی ژێرزەوی ووشکیان کردووە.

بە هۆکاری نەبوونی داتای سەربەخۆ پارێزگای هەڵەبجە لەگەڵ پارێزگای سلێمانی هەژمار کراوە.

بە پێی داتای تیمەکانی پێوانەی ئاستی ئاوی ژێرزەوی لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی ئاوی ژێرزەوی بۆ ساڵی 2021، ئاستی ئاوی ژێرزەوی لە زۆربەی حەوزەکان بە هەر دوو جۆری دەنکۆڵەیی و کارستی بەردەوام لە دابەزین دایە، لە هەندێک حەوزی کارستی کە بیرەکانی ڕاستەوخۆ لە سەر هێڵی گەیشتن بە ئاو (Contact line) هەڵکەنرابوون و قووڵییان (100م – 120 م) بووە وشکیان کردووە و لە ئێستادا دەبێت لە قووڵی (150م) بگەیت بە هێڵی گەیشتن بە ئاو (Contact line) پاشان دەبێت بە قووڵی (120م) هەڵبکەنرێت ئینجا بیرەکە بەرهەمی دەبێت.

بۆ نموونە حەوزی پیرمام کە بیری جێگرەوە لە جیاتی زۆربەی بیرەکان هەڵکەنراوە و ئەوانەشی کە ماون ئاستی ئاوەکانیان دابەزیوە وەکوو بیری (کۆرێ/3) لە ساڵی 2000 لە قووڵی (130م) دا ئاستی ئاوی وەستاو(8.14) مەتر بووە بەڵام لە 2021 لە هەمان قووڵاییی، ئاوی وەستاو دابەزیوە بۆ (71.58 م) واتە (63.44 م) دابەزیوە، بیری (ئەرماوان/1) لە قووڵی (112 م) ئاستی ئاوی وەستاو لە (27.90 م) دابەزیوە بۆ (53.49 م) واتە (25.59 م) دابەزیوە.

سەبارەت بە حەوزە دەنکۆڵەییەکان لە بەشی ناوەڕاست و باکووری دەشتی هەولێر، ئاوی ژێر زەوی بە شێوەیەکی زۆر مەترسیدار دابەزیوە وەکوو نموونە لە بەشی باکوور، بیری مەلائۆمەر ئاوی وەستاوی بە بەراورد بە ساڵی 2000 نزیکەی (98م) دابەزیوە و (بیری قوشتەپە/12) ئاوی وەستاوی بە بەراورد بە 2001 نزیکەی (104 م) دابەزیوە.

لە پارێزگای دهۆک حەوزی (بەردەرەش – ئاکرێ) زیاتر لە (150) بیری هەڵقوڵاوی سروشتی هەبوو لە ئێستادا هەڵقوڵاوی سروشتیان نەماوە و ترۆمپا بە کار دەهێنرێت بۆ دەرهێنانی ئاوەکانیان، و ئەوانەی کە ماون بەرهەمیان زۆر کەم بووە وەک بیری (سەرکیزە) لە قووڵی (200 م) لە ساڵی 2004 ئاوی وەستاوی (24) م بووە تاوەکوو 2021 ئاوی وەستاوی گەیشتووە بە (34.1 م) واتە (10.1 م) دابەزیوە.

سەبارەت بە پارێزگای سلێمانی، حەوزی دەشتی شارەزوور، زۆربەی بیرەکانی هەڵقووڵاوی سرووشتی ئاستی ئاوەکانیان دابەزیوە و بەرهەمیان کەم بووە، وەکوو نموونە بیری چەق چەق لە سەرچنار لە قووڵی (400 م) لە 2012 ئاستی ئاوی وەستاوی(21.31)م بووە بەڵام لە 2021 دابەزیوە بۆ (23.92) واتە (2.61م) دابەزیوە، هەروەها بیری هەواری شار کە قوولیەکەی(121)م بووە ئاستی ئاوەکەی لە (11.72م) بۆ (17.04 م) دابەزیوە واتە (5.3 م) دابەزیوە.


لێرەدا وەکوو لە داتاکانی سەرەوە ڕوون کراوەتەوە ئاستی ئاوی ژێر زەوی لە پارێزگای هەولێر بە ڕێژەیەکی زۆر دابەزیوە بە تایبەتی لە قەزای ناوەند و قەزای دەشتی هەولێر کە ئاوی بیرەکانی بە بەراورد لەگەڵ شوێنەکانی تر بە ئەندازەیەکی زۆر دابەزیوە.

بۆیە لە ژێر ڕۆشنایی ئەم نیشاندرانە پێویست دەکات لە ئێستادا خەمی داهاتوومان هەبێت و کار بکەین بۆ پلانێکی گونجاو بۆ بەرەنگاربوونەوەی قەیرانی ئاو لە هەرێمی کوردستان. و دەبێت سوود وەربگرین لە سەرچاوە ئاوییەکان بە دروست کردنی بەربەستی ئاوی بۆ گلدانەوەی ئاوی ڕووبارەکان و دروست کردنی کەناڵی کۆنکرێتی بۆ گواستنەوەی ئاو لە دەریاچە و ڕووبارەکان، هەروەها بەکارهێنانی ئامێری پێشکەوتوو بۆ ئاودانی بەروبوومەکانی کشتوکاڵی لە جیاتی ئاودان بە شێوازی کۆن، و چەندین ڕێکاری تری زانستی بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی وشکە ساڵی، هەروەها دوور کەوتنەوە لە بە فیڕۆدانی ئاو کە بە پێی داتای بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاو و ئاوەڕۆ لە هەرێمی کوردستان 30% ئاوی خواردنەوە بە فیڕۆ دەچێت.

## باران بارین

بریتیە لە ڕێژەی کۆکراوەی باران لە دوای بارین لە شوێنە جیاوازەکان بە پێی کەش و هەوا و شوێنی جوگرافی کە لە وێستەگەکانی کەش ناسی پێوانە دەکرێت.

شێوەی 6 :ڕادەی باران بارین(ملم) لە 2012 – 2021 لە هەرێمی کوردستان




بە پێی داتاکانی بەڕێوەبەرایەتی کەشناسی و بوومەلەرزەی هەرێمی کوردستان، لە ماوەی 10 ساڵی ڕابردوودا، ڕێژەی باران بارین جیاوازی زۆری بە خۆیەوە بینیوە. ساڵەکانی 2012 – 2015، ئاستەکانی باران بارین تا ڕادەیەک لە یەکتر نزیکن، بەڵام ساڵەکانی 2018 و 2019 بە دوایەکدا ئاستی باران بارین نزیکەی 893 ملم و 819 ملم بووە کە ئەمەش ڕادەیەکی زۆرە بەراورد بە ساڵەکانی تر و ساڵی 2021 کەمترین ئاستی تۆمار کردووە کە نزیکەی 236 ملم بووە.

خشتەی 14 : ڕادەی باران بارین( ملم) لە سەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان 2012 – 2021

| ساڵ | هەولێر | دهۆك | سلێمانی | هەڵەبجە | هەرێمی کوردستان |
|---|---|---|---|---|---|
| 2012 | 366.4 | 529.2 | 683.2 | | 526.3 |
| 2013 | 431.8 | 729.4 | 624.7 | 552.6 | 584.6 |
| 2014 | 388.6 | 699.1 | 685.9 | 359.6 | 533.3 |
| 2015 | 422.3 | 505.8 | 791.2 | 612 | 582.8 |
| 2016 | 375.8 | 511.1 | 655.3 | 379.2 | 480.4 |


| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 2017 | 265.6 | 358.4 | 484.8 | 398.4 | 376.8 |
| 2018 | 733.6 | 953 | 1235.2 | 653.3 | 893.8 |
| 2019 | 602 | 909.4 | 1028 | 739 | 819.6 |
| 2020 | 417.2 | 696 | 739.7 | 503.2 | 589.0 |
| 2021 | 196.2 | 231.7 | 291.9 | 226.8 | 236.7 |

**تێبینی: لەساڵی 2012 ڕادەی باران بارین لە پارێزگای هەڵەبجە لەگەڵ پارێزگای سلێمانی تۆمارکراوە .**

بەرزترین ڕادەی باران بارین لە ساڵی 2012 لە پارێزگای سلێمانی تۆمار کراوە کە دەکاتە نزیکەی 683.2 ملم و نزمترین ڕادەش دەکەوێتە پارێزگای هەولێر کە نزیکەی 366.4 ملم تۆمار کراوە و ساڵی 2021 بەرزترین ڕادە دەکەوێتە پارێزگای سلێمانی و نزمترین ڕادەش دەکەوێتە پارێزگای هەولێر. وەکوو لە خشتەکەدا دیارە زۆرترین ڕادەی باران بارین دەکەوێتە پارێزگای سلێمانی ، لە دوای ئەودا پارێزگای دهۆک، پاشان پارێزگای هەڵەبجە و کەمترین ڕێژەی باران بارین دەکەوێتە پارێزگای هەولێر.

لە ماوەی 10ساڵدا لە نێوان ساڵی 2012 تاوەکوو 2021، زۆرترین ڕادەی باران بارین بۆ گشت پارێزگاکان دەکەوێتە ساڵی 2018 کە بارانێکی مسۆگەر تێدا باریوە و بەهۆیەوە سەرچاوەکانی ئاو و کەرتی کشتوکاڵی بووژانەوەیەکی زۆری بە خۆیەوە بینی.

**نەخشەی6: ڕادەی باران بارین( ملم) لە سەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لەساڵی 2021**



## پلەی گەرمی

بریتیە لە تۆمارکردنی پلەکانی گەرما بە درێژایی مانگەکانی ساڵ کە بە بەردەوامی لە گۆڕاندایەو بە ئامێری ثێرمۆمەتر پێوانە دەکرێ لە وێستگەکانی تۆمارکردنی کەش و هەوا و بەچەند یەکەیەکی جیاواز پێوانە دەکرێت کە گرنگترینیان بریتین لە پلەی سەدی و فارنهایت ، بەڵام پلەی سەدی ڕەزامەندی جیهانی لەسەرە و زۆر بەکاردێت.

خشتەی 15 : پلەی گەرمی لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵەکانی (2021-2018)

| ساڵ | هەولێر | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | پلەی گەرمی | مانگەکان | | | | | | | | | | | |
| | | کانونی دووەم | شوبات | ئازار | نیسان | ئایار | حوزەیران | تەموز | ئاب | ئەیلول | تشرینی یەکەم | تشرینی دووەم | کانونی یەکەم |
| 2018 | نزمترین | 6.60 | 8.10 | 13.50 | 15.70 | 20.60 | 25.70 | 28.90 | 27.60 | 25.40 | 20.90 | 12.20 | 8.60 |
| | بەرزترین | 14.70 | 16.70 | 23.20 | 26.70 | 31.00 | 37.90 | 42.00 | 41.50 | 38.30 | 30.50 | 19.70 | 14.4 |
| 2019 | نزمترین | 6.00 | 6.70 | 8.50 | 10.96 | 19.80 | 25.70 | 25.40 | 29.50 | 23.50 | 19.90 | 11.00 | 8.50 |
| | بەرزترین | 13.00 | 14.90 | 16.30 | 20.47 | 32.60 | 40.30 | 40.80 | 40.20 | 36.80 | 30.90 | 22.20 | 16.00 |
| 2020 | نزمترین | 5.60 | 6.50 | 19.40 | 13.40 | 19.50 | 30.70 | 30.00 | 27.30 | 26.10 | 19.20 | 13.30 | 7.10 |
| | بەرزترین | 12.50 | 13.20 | 11.60 | 24.00 | 32.30 | 37.70 | 42.70 | 39.40 | 39.30 | 32.40 | 20.90 | 16.40 |
| 2021 | نزمترین | 6.20 | 7.30 | 9.70 | 15.60 | 22.50 | 24.00 | 28.70 | 28.40 | 21.80 | 17.90 | 12.20 | 7.20 |
| | بەرزترین | 15.40 | 17.10 | 19.50 | 29.10 | 35.60 | 39.60 | 42.70 | 41.80 | 36.10 | 29.90 | 22.80 | 15.60 |

| ساڵ | سلێمانی | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | پلەی گەرمی | مانگەکان | | | | | | | | | | | |
| | | کانونی دووەم | شوبات | ئازار | نیسان | ئایار | حوزەیران | تەموز | ئاب | ئەیلول | تشرینی یەکەم | تشرینی دووەم | کانونی یەکەم |
| 2018 | نزمترین | 3.2 | 5.9 | 10.7 | 12.7 | 17.1 | 23.3 | 26.5 | 25.9 | 22.3 | 17.3 | 9.8 | 5.6 |
| | بەرزترین | 12.7 | 14.6 | 21.3 | 23.8 | 28.1 | 36.3 | 40.9 | 40.2 | 36.7 | 27.7 | 17.5 | 12.5 |
| 2019 | نزمترین | 2.7 | 4.3 | 6.2 | 10.2 | 18.4 | 25.6 | 25.7 | 27.4 | 22 | 17.2 | 9.7 | 6.4 |
| | بەرزترین | 11.5 | 13 | 14.2 | 19.3 | 30.3 | 37.8 | 39.2 | 40.8 | 35.5 | 28.8 | 19.8 | 14 |
| 2020 | نزمترین | 3.2 | 3.6 | 8.6 | 12.6 | 18.5 | 23.1 | 28.5 | 25.7 | 24.2 | 16.6 | 10.4 | 3.8 |
| | بەرزترین | 10.5 | 11.7 | 18.7 | 22.6 | 30.8 | 36.6 | 41 | 38.6 | 37.9 | 32.5 | 20.9 | 16.3 |
| 2021 | نزمترین | 2.7 | 4.6 | 7.7 | 13.9 | 20.3 | 22.6 | 27.4 | 26.6 | 21 | 16.6 | 9.8 | 5.7 |
| | بەرزترین | 15.3 | 17.5 | 20.2 | 29.4 | 35.4 | 40 | 43.2 | 43 | 36.1 | 28.5 | 20.2 | 14.9 |

بەردەوامی خشتەی 15

| دهۆك | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ساڵ | پلەی گەرمی | مانگەکان | | | | | | | | | | | |
| | | کانونی دووەم | شوبات | ئازار | نیسان | ئایار | حوزەیران | تەموز | ئاب | ئەیلول | تشرینی یەکەم | تشرینی دووەم | کانونی یەکەم |
| 2018 | نزمترین | 4.8 | 6.6 | 10.9 | 13.3 | 17.5 | 22.3 | 25.5 | 25.1 | 22.3 | 17.9 | 10.1 | 7.1 |
| | بەرزترین | 13.2 | 15 | 21.8 | 25.2 | 29.3 | 36.3 | 40.9 | 40.2 | 36.9 | 29.1 | 18.3 | 13.1 |
| 2019 | نزمترین | 4.0 | 5.3 | 6.9 | 10.2 | 18.3 | 24.2 | 24.1 | 26.0 | 21.0 | 17.4 | 8.8 | 7.3 |
| | بەرزترین | 11.6 | 13.5 | 14.9 | 20.0 | 31.1 | 38.6 | 39.5 | 41.6 | 35.7 | 30.2 | 21.4 | 15.0 |
| 2020 | نزمترین | 3.2 | 4.2 | 9.4 | 12.4 | 17.6 | 22.3 | 27.5 | 25.0 | 23.5 | 16.8 | 11.4 | 5.4 |
| | بەرزترین | 11.1 | 12.3 | 18.9 | 23.2 | 30.9 | 36.9 | 41.9 | 39.9 | 38.7 | 31.7 | 20.5 | 15.5 |
| 2021 | نزمترین | 4.2 | 5.9 | 8.4 | 14.3 | 20.1 | 22.2 | 27.3 | 26.6 | 20.5 | 15.5 | 10.5 | 6.1 |
| | بەرزترین | 14.6 | 16.1 | 18.2 | 27.8 | 34.8 | 37.7 | 42.1 | 41.2 | 35.6 | 28.7 | 22.5 | 15.5 |

بەردەوامی خشتەی 15

| هەڵەبجە | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ساڵ | پلەی گەرمی | مانگەکان | | | | | | | | | | | |
| | | کانونی دووەم | شوبات | ئازار | نیسان | ئایار | حوزەیران | تەموز | ئاب | ئەیلول | تشرینی یەکەم | تشرینی دووەم | کانونی یەکەم |
| 2018 | نزمترین | 3.97 | 6.6 | 10.11 | 14.06 | 14.32 | 27 | 31.94 | 31.56 | 28.8 | 14.61 | 8.49 | 5.3 |
| | بەرزترین | 13.09 | 14.76 | 24.04 | 23.54 | 30.68 | 37.1 | 40.48 | 36.62 | 35 | 30.04 | 19.93 | 15.9 |
| 2019 | نزمترین | 2.4 | 4.3 | 6.1 | 9.4 | 16.02 | 41 | 42.8 | 25.9 | 21.1 | 16.5 | 8.63 | 5.58 |
| | بەرزترین | 12.1 | 14.1 | 15.7 | 21.2 | 32.3 | 23.3 | 24.5 | 43.4 | 38.1 | 30.5 | 21.04 | 12.7 |
| 2020 | نزمترین | 3.19 | 3.59 | 8.21 | 10.99 | 16.12 | 21.49 | 26.85 | 23.51 | 23.98 | | 7.78 | 3.77 |
| | بەرزترین | 12.13 | 13.3 | 19.84 | 24.1 | 33.38 | 39.5 | 43.87 | 41.24 | 41.62 | | 17.72 | 14.28 |
| 2021 | نزمترین | 2.27 | 4.78 | 6.79 | 11.91 | 19.56 | 27.38 | 26.84 | 26.4 | 20.77 | 15.46 | 9.27 | 4.95 |
| | بەرزترین | 14.66 | 16.77 | 20 | 29.75 | 36.77 | 41.47 | 43.88 | 42.7 | 38.03 | 31.03 | 21.35 | 15.5 |

## سەرچاوەکان

- بەشی ئامارەکانی کشتوکاڵ و ژینگە 2022، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی حکومەتی هەرێمی کوردستان-وەرگرتنی زانیاری بە نوسراوی فەرمی2022، هەرێمی کوردستان: دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان.
- بەشی ئامارەکانی کشتوکاڵ و ژینگە 2022، وەزارەتی گواستنەوە وگەیاندن- بەڕێوەبەرایەتی کەشناسی و بومەلەرزەزانی - وەرگرتنی زانیاری بە نوسراوی فەرمی2022، هەرێمی کوردستان: دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان.

# ئامارەکانی ژمارەی پێوانەیی و ژمێریاری نەتەوەیی

## ژمارە پێوانەیی بۆ نرخی بەكاربەر (CPI)

ژمارەی پێوانەیی نرخی بەكاربەر یەكێكە لەو نیشاندەرانەی كە بە كار دێت لە توێژینەوەكانی ئابووری و پلانی گەشەپێدان، چونكە ڕەنگدانەوەی ئەو گۆڕانكارییانەیە كە لەسەر كەرتەكانی بەرهەمهێنان و بەكاربردن لە كۆمەڵگادا ڕوو دە دەن. ژمارەی پێوانەیی بۆ هەژماركردنی هەڵاوسان و داكشانی ئابووری و ئەو گۆڕانكارییانەی كە بەسەر هێزی كڕینی دراوی نیشتمانی دادێت بەكار دێت. هەروەها پێوەرێكە بۆ هەژماركردنی ژمێریاری نەتەوەیی بۆ خەملاندنی چالاكییە ئابوورییەكان و خەرجییەكانی تایبەت كە پەیوەندی بەنرخی نەگۆڕ هەیە. بەمەبەستی هەژماركردنی ژمارەی پێوانەیی نرخی بەكاربەر، چوارچێوەی گونجاو بۆ كەلوپەل وخزمەتگوزارییەكان (سەبەتەی كاڵاكان وخزمەتگوزارییەكان) هەڵبژێردرا بە پشتبەستن بە ئەنجامەكانی گەری دووەمی ڕووپێوی كۆمەڵایەتی وئابووری خێزان (IHSES2) كە لە ساڵی 2012 ئەنجامدراوە وئەم ساڵە بە ساڵی بنەڕەت یان ساڵی پایە(نەگۆڕ) دانراوە و ژمارەی پێوانەیی لەم ساڵەدا یەكسانە بە 100.

بۆ ڕوونكردنەوەی زیاتر، لە خوارەوە ئاماژە بەهەندێك چەمك وپێناسە كراوە:

**ژمارەی پێوانەیی بۆ نرخی بەكاربەر :**واتە هەژماركردنی تێكرای گۆڕان لە نرخی كاڵای بەكارهاتوو لە لایەن بەكاربەرەوە لە ماوەیەكی دیاركراودا.

**هەڵاوسانی مانگانە :**واتە جیاوازی ژمارەی پێوانەیی بۆ هەر مانگێک بە بەراورد لەگەڵ مانگی پێشووتر.

**هەڵاوسانی ساڵانە :**واتە جیاوازی ژمارەی پێوانەیی بۆ هەر ساڵێک بە بەراورد لەگەڵ ساڵی پێشووتر یان بنەڕەت.

**ساڵی بنەڕەت :**ساڵی2012 بە ساڵی بنەڕەت هەڵبژێررا بەهۆی هەبوونی سەقامگیری ئابووری ،بەرقەراربوونی ئاسایش ونەبوونی قەیران. لەم ساڵەدا ڕووپێوی خەرجی خێزان ئەنجامدراو وبە پشتبەستن بەم ڕووپێوە كێش بۆ كەلوپەل وخزمەتگوزارییە كان دانرا. ژمارەی پێوانەیی لەم ساڵە یەكسانە بە 100.

**تێبینی:** ژمارە پێوانەیی بۆ ساڵانی 2018-2021 بە پێی ساڵی بنەڕەتی 2012 هەژمار كراوە.

خشتەی 1 : ژمارەی پێوانەیی و تێكرای هەڵاوسان بۆ هەرێمی كوردستان و پارێزگاكانی بۆ ساڵانی 2018- 2021


له سەرەوە دەكەین كە پێوانەیی لە

| | ساڵ | ژمارەی پێوانەیی | ڕێژەی هەڵاوسان\داكشان بەپێی ساڵی پایە 2012 | ڕێژەی هەڵاوسان\داكشان بەراورد لەگەڵ ساڵی پێشووتر |
|---|---|---|---|---|
| هەرێم | 2018 | 94.9 | -5.1 | 0.9 |
| | 2019 | 95.7 | -4.3 | 1 |
| | 2020 | 96.2 | -3.8 | 0.5 |
| | 2021 | 103.5 | 3.5 | 7.5 |
| | | | | |
| هەولێر | 2018 | 96.0 | -4 | 2.4 |
| | 2019 | 97.2 | -2.8 | 1.2 |
| | 2020 | 95.2 | -4.8 | -2.1 |
| | 2021 | 102.6 | 2.6 | 7.8 |
| | | | | |
| سلێمانی | 2018 | 92.6 | -7.4 | 0.4 |
| | 2019 | 93.6 | -6 | 1.1 |
| | 2020 | 95.3 | -4.7 | 1.8 |
| | 2021 | 102.9 | 2.9 | 8 |
| | | | | |
| دهۆك | 2018 | 97.7 | -2.3 | -0.4 |
| | 2019 | 97.5 | -2.5 | -0.2 |
| | 2020 | 98.0 | -2 | 0.6 |
| | 2021 | 106.1 | 6.1 | 8.2 |

خشتەی تێبینی ژمارەی


ساڵانی2018-2021 ناجێگیر بووە وڕووی لە بەرزبوونەوە کردووە بە تایبەت لە نێوان ساڵانی 2020 و2021 بە پێی ساڵی پایە 2012. هۆکاری ئەم بەرزبوونەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ تێپەڕ بوونی قەیرانی دارایی وبەرزبوونەوەی نرخی نەوت و کۆتایی هاتنی شەڕی داعش لە هەرێمی کوردستان و بەرزبوونەوەی داهاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە بووە هۆی کەمکردنەوە یان نەهێشتنی پاشەکەوتی مووچەی فەرمانبەران و لە ئەنجامدا بازارەکان لە هەرێم جووڵە و بووژانەوەیان بە خۆوە بینی.

شێوەی 1 تێکڕای ژمارەی پێوانەیی لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵانی 2018-2021 بە بەراورد بە ساڵی بنەڕەت (2012)





لە شێوەی سەرەوە دەرکەوتووە ژمارەی پێوانەیی بۆ ساڵی2018 گەیشتووە بە 94.9 کە قەیرانی دارایی لە کۆتاییەکەیدا بوو. پاشان لە ساڵی 2019 ژمارەی پێوانەیی بەرز بووە بۆ 95.7 بە هۆی نەمان یان کەمکردنەوەی پاشەکەوتی مووچە کە توانای کڕینی بەکاربەر بەرز بووەوە. ئەم بەرزبوونەوەیە بەردەوام بوو تا ساڵی 2020 کە ژمارەی پێوانەیی گەیشتە96.2. ڕێژەی گۆڕانکاری نەك تەنیا لە نرخی کەلوپەلی خۆراکدا بوو بەڵکوو گۆڕانکاری بەرچاو لە کڕین وفرۆشتنی یەکەی نیشتەجێبوون ونرخی کرێیەکاندا ڕوویداوە. لە ساڵی 2021 ژمارەی پێوانەیی گەیشتە 103.5 و لەم ساڵە تێبینی دەکەین کە بەرزبوونەوەیەکی بەرچاو ڕووی داوە بەهۆی دروست بوونی گۆڕانکاری لە باری دارایی و ئابووری لە هەرێمی کوردستان و بووژانەوەی زۆربەی سێکتەرەکان لە دوای بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا کە بەرۆکی گشت وڵاتانی جیهانی گرتبوو.

**نەخشەی7: تێکڕای ژمارەی پێوانەیی لە سەر ئاستی پارێزگاکان وهەرێمی کوردستان بۆ ساڵانی 2018-2021 بە بەراورد بە ساڵی بنەڕەت (2012)**




شێوەی 2 :ژمارەی پێوانەیی گشتی بۆ پارێزگاکانی هەرێم بۆ ساڵانی (2018-2019-2020-2021)





لەشێوە سەرەوە دەرکەوتووە کە گۆڕانکاری لە ژمارەی پێوانەیی لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم لە نێوان ساڵانی 2018 بۆ 2020 کە ژمارەی پێوانەیی بە شێوەیەکی لە سەرە خۆ لە بەرزبوونەوەدا بووە جگە لە پارێزگای هەولێر کە نزمبوونەوە دەبینرێت بۆ ساڵی 2020، بەڵام ڕێژەی گۆڕانکاری لە نێوان ساڵانی 2020 و 2021 بەرچاو بووە. هەر وەک لە شێوەی خوارەوە دەرکەوتووە، زۆرترین ڕێژەی گۆڕانکاری لە ژمارەی پێوانەیی بۆ پارێزگای دهۆک بوو دواتر هەر دوو پارێزگای سلێمانی وهەولێر بوو بە بەراورد بە ساڵی بنەڕەت 2012.


شێوەی 3 بەراوردی ڕێژەی گۆڕانی ساڵانە بۆ هەرێمی کوردستان و پارێزگاکان



**نەخشەی8: ڕێژەی هەڵاوسان\داکشان لە سەر ئاستی پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان بۆ ساڵانی 2018-2021 بەراورد لەگەڵ ساڵی پێشووتر**



شێوەی 4 بەراورد لەنێوان ژمارەی پێوانەیی بۆ ساڵانی 2018 و2021 بەپێی بەشە سەرەکییەکان




لە شێوەی سەرەوە جیاوازی لە تێکرای ژمارە پێوانەیی بۆ ساڵانی 2018 و2021 بەپێی بەشە سەرەکییەکان بۆ سەبەتەی کەلوپەل نیشان دەدات. هەرێمی کوردستان لە هەندێک بەشدا بەرزبوونەی بە خۆوە بینیوە و لە هەندێک بەشدا نزمبوونەوەی بە خۆوە بینیوە. لە ساڵی 2018 بۆمان دەردەکەوێت کە نزمبوونەوە ڕووی داوە بە شێوەیەکی گشتی بەهۆی ئەو قەیرانەی کە تووشی هەرێمی کوردستان بوو. بەڵام لە ساڵی 2021 بەرزبوونەوە ڕووی داوە بە شێوەیەکی گشتی بەهۆی وەرگرتنی مووچەی مانگانە بە شێوەیەکی بەردەوام کە بووەتە هۆی جووڵەی بازاڕ و لە لایەکی ترەوە نەمانی جەنگی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش کە هەڕەشە بوو لەسەر هەرێم.

## ژمێریاری نەتەوەیی

مەبەست لە ژمێریاری نەتەوەیی گشت زانیارییە ئابوورییە جیاوازەکانە کە لە وڵاتێکدا (کەسەکان, دامەزراوە بازرگانییەکان, یەکە حکومییەکان...) لە شێوەی هەژمارێکی یەکپارچەدا کۆدەکرێتەوە . ژمێریاری نەتەوەیی لێشاوی کاڵا و خزمەتگوزاری و داهاتەکان لە نێو کەرتە جیاوازەکانی ئابووری نیشتمانی پێشان دەدات. ژمێریاری نەتەوەیی ئامرازێکە بۆ پێشاندانی وێنەی گەشەی ئابووری و دارایی کە لە کاتێکی دیارکراودا ڕوو دەدات, بۆ نموونە لە ماوەی ساڵێك یان لە 6 مانگ بە مەبەستی زانینی قەبارەی گەشەکردن یان بە پێچەوانە لەو ماوەیەدا. پلانە ئابوورییەکان لە ژێر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی ژمێریاری نەتەوەیی دادەڕێژرێن. ئابووری نەتەوەیی دابەش دەکرێت بەسەر بەشی بازرگانی وەکو بەشی بەرهەم هێنان (بەرهەم هێنانی کەلوپەل و خزمەتگوزاری), بەشی بەکاربردن, بەشی خزمەتگوزاری گشتی یان بەشی ئیدارەی حکومەت, بەشی ناوەندگیری دارایی وەکوو بانکەکان و کۆمپانیاکانی دڵنیایی و کەرتی هەناردەکردن و هاوردەکردن.

**کۆ بەرهەمی ناوخۆیی (GDP):** بریتییە لە کۆی داهاتی بەدەست هاتوو لە کاڵا و خزمەتگوزرای بەرهەمهێنراو بۆ بەکاربەر بە لێدەرکردنی تێچووی کاڵا و خزمەتگوزاری بە کار هێنراو بەپێی چاڵاکییە ئابوورییەکان.


خشتەی 2 :کۆ بەرهەمی هەرێمی و کۆ بەرهەمی ناوخۆیی بۆ ساڵی 2018 (ملیۆن دینار)

| | چاڵاکییە ئابوورییەکان | هەرێمی کوردستان | گرنگی ڕێژەیی (%) | پارێزگاکانی عیراق | گرنگی ڕێژەیی (%) | عێراق | گرنگی ڕێژەیی (%) | ڕێژەی هەرێم لە عێراق (%) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | کشتوکاڵ ودارستان وڕاوکردن | 1054596.5 | 3.3 | 6517668.6 | 2.9 | 7572265.1 | 2.9 | 13.9 |
| 2 | کانزا وکانگا | – | – | – | – | – | – | – |
| 2.1 | نەوتی خاو | 10640225.3 | 33.6 | 109534096.8 | 48.4 | 120174322.1 | 46.6 | 8.9 |
| 2.2 | جۆرەکانی دیکەی کانزا | 149386.1 | 0.5 | 254460.7 | 0.1 | 403846.8 | 0.2 | 37 |
| 3 | پیشەسازی بەرهەم هێنان | 1656742 | 5.2 | 3807629.6 | 1.7 | 5464371.6 | 2.1 | 30.3 |
| 4 | ئاو وکارەبا | 995608.8 | 3.1 | 6154570.3 | 2.7 | 7150179.1 | 2.8 | 13.9 |
| 5 | بیناسازی وئاوەدانکردن | 2477709.8 | 7.8 | 9632953.5 | 4.3 | 12110663.3 | 4.7 | 20.5 |
| 6 | گواستنەوە وگەیاندن وکۆگاکردن | 5568239.1 | 17.6 | 18390512.4 | 8.1 | 23958751.5 | 9.3 | 23.2 |
| 7 | بازرگانی تاک وکۆ وهوتێلەکان وهاوشێوە | 3650887.6 | 11.5 | 13660571.8 | 6.0 | 17311459.4 | 6.7 | 21.1 |
| 8 | سەرمایە ودڵنیایی وخزمەتگوزارییەکانی خانووبەرە | – | – | – | – | – | – | – |
| 8.1 | بانکەکان ودڵنیایی | – | – | – | – | – | – | – |
| 8.2 | خاوەندارێتی یەکەی نیشتەجێبوون | 2272330.7 | 7.2 | 14043565.2 | 6.2 | 16315895.9 | 6.3 | 13.9 |
| 9 | خزمەتگوزارییەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی وکەسیی | – | – | – | | – | | – |
| 9.1 | حکومەت بە گشتی | 1995656 | 6.3 | 36924015.8 | 16.3 | 38919671.8 | 15.1 | 5.1 |
| 9.2 | خزمەتگوزارییە کەسییەکان | 1206387.8 | 3.8 | 7457318.6 | 3.3 | 8663706.4 | 3.4 | 13.9 |
| | **کۆی گشتی** | **31,667,769.7** | **100** | **226,377,363.3** | **100** | **258,045,133.0** | **100** | **12.27** |

له (خشتەی سەرەوە) دەردەکەوێت  کە کۆی بەرهەمی هەرێمی لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2018 گەیشتۆتە (31.6) تریلیۆن دینار و 12.3% لە کۆی بەرهەمی ناوخۆیی لە عێراق پێکدێنێت . لەسەر ئاستی بەشداری چاڵاکییە ئابوورییەکان لە هەرێم لە بەهای زیادەی چاڵاکییە ئابووریەکان، دەبینین کە چاڵاکی جۆرەکانی دیکەی کانزا بە پلەی یەکەم دێت و ڕێژەی بەشدارییەکەی (37%)ی کۆی بەرهەمی ناوخۆییە لە عێراق، پاشان پیشەسازی بەرهەمهێنان پلەی دووەمی هەیە بە ڕێژەی (30.3%)، لە کاتێکدا چاڵاکی گواستنەوە و گەیاندن و کۆگاکردن بە پلەی سێیەم دێت کە ڕێژەی بەشداریەکەی گەیشتۆتە (23.2%). بەڵام لەسەر ئاستی گرنگی ڕێژەیی چاڵاکییە ئابوورییەکان پەیوەست بە بەرهەمی هەرێمی، چاڵاکی نەوتی خاو بە پلەی یەکەم دێت کە ڕێژەکەی گەیشتۆتە (33.6%)، لە کاتێکدا چاڵاکی گواستنەوە و گەیاندن و کۆگاکردن لە ڕووی گرنگیەوە ڕێژەکەی گەیشتۆتە (17.6%) و چاڵاکی


بازرگانی تاک و کۆ و هوتێلەکان و چاڵاکیە هاوشێوەکان ڕێژەی گرنگیان گەیشتوتە (11.5%)، هەروەها لە خشتەکەدا تێبینی جیاوازی لە گرنگیە ڕێژەییەکانی چاڵاکییە ئابوورییەکان دەکەین لەنێوان هەرێم و سەرتاسەری عێراق. هەندێک لە چاڵاکییەکان ڕێژەی بەشداریان لە کۆی بەرهەمی هەرێمی بەرزدەبێتەوە بە پێچەوانەی ڕێژەی بەشداریان لە تێکڕای بەرهەمی خۆماڵی هەروەها بە پێچەوانەشەوە. لە ڕووی بەرهەمی ناوخۆییەوە, تێبینی دەکەین کە ڕێژەی بەشداری سەرجەم چاڵاکییە ئابوورییەکان لە پێکهێنانی بەرهەمی هەرێمی بەرزترە بە بەراوورد بە بەرهەمی ناوخۆ جگە لە چاڵاکییەکانی نەوتی خاو و حکومەت بەگشتی ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئاستی هەمەچەشنی ئابووری لە هەرێمدا باشترە لە پارێزگاکانی دیکە.

شێوەی 5 :ڕێژەی سەدی گرنگی چاڵاکی ئابووری لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2018




لە شێوەی سەرەوە کە ڕێژەی بەشداریکردنی گشت چاڵاکییە ئابوورییەکان لە کۆی بەرهەمی هەرێمی لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2018 پیشان دەدات، دەرکەوتووە کە پشکی شێر بەر کەرتی نەوت کەوتووە کە زیاتر لە یەک لە سەر سێی ( 33.6%) کۆی بەرهەمی هەرێمی پێك دەهێنێت . دووەم گرنگترین کەرت بۆ کەرتی گواستنەوە و گەیاندن و کۆگاکردنە بە ڕێژەی 17.6% و ڕیزبەندی سێیەم بۆ کەرتی بازرگانی تاک و کۆ و هۆتێلەکان و هاوشێوەیە بە ڕێژەی 11.5 و شایانی ئاماژەپێکردنە کە چاڵاکی کەرتە ئابوورییەکانی تریش بەرێژەی بچووکتر بەڵام بەقەبارەی جیاواز لە کۆی بەرهەمی هەرێمی بەشدارییان کردووە.

شێوەی 6 :گرنگی ڕێژەیی (%) چالاکییە ئابوورییەکان لە کۆ بەرهەمی هەرێمی و کۆ بەرهەمی ناوخۆ لە پارێزگاکانی عیراق و هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2018




(شێوەی سەرەوە) بەراوردی گرنگی ڕێژەیی (%) چالاکییە ئابوورییەکان لە بەرهەمی هەرێمی لە هەرێمی کوردستان و بەرهەمی ناوخۆیی لە پارێزگاکانی عیراق بۆ ساڵی 2018 پیشان دەدات. تێبینی دەکەین کە گرنگی ڕێژەیی چالاکی نەوتی خاو هەم لە بەرهەمی هەرێمی و هەم لەبەرهەمی ناوخۆیی بەرزترە بەراورد بە چالاکییەکانی تر کە ڕێژەکەی گەیشتوتە (33.6%) و (48.4%) ە بۆ هەرێم و بۆ پارێزگاکانی تری عیراق یەك لە دوای یەك . بەراووردی گرنگی ڕێژەیی چالاککییەکانی تر لە بەرهەمی هەرێمی و بەرهەمی ناوخۆیی لە شێوەی سەرەوە پێشاندراوە. دواتر چالاکی گواستنەوە و گەیاندن و کۆگاکردن دێت کە ڕێژەی گرنگییەکەی لە هەرێمی کوردستان و لە پارێزگاکانی تری عیراق گەیشتوتە (17.6%) و (8.1%) یەک لە دوای یەک. هەروەها سێیەم پلە دەگەرێتەوە بۆ بازرگانی تاک و کۆ و هوتێلەکان و چالاکیە هاوشێوەکان کە ڕێژەی گرنگیەکەی گەیشتوتە (11.5%) بۆ هەرێم و (6.7%) بۆ پارێزگاکانی تری عیراق . بەڵام لە هەمانکاتدا لە پارێزگاکانی تری عیراق، لە چالاکی ئابووری خزمەتگوزارییەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و کەسیی (19.6%) بەرزترە لە هەرێمی کوردستان (10.1%) و بە هەمانشێوە لە چالاکی ئابووری حکومەت بە گشتی کە لە پارێزگاکانی تری عیراق(16.3%) بەرزترە لە هەرێمی کوردستان و (6.3%).

خشتەی 3: کۆ بەرهەمی هەرێمی بۆ هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2018 (بە تریلیۆن دینار)

| | | بەهای بەرهەمهێنان | بەهای پێداویستییەکان | بەهای زێدەکی | قەرەبووکردنەوەی کارمەندان | زیادەی کردەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | کشتوكاڵ ودارستان وڕاوکردن | 1.4502296 | 0.3956331 | 1.0545965 | 0.3639715 | 0.690625 |
| 2 | کانزاو کانگاکان | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| 2.1 | نەوتی خاو | 11.2039413 | 0.563716 | 10.6402253 | 0.2496305 | 10.3905948 |
| 2.2 | جۆرەکانی دیکەی کانزا | 0.1963462 | 0.0469601 | 0.1493861 | 0.0149768 | 0.1344093 |
| 3 | پیشەسازی بەرهەمهێنان | 4.5523351 | 2.8955931 | 1.656742 | 0.2902882 | 1.3664538 |
| 4 | ئاو وکارەبا | 1.5529203 | 0.5573115 | 0.9956088 | 0.2356635 | 0.7599453 |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 5 | بیناسازی وئاوەدانکردن | 4.3621652 | 1.8844554 | 2.4777098 | 0.5649178 | 1.912792 |
| | کۆی چالاکییەکانی کالا وشتومەک | 0 | 0 | 16.974269 | 0 | 0 |
| 6 | گواستنەوە وگەیاندن وکۆگاکردن | 8.6235904 | 3.0553513 | 5.5682391 | 2.9326006 | 2.6356385 |
| 7 | بازرگانی تاک و کۆ و هوتێلەکان و هاوشێوە | 5.4162946 | 1.765407 | 3.6508876 | 0.5812798 | 3.0696078 |
| 8 | سەرمایە ودڵنیایی وخزمەتگوزاریەکانی خانووبەرە | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| 8.1 | بانکەکان ودڵنیایی | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| | کۆی چالاکییەکانی دابەشکردن | 0 | 0 | 9.219127 | 0 | 0 |
| 8.2 | خاوەندارێتی یەکەی نیشتەجێبوون | 2.6260308 | 0.3537001 | 2.2723307 | 0.0004547 | 2.271876 |
| 9 | خزمەتگوزارییەکانی گەشەپێدانی کۆمەلایەتی وکەسی | 3.5998951 | 0.3978513 | 3.2020438 | 2.2960187 | 0.9060251 |
| 9.1 | حکومەت بە گشتی | 1.995656 | 0 | 1.995656 | 1.9244513 | 0.0712047 |
| 9.2 | خزمەتگوزاریە کەسییەکان | 1.6042391 | 0.3978513 | 1.2063878 | 0.3715674 | 0.8348204 |
| | کۆی چالاکییە خزمەتگوزارییەکان | 0 | 0 | 5.474375 | 0 | 0 |
| | **کۆی گشتی** | 43.5837486 | 11.9159789 | 31.6677697 | 7.5298021 | 24.1379676 |

**قەرەبووکردنەوەی کارمەندان** : سەرچاوەی زانیارییەکانی ئەم نیشاندەرە ئەو هەژمارانەن کە تایبەتن بە هەژمارکردنی کۆی بەرهەمی ناوخۆیی بە شێوازی داهاتە دابەشکراوەکان کە سەرجەم کرێ و مووچەی نەختینەیی و پاداشتی نا نەختینەیی دەگرێتەوە کە دەدرێت بەکارمەندان لە سەرجەم چالاکییە ئابوورییەکانی وەک کشتوکاڵ و پیشەسازی و لە سەرجەم کەرتەکاندا (گشتی و میری و تایبەت).

**زیادەی کردارەکان**: ئەم نیشاندەرە لە دەرەنجامی دەرکردنی هەر دوو لایەنی قەرەبووەکانی کارمەندان و بەهای دارزانی سەرمایەی جێگیر لە کۆی بەرهەمی ناوخۆیی دەبێت یاخود بە واتایەکی تر

**زیادەی کردارەکان= کۆی بەرهەمی ناوخۆیی – ( قەرەبووەکانی کارمەندان + بەهای پێداویستیەکان).**

کۆی بەرهەمی هەرێمی بۆ هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2018 لە خشتەی3 بە پێی بەهاکانی بەرهەمهێنان، پێداویستییەکان، زێدەکی، قەرەبووکردنەوەی کارمەندان و زیادەی کردەکان بۆ هەر چالاکییەکی ئابووری ڕوونکراوەتەوە. کۆی بەرهەمی هەرێمی(بەهای زیادە) بۆ هەرێمی کوردستان بۆ چالاکییەکان جگە لە چالاکی بانکەکان و دڵنیایی زیاتر لە (31.6) تریلیۆن دینارە و بەهای بەرهەمهێنان 43.6 تریلیۆن دینار و بەهای پێداویستەییەکان دەکاتە 11.9 تریلیۆن دینار و قەرەبووکردنەوەی کارمەندان گەیشتووتە (7.5) تریلیۆن دینار و بەهای زیادەی کردەکان بووە بە (24.1) تریلیۆن دینار.

خشتەی 4 :بەراوردی کۆی بەرهەمی هەرێمی (کۆی بەهای زێدەکی ) و ڕێژەی سەدی کۆی بەهای زێدەکی بەپێی چالاکییە ئابوورییەکان لە هەرێمی کوردستان لە ساڵانی2012 و 2018 (ملیۆن دینار)

| چالاکییە ئابوورییەکان/ ساڵ | کۆی بەهای زێدەکی | | ڕێژەی سەدی بەهای زێدەکی | |
|---|---|---|---|---|
| | 2012 | 2018 | 2012 | 2018 |
| **کشتوکاڵ و دارستان و ڕاوکردن** | 840,100 | 1,054,597 | 3.1 | 3.3 |
| **کانزا و کانگا** | 42,500 | _ | 0.2 | _ |
| **نەوتی خاو *** | _ | 10,640,225 | _ | 33.6 |
| **جۆرەکانی دیکەی کانزا** | _ | 149,386 | _ | 0.5 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| پیشەسازی بەرهەم هێنان | 1,681,500 | 1,656,742 | 6.1 | 5.2 |
| ئاو و کارەبا | 555,900 | 995,609 | 2 | 3.1 |
| بیناسازی و ئاوەدانکردن | 5,130,800 | 2,477,710 | 18.7 | 7.8 |
| گواستنەوە وگەیاندن و کۆگاکردن | 1,752,900 | 5,568,239 | 6.4 | 17.6 |
| بازرگانی تاک و کۆ و هوتێلەکان و هاوشێوە | 2,499,000 | 3,650,888 | 9.1 | 11.5 |
| سەرمایە ودڵنیایی و خزمەتگوزارییەکانی خانووبەرە | _ | _ | _ | _ |
| خزمەتگوزارییەکانی حەوانەوە وخواردەمەنی | 854,500 | _ | 3.1 | _ |
| زانیاری وگەیاندن (کۆمپانیا گەورەکان) | 1,844,300 | _ | 6.7 | _ |
| بانکەکان ودڵنیایی | 305,300 | _ | 1.1 | _ |
| خاوەندارێتی یەکەی نیشتەجێبوون | 2,355,000 | 2,272,331 | 8.6 | 7.2 |
| خزمەتگوزارییەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی وکەسیی | 1,999,600 | 3,202,044 | 7.3 | 10.1 |
| حکومەت بە گشتی** | _ | 1,995,656 | _ | 6.3 |
| کارگێری گشتی** | 7,577,300 | _ | 27.6 | _ |
| خزمەتگوزارییە کەسییەکان | _ | 1,206,388 | _ | 3.8 |
| **کۆی گشتی** | **27,438,700** | **31,667,770** | **100** | **100** |

**تێبینی**: لە خشتەی 4 بەراوردی بەهای زێدەکی بۆساڵەکانی 2012 و 2018 بە پێی چالاکییە ئابوورییەکان پیشان دەدات کە هەندێ جیاوازی بەدی دەکرێت لە چەندچالاکییەك کە لە ساڵی 2012 هەژمارکراون و لە ساڵی 2018 هەژمار نەکراون.

* چالاکی نەوت: لە ساڵی 2012 هیچ هەناردەکردنی نەوت نەبووە چونکە حکومەتی فیدراڵی تەنها لایەنی بەرپرس بوو لە هەناردەکردنی نەوت، بۆیە نەتوانرا لەم چالاکییەدا بەهای زێدەکی هەژمار بکرێت بەڵام لە ساڵی 2018 بەهای زێدەکی لە هەناردەکردنی نەوت بۆ هەرێمی کوردستان هەژمار کرا کە بەهاکەی گەیشتووە بە 10.6 تریلیۆ دینار.

** چالاکی حکومەت بە گشتی (کارگێری گشتی (الادارة العامة)): لە ساڵی 2012 ئەم چالاکییە هەمان بودجەی هاتوو بوو لە حکومەتی ناوەندی لە بەغدا، بۆیە ئەو داتایانەی پێویست بوو بۆ هەژمارکردنی بەهای زێدەکی دەست نەکەوت، بەڵام لە ساڵی 2018دا حکومەتی هەرێم بەرپرس بوو لە پێدانی مووچەی فەرمانبەران لە هەرێمی کوردستان بۆیە دەتوانین هەژماری بەهای زێدەکی ئەم چالاکییە بکەین.

• بۆ چالاکییەکانی تر (جگە لە نەوت و حکومەت بەگشتی)، بە پێی ئەو زانیارییانە و داتاکانی بەردەست، بەهای زێدەکی بۆ ئەم چلاکییانە هەژمار کراوە .

## سەرچاوەکان

- بەشی ئامارەکانی ژمارەی پێوانەیی و ژمێریاری نەتەوەیی 2022، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان و دەزگای ناوەندی ئاماری عیراق ، راپۆرتی نرخی بەکاربەر لە هەرێمی کوردستان لەساڵانی 2018-2021، هەرێمی کوردستان: دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان.

- بەشی ئامارەکانی ژمارەی پێوانەیی و ژمێریاری نەتەوەیی 2022 ، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان /بەشی ژمێریاری نەتەوەیی /ڕاپۆرتی کۆی بەرهەمی هەرێمی2018 .سەرچاوە دەرەکییەکان : ئەوداتایانەیە کە لە وەزارەت و فەرمانگە پەیوەندیدارەکان کۆدەکرێنەوە(لە دەرەوەی دەستەی ئامار). کە بریتین لە کۆتا هەژماری گشتی دەولەت / وەزارەتی دارایی، هاوسەنگی پارەدانەکان /بانکی ناوەندی عێراق/ لقی کوردستان، داتای نەوتی خاوی بەرهەمهێنراو و هەناردەکراو/ وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، کۆتا هەژمارەکان و بودجەی گشتی کۆمپانیاکانی کەرتی گشتی و تێکەڵ/ دیوانی چاودێری دارایی، کۆتا هەژمارەکان و میزانیەی گشتی بانکەکان و دڵنیایی . سەرچاوە ناوخۆییەکان :دەستەی/ ئاماری هەرێم بەشە تەکنیکییەکان : ئەنجامەکانی ئاماری پیشەسازی بۆ کۆمپانیاکانی پیشەسازی گەورە، مامناوەند و بچووک بەشی ئاماری پیشەسازی، ئەنجامەکانی ئاماری ئاو و کارەبا / بەشی ئاماری پیشەسازی، نرخەکان و ژمارەی پێوانەیی/ بەشی ژمارەی پێوانەیی، ڕاپۆرتی دانەوێڵە و سەوزە/ بەشی ئاماری کشتوکاڵ، ڕاپۆرتی پەلەوەر/بەشی ئاماری کشتوکاڵی و پەلەوەر، فۆرمی وەرزی بۆ نرخی بەرهەمی سەربڕخانەکان / بەشی ئاماری کشتوکاڵ، فۆرمی وەرزی بۆ نرخی بەرهەمی سەربڕخانەکان / بەشی ئاماری کشتوکاڵ، ئەنجامەکانی ڕووپێوی تێچوو و کارپێکردنی ئۆتۆمبێلی کەرتی تایبەت/ بەشی ئامارەکانی گواستنەوە و گەیاندن، داتای کۆمپانیاکانی پەیوەندیکردن/ بەشی ئامارەکانی گواستنەوە و گەیاندن، ئەنجامی ڕووپێوەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی خێزان لەهەرێمی کوردستان/بەشی ئامارو پەروەردە و تەندروستی، ئەنجامی ڕووپێوەکانی کانگا و کانزا لە کەرتی گشتی و تایبەت/ بەشی ئاماری پیشەسازی، هەرێمی کوردستان: دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان.

# ئامارەکانی گواستنەوە

## گواستنەوەی ئاسمانی

کەرتی گواستنەوەی ئاسمانی بە یەکێک لە کەرتە گرنگەکانی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ گواستنەوەی هاوولاتییان وگەشتیاران وکاڵاکان لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵاتان دادەنرێت. پەرەپێدان و گەشەکردنی ئەم کەرتە هۆکارێکە بۆ پتەوکردن و بەهێزکردنی ژێرخانی ئابووری وڵاتان. گواستنەوە لە رێگای ئاسمانییەوە بە گرنگترین، سەلامەتترین وخێراترین گواستنەوە دادەنرێت بە بەراورد بە رێگاکانی تری گواستنەوە. کەرتی گواستنەوەی ئاسمانی بە هۆی رەخساندنی هەلی کاری زۆر و بەرچاو لە ناوەوە و دەرەوەی فڕۆکەخانەکان و گواستنەوەی کاڵاکان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری لە فڕۆکەخانەکان بەشدارییەکی کارای هەیە لە گەشەی ئابووری وڵات و کۆی بەرهەمی ناوخۆیی.

**گەشتیارە گوازراوەکان** :ژمارەی گەشتیاران (هاتوو- ڕۆیشتوو).

**گەشتی ناوخۆیی** :واتا جوولەی فڕۆکە (هاتوو- ڕۆیشتوو) لە نێوان فڕۆکەخانەی وڵات.


**گەشتی نێودەوڵەتی**: جوولەی فڕۆکە (هاتوو- ڕۆیشتوو) لە نێوان فڕۆکەخانەکانی هەرێم و وڵاتانی تر.

**بڕی شمەک و کاڵا**: کۆی کێشی کاڵا و پێداویستی و کەلوپەلە پۆست کراوەکان (تۆن)، بارکراو و بەتاڵ کراو (داگیراو).

خشتەی1: ئاماری چالاکی گواستنەوەی ئاسمانی لە فڕۆکەخانەکانی هەرێم 2021

| نیشاندەر | هەرێم | هەولێر | سلێمانی |
|---|---|---|---|
| **ژمارەی گەشتیاری ناوخۆیی** | 300,195 | 251,588 | 48,607 |
| **ژمارەی گەشتیاری نێودەوڵەتی** | 1,227,180 | 995,525 | 231,655 |
| **کۆی گشتی گەشتیار** | 1,527,375 | 1,247,113 | 280,262 |
| **ژمارەی گەشتی ناوخۆیی** | 4,570 | 3,197 | 1,373 |
| **ژمارەی گەشتی نێودەوڵەتی** | 13,684 | 10,773 | 2,911 |
| **ژمارەی گەشتە ئاسمانیەکان** | 18,254 | 13,970 | 4,284 |
| **بڕی کاڵای گوازراوە (بەتاڵکراو) بە تۆن** | 21,139 | 14,966 | 6,173 |
| **بڕی کاڵای گوازراوە( بارکراو)  بە تۆن** | 1,738 | 1,506 | 232 |
| **بڕی کاڵای گوازراوە (بارکراو - بەتاڵکراو) بە تۆن** | 22,877 | 16,472 | 6,405 |
| **سەرچاوە: فڕۆکەخانەی هەولێری نێودەوڵەتی/ فڕۆکەخانەی سلێمانی نێودەوڵەتی** | | | |

شێوەی 1 :کۆی گشتی گەشتیارە گوازراوەکان لە فڕۆکەخانەکانی هەرێم بۆ ساڵانی 2018-2021




لە شێوەی سەرەوە دەرکەوتووە کە لە ساڵی 2021، کۆی گشتی ژمارەی گەشتیاران لە فڕۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستان 1,527,375گەشتیار بووە لەوانە، 1,247,113 گەشتیار لە فڕۆکەخانەی هەولێری نێودەوڵەتی و 280,262 گەشتیار لە فڕۆکەخانەی سلێمانی نێودەوڵەتی. ژمارەی گەشتیاران لە ساڵی 2021 بەرێژەی58.7% بەرزبۆتەوە بە بەراوورد بە ساڵی 2020 و هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا. لە ساڵی 2020، ژمارەی گەشتیاران لە فڕۆکەخانەکانی هەرێم 630,486 گەشتیار بووە، لەوانە 506,263 گەشتیار لە فڕۆکەخانەی هەولێری نێودەوڵەتی و 124,223 گەشتیار لە فڕۆکەخانەی سلێمانی نێودەوڵەتی.

## ئۆتۆمبێلەکانی تۆمارکراو

لە ئێستادا لە هەرێمی کوردستان ئۆتۆمبێل بە هەموو جۆر وقەبارەکانییەوە بەربڵاوترین ئامرازی گواستنەوەیە کە ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە گەشەی ئابووری وڕەنگدانەوەی ئەرێنی هەیە لەسەر جووڵەی بازرگانی ناوخۆیی ودەرەکیووڵات. گواستنەوەی وشکانی بە ئامرازی ئۆتۆمبێل سەرەڕای خاڵە ئەرێنییەکانی بە دوور نییە لە خاڵە نەرێنییەکان، لە وانە هەبوونی زیانی گیانی وماددی هاووڵاتییان لە کاتی ڕووداو وسەرچاوەی پیسبوونی ژینگە بە تایبەت لە شارە گەورەکان ودروست کردنی جەنجاڵییەکی زۆر بەهۆی زۆربوونی ژمارەی ئۆتۆمبێل لە هەرێمدا.


**ئۆتۆمبێلی نەفەر هەڵگر** :ئەو ئۆتۆمبێلانەن کە بۆ گواستنەوەی سەرنشین بە کاردێن لە جۆری تایبەت وکرێ وەکوو (ساڵۆن، ستیشن، پاس).

**ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر** :ئەو ئۆتۆمبێلانەن کە بۆ گواستنەوەی کاڵاکان بە کاردێن وەک (لۆری، بیک ئاپ، قەلاب، تانکەر، هی تر)

خشتەی2:ئاماری ئۆتۆمبێلەکانی تۆمارکراو جگە لە کەرتی میری لە پارێزگاکانی هەرێم بۆ ساڵی 2020


| نیشاندەر | هەولێر | سلێمانی | دهۆک | هەرێم |
|---|---|---|---|---|
| ژمارەی ئۆتۆمبێلەکانی تۆمارکراو لە بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی پارێزگاکان | 57,629 | 26,982 | 12,365 | 96,976 |
| ژمارەی ئۆتۆمۆبێلەکانی نەفەرهەڵگر/ تایبەت | 46,686 | 22,274 | 10,562 | 79,522 |
| ژمارەی ئۆتۆمۆبێلەکانی نەفەرهەڵگر/ کرێ | 548 | 663 | 28 | 1,239 |
| ژمارەی ئۆتۆمۆبێلەکانی بارهەڵگر | 10,395 | 4,045 | 1,775 | 16,215 |
| ژمارەی ئەو ئۆتۆمۆبێلانەی کە (بەنزین) بەکاردەهێنن | 52,928 | 25,955 | 11,615 | 90,498 |
| ژمارەی ئەو ئۆتۆمۆبێلانەی کە (دیزل) بەکاردەهێنن | 4,616 | 1,027 | 750 | 6.393 |
| ژمارەی ئەو ئۆتۆمۆبێلانەی کە ( سوتەمەنی و وزەی تر ) بەکاردەهێنن | 85 | 0 | 0 | 85 |
| سەرچاوە: بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی (هەولێر، سلێمانی، دهۆک) | | | | |

شێوەی 2 :ئاماری ئۆتۆمبێلەکانی تۆمارکراو جگە لە کەرتی میری لە پارێزگاکانی هەرێم بۆ ساڵانی 2018-2020




لە شێوەی سەرەوە دەردەکەوێت کە ژمارەی ئۆتۆمبێلی تۆمارکراو لە پارێزگاکانی هەرێم لە ساڵی 2020 گەیشتووە 96,976 ئۆتۆمبێل، بەڵام لە ساڵی 2019، ژمارەیان 172,640 ئۆتۆمبێل بووە و بە بەراورد بە ساڵی 2019 بە ڕێژەیەکی بەرچاو کەمی کردووە کە دەکاتە 78% و هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان. لەسەر ئاستی پارێزگاکانیش بۆ ساڵی 2020، بەرزترین ژمارە تۆمار کراوە لە پارێزگای هەولێر (57,629) و نزمترین ژمارە لە پارێزگای دهۆک (12,365) تۆمارکراوە.

**نەخشەی9: ژمارەی ئۆتۆمبێلەکانی تۆمارکراو جگە لە کەرتی میری لە سەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2020**



## ڕووداوەکانی هاتووچۆ

ڕووداوی هاتووچۆ ڕووداوێکە بەبێ پلانی پێشوەختە وبە هۆکاری جیاواز وەك تیژ لێخوڕین .... ڕوو دەدات و دەبێتە هۆی پێکدادانی ئامرازێکی گواستنەوەی جوولاو یان زیاتر لەگەڵ چەند ئامرازێکی تری گواستنەوە یان لەگەڵ پیادە یان ئاژەڵ یان لەگەڵ تەنێك لەسەر ڕێگای گشتی وتایبەت زیانی ماددی لێ دەکەوێتەوە.

**ڕێگا**: بریتییە لە شەقام یان کۆڵان یان هێڵی ئاسن یان هەر شوێنێکی کراوە کە هاوولاتی بەکار دەهێنێت بۆ گەیشتن بە شوێنی مەبەست دوور یان نزیک بێت، یەک ئاراستەی هەبێت یان دوو ئاراستە، سەرەکی بێت یاخود لاوەکی، یان ڕێگای گوند بێت.

**پێکدادان**: بریتییە لە بەریەککەوتن لە نێوان دوو ئامرازی گواستنەوە یان لەنێوان ئامرازێکی گواستنەوە وتەنێکی جوولاو (پیادە، پایسکل سوار، ئاژەڵ...) یان نەجوولاو (دار وبەرد، دیوار، ستوونی کارەبا...) کە لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی زیانی گیانی وماددی.


**وەرگەڕان**: واتا لە دەست دانی هاوسەنگی ئامرازێکی گواستنەوە کە ڕووی سەرەوەی دەکەوێتە خوارەوەی (سەرا وژێر دەبێت) یان دەکەوێتە سەر تەنیشت کە لە ئەنجامدا زیانی ماددی وگیانی لێ دەکەوێتەوە.

**شێلان**: پێکدادانی ئامرازێکی گواستنەوەی جوولاو بە تەنێکی نەرم وەکوو (مرۆڤ، ئاژەڵ) لە ئەنجامدا زیانی ماددی وگیانی لێ دەکەوێتەوە.

خشتەی3: ئاماری ڕووداوەکانی هاتووچۆ لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2020

| نیشاندەر | هەرێم | هەولێر | سلێمانی | دهۆك |
|---|---|---|---|---|
| **کۆی ژمارەی ڕووداوەکانی هاتووچۆ لەپارێزگاکانی هەرێم** | 2413 | 748 | 1019 | 646 |
| **ژمارەی مردووان** | 371 | 120 | 193 | 58 |
| **ژمارەی بریندار بووان** | 4335 | 715 | 2984 | 636 |
| **ژمارەی ڕووداوەکانی مردووان** | 249 | 97 | 103 | 49 |
| **ژمارەی ڕووداوەکانی بریندار بووان** | 2164 | 651 | 916 | 597 |
| **سەرچاوە: بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆی هەرێم، بەڕێوەبەرایەتییەکانی هاتووچۆی سلێمانی، دهۆك و ئیدارەی گەرمیان** | | | | |


شێوەی 3 :ژمارەی ئەو ڕووداوانەی کە مردن وبرینداری لێکەوتۆتەوە لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵانی 2018-2020




***بەهۆی نەبوونی داتاو زانیاری دروست ژمارەی مردن وبریندار بە هۆی ڕووداو بۆ ساڵی 2020 لە ئیدارەی گەرمیان هەژمار نەکراوە**

(شێوەی سەرەوە) ژمارەی ئەو ڕووداوانەی کە مردن و برینداری لێکەوتۆتەوە لە سەر ئاستی هەرێم و پارێزگاکانی بۆ ساڵانی 2018 و 2020 پیشاندەدات. لە کۆی ڕووداوەکانی هاتووچۆ بۆ ساڵی 2020 (2,413)، لەوانە 249 ڕووداو بووەتە هۆکاری گیان لەدەستدان و 2,164 ڕووداو بەبێ زیانی گیانی بووە، ژمارەی ڕووداوەکان لە ساڵی 2018 گەیشتووتە 4,476 ڕووداو، لەوانە 569 ڕووداو بووەتە هۆکاری گیان لە دەستدان و 3,907 ڕووداو بە بێ زیانی گیانی بووە. بە گشتی، ژمارەی ڕووداوەکانی هاتووچۆ لە ساڵی 2020 بەرێژەیەکی بەرچاو کەمی کردووە بە بەراوورد بە ساڵی 2018 کەدەکاتە 46.1% و هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و قەدەغەی هاتووچۆ لە ناو شارەکان و نێوان شارەکان. لەسەر ئاستی پارێزگاکانیش ، بۆ ساڵی 2020 پارێزگای سلێمانی بەرزترین ژمارەی ڕووداوی تۆمار کردووە کە 103 لەم ڕووداوانە بووەتە هۆی مردن و ڕووداوی بریندار بوون 916 ڕووداو بوون و کەمترین ژمارەی ڕووداو لە پارێزگای دهۆکە کە ژمارەی مردن49 و بریندار597 ڕووداو بوون.

**نەخشەی10: ژمارەی ڕووداوەکانی هاتووچۆ لە سەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2020**



## سەرچاوەکان

- بەشی ئامارەکانی گواستنەوە و پەیوەندییەکان، وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن/ فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر و سلێمانی-وەرگرتنی زانیاری بە نوسراوی فەرمی2022، هەرێمی کوردستان: دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان.
- بەشی ئامارەکانی گواستنەوە و پەیوەندییەکان ، وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆی هەرێم و بەڕێوەبەرایەتییەکانی هاتووچۆی هەولێر، سلێمانی، دهۆک و ئیدارەی گەرمیان-وەرگرتنی زانیاری بە نوسراوی فەرمی2022. هەرێمی کوردستان: دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان.

# ئامارەکانی بازرگانی

## کەرتی گەشتیاری

کەرتی گەشتیاری لە وڵاتان لە ڕووی داهات وبەکارخستنی هێزی کار ودروستکردنی جموجۆڵ لە بازاڕەکان یەکێکە لەو کەرتانەی کە بە سەرچاوەیەکی گرنگی ئابووری دادەنرێت وهەروەها داهاتی دەستکەوتوو لەم کەرتە ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە بەرزکردنەوەی کۆی بەرهەمی ناوخۆیی. هەرێمی کوردستانیش یەکێکە لەو هەرێمانەی کە گەشتیارێکی زۆر سەردانی دەکەن بەهۆی هەبوونی شوێنی سروشتی جوان ودڵڕفێن وشوێنەواری مێژوویی وئەو سەقامگیری وئارامییەی لە هەرێم دا هەیە. دەستەی ئاماری هەرێم بە هاوکاری دەستەی گشتی گەشتوگوزار بەپێی پلانی ساڵانە کار دەکات بۆ کۆکردنەوەی داتای ورد لەسەر یەکە گەشتیارییەکان لە هەرێم بۆ ئاگاداربوون لە بارودۆخی شوێنە گەشتیارییەکان وژمارەی گشتی گەشتیارانی ناوخۆ وبیانی ودەرەوەی هەرێم بەپێی شەوانی مانەوەیان.

**یەکە گەشتیارییەکان** : شوێنی نیشتەجێ بوونی گەشتیارانە کە بریتییە لە هۆتێل، مۆتێل، شوقە وکۆمەڵگا گەشتیارییەکانە کە دەبێتە شوێنگرەوەی شوێنی نیشتەجێبوونی خەڵک لە جیاتی ماڵی خۆیان لە ماوەی مانەوەیان لە گەشتەکەیان کە هەموو پێداویستیی وخزمەتگوزاریی پشوودان تێیدا پێشکەش دەکرێت و لە ژێر سەرپەرشتی یەکەیەکی کارگێری تایبەت بەڕێوە دەبرێن. لە هەرێمی کوردستان یەکە گەشتیارییەکان بە پێی جۆری خزمەتگوزاریی پێشکەشکراو لە پلە نایاب کە هەڵگری پێنج ئەستێرەن تا میللی کە هەڵگری ئەستێرە نین پۆلێن دەکرێن.

**هۆتێل:** دامەزراوەیەکی گەشتیارییە کە شوێنگرەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونی خەڵکییە لە جیاتی ماڵی خۆیان کە هەموو پێداویستییەکی وەکوو تەخت، گەرماو، توالێت (WC)لەخۆ دەگرێت. هۆتێل شوێنێکی فراوانە کە ژمارەیەکی زۆری خەڵک تێیدا دەمێننەوە (لە ماڵان زیاتر) ولەلایەن کەسانێک بە ڕێوە دەبرێت کە شارەزای کاری خزمەتگوزاریی هۆتێلن.

**مۆتێل**: دامەزراوەیەکی گەشتیارییە بۆ دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوون بۆ ڕێبواران وگەشتیاران لە سەر ڕێگاکانی دەرەوە و ناوەوەی شار کە شوێنی وەستانی ئۆتۆمبێلی تیایە و خزمەتگوزارییەکانی کەمترە بە بەراورد بەو خزمەتگوزارییانەی لە هۆتێل پێشکەش دەکرێن.

**شوقەی گەشتیاری:** دامەزراوەیەکی گەشتیارییە بۆ دابین کردنی شوێنی نیشتەجێبوون بۆ ڕێبوارەکان و گەشتیاران و شوێنی ئامادەکردنی خواردن (چێشتخانە) و خزمەتگوزاری سەرەتایی تێدایە.

**کۆمەڵگای گەشتیاری**: جۆرێکە لە دامەزراوەی گەشتیاری کە پێکدێت لە کۆمەڵێک خانووی گەشتیاری و تێدا جۆرەها خزمەتگوزاری پشوودان پێشکەش دەکرێن و لە ژێر سەرپەرشتی یەکەیەکی کارگێری تایبەت بە ڕێوە دەبرێن.

**ژمارەی میوانەکان :** ژمارەی ئەو گەشتیارانەن کە دەمێننەوە لە یەکە گەشتیارییەکان بۆ ماوەیەکی دیاریکراو کە نابێت لە ڕۆژێک کەمتر بێت. ئەم گەشتیارانە ناوخۆیین یان لە دەرەوەی هەرێم یان لە وڵاتانی ترن(بیانی).
**ژمارەی شەوانی مانەوە (تەختی بە کار هێنراو) :** بریتییە لە کۆی شەوانی مانەوەی میوانەکان یەکە گەشتیارییەکاندا ولە سەر بنەمای (تەخت، ژوور) بەپێی ڕۆژ) کە دیاریکراو.

**داهاتی گشتی یەکە گەشتیارییەکان**: بریتییە لە داهاتی بە دەست هاتوو لە یەکە گەشتیارییەکان بەرامبەر پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری بۆ میوانەکان وەک کرێی نووستن یان کرێی شەوانی مانەوەی گەشتیاران کە کۆ دەکرێتەوە لەگەڵ داهاتی دووکان ومارکێت وچێشتخانە وزەوی بۆ وەستانی ئۆتۆمبێل کە داهاتەکە دەگەڕێتەوە بۆ یەکە گەشتیارییەکە، هەروەها پێشکەش کردنی خزمەتگوزارییەکانی تر وەکوو (شوێنی مەلەوانگە و مەساج، شووشتن و ئوتووی جلوبەرگ، بەکرێدانی ئۆتۆمبێلی تایبەت بە یەکە گەشتیارییەکە، بەکرێدانی هۆڵی ئاهەنگ، کردنەوەی پێشانگا و کۆنفراس هەروەها بەهای فرۆشراوەکان لە فرۆشتنی خواردن وخواردنەوە لە چێشتخانە یان کافتریا کە سەرجەمیان داهاتەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ داهاتی گشتی یەکە گەشتیارییەکان.

**ژمارەی کرێکاران:** بریتییە لە کۆی گشتی کرێکاران لە ماوەی یەک ساڵ کە لە ناو یەکە گەشتیارییەکان بەرامبەر کرێ (مووچە) یان بەبێ کرێ (بێ مووچە) کار دەکەن وەک خاوەن یەکەکە.

**خەرجی گشتی یەکە گەشتیارییەکان:** بریتییە لە کۆی گشتی خەرجییەکان وەک کۆی مووچە وبەخششی نەختینەیی ونانەختینەیی و کرێی خزمەتگوزاری پێشکەشکراو (کەلوپەل و پێداویستییەکان، خزمەتگوزاریی و ئاڵوگۆڕی دراو) لە یەکە گەشتیارییەکان.


خشتەی 1 : ژمارەی یە کە گەشتیارییەکان و ژمارەی میوان و شەوانی مانەوە بەپێی ڕەگەزنامە و ژمارەی کرێکاران و کۆی گشتی خەرجییەکان و داهاتی دەستکەوتوو لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم بۆ ساڵانی (2019و2020)

| بابەت | هەولێر | | دهۆك | | سلێمانی | | هەرێمی کوردستان | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | 2019 | 2020 | 2019 | 2020 | 2019 | 2020 | 2019 | 2020 |
| ژمارەی یەکە گەشتیارییەکان | 477 | 477 | 121 | 115 | 275 | 275 | 873 | 867 |
| ژمارەی میوانانی ناوخۆیی عێراق | 1,572,748 | 630,070 | 188,281 | 85,019 | 1,273,002 | 825,160 | 3,034,031 | 1,540,249 |
| ژمارەی شەوانی مانەوەی میوانانی ناوخۆیی عێراق | 2,833,322 | 1,165,383 | 487,380 | 276,516 | 1,338,625 | 984,986 | 4,659,327 | 2,426,885 |
| ژمارەی میوانانی دەرەوەی عێراق (بیانی و عەرەب) | 405,779 | 362,706 | 28,845 | 12,526 | 183,997 | 111,638 | 618,621 | 486,870 |
| ژمارەی شەوانی مانەوەی میوانانی دەرەوەی عێراق (بیانی و عەرەب) | 550,894 | 461,506 | 90,719 | 52,297 | 297,482 | 200,874 | 939,095 | 714,677 |
| کۆی گشتی ژمارەی میوان | 1,978,527 | 992,776 | 217,126 | 97,545 | 1,456,999 | 936,798 | 3,652,652 | 2,027,119 |
| کۆی گشتی ژمارەی شەوانی مانەوەی | 3,384,216 | 1,626,889 | 578,099 | 328,813 | 1,636,107 | 1,185,860 | 5,598,422 | 3,141,562 |
| ژمارەی کرێکاران لە یەکە گەشتیارییەکان | 4,385 | 4,122 | 781 | 555 | 1,916 | 2,013 | 7,082 | 6,690 |
| خەرجی گشتی یەکە گەشتیارییەکان (ملیار دینار) | 102.183 | 72.298 | 11.451 | 6.000 | 46.997 | 37.809 | 160.631 | 116.107 |
| داهاتی گشتی یەکە گەشتیارییەکان( ملیار دینار) | 224.071 | 126.984 | 19.595 | 10.299 | 101.104 | 94.756 | 344.770 | 232.039 |


## ژمارەی یەکە گەشتیارییەکان

لە خشتەی 1 دەرکەوتووە کە **ژمارەی یەکە گەشتیارییەکان** لەهەرێمی کوردستان لە ساڵی 2020 کە 867 یەکە بووە بە بەراورد بە ساڵی 2019 کە ژمارەیان 873 یەکە بووە بە ڕێژەی 0.6% کەمی کردووە. هۆکاری کەمبوونەوەی ئەو ڕێژەیە دەگەڕێتەوە بۆ بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا بەسەر جیهان و عیراق بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی، کە هەندێک لە خاوەن یەکە گەشتیارییەکان ناچار بوون بە شێوەیەکی کاتی یەکە گەشتیارییەکانیان دابخەن یان پیشەکەیان بگۆڕن. ژمارەی یەکە گەشتیارییەکان لە سەر ئاستی پارێزگاکان لە شێوەی خوارەوە ڕوونکراوەتەوە.

شێوەی 1 : بەراوردی ژمارەی یەکە گەشتیارییەکان لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵانی(2019 و 2020)




**نەخشەی11: ژمارەی یەکە گەشتیارییەکان لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2020**




## ژمارەی گەشتیار لە یەکە گەشتیارییەکان

لە خشتەی 1 دەرکەوتووە کە **ژمارەی مێوانەکان لە یەکە گەشتیارییەکان** لە هەرێمی کوردستان لە 3,652,652 مێوان لە ساڵی 2019 بە ڕێژەی 44.5% دابەزیووە بۆ 2،027،119 مێوان لە ساڵی 2020، هەروەها بە هەمان شێوە **ژمارەی شەوانی مانەوەی میوانان** (3,141,562 شەو) لە ساڵی 2020 بە ڕێژەی 43.8% نزم بوونەوە پێشان دەدات بە بەراوود بە 5,598,422 شەو لە ساڵی 2019. هۆکاری ئەم کەمبوونە بە گشتی دەگەڕێتەوە بۆ بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆڕۆنا وقەدەغەی هاتووچۆ کە ڕێگر بوون بۆ هاتنی گەشتیارانی ناوخۆ ودەرەوەی هەرێمی کوردستان وگەشتیارانی بیانی ( شێوەی 2 و 3).

شێوەی 2 : ژمارەی میوانانی هاتوو بۆ یەکە گەشتیارییەکان لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵانی 2019 و 2020




شێوەی 3 : ژمارەی شەوانی مانەوەی مێوانان لە یەکە گەشتیارییەکان لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵانی 2019 و 2020





## ژمارەی کرێکار لە یەکە گەشتیارییەکان


خشتەی 1 جیاوازی **ژمارەی کرێکاران لە یەکە گەشتیارییەکان** بۆ ساڵانی 2019 و 2020 لەسەر ئاستی هەرێم و پارێزگاکان پیشان دەدات. لە ساڵی2020دا، ژمارەی کرێکاران لە یەکەگەشتیارییەکان 6,690 کرێکار بووە و بە بەراورد بە 7,082 کرێکار لە ساڵی 2019 بەڕێژەی 5.5 % دابەزیوە. هۆکاری ئەم دابەزینە دەگرێتەوە بۆ بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆڕۆنا وقەدەغەی هاتووچۆ کە

ڕێگر بوون لە هاتنی گەشتیار بۆ هەرێمی کوردستان. لە ساڵی 2020، یەکە گەشتیارییەکان بۆ ماوەی 8 مانگ داخرابوون وتەنها 4 مانگ کاریان کردووە ( شێوەی 4 و5 ).

شێوەی 4 : بەراوردکردنی ژمارەی کرێکاران لە یەکە گەشتیارییەکان لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵانی (2020,2019,2016,2013)





شێوەی 5: ژمارەی کرێکاران لە یەکە گەشتیارییەکان لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵانی 2019 و 2020



## خەرجی یەکە گەشتیارییەکان


شێوەی 6 : خەرجی گشتی یەکەگەشتیارییەکان لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆساڵانی 2019و2020 (ملیار دینار)




شێوەی سەرەوە جیاوازی **خەرجی گشتی یەکە گەشتیارییەکان** بۆ ساڵانی 2019 و2020 لەسەر ئاستی هەرێم و پارێزگاکان پیشان دەدات. خەرجی گشتی یەکە گەشتیارییەکانی هەرێم لە ساڵی 2020 کە 116.107ملیار دینار بووە بەراورد بە 160.631ملیار دینار خەرجی لە ساڵی 2019 بەڕێژەی 27.7% دابەزینی بەخۆوە بینیوە. هەروەک لە شێوەکە دەرکەوتووە، جیاوازییەکی زۆر لە نێوان پارێزگاکان بەدی دەکرێت ئەوەش دەگەرێتەوە بۆ جیاوازی ژمارەی یەکەگەشتیارییەکان لە سەر ئاستی پارێزگاکان، بۆ نموونە پارێزگای هەولێر زۆرترین ژمارەی یەکەی گەشتیاری و پارێزگای دهوک کەمترین ژمارەی یەکەی گەشتیاری هەیە وئەمەش ڕەنگی داوەتە سەر خەرجی گشتی لە سەر ئاستی پارێزگاکان. هەروەك لەشێوەکەدا دیارە، خەرجی گشتی لە پارێزگای دهۆک لەساڵی 2020 نزیک لە نیوەی خۆی کەمی کردووە بە ڕێژەی 47.6% بە بەراورد بە ساڵی پێشووتر.

## داهاتی یەکەگەشتیارییەکان

شێوەی 7 : داهاتی گشتی یەکەگەشتیارییەکان لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵانی 2019و2020(ملیار دینار)




شێوەی سەرەوەجیاوازی **داهاتی گشتی یەکە گەشتیارییەکان** بۆ ساڵانی 2019 و 2020 لەسەر ئاستی هەرێم و پارێزگاکان پیشان دەدات. داهاتی گشتی یەکە گەشتیارییەکانی هەرێم لە ساڵی 2020 گەشتووتە 232.039 ملیار دیناری عێراقی و بەراورد بە 344.770 ملیار دینار لە ساڵی 2019 بەڕێژەی 32.6% دابەزینی بەخۆوە بینیوە . لە شێوەکە بە ڕوونی پیشاندراوە کە لە ساڵی2020 داهاتی گشتی یەکە گەشتیارییەکان لە هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆک نزیکبوونە لە نیوەی داهاتی گشتی لە ساڵی 2019.

## بازرگانی ناوخۆیی

کەرتی بازرگانی ناوخۆیی لە چالاکییە ئابوورییە گرنگەکان هەژمار دەکرێت لە ناو چەمکەکانی ئابووری نیشتمانی و بەشداری لە کۆ بەرهەمی ناوخۆیی لە بەگەڕخستنی هێزی کار و زیادکردنی داهات دەکات. بۆ پێشخستن و باشترکردنی ئەدای ئەم کەرتە و بەهێزکردنی ئابووری گشتی پێویستی بە ئاوڕلێدانەوە هەیە. بە هۆی گرنگی ئەم کەرتە لە بەرەو پێشبردنی ئابووری گشتی، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بە هەماهەنگی لەگەڵ دەزگای ناوەندی ئامار لە بەغدا ڕووپێوی بازرگانی ناوخۆیی( بازرگانی تاک و کۆ و چاک کردن و فرۆشتنی ئۆتۆمبێل وماتۆرسیکلی بزوێنەردار) بەشێوەی هەڵبژاردنی نمونە ئەنجامدرا بۆ کەرتی تایبەت لە ساڵی 2021 بە پشت بەستن بە چوارچێوەی ئابووری (بازرگانی و پیشەسازی وچێشتخانەکان) لە ساڵی 2021 بۆ هەڵبژاردنی نموونەکان. چوارچێوەی بەکارهاتوو لە گشت شوێنە بازرگانییەکان کە دەکەوێتە سەنتەری پارێزگا (قەزا و ناحیە) کە شوێنی پڕ لە جموجۆڵی بازرگانین لە خۆدەگرێتەوە بۆ مەبەستی دەستەبەرکردنی زانیاری ئاماری لە یەکە ئابوورییەکان کە جەخت لە چالاکییە سەرەکییەکانی بازرگانی تاک و کۆ و چاک کردن و فرۆشتنی ئۆتۆمبێل و ماتۆرسیکلی بزوێنەردار دەکەنەوە. ئەم ڕووپێوە لە عێراق و هەرێمی کوردستان (شار و گوند) ئەنجامدرا بەپێی پۆلین پیشەسازی ستانداردی نێودەوڵەتی هەموارکراوی چوارەم(ISIC. 4) .

## چەمك و زاراوەکان

**چاڵاکی ئابووری سەرەکی:**بریتییە لەو چاڵاکییەی کە دامەزراوەکە ئەنجامی دەدات بەپێی پۆلینی نێودەوڵەتی چاڵاکییە ئابوورییەکان وە بەشدارە بە زۆرترین بەهای زیادە لە کاتی هەبوونی چەند چاڵاکییەک لە دامەزراوەکەدا.

**قەوارەی یاسایی**

قەوارەی یاسایی جۆری خاوەندارێتی کۆمپانیاکان( دامەزراوەکان) لە ڕووی یاساییەوە دیاردەکات و لە چوار جۆری خاوەندارێتی خوارەوە پێک هاتوونە:

**-کۆمپانیای تاکەکەسی:** خاوەنی ئەم جۆرە کۆمپانیایە کەسێکی ئاساییە و ئەم کەسە بەرپرسیارە لە کاروباری کۆمپانیا و سنووردار نییە لە هەموو پەیوەست بووەکانی کۆمپانیاکەیەوە.

**-کۆمپانیای هاوبەش( بەشداربووان):** ئەم کۆمپانیایە لە چەند کەسێک پێک دێت و ژمارەیان لە 5 کەس کەمتر نییە. هەر بەشداربوویەک پشکی دیار کراوی خۆی هەیە لە کۆی گشتی پشکەکان و ئەم کەسانە بەرپرسیارن لە قەرزەکانی کۆمپانیا بە پێی بەهای پشکەکانیان.

**-کۆمپانیای بەرپرسیاری سنووردار**: کۆمپانیای بەرپرسیاری سنووردار لە چەند کەسێک پێک دێت کە لە 25 کەس زیاتر نین و هەر یەک پشکی خۆیان کۆ دەکەنەوە و بەرپرسیارن لە پەیوەستەکانی کۆمپانیا هەریەک بە پێی بری پشکی کۆکراوە.

**-کۆمپانیای هاوکاری (پشکدار):**کۆمپانیایەکە لە چەند کەسێکی ئاسایی پێک دێت کە لە 2-10 کەس کەمتر نین و هەریەکەیان پشکی خۆی هەیە. هەموو ئەم کەسانە بەرپرسیاری کەسی و بێ سنووری هەموو پەیوەستەکانی کۆمپانیان.

**کرێکاران:**ئەو کەسانەن کە لە دامەزراوەکە کار دەکەن (نێر و مێ ) چ ئەوانەی مووچە و کرێ وەرناگرن و وەک خاوەنکار بۆ خۆ یان کار دەکەن چ ئەوانەی بەرامبەر بە مووچە یان کرێ کار دەکەن بە بی ڕەچاو کردنی میکانیزمی وەرگرتنی مووچە یان کرێ.

**قەرەبووی کرێکاران :** کۆی ئەو پارە نەختینە وشمەکیەیە (نا نەختینە) کە دا مەزراوەکە بە کرێکاران دەدات و هەموو ئەو پارانە دەگرێتەوە وەکو پاداشت، پارەی گوزەران، کرێی خانوو، ئەو پارەی بەرامبەر بە کاری زێدەکی و هتد بە کرێکاران دەدرێت. یان ئەو کاڵا و خزمەتگوزاریانە کە پیشکەش بە کرێکاران دەکرێ بە بێ بەرامبەر یان بە داشکادن وەك سوودێك بۆ کرێکاران.

**کۆی بەهای بەرهەم:** بریتییە لە بەهای لێواری بازرگانی لەگەڵ داهات لە چاڵاکەکانی تر.

**باج لە سەر بەرهەم:** ئەو پارە نەختینەیە یان نانەختینەی کە یەکەی بەرهەمهێن بەپێی یاسا بە حکومەت دەدات بەرامبەر بە کاڵا و خزمەتگوزارییەکان لە کاتی بەرهەمهێنان یان فرۆشتنیان و هەر باجێکی تر کە کە بەرهەمهێن بیدات لە ئاکامی بەرهەمهێنان.**بەهای زیادە** (داهات – پێداویستەکان): ئەو گوژمەیە کە دەخرێتە سەر بەرهەمە ناوخۆییەکان لەلایەن دامەزراوەکەوە بەرامبەر بەو چاڵاکیانەی کە ئەنجامی دەدات و لەرێگەی لێ دەرکردنی بەهای پێداویستەکان لە بەهای بەرهەم بەدەست دێت.

**کرداری زیادە:** بریتییە لە بەهای زیادە لەدوای لێ دەرهێنانی قەرەبووی کارمەندان.


## دامەزراوەکانی بازرگانی ناوخۆیی (بازرگانی تاک و کۆ و چاککردن و فرۆشتنی ئۆتۆمبێل و ماتۆڕسیکلی بزوێنەردار)

خشتەی 2: ژمارە و ڕێژەی سەدی دابەشبوونی دامەزراوەکان بە پێی جۆری چالاکی ئابووری، ژینگە و پارێزگا بۆ ساڵی 2021


| | پارێزگا / ژینگە | جۆری چالاکی ئابووری سەرەکی | | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | بازرگانی فرۆشتن و چاککردنی ئۆتۆمبێل و ماتۆرسکیل | | | | بازرگانی کۆ | | | | بازرگانی تاک | | | | بازرگانی بە گشتی | | | |
| | | دهۆک | سلێمانی | هەولێر | هەرێم | دهۆک | سلێمانی | هەولێر | هەرێم | دهۆک | سلێمانی | هەولێر | هەرێم | دهۆک | سلێمانی | هەولێر | هەرێم |
| ژمارە | شار | 2997 | 6008 | 7613 | 16618 | 875 | 2563 | 3194 | 6632 | 10657 | 19126 | 17107 | 46890 | 14529 | 27697 | 27914 | 70140 |
| % | ڕێژەی شار | 99.6 | 98 | 99.6 | 99 | 96.2 | 100 | 100 | 99.5 | 99.1 | 99.9 | 99.8 | 99.7 | 99 | 99.5 | 99.8 | 99.5 |
| ژمارە | گوند | 13 | 123 | 28 | 164 | 35 | 0 | 0 | 35 | 100 | 22 | 41 | 163 | 148 | 145 | 69 | 362 |
| % | ڕێژەی گوند | 0.4 | 2 | 0.4 | 1 | 3.8 | 0 | 0 | 0.5 | 0.9 | 0.1 | 0.2 | 0.3 | 1 | 0.5 | 0.2 | 0.5 |
| ژمارە | کۆی گشتی | 3010 | 6131 | 7641 | 16782 | 910 | 2563 | 3194 | 6667 | 10757 | 19148 | 17148 | 47053 | 14677 | 27842 | 27983 | 70502 |
| % | ڕێژەی گشتی | 100 | 100 | 100 | 100 | 100 | 100 | 100 | 100 | 100 | 100 | 100 | 100 | 100 | 100 | 100 | 100 |

ژمارەی دامەزراوەی بازرگانی ناوخۆیی (بازرگانی تاک و کۆ، فرۆشتن و چاککردنی ئۆتۆمبێل و ماتۆڕسیکلی بزوێنەردار) لە کەرتی تایبەت بۆ ساڵی 2021 لەسەر ئاستی هەرێم 70,502 دامەزراوە بوون. بە پێی دەرەنجامەکانی ڕووپێوی بازرگانی تاک و کۆ، فرۆشتن و چاککردنی ئۆتۆمبێل و ماتۆڕسیکلی بزوێنەردار ساڵی2021, دابەشبوونی ئەم دامەزراوانە پێی ژینگە بەم جۆرە بووە کە (70140)99.5 % لەم دامەزراوانە لە شارەکان و (362) 0.5% لە گوندەکان تۆمارکراون.

**نەخشەی12: ژمارەی دابەشبوونی دامەزراوەکانی بازرگانی ناوخۆیی لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی2021**




شێوەی 8 : ژمارەی دامەزراوە بازرگانییەکان لە کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان بەپێی پارێزگا و بەپێی چالاکی ئابووری بۆ ساڵی 2021




بە پێی شێوەی سەرەوە، زۆرترین ژمارەی دامەزراوە بازرگانییەکان لە پارێزگای هەولێر بووە (27،983) کە دەکاتە بە ڕێژەی 39.7%، دواتر پارێزگای سلێمانی دێت (27،842) بە ڕێژەی 39.5% و کەمترین ژمارەی دامەزراوە بازرگانییەکان لە پارێزگای دهۆک بووە (14،677) بە ڕێژەی 20.8%.

شێوەی 9: ژمارەی دامەزراوە بازرگانییەکان لە کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان بەپێی جۆری چالاکی ئابووری سەرەکی بۆ ساڵی 2021





بەپێی ڕووپێوی (بازرگانی تاک و کۆ، فرۆشتن و چاککردنی ئۆتۆمبێل و ماتۆڕسیکلی بزوێنەردار) لە ساڵی 2021 دەرکەوتووە، بازرگانی تاکزۆرترین دامەزراوە بازرگانی تۆمارکردووە ( 47053) لە هەرێمی کوردستان و پلەی دووەم بازرگانی فرۆشتن و چاککردنی ئۆتۆمبێل و ماتۆڕسیکلی بزوێنەردار (16782) تۆمارکردووە. و سەبارەت بە بازرگانی کۆ کە ڕێژەکە کەمترە لە جۆرەکانی بازرگانی تر کە ژمارەیان 6667 دامەزراوە بووە (شێوەی9).

## باری یاسایی دامەزراوەکانی بازرگانی

خشتەی 3 : ژمارەی دامەزراوەکان بەپێی باری یاسایی و چالاکی ئابووری لەسەرئاستی پارێزگا بۆ ساڵی2021


| پارێزگا | | دهۆك | | | | سلێمانی | | | | هەولێر | | | | هەرێمی کوردستان - بازرگانی بەگشتی | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | جۆری چالاکی ئابووری | بازرگانی فرۆشتن و چاکردنی ئۆتۆمبێل و ماتۆڕسکیل | بازرگانی کۆ | بازرگانی تاك | کۆ | بازرگانی فرۆشتن و چاکردنی ئۆتۆمبێل و ماتۆڕسکیل | بازرگانی کۆ | بازرگانی تاك | کۆ | بازرگانی فرۆشتن و چاکردنی ئۆتۆمبێل و ماتۆڕسکیل | بازرگانی کۆ | بازرگانی تاك | کۆ | بازرگانی فرۆشتن و چاکردنی ئۆتۆمبێل و ماتۆڕسکیل | بازرگانی کۆ | بازرگانی تاك | کۆ |
| باری یاسایی | دامەزراوەی تاکەکەسی | 2840 | 740 | 9816 | 13396 | 6131 | 2563 | 19075 | 27769 | 6194 | 3109 | 16380 | 25683 | 15165 | 6412 | 45271 | 66848 |
| | کۆمپانیای بەشداربووان | 129 | 27 | 420 | 576 | 0 | 0 | 23 | 23 | 34 | 0 | 121 | 155 | 163 | 27 | 564 | 754 |
| | دامەزراوەی سنووردار | 17 | 0 | 0 | 17 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 52 | 31 | 83 | 17 | 52 | 31 | 100 |
| | دامەزراوەی هاوکاری | 24 | 101 | 520 | 645 | 0 | 0 | 50 | 50 | 0 | 0 | 20 | 20 | 24 | 101 | 590 | 715 |
| | هیتر | 0 | 42 | 1 | 43 | 0 | 0 | 0 | 0 | 1413 | 33 | 596 | 2042 | 1413 | 75 | 597 | 2085 |
| | کۆ | 3010 | 910 | 10757 | 14677 | 6131 | 2563 | 19148 | 27842 | 7641 | 3194 | 17148 | 27983 | 16782 | 6667 | 47053 | 70502 |

شێوەی 10 : ڕێژەی سەدی دامەزراوەکان بەپێی باری یاسایی لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2021





لە ڕووی قەوارەی یاساییەوە، 94.8% ی دامەزراوەکانی بازرگانی موڵکی تاکەکەسین (شێوەی10)، و ڕێژەی دامەزراوەکانی تر بەم جۆرە بووە: هاوبەشی1.1% ,سنووردار 0.1% , هاوکاری1% و هیتر3% و کۆی ڕێژەکەیان دەکاتە نزیکەی 6%.

شێوەی 11: ڕێژەی سەدی دامەزراوەکان بەپێی باری یاسایی لە سەر ئاستی پارێزگاکان بۆ ساڵی 2021




لە شێوەی 11 دەردەکەوێت، لە سەر ئاستی پارێزگاکان،دامەزراوەکانی بازرگانی کە موڵکی تاکەکەسین ڕێژەیەکی بەرزی تۆمار کردووە و پارێزگای سلێمانی بە پلەی یەکەم دێت بە ڕێژەی 99.7 %، دواتر پارێزگاکانی هەولێر و دهۆک دێن بە ڕێژەی 91.8 % و 91.3% یەک لە دوای یەک. سەبارەت بەدامەزراوەکانی تر (هاوبەش, سنووردار، هاوکاری و هیتر) ڕێژەکەیان زۆر نزمە و لە پارێزگای دهۆک، دامەزراوەی بەشداربووان و هاوکاری ڕێژەیەکی بەرزتری تۆمار کردووە بە بەراوورد بە هەولێر و سلێمانی.

شێوەی 12: دابەشبوونی ڕێژەی سەدی دامەزراوەکان بە پێی جوری چاڵاکی و باری یاسایی ئابووری لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی2021




هەروەک لە شێوەی سەرەوە پێشان دراوە، چاڵاکی بازرگانی تاک بەرزترین ڕێژەی تۆمار کردووە لە جۆرەکانی دامەزراوەکانی هاوکاری (82.5 %) و هاوبەش ( 74.8%) و تاکە کەسی (67.7%).

## کرێکاران لە دامەزراوەکانی بازرگانی ناوخۆیی

خشتەی 4 : ژمارەی کرێکاران لە دامەزراوەکانی بازرگانی ناوخۆیی لە کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان و پارێزگاکان بۆ ساڵی 2021

| پارێزگا | | دهۆک | سلێمانی | هەولێر | هەرێمی کوردستان |
|---|---|---|---|---|---|
| ژمارەی کرێکاران لە دامەزراوەکانی بازرگانی ناوخۆیی | نێر | 30967 | 51275 | 60405 | 142647 |
| | مێ | 858 | 3873 | 2138 | 6869 |
| | لاوانی کەمتر لە 18 ساڵ | 634 | 118 | 270 | 1022 |
| | کۆ | 32459 | 55266 | 62813 | 150538 |


(خشتەی 4) بە پێی دامەزراوەکانی بازرگانی ناوخۆیی لەکەرتی تایبەت، ژمارەی کرێکاران لە هەرێمی کوردستا لە ساڵی 2021 150,538 بوون, کە 142،647 (94.7%) کەس لە ڕەگەزی نێر و 6،869 (4.5%) کەس لە ڕەگەزی نێر بووە. سەبارەت بە لاوانی کەمتر لە 18 ساڵ کە لەم دامەزراوانە کاریان کردووە ژمارەیان 1022(0.6%) کەس بووە.

خشتەی 5 :ژمارەی کرێکاران لە دامەزراوەکانی بازرگانی لە کەرتی تایبە ت بەپێی جۆری چاڵاکی ئابووری لەسەر ئاستی پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2021

| جۆری چالاکی ئابووری | | بازرگانی فرۆشتن و چاککردنی ئۆتۆمبێل و ماتۆرسکیل | | | | بازرگانی کۆ | | | | بازرگانی تاک | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پارێزگا | | دهۆک | سلێمانی | هەولێر | هەرێمی کوردستان | دهۆک | سلێمانی | هەولێر | هەرێمی کوردستان | دهۆک | سلێمانی | هەولێر | هەرێمی کوردستان |
| کۆی ژمارەی کرێکاران | نێر | 7804 | 13569 | 17266 | 38639 | 3334 | 6198 | 9141 | 18673 | 19829 | 31508 | 33998 | 85335 |
| | مێ | 0 | 0 | 0 | 0 | 59 | 265 | 76 | 400 | 799 | 3608 | 2062 | 6469 |
| | لاوانی کەمتر لە 18 ساڵ | 330 | 0 | 0 | 330 | 49 | 68 | 0 | 117 | 255 | 50 | 270 | 575 |
| | کۆ | 8134 | 13569 | 17266 | 38969 | 3442 | 6531 | 9217 | 19190 | 20883 | 35166 | 36330 | 92379 |


(خشتەی 5) بە پێی جۆری دامەزراوەکانی بازرگانی ناوخۆیی لەکەرتی تایبەت بۆ ساڵی 2021 ژمارەی کرێکاران لە هەرێمی کوردستان بەرزترین ژمارەی کرێکاران لە بازرگانی تاك بوو 92379 بوون, بۆ بازرگانی فرۆشتن و چاککردنی ئۆتۆمبێل و ماتۆرسکیل ژمارەی کرێکاران لەم جۆرە چاڵاکییە ئابوورییە 38969 کرێکاربوو، ژمارەی کرێکاران لە بازرگانی کۆ 19190 کرێکار بوو.

شێوەی 13: ڕێژەی سەدی کرێکاران لە دامەزراوەکانی بازرگانی لە کەرتی تایبە ت بەپێی ڕەگەز و لاوانی کەمتر لە18 ساڵ لەسەر ئاستی پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2021




هەر وەک لە شێوەی (13) دەردەکەوێت، لە هەرێمی کوردستان، ڕێژەی کرێکارانی نێر بە شێوەیەکی بەرچاو زیاترە لە ڕێژەی مێ و لاوانی خوار 18 ساڵ . لە سەر ئاستی پارێزگاکان، زۆرترین ڕێژەی کرێکاری نێر لە پارێزگای هەولێر بووە (96.2 % )، پاشان پارێزگای دهۆک و سلێمانی دێن بە ڕێژەی 95.4% و 92.8% یەک لە دوای یەک. شایانی باسە کە پارێزگای سلێمانی بەرزترین ڕێژەی کرێکاری مێ (7%) هەبووە لە کەرتی تایبەت بە بەراوورد بە هەولێر (3.4%) و دهۆک (2.6%).

شێوەی 14: ڕێژەی سەدی دابەشبوونی کرێکاران لە کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان بە پێی جۆری چالاکی ئابووری بۆ ساڵی 2021




بە پێی شێوەی سەرەوە، زۆرینەی کرێکاران لە کەرتی تایبەت لە بازرگانی تاک کار دەکەن کە دەکاتە بە ڕێژەی 61% و بازرگانی فرۆشتن و چاککردنی ئۆتۆمبێل و ماتورسکیل ڕێژەکەی 26% و کەمترین ڕێژە بۆ بازرگانی کۆ تومار کراوە بە ڕێژەی 13% .

## بەهای کۆی قەرەبووی کرێکاران

خشتەی 6 : ژمارەی کرێکارانی بەکرێ لە دامەزراوەکانی بازرگانی لە کەرتی تایبە ت لەسەر ئاستی پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2021

| پارێزگا | | دهۆک | سلێمانی | هەولێر | هەرێمی کوردستان |
|---|---|---|---|---|---|
| ژمارەی کرێکارانی کە کاردەکەن بەکرێ | نێر | 16,010 | 24,102 | 24,478 | 64,590 |
| | مێ | 796 | 3,387 | 1,797 | 5,980 |
| | لاوانی کەمتر لە 18 ساڵ | 474 | 0 | 170 | 644 |
| | کۆ | 17,280 | 27,489 | 26,445 | 71,214 |


(خشتەی6) ژمارەی کرێکارانی بەکرێ لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان 71214 کرێکار بووە، بەرزترین ژمارەی کرێکارانی بەکرێ لەڕەگەزی نێرە (64590) کە ڕێژەکە 90.70%ە، و ڕێژەی کرێکارانی ڕەگەزی مێ(5980) 8.40% بووە، کەمترین ژمارە و ڕێژە بۆ کرێکارانی لاوانی کەمتر لە 18 ساڵ تۆمارکردووە (644) کە دەکاتە بە ڕێژەی 0.90%.

خشتەی 7: کرێ و بەخشش بۆ کرێکاران بەپێی ڕەگەز لەسەر ئاستی پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان (ملیار دینار)

| قەرەبووی کرێکاران / پارێزگا | | دهۆک | سلێمانی | هەولێر | هەرێمی کوردستان |
|---|---|---|---|---|---|
| بەهای مووچە و کرێ | نێر | 68.04 | 138.24 | 130.75 | 337.02 |
| | مێ | 4.50 | 19.31 | 10.42 | 34.22 |
| | لاوانی کەمتر لە 18 ساڵ | 0.77 | 0 | 0.45 | 1.22 |
| | کۆی بەهای مووچەو کرێ | 73.31 | 157.54 | 141.61 | 372.45 |
| بەهای بەخشینی شمەکی (مزايا عينية) | | 10.19 | 1.72 | 10.64 | 22.55 |
| بەهای بەشداری دامەزراوەکان بەسوودی کرێکاران | | 0.28 | 5.59 | 0.55 | 6.41 |


| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| **کۆی گشتی قەرەبووی کرێکاران** | 83.78 | 164.83 | 152.80 | 401.42 |

شێوەی 15 : کرێ و بەخشش بۆ کرێکاران لە دامەزراوەکانی بازرگانی لە کەرتی تایبە ت بەپێی پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2021 بە ملیار دینار





(خشتەی7 و شێوەی 15) قەرەبووی کرێکاران لە دامەزراوەکانی بازرگانی ناوخۆیی لەکەرتی تایبەت بۆ ساڵی 2021پێشان دەدات. کۆی گشتی قەرەبووی کرێکاران لە هەرێمی کوردستان 401.42 ملیار دینار بووە. سەبارەت بە پارێزگاکان، پارێزگای سلێمانی بەرزترین قەرەبووی کرێکارانی تۆمار کردووە (164.83 ملیار دینار) ، پارێزگای هەولێر لە پلەی دووەم بوو (152.80 ملیار دینار) و کەمترین قەرەبووی کرێکاران لە پارێزگای دهۆك تۆمارکراوە (83.78ملیار دینار).

شێوەی 16 : ڕێژەی سەدی بەهای کرێ و مووچە، بەخشش و بەشداری دامەزراوەکان بەسوودی کرێکاران بەپێی پارێزگا بۆ ساڵی 2021





شێوەی سەرەوە کۆی قەرەبووی کرێکاران بەپێی پارێزگاکان پێشان دەدات، بەرزترین ڕێژەی قەرەبووی کرێکاران لە پارێزگای سلێمانی تۆمارکراوە بە ڕێژەی41.1% ، پارێزگای هەولێر لە پلەی دووەم دێت بە ڕێژەی 38.1% و کەمترین ڕێژە لە پارێزگای دهۆك تۆمارکراوە بە ڕێژەی 20.9%.

شێوەی 17: ڕێژەی سەدی قەرەبوی کرێکاران لە کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان بە پێی جۆری قەرەبوو بۆ ساڵی 2021




لە شێوەی سەرەوە دەردەکەوێت، کۆی بەهای قەرەبووی کرێکاران لە هەرێم گەیشتە 401.413 ملیار دینار (خشتەی 7)، لەو برە 372.453 ملیار دینار کە دەکاتە بە ڕێژەی 93 % بۆ کرێ و مووچەی کرێکاران تەرخان کراوە، بەخشینی شمەکی(عيني) 22.545 ملیار دینار بووە بە ڕێژەی 6 %، وە بەشداری دامەزراوەکان بۆ بەرژەوەندی کرێکاران 6.414 ملیار دینارە کە دەکاتە 1% ی کۆی قەرەبووی کرێکاران.

شێوەی 18: ڕێژەی سەدی قەرەبووی کرێکاران لە کەرتی تایبەت بە پێی جۆری چاڵاکی ئابووری ساڵی 2021




(شێوەی18) بەرزترین بەهای قەرەبووی کرێکاران بە پێی جۆری چاڵاکی ئابووری پێشان دەدات کە بەرزترین بەهای قەرەبووی کرێکاران بۆ بازرگانی تاکە بە ڕێژەی 58 % ، چاڵاکی فرۆشتن و چاککردنەوەی ئۆتۆمبێل و ماتۆرسکیل بە ڕێژەی 24% بووە، بازرگانی کۆ بە ڕێژەی 18 % بووە لە کۆی قەرەبووی کرێکاران.

## داهاتی دامەزراوە بازرگانییەکانی ناوخۆیی

خشتەی 8 :کۆی بەها زیادکراوەکانی چالاکی بازرگانی ناوخۆیی لەسەر ئاستی هەرێم و پارێزگاکان ( ملیار دینار) بۆ ساڵی2021


| پارێزگا | *کۆی بەهای بەرهەم | بەهای پێداویستە کاڵاییەکان | بەهای پێداویستە خزمەتگوزارییەکان | کۆی بەهای زیادە بەنرخی بەرهەم | *باج لەسەر بەرهەم و هاوردەکان | کۆی بەهای زیادە بەنرخی بنەرەت | قەرەبووی کرێکاران | کۆی کرداری زیادە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دهۆك | 1.695 | 54.243 | 154.038 | 1.487 | 9.072 | 1.478 | 83.779 | 1.394 |
| سلێمانی | 2.119 | 78.864 | 369.300 | 1.671 | 21.410 | 1.650 | 164.834 | 1.485 |
| هەولێر | 2.406 | 145.077 | 401.666 | 1.859 | 73.309 | 1.786 | 152.799 | 1.633 |
| هەرێم | 6.221 | 278.183 | 925.003 | 5.017 | 103.791 | 4.914 | 401.413 | 4.512 |

* کۆی بەهای بەرهەمهێنان: بریتییە لە کۆی داهاتەکان (صافی فرۆشتن - بەهای کڕین – کۆگای ماوەی یەکەم + کۆگای کۆتایی ماوە + داهاتەکان لە فرۆشتنی ئەو بەرهەمانەی کە بەرهەم دەهێنرێت لە لایەن دامەزراوەوە + داهاتی بازرگانی ئەلیکترۆنی + داهاتەکانی تر)

*باج لەسەر بەرهەمەکان و هاوردەکان = باجی فرۆشتن + رسوماتی پیشە ومۆڵەتی کار + ڕسوماتی گومرگ + ڕسوماتی مۆر + ڕسومات و باجەکانی تر

لە دەرەنجامەکانی خشتەی 8 دەردەکەوێت کۆی داهاتی دامەزراوەکانی بازرگانی ناوخۆیی لە سەر ئاستی هەرێم 6.221 ملیار دینارە.

شێوەی 19: کۆی داهاتی دامەزراوەکانی بازرگانی ناوخۆیی بە پێی پارێزگا بۆ ساڵی2021 ، ملیار دینار




لە شێوەی سەرەوە دەردەکەوێت، بەرزترین ڕێژەی بەهای زیادە لە سەر ئاستی پارێزگاکان بۆچاڵاکی بازرگانی ناوخۆیی لە کۆی داهاتی دامەزراوەکانی ئابووری لە پارێزگای هەولێر بووە بە 2.406 ملیار دینار (39%) و دواتر پارێزگای سلێمانی دێت بە 2.119 ملیار دینار (34%), پارێزگای دهۆک کەمترینیان بوو بە 1.695ملیار دینار (27%).

## دامەزراوەکانی ئابووری زۆر بچووك، بچووك و مامناوەند(MSMES) لە کەرتی تایبەت

ڕووپێوی دامەزراوەکانی زۆر بچووك، بچووك و مامناوەند (MSMES) لە کەرتی تایبەت یەکێکە لە ڕووپێوە ئابوورییە گرنگەکان کە لە ساڵی 2022 لە هەر چوار پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ئەنجامدرا. داتا و زانیاری گرنگ لەسەر دامەزراوەکان بەپێی قەبارەیان (زۆربچووك ، بچووك و مامناوەند)، سەرچاوە مرۆییەکان و خاوەندارێتی ئافرەتان لە دامەزراوەکان و دارایی (پارەدار کردنی) دامەزراوەکان و کاریگەریەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە سەر نیشاندەرە گرنگەکانی ئەم ڕووپێوە دەستە بەر کراون. ئەم ڕووپێوە لە هەرێمی کوردستان- عێراق لە ساڵی 2022 لە لایەن دەستەی ئاماری هەرێم بەهاوکاری تەکنیکی ڕێکخراوی(UNDP) وپاڵپشتی دارایی ئاژانسی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ پەرەپێدانی نێودەوڵەتی (USAID) ئەنجامدراوە .


## ژمارەی دامەزراوەکان و کارمەندان بەپێی پارێزگا، ڕەگەزی خاوەنکار و جۆری دامەزراوەکان

قەبارەی نموونەی وەرگیراو بۆ چاوپێکەوتن لە هەرێمی کوردستان 2016 دامەزراوەی ئابووری بوون. زۆرترین دامەزراوەی وەرگیراو دەکەوێتە پارێزگای سلێمانی کە 740 دامەزراوەن. بەپێی دەرئەنجامەکانی ڕووپێوەکە، ناهاوسەنگییەکی بەرچاو لە نێوان خاوەندارێتی دامەزراوەکان بۆ هەردوو ڕەگەزی نێر ومێ دا هەیە، بەو پێیەی زۆرینەی خاوەنکارەکان لە ڕەگەزی نێرن و ڕێژەکەیان دەگاتە 87%، لە کاتێکدا ڕێژەی مێینەکان 13% وەک لە خشتەی خوارەوە دا پیشان دراوە.

خشتەی 9 :ژمارەی دامەزراوەکانی زۆر بچووك و بچووك و مامناوەند لە کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان بەپێی پارێزگاو ڕەگەزی خاوەنەکەی


| ڕەگەز | هەولێر | | سلێمانی | | هەڵەبجە | | دهۆك | | هەرێمی کوردستان | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| نێر | 557 | 81 | 630 | 85 | 34 | 85 | 526 | 95 | 1747 | 87 |
| مێ | 127 | 19 | 110 | 15 | 6 | 15 | 26 | 5 | 269 | 13 |
| کۆی گشتی | 684 | 100 | 740 | 100 | 40 | 100 | 552 | 100 | 2016 | 100 |

شێوەی 20 : ژمارەی دامەزراوەکان وکارمەندان لە هەرێمی کوردستان بە پێی قەبارەی دامەزراوەکە




شێوەی سەرەوە، ژمارەی دامەزراوەکان و ژمارەی کارمەندان لە هەرێمی کوردستان پیشان دەدات. ژمارەی ئەو دامەزراوانەی کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ئەنجامدراوە 2016 دامەزراوەن و 3812 کارمەند لەو دامەزراوانە کاریان دەکرد. زۆرترین ژمارەی دامەزراوەی وەرگیراو بریتییە لە دامەزراوەی زۆر بچووك کە 1875 دامەزراوە بوون و 2975 کارمەندیان هەبوو و دامەزراوەی بچووك 127 دامەزراوە و 656 کارمەندیان هەبوو و کەمترین دامەزراوەی وەرگیراو دامەزراوەی مامناوەند بوو کە ژمارەیان تەنها 14 دامەزراوە بووە و 180 کارمەندیان هەبووە وەك لە شێوەی 20 ڕوونکراوەتەوە

شێوەی 21: کۆی گشتی ژمارەی کارمەندان بەپێی ڕەگەز لەسەر ئاستی پارێزگاکان




بەپێی دەرئەنجامەکانی ڕووپێوەکە، زۆرترین ژمارەی کارمەندان بە هەردوو ڕەگەزەوە دەکەوێتە پارێزگای سلێمانی کە ژمارەیان 1354 کارمەندە، هەولێر بە پلەی دووەم دێت کە ژمارەیان 1218 کارمەندە و پارێزگای دهۆك 1125 کارمەندیان هەبووە و کەمترین ژمارەی کارمەند لە پارێزگای هەڵەبجەیە کە تەنها 115 کارمەندن. سەبارەت بە کارمەندانی ڕەگەزی مێ، بەرزترین ژمارە لە پارێزگای سلێمانییە کە ژمارەیان 209 کارمەندە و لە پارێزگای هەولێر 191 کارمەندە و لە پارێزگای دهۆك 64 کارمەندە و کەمترینیان دەکەوێتە پارێزگای هەڵەبجە و ژمارەیان تەنها 35 کارمەندە وەك لە شێوەی 21 ڕونکراوەتەوە.

## ژمارەی دامەزراوەکان بەپێی جۆری چالاکی و ڕەگەزی خاوەنکار

بەپێی دەرئەنجامەکان، 31.5% ی خاوەنکارەکان لە چالاکی بازرگانی تاك و کۆ کاردەکەن، چالاکی گواستنەوە و کۆگاکردن بە پلەی دووەم دێت بە ڕێژەی 15.6 % و پاشان چالاکییەکانی کشتوکاڵ و ڕاوەماسی بەڕێژەی 15.2%و پیشەگەری تەکنیکی بە ڕێژەی 11.8% دێن. چالاکییەکانی تر بە ڕێژەی کەمتر و بە پلەی جیاواز دێن هەروەك لە خشتەی خوارەوە پیشاندراوە بە شێوەیەك کە چالاکییەکانی خزمەتگوزاریی کارگێری و پشتیوانی و پیشەسازی کەرستەی کارەبایی و ئەلیکترۆنی و پێکهاتەکانی بە کەمترین ڕێژە دەردەکەون.

سەبارەت بە ڕێژەی ئافرەتان لە چالاکییە جۆراوجۆرەکان، بەرزترین ڕێژە لە چالاکی پیشەگەری تەکنیکییە کە بەڕێژەی 60.2% دێت هەروەها بە ڕێژەی 14.1% ی ئافرەتان لە چالاکی کشتوکاڵ و ڕاوەماسیدا کاردەکەن وەك لە خشتەی 10 ڕونکراوەتەوە.

خشتەی 10 : چالاکی بازرگانی بەپێی ڕەگەزی خاوەنکار

| چالاکی بازرگانی | هەرێمی کوردستان | | ڕەگەز | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | نێر | | مێ | |
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| بازرگانی تاك و کۆ | 636 | 31.5 | 613 | 35.1 | 23 | 8.6 |
| چالاکی گواستنەوە وکۆگاکردن | 314 | 15.6 | 314 | 18 | 0 | 0 |
| کشتوکاڵ وڕاوەماسی | 307 | 15.2 | 269 | 15.4 | 38 | 14.1 |
| پیشەگەری تەکنیکی(سەرتاشخانە(نارایشگا)، هونەری،...) | 238 | 11.8 | 76 | 4.4 | 162 | 60.2 |
| چالاکی بیناسازی | 129 | 6.4 | 129 | 7.4 | 0 | 0 |
| پیشەسازی خۆراك | 122 | 6.1 | 101 | 5.8 | 21 | 7.8 |
| چاککردن وسێرڤسی ئۆتۆمبێل وماتۆڕسیکل | 41 | 2 | 41 | 2.3 | 0 | 0 |
| پیشەسازی بەرهەمەکانزاییەکان | 38 | 1.9 | 37 | 2.1 | 1 | 0.4 |
| چالاکی خزمەتگوزاری شوێنی مانەوە ورێستورانت وهۆتێل | 37 | 1.8 | 37 | 2.1 | 0 | 0 |
| کارە هونەرییەکان (کاری دەستی) | 36 | 1.8 | 17 | 1 | 19 | 7.1 |
| چاککردنەوەی ئامێر وکەلوپەل | 31 | 1.7 | 31 | 1.8 | 0 | 0 |
| چالاکی خانووبەرە | 23 | 1.1 | 23 | 1.3 | 0 | 0 |


| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| پیشەسازی کەرستەی کارەبایی وئەلەیکترۆنی و پێکهاتەکانی | 10 | 0.5 | 8 | 0.4 | 2 | 0.7 |
| چالاکی خزمەتگوزاریی کارگێری وپشتیوانی | 5 | 0.2 | 4 | 0.2 | 1 | 0.4 |
| خزمەتگوزاری تر | 49 | 2.4 | 47 | 2.7 | 2 | 0.7 |
| **کۆی گشتی** | **2016** | **100** | **1747** | **100** | **269** | **100** |

خشتەی 11: چالاکی بازرگانی لەسەر ئاستی پارێزگاکان وهەرێمی کوردستان

| کەرتی کار | هەولێر | | سلێمانی | | هەڵەبجە | | دهۆك | | هەرێمی کوردستان | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| بازرگانی تاك وكۆ | 219 | 32 | 254 | 34.3 | 10 | 25.0 | 153 | 27.7 | 636 | 5.31 |
| چالاکی گواستنەوە و کۆگا | 114 | 16.7 | 92 | 12.4 | 5 | 12.5 | 103 | 18.7 | 314 | 15.6 |
| کشتوکاڵ وراوەماسی | 49 | 7.2 | 134 | 18.1 | 17 | 42.5 | 107 | 19.4 | 307 | 15.2 |
| پیشەگەری تەکنیکی(سەرتاشخانە(ناraیشگا)، هونەری،...) | 139 | 20.3 | 68 | 9.2 | 1 | 2.5 | 30 | 5.4 | 238 | 11.8 |
| چالاکی بیناسازی | 39 | 5.7 | 44 | 5.9 | 0 | 0.0 | 46 | 8.3 | 129 | 6.4 |
| پیشەسازی خۆراك | 39 | 5.7 | 52 | 7.0 | 3 | 7.5 | 28 | 5.1 | 122 | 6.1 |
| چاککردنەوەوسێرڤسی ئۆتۆمۆبێل وماتۆڕسکیل | 11 | 1.6 | 15 | 2.0 | 1 | 2.5 | 14 | 2.5 | 41 | 2.0 |
| پیشەسازی بەرهەمی کانزاییەکان | 15 | 2.2 | 15 | 2.0 | 0 | 0.0 | 8 | 1.4 | 38 | 1.9 |
| چالاکییەکانی خزمەتگوزاری شوێنی مانەوە و رێستورانت وهۆتێل | 11 | 1.6 | 19 | 2.6 | 2 | 5.0 | 5 | 0.9 | 37 | 1.8 |
| کارە هونەرییەکان (کاری دەستی) | 9 | 3,1 | 2 | 0.3 | 0 | 0.0 | 25 | 4.5 | 36 | 1.8 |
| چاککردنەوەی ئامێر وکەلوپەل | 15 | 2.2 | 13 | 1.8 | 1 | 2.5 | 2 | 0.4 | 31 | 1.5 |
| چالاکی خانووبەرە | 5 | 0.7 | 9 | 1.2 | 0 | 0.0 | 9 | 1.6 | 23 | 1.1 |
| پیشەسازی کەرستەی کارەبایی و ئەلەکترۆنی و پێکهاتەکانی | 4 | 0.6 | 3 | 0.4 | 0 | 0.0 | 3 | 0.5 | 10 | 0.5 |
| چالاکی خزمەتگوزاریی کارگێری وپشتیوانی | 4 | 0.6 | 1 | 0.1 | 0 | 0.0 | 0 | 0.0 | 5 | 0.2 |
| خزمەتگوزاری تر | 11 | 1.6 | 19 | 7.2 | 0 | 0.0 | 19 | 6.3 | 49 | 4.2 |
| **کۆی گشتی** | **684** | **100** | **740** | **100** | **40** | **100** | **552** | **100** | **2016** | **100** |


چالاکی بازرگانی تاك و کۆ بەرزترین رێژەی هەیە بەراوورد بە چالاکییەکانی تر و لە سەر ئاستی پارێزگاکان، بەرزترین رێژەی چالاکی بازرگانی تاك و کۆ دەکەوێتە پارێزگای سلێمانی بەرێژەی 34.3% و پاشان پارێزگای هەولێر بە پلەی دووەم دێت بەرێژەی 32%. بەرزترین رێژەی چالاکی کشتوکاڵ و راوەماسی دەکەوێتە پارێزگای هەڵەبجە بەرێژەی 42.5%. بەپێی دەرئەنجامەکان، دەرکەوتووە کە هەریەکە لە چالاکییەکانی بازرگانی تاك و کۆ و چالاکی گواستنەوە و کۆگا و چالاکییەکانی کشتوکاڵ و راوەماسی و هەروەها پیشەگەری تەکنیکی بەرزترین رێژەیان هەیە لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان کە لە خشتەی سەرەوە پیشاندراوە.

شێوەی 22 : چالاكی سێكتەرەكانی كار بەپێی قەبارەی دامەزراوەكە لە هەرێمی كوردستان




(شێوەی سەرەوە) جۆری چالاكییەكان بەپێی قەبارەی دامەزراوەكە پیشاندەدات. نزیكەی 43%ی دامەزراوەكانی مامناوەند لە بەشی كشتوكاڵی و ڕاوەماسی كاردەكەن و 14.3% لە چالاكی بازرگانی تاك و كۆ و پیشەسازی خۆراكی كاردەكەن. 26% ی دامەزراوەكانی بچووك لە چالاكی كشتوكاڵی و ڕاوەماسی و بە نزیكەی 20% لە چالاكی بیناسازی كاردەكەن. 32.7% چالاكی بازرگانی تاك و كۆ و 16.6% ی چالاكی گواستنەوە و كۆگاكردن لە دامەزراوەی زۆربچووك.

شێوەی 23: ڕێژەی سەدی چالاکییەکانی کار لە هەرێمی کوردستان




دەرئەنجامەکان دەریدەخەن، چالاکی بازرگانی تاك و کۆ لە هەرێمی کوردستان بەرزترین ڕێژەی هەیە بە بەراورد بە چالاکییەکانی تر (31.5%)، هەریەکە لە چالاکی گواستنەوە و کۆگاکردن و چالاکی کشتوکاڵ و ڕاوەماسی بە پلەی دووەم دێن لە هەرێمی کوردستان بە ڕێژەی 15.6%. چالاکییەکانی تر بە ڕێژەی جیاواز دێن و هەریەکە لە چالاکیەکانی (پیشەسازی کەرەستەی کارەبایی و ئەلەکترۆنی و پێکهاتەکانی، خزمەتگوزاریی کارگێری و پشتیوانی بە ڕێژەی کەمتر لە 1% دێن لە هەرێمی کوردستان وەك لە شێوەی 23 ڕونکراوەتەوە.


## باری تۆمارکردنی دامەزراوەکان و لایەنی تۆمارکار

بەپێی دەرئەنجامەکان، دەرکەوتووە کە زیاتر لە نیوەی ئەو دامەزراوانەی کە لە ڕووپێوەکەدا چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ئەنجامدراوە لە لایەن هیچ لایەنێکی فەرمی تۆمار نەکراون کە دەکاتە بە ڕێژەی 60%ی دامەزراوەکان وتەنها 40%ی دامەزراوەکان تۆمارکراون. بەرزترین ڕێژەی تۆمارکراوی دامەزراوەکان لە پارێزگای هەڵەبجەیە بەڕێژەی (55%).

خشتەی 12 : باری تۆمارکردنی دامەزراوەکان لە سەر ئاستی پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان

| باری تۆمارکردن | هەولێر | | سلێمانی | | هەڵەبجە | | دهۆك | | هەرێمی کوردستان | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| تۆمارنەکراو | 411 | 60 | 454 | 61.3 | 18 | 45 | 322 | 58 | 1205 | 60 |
| تۆمارکراو | 273 | 40 | 286 | 38.7 | 22 | 55 | 230 | 42 | 811 | 40 |
| کۆی گشتی | 684 | 100 | 740 | 100 | 40 | 100 | 552 | 100 | 2016 | 100 |

شێوەی 24: لایەنەكانی تۆماركردنی دامەزراوەكان (زیاتر لە وەڵامێك) لە هەرێمی كوردستان




لە شێوەی 24 دەردەكەوێت، زۆرینەی دامەزراوەكان كە دەكاتە بە رێژەی 17%، لە بەڕێوەبەرایەتی باج تۆماركراون و نزیكەی 13%ی دامەزراوەكان لە وەزارەتی تەندروستی تۆماركراون. لەسەر ئاستی پاریزگاكان (خشتەی 13)، زۆربەی دامەزراوەكان لەبەڕێوەبەرایەتی باج تۆماركراون بەجۆرێك لە پاریزگای دهۆك بەرێژەی 22.6% و لە پاریزگای سلێمانی بە رێژەی 20.6% دامەزراوەكان لەم بەڕێوەبەرایەتیە تۆماركراون.

خشتەی 13 : لایەنی تۆماركردنی دامەزراوەكان لە سەر ئاستی پاریزگاكان و هەرێمی كوردستان

| لایەنی تۆماركردن | هەولێر | | سلێمانی | | هەڵەبجە | | دهۆك | | هەرێمی كوردستان | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| بەڕیوەبەرایەتی باج | 35 | 8.6 | 96 | 20.6 | 1 | 3.8 | 84 | 22.6 | 216 | 17.0 |
| وەزارەتی تەندروستی | 33 | 8.1 | 70 | 15.0 | 8 | 30.8 | 52 | 14.0 | 163 | 12.8 |
| سەندیكا | 52 | 12.8 | 59 | 12.6 | 2 | 7.7 | 39 | 10.5 | 152 | 11.9 |
| قایمقامیەت | 34 | 8.4 | 80 | 17.1 | 9 | 34.6 | 24 | 6.5 | 147 | 11.6 |
| شارەوانی | 90 | 22.1 | 32 | 6.9 | 1 | 3.8 | 14 | 3.8 | 137 | 10.8 |
| ژووری بازرگانی | 29 | 7.1 | 51 | 10.9 | 1 | 3.8 | 48 | 12.9 | 129 | 10.1 |
| شارەوانی ناووخۆیی | 73 | 17.9 | 9 | 1.9 | 1 | 3.8 | 20 | 5.4 | 103 | 8.1 |
| تۆماری بازرگانی لە پاریزگاكان | 30 | 7.4 | 25 | 5.4 | 3 | 11.5 | 16 | 4.3 | 74 | 5.8 |
| بەریوەبەرایەتی كار لە پاریزگاكان | 2 | 0.5 | 4 | 0.9 | 0 | 0.0 | 10 | 2.7 | 16 | 1.3 |
| تۆماری بازرگانی | 1 | 0.2 | 5 | 1.1 | 0 | 0.0 | 10 | 2.7 | 16 | 1.3 |
| بەڕیوەبەرایەتی گەشەپێدانی پیشەسازی | 1 | 0.2 | 5 | 1.1 | 0 | 0.0 | 3 | 0.8 | 9 | 0.7 |
| وەزارەتی كار و كاروباری كۆمەڵایەتی | 1 | 0.2 | 4 | 0.9 | 0 | 0.0 | 3 | 0.8 | 8 | 0.6 |
| سندقی دڵنیایی كۆمەڵایەتی | 2 | 0.5 | 6 | 1.3 | 0 | 0.0 | 0 | 0.0 | 8 | 0.6 |
| وەزارەتی رۆشنبیری | 0 | 0.0 | 2 | 0.4 | 0 | 0.0 | 2 | 0.5 | 4 | 0.3 |
| دەستەی وەبەرهێنان | 2 | 0.5 | 2 | 0.4 | 0 | 0.0 | 0 | 0.0 | 4 | 0.3 |

| | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هیتر | 22 | 5.4 | 17 | 3.6 | 0 | 0.0 | 47 | 12.6 | 86 | 6.8 |
| کۆی گشتی | 407 | 100 | 467 | 100 | 26 | 100 | 372 | 100 | 1272 | 100 |

خشتەی 14 : لایەنەکانی تۆمارکردنی دامەزراوەکان بەپێی قەبارەی دامەزراوەکان (زیاتر لە وەڵامێك) لە سەر ئاستی پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان

| لایەنی تۆمارکردن | زۆر بچووك | | بچووك | | مام ناوەند | | هەرێمی کوردستان | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| بەڕێوەبەرایەتی باج | 192 | 16.9 | 21 | 18.1 | 3 | 13.0 | 216 | 17.0 |
| وەزارەت تەندروستی | 146 | 12.9 | 13 | 11.2 | 4 | 17.4 | 163 | 12.8 |
| سەندیکا | 142 | 12.5 | 9 | 7.8 | 1 | 4.3 | 152 | 11.9 |
| قایمەقام | 132 | 11.7 | 13 | 11.2 | 2 | 8.7 | 147 | 11.6 |
| شارەوانییەکان | 124 | 10.9 | 12 | 10.3 | 1 | 4.3 | 137 | 10.8 |
| ژووری بازرگانی | 107 | 9.4 | 18 | 15.5 | 4 | 17.4 | 129 | 10.1 |
| شارەوانی ناوخۆیی | 89 | 7.9 | 13 | 11.2 | 1 | 4.3 | 103 | 8.1 |
| تۆماری بازرگانی لە پارێزگاکان | 67 | 5.9 | 5 | 4.3 | 3 | 13.0 | 75 | 5.9 |
| بەڕێوەبەرایەتی کار لە پارێزگاکان | 15 | 1.3 | 1 | 0.9 | 0 | 0.0 | 16 | 1.3 |
| تۆماری بازرگانی | 12 | 1.1 | 4 | 3.4 | 0 | 0.0 | 16 | 1.3 |
| بەڕێوەبەرایەتی گەشەپێدانی پیشەسازی | 7 | 0.6 | 1 | 0.9 | 1 | 4.3 | 9 | 0.7 |
| وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی | 7 | 0.6 | 0 | 0.0 | 1 | 4.3 | 8 | 0.6 |
| سندوقی دڵنیایی کۆمەڵایەتی | 6 | 0.5 | 1 | 0.9 | 1 | 4.3 | 8 | 0.6 |
| وەزارەتی ڕۆشنبیری | 4 | 0.4 | 0 | 0.0 | 0 | 0.0 | 4 | 0.3 |
| دەستەی وەبەرهێنان | 1 | 0.1 | 2 | 1.7 | 1 | 4.3 | 4 | 0.3 |
| هیتر | 82 | 7.2 | 3 | 2.6 | 0 | 0.0 | 85 | 6.7 |
| کۆی گشتی | 1133 | 100 | 116 | 100 | 23 | 100 | 1272 | 100 |

هەروەك لە خشتەی سەرەوە ڕونکراوەتەوە، زۆربەی دامەزراوەکانی زۆر بچووك کە دەکاتە نزیکەی 17%، لە بەڕێوەبەرایەتی باج تۆمارکراون، نزیکەی 13% لە وەزارەتی تەندروستی و 12.5% لە سەندیکاکان تۆمارکراون و لە لایەنی پەیوەندیدارەکانی تر ڕێژەی جیاوازیان تۆمارکردووە. دامەزراوەکانی بچووك بەڕێژەی 18% لە بەڕێوەبەرایەتی باج و 15.5% لە ژووری بازرگانی تۆمارکراون. دامەزراوەکانی مامناوەند بەڕێژەیەکی زۆر کە دەکاتە 17.4% لەهەریەکە لە وەزارەتی تەندروستی و ژووری بازرگانی تۆمارکراون و 13% لە بەڕێوەبەرایەتی باج و تۆماری بازرگانی لە پارێزگاکان تۆمارکراون. زانیاری زیاتر لە خشتەی سەرەوە پیشاندراوە.

خشتەی 15: هۆکارەکانی تۆمارنەکردنی چالاکی دامەزراوەکان (زیاتر لە وەڵامێك) لە سەر ئاستی پارێزگاكان وهەرێمی کوردستان

| هۆکارەکانی تۆمارنەکردنی چالاکی بازرگانی | هەولێر | | سلێمانی | | هەڵەبجە | | دهۆك | | هەرێمی کوردستان | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| کارەکەم پێویستی پێی نییە | 383 | 91.4 | 423 | 89.6 | 16 | 84.2 | 313 | 96.0 | 1135 | 91.8 |
| زۆری ڕۆتینات وئاڵۆزی ڕێکارەکان | 10 | 2.4 | 21 | 4.4 | 0 | 0.0 | 4 | 1.2 | 35 | 2.8 |
| دابینکردنی پێداویستییەکان کە لەوانەیە لە ئەنجامی تۆمارکردنەوەدا بێتە ئاراوە | 9 | 2.1 | 9 | 1.9 | 1 | 5.3 | 1 | 0.3 | 20 | 1.6 |
| بە زەحمەت تێگەیشتن لە زانیاریەکان وپرۆسەی تۆمارکردن | 11 | 2.6 | 3 | 0.6 | 1 | 5.3 | 1 | 0.3 | 16 | 1.3 |
| دۆخی یاسایی کارەکە لە ئەنجامی تۆمارکردن | 3 | 0.7 | 8 | 1.7 | 1 | 5.3 | 0 | 0.0 | 12 | 1 |
| هیتر | 3 | 0.7 | 8 | 1.7 | 0 | 0.0 | 7 | 2.1 | 18 | 1.5 |
| کۆی گشتی | 419 | 100 | 472 | 100 | 19 | 100 | 326 | 100 | 1236 | 100 |

بەپێی دەرئەنجامەکان، هۆکارەکانی تۆمارنەکردنی چالاکی دامەزراوەکان بەم شێوەیە کە، 91.8% پێیان وایە کارەکەیان پێویستی بە تۆمارکردن نیە، نزیکەی 3% هۆکارەکەی دەگەڕێننەوە بۆ زۆری ڕۆتینات و ئاڵۆزی ڕێکارەکان لەکاتی تۆمارکردنی دامەزراوەکان. هۆکاری تۆمارنەکردنی چالاکی دامەزراوەکان لەسەر ئاستی پارێزگاکان، زۆرینەیان پێیان وایە کارەکەیان پێویستی بە تۆمارکردن نیە بەجۆرێك 91.4% لەپارێزگای هەولێر و 89.6% لە سلێمانی، 84.2% لە هەڵەبجە و 96% لە پارێزگای دهۆك کە بەرزترینیانە هەروەك لە خشتەی 15 ڕونکراوەتەوە.

خشتەی 16: ئاستی سەختی لە دامەزراندنی دامەزراوە (کار) لە سەر ئاستی پارێزگاكان وهەرێمی کوردستان

| سەختی دامەزراندنی دامەزراوە | پارێزگا | | | | | | | | هەرێمی کوردستان | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | هەولێر | | سلێمانی | | هەڵەبجە | | دهۆك | | | |
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| سەخت | 546 | 82.0 | 430 | 58.1 | 9 | 22.5 | 253 | 44.4 | 1238 | 61.4 |
| ئاسان | 120 | 18.0 | 310 | 41.9 | 31 | 77.5 | 317 | 55.6 | 778 | 38.6 |
| کۆی گشتی | 666 | 100 | 740 | 100 | 40 | 100 | 570 | 100 | 2016 | 100 |

دەرئەنجامەکان دەریدەخەن، زیاتر لە نیوەی دامەزراوەکان(61.4%) لە هەرێمی کوردستان کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ئەنجامدراوە پێیان وایە کە دامەزراندنی دامەزراوەیێک (کارێك) بۆیان سەخت بووەکە زۆرترین دامەزراوە دەکەوێتە پارێزگای هەولێر بەڕێژەی 82%، پارێزگای سلێمانی ڕێژەی زیاترە لە 58% و پارێزگای دهۆك ڕێژەی 44.4%ە و کەمترین ڕێژە لە پارێزگای هەڵەبجە بووە بەڕێژەی 22.5% وەك لە خشتەی 16 ڕونکراوەتەوە.

خشتەی 17 : هۆکاری سەختبوونی دامەزراندنی دامەزراوە (چەندین وەڵام) لە سەر ئاستی پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان

| هۆکاری سەختی | هەولێر | | سلێمانی | | هەڵەبجە | | دهۆك | | هەرێمی کوردستان | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| دەستگەیشتن بە پارە | 459 | 65.9 | 320 | 59.0 | 5 | 50.0 | 196 | 64.7 | 980 | 63.2 |
| دەستگەیشتن بە زەوی | 56 | 8.0 | 35 | 6.5 | 0 | 0.0 | 32 | 10.6 | 123 | 7.9 |
| نەبوونی سەرچاوە (وەکو ئامێر، گواستنەوە، کارمەند) | 58 | 8.3 | 52 | 9.6 | 0 | 0.0 | 10 | 3.3 | 120 | 7.7 |
| کێبڕکێی بەهێز | 47 | 6.8 | 36 | 6.6 | 0 | 0.0 | 15 | 5.0 | 98 | 6.3 |
| مۆڵەت | 22 | 3.2 | 34 | 6.3 | 1 | 10.0 | 7 | 2.3 | 64 | 4.1 |
| هیتر | 54 | 7.8 | 65 | 12.0 | 4 | 40.0 | 43 | 14.2 | 166 | 10.7 |
| کۆی گشتی | 696 | 100 | 542 | 100 | 10 | 100 | 303 | 100 | 1551 | 100 |

هۆکارەکانی سەختبوونی دامەزراندنی دامەزراوە (کار) لە هەرێمی کوردستان بە ڕێژەیەکی زۆر دەگەڕێتەوە بۆ نەبونی پارە یاخود دەستگەیشتن بە پارە لەکاتی دامەزراندنی کار کە دەکاتە 63.2% ی کۆی هۆکارەکان ونزیکەی 8% سەختی بەدەست خستنی زەویە بۆ کارەکەیان. لەسەر ئاستی پارێزگاکان، بەرزترین هۆکار کە سەختی دەست گەیشتن بە پاریە دەکەوێتە پارێزگای هەولێر بە ڕێژەی نزیکەی 66%، پارێزگای دهۆك بە ڕێژەی نزیکەی 65%، پارێزگای سلیمانی بەڕێژەی 59% وپارێزگای هەڵەبجە بە ڕێژەی 50%دێت وەك لە خشتەی 17 ڕونکراوەتەوە.

## دامەزراندن و سەرچاوە مرۆییەکان

زیاتر لە نیوەی خاوەندامەزراوەکان کە دەکاتە بەڕێژەی نزیکەی 55%، بڕوانامەی ناوەندی یان دواناوەندیان هەیە، بە ڕێژەی31.5% لە خاوەندمەزراوەکان هیچ جۆرێك لە بڕوانامەی فەرمیان نیە، تەنها 6.5% لە خاوەندامەزراوەکان بڕوانامەی زانکۆ و نزیکەی 6% لە وانە بڕوانامەی پەیمانگای تەکنیکیان هەیە. لەسەر ئاستی پارێزگاکان، نزیکەی 63%ی خاوەندامەزراوەکان لە پارێزگای هەولێر و54.5% لە سلێمانی و 52.5% لە هەڵەبجە و نزیکەی 46% لە دهۆك بڕوانامەی ناوەندی یان دواناوەندییان هەیە وەك لە خشتەی 18 ڕونکراوەتەوە.

خشتەی 18 : ئاستی خوێندەواری خاوەندامەزراوەکان یان خاوەنکاران لە سەر ئاستی پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان


| ئاستی خوێندەواری | هەولێر | | سلیمانی | | هەڵەبجە | | دهۆك | | هەرێمی کوردستان | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| بڕوانامەی ناوەندی/دواناوەندی | 429 | 62.7 | 403 | 54.5 | 21 | 52.5 | 252 | 45.7 | 1105 | 54.81 |
| خوێندنی فەرمی نییە | 166 | 24.3 | 217 | 29.3 | 13 | 32.5 | 239 | 43.3 | 635 | 31.5 |
| بڕوانامەی زانکۆ | 36 | 5.3 | 62 | 8.4 | 2 | 5.0 | 32 | 5.8 | 132 | 6.548 |
| بڕوانامەی پەیمانگای تەکنیکی | 48 | 7.0 | 49 | 6.6 | 4 | 10.0 | 28 | 5.1 | 129 | 6.399 |
| بڕوانامەی سەنتەری ڕاهێنان | 5 | 0.7 | 9 | 1.2 | 0 | 0.0 | 1 | 0.2 | 15 | 0.744 |
| کۆی گشتی | 684 | 100 | 740 | 100 | 40 | 100 | 552 | 100 | 2016 | 100 |

خشتەی 19 : جۆرەکانی دڵنیایی بەپێی قەبارەی دامەزراوەکە لە سەر ئاستی پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان

| جۆری دڵنیایی | زۆر بچووك | | بچووك | | مام ناوەند | | هەرێمی کوردستان | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| هیچ دڵنیاییەك نییە | 1860 | 99.2 | 121 | 95.3 | 11 | 78.6 | 1992 | 98.8 |
| دڵنیایی قەرەبووکردنەوەی کرێکاران | 10 | 0.5 | 5 | 3.9 | 1 | 7.1 | 16 | 0.8 |
| دڵنیایی تەندروستی بۆ کارمەندان | 4 | 0.2 | 0 | 0.0 | 2 | 14.3 | 6 | 0.3 |
| دڵنیایی موڵك | 1 | 0.1 | 1 | 0.8 | 0 | 0.0 | 2 | 0.1 |
| دڵنیایی ئۆتۆمبێل | 0 | 0.0 | 0 | 0.0 | 0 | 0.0 | 0 | 0.0 |
| کۆی گشتی | 1875 | 100 | 127 | 100 | 14 | 100 | 2016 | 100 |


بە پێی دەرئەنجامەکانی ڕووپێو، 98.8 % ی دامەزراوەکان کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ئەنجامدراوە هیچ جۆرێك لە دڵنیای (تأمین) یان نییە بۆ کارەکانیان. بەپێی قەبارەی دامەزراوەکانیش، تەنها 14.3%ی دامەزراوەی مامناوەند دڵنیایی تەندروستیان هەیە بۆ کارمەندەکانیان و 7.1% لە دامەزراوەی مامناوەند و 3.9% لە دامەزراوە بچووك جۆری دڵنیایی قەرەبووکردنەوەی کرێکاران پەیرەودەکەن لە دامەزراوەکانیان وەك لە خشتەی 19 ڕونکراوەتەوە

شێوەی 25: هۆکاری داخستنی دامەزراوەکانی پێشوو لە هەرێمی کوردستان




لە دیارترین هۆکاری داخستنی دامەزراوەکانی پێشوو لە هەرێمی کوردستان، قەیرانی داراییە بەڕێژەی 32%، هۆکاری نزمبونی خواستی بازاڕ بەڕێژەی 28% و هۆکاری مایەپوچبوون (ئیفلاس) بە پلەی سێیەم دێت بەڕێژەی 19%. هۆکارەکانی تر بە پلەی جیاواز دێن وەك لە شێوەی 25ئاماژەی پێکراوە.

شێوەی 26: ژمارەی كارمەندان لە دامەزراوە بازرگانییەكان لە ساڵەكانی (2017، 2018، 2019، 2020،2021) لە سەر ئاستی هەرێمی كوردستان




بەپێی دەرئەنجامەكانی ڕووپێو، لە هەرێمی كوردستان، ژمارەی كارمەندان لەو دامەزراوانەی كە چاوپێكەوتنیان لەگەڵ ئەنجامدراوە زیادیكردووە بۆ 3812 كارمەند لە ساڵی 2021 و وەك لە شێوەی 26 دەركەوتوە، تەنها لەساڵی 2018 بە بەراورد بە ساڵی 2017 ژمارەی كارمەندان لە 3403 كارمەند كەمیكردووە بۆ 3254 كارمەند. وادەردەكەوێت بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی كۆرۆنا كاریگەریەكی ئەوتۆی نەبوە لەسەر بازاڕ و كەمكردنەوەی هەلی كار لە هەرێمی كوردستان.

## ئافرەتانی خاوەنكار

بەپێی دەرئەنجامەكانی ڕووپێو، لە 2016 چاوپێكەوتن لەگەڵ خاوەنكارەكان، تەنها 269 خاوەنكارەكان ئافرەت بوونە( 13%)، ڕێژەی خاوەنداریێتی ئافرەتان لە دامەزراوەكان لە پارێزگای هەولێر زیاترە بە بەراورد بە پارێزگاكانی تری هەرێمی كوردستان كە دەكاتە 47.2%، پارێزگای سلێمانی بەرێژەی نزیكەی41% و كەمترین ڕێژە دەكەوێتە پارێزگای هەڵەبجە بەرێژەی 2.2% وەك لە خشتەی 20 ئاماژەی پێكراوە.

خشتەی 20 : خاوەندارەتی ئافرەتان لە دامەزراوەكان لە سەر ئاستی پارێزگاكان و هەرێمی كوردستان

| خاوەنداریێتی ئافرەت لە دامەزراوەكان | هەولێر | | سلێمانی | | هەڵەبجە | | دهۆك | | هەرێمی كوردستان | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| **كۆی گشتی** | 127 | 47.2 | 110 | 40.9 | 6 | 2.2 | 26 | 9.7 | 269 | 100 |

خشتەی 21 : ئاستی سەختی كە ڕووبەڕوی ئافرەتان دەبێتەوە لە كاتی دامەزراندنی دامەزراوەی نوێ (كارێكی نوێ) لە سەر ئاستی پارێزگاكان و هەرێمی كوردستان


| ئاستی سەختی | هەولێر | | سلێمانی | | هەڵەبجە | | دهۆك | | هەرێمی كوردستان | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| **سەخت** | 72 | 56.7 | 59 | 53.6 | 2 | 33.3 | 10 | 38.5 | 143 | 53.2 |

| | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **هاوشێوەی پیاوان** | 39 | 30.7 | 32 | 29.1 | 3 | 50.0 | 10 | 38.5 | 84 | 31.2 |
| **ئاسان** | 16 | 12.6 | 19 | 17.3 | 1 | 16.7 | 6 | 23.1 | 42 | 15.6 |
| **کۆی گشتی** | 127 | 100 | 110 | 100 | 6 | 100 | 26 | 100 | 269 | 100 |

بەڕێژەی 53.2%ی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان، پێیان وایە دامەزراندنی کارێکی نوێ بۆیان قورسترە بە بەراورد بە پیاوانەوە و بە ڕێژەی 31.2% ی ئافرەتان وا بیردەکەنەوە کە هاوشێوەی پیاوانە و تەنها 15.6% ی ئافرەتان وا بیردەکەنەوە کە دامەزراندنی کارێك لەلایەن ئافرەتانەوە کارێکی ئاسانە. ڕێژەکان لەسەر ئاستی پارێزگاکان جیاوازن، لە پارێزگای هەولێر 56.7% ئافرەتان، لە پارێزگای سلێمانی 53.6% ، لە پارێزگای دهۆك 38.5% و لە پارێزگای هەڵەبجە 33.3% ی ئافرەتان ئاماژەیان پێکردوە کە دامەزراندنی کارێکی نوێ قورسترە لەلایەن ئافرەتان بەراورد بە پیاوان وەك لە خشتەی 21 ڕونکراوەتەوە.

## بەجیهانی کردنی دامەزراوەکان

شێوەی 27: ڕێژەی فرۆشتنی بەرهەمەکان لە بازاڕی ناوخۆیی و پارێزگاکانی تری عیراق و وڵاتانی دراوسێ و بیانی





شێوەی 27 ڕێژەی فرۆشتنی بەرهەمەکان (بەبازاڕکردنی بەرهەمەکان) پیشان دەدات، بەرزترین ڕێژەی بەبازاڕکردن لە بازاڕە ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستانە بەڕێژەی 82%، هەناردەی بەرهەمەکان وفرۆشتنیان لە پارێزگاکانی تری عیراق جگە لەهەرێم بەڕێژەی 15.30% دێت، ناردنی بەرهەمەکان بۆ هەریەکە لە وڵاتانی دراوسێ وبیانیدا تەنها بەڕێژەی 1.30% دێت و بەمەش دەردەکەوێت زۆرینەی بەرهەمەکان لە بازاڕە ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستان دەفرۆشرێن.

بەپێی ئەنجامەکان، لە هەرێمی کوردستان، 1990 لە دامەزراوەکان کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ئەنجامدراوە کە دەکاتە بەڕێژەی 98.7%، بەرهەمەکانیان هەناردە ناکەن ولە بازاری ناوخۆیی ساغ دەکرێتەوە وتەنها بەڕێژەی 1.3% لە دامەزراوەکان بەرهەمەکانیان هەناردە دەکەن و پارێزگای دهۆك بەرزترین ڕێژەی هەناردەکردنی هەیە بەراورد بەپارێزگاکانی تر بەڕێژەی 5% و کەمترین ڕێژەی هەناردەکردن لە پارێزگای هەولێرە بەڕێژەی 0.4% وەك لە خشتەی 22 ڕونکراوەتەوە.

خشتەی 22 : چالاکی هەناردەکردن لەسەر ئاستی پارێزگاکان وهەرێمی کوردستان

| چالاکی هەناردەکردن | هەولێر | | سلێمانی | | هەڵەبجە | | دهۆك | | هەرێمی کوردستان | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| بەڵێ | 3 | 0.4 | 13 | 1.8 | 2 | 5 | 8 | 1.4 | 26 | 1.3 |
| نەخێر | 681 | 99.6 | 727 | 98.2 | 38 | 95 | 544 | 98.6 | 1990 | 98.7 |
| کۆی گشتی | 684 | 100 | 740 | 100 | 40 | 100 | 552 | 100 | 2016 | 100 |

شێوەی 28: ئەو هۆکارانەی کەرێگرن لە هەناردەکردن




پەیێی ئەنجامەکانی ڕووپێو، 66%ی وەڵامدەرەکان پێیان وایە بازاڕی ناوخۆیی بەسە بۆ بەبازاڕکردنی بەرهەمەکانیان، 27.2% یان دەڵێن بەرهەمەکان وخزمەتگوزارییەکان ڕێگە پێدراو نین بۆ هەناردەکردن، نزیکەی 4% ئاماژەیانداوە کە لاوازی پشتیوانی حکومەت وزۆری باج و ڕۆتینیات هۆکارە بۆ هەناردەنەکردنی بەرهەمەکانیان بۆ دەرەوەی هەرێم وەك لە شێوەی 28 ڕونکراوەتەوە.2018

## کاریگەرییەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە سەر کاری دامەزراوەکان

بەپێی خشتەی 23، زۆرینەی وەڵامدەر ئاماژەیانداوە کە ڤایرۆسی کۆرۆنا کاریگەری هەبووە لەسەر کارەکانیان بەجۆرێك بەرێژەی 80.5%ی **وەڵامدەران** ئاماژەیانداوە کەڤایرۆسی کۆرۆنا کاریگەری هەبووە لەسەر کەمبوونەوەی داهات لە هەرێمی کوردستان، 15.5% ی **وەڵامدەران** ئاماژەیانداوە کە ڤایرۆسی کۆرۆنا کاریگەری نەبووە لەسەر کارەکانیان و تەنها 4%ی خاوەنکارەکان ئاماژەیانداوە کە ڤایرۆسی کۆرۆنا کاریگەری هەبووە لەسەر داهاتی کارکردن.

خشتەی 23 : کاریگەرییەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا لەسەر داهاتی کارکردن لەسەرەتای ساڵی 2020 بەپێی قەبارەی دامەزراوەکان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان

| کاریگەرییەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە سەر داهات لە سەرەتای 2020 | هەرێمی کوردستان | | زۆربچووک | | بچووک | | مامناوەند | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | ژمارە | % | ژمارە |
| کەمبووە | 1622 | 80.5 | 1512 | 80.6 | 6 | 4.7 | 1 | 7.1 |
| نەگۆڕاوە | 313 | 15.5 | 289 | 15.4 | 22 | 17.3 | 2 | 14.3 |
| زیادبووە | 81 | 4.0 | 74 | 3.9 | 99 | 78.0 | 11 | 78.6 |
| کۆی گشتی | 2016 | 100 | 1875 | 100 | 127 | 100 | 14 | 100 |

خشتەی 24 : کاریگەرییەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا لەسەر ژمارەی کارمەندان لەسەر ئاستی پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان

| کاریگەرییەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا لەسەر ژمارەی کارمەندان | هەولێر | | سلێمانی | | هەڵەبجە | | دهۆک | | هەرێمی کوردستان | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| کەمبوونەوەی ژمارەی کارمەندان | 15 | 2.2 | 21 | 2.8 | 0 | 0.0 | 18 | 3.3 | 54 | 2.7 |
| زیادبوونی ژمارەی کارمەندان | 2 | 0.3 | 10 | 1.4 | 0 | 0.0 | 1 | 0.2 | 13 | 0.6 |
| ژمارەی کارمەندان ناگۆڕاوە | 667 | 97.5 | 709 | 95.8 | 40 | 100 | 533 | 96.6 | 1947 | 96.7 |
| کۆی گشتی | 684 | 100 | 740 | 100 | 40 | 100 | 552 | 100 | 2016 | 100 |

کاریگەرییەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا لەسەر ژمارەی کارمەندان لە خشتەی 24 دەردەکەوێت کە ڤایرۆسی کۆرۆنا کاریگەری ئەوتۆی نەبووە لەسەر ژمارەی فەرمانبەران لە دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان، نزیکەی 97% وەڵامدەران ڕایانگەیاندوە کە گۆڕانکاری لە ژمارەی کارمەندان نەکراوە.

خشتەی 25 : هەڵسەنگاندنی ڕێکارەکانی حکومەت بۆ سنووردارکردنی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا بەپێی قەبارەی دامەزراوەکان و پارێزگا و ڕەگەز لە هەرێمی کوردستان (چەندین وەڵام)

| هەڵسەنگاندنی ڕێکارەکانی حکومەت | | | گونجاو | گونجاونیە | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| قەبارەی دامەزراوەکان | زۆربچووک | ژمارە | 1279 | 596 | 1875 |
| | | % | 68.2 | 31.8 | 100 |
| | بچووک | ژمارە | 70 | 57 | 127 |
| | | % | 55.1 | 44.9 | 100 |
| | مامناوەند | ژمارە | 10 | 4 | 14 |
| | | % | 71.4 | 28.6 | 100 |
| ڕەگەز | نێر | ژمارە | 1161 | 586 | 1747 |
| | | % | 66.5 | 33.5 | 100 |
| | مێ | ژمارە | 198 | 71 | 269 |
| | | % | 73.6 | 26.4 | 100 |
| پارێزگا | هەولێر | ژمارە | 415 | 269 | 684 |
| | | % | 60.7 | 39.3 | 100 |
| | سلێمانی | ژمارە | 486 | 254 | 740 |
| | | % | 65.7 | 34.3 | 100 |
| | هەڵەبجە | ژمارە | 34 | 6 | 40 |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | % | 85 | 15 | 100 |
| | دهۆك | ژمارە | 424 | 128 | 552 |
| | | % | 76.8 | 23.2 | 100 |
| هەرێمی کوردستان | | ژمارە | 1359 | 657 | 2016 |
| | | % | 67.4 | 32.6 | 100 |

خشتەی 25 هەڵسەنگاندنی ڕێکارەکانی حکومەت بۆ سنووركردنی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا بەپێی قەبارەی دامەزراوەکان و پارێزگا و ڕەگەز پیشاندەدات. بەپێی دەرئەنجامەکان، 67.4%ی خاوەنکارەکان لە هەرێمی کوردستان ڕێکارەکانی حکومەت بە گونجاو دەزانن بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و تەنها 32.6% پێیان وایە ڕێکارەکانی حکومەت بۆ سنووردارکردنی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا گونجاو نەبووە.

## دارایی(تمویل) بۆ کاری دامەزراوەکان

بەپێی دەرئەنجامەکانی ڕووپێو (خشتەی 26)، زیاتر لە 98%ی دامەزراوەکان لە هەرێمی کوردستان خزمەتگوزارییەکانی هەژماری بانکی بەکارناهێنن، ڕێژەی بەکارهێنانی خزمەتگوزارییەکانی هەژماری بانکی لەدامەزراوەکانی مامناوەند بەرزترە بە بەراورد بە دامەزراوەکانی زۆر بچووک و بچووک. نزیکەی 14%ی دامەزراوەکانی مامناوەند خزمەتگوزاری هەژماری بانکی بەکاردەهێنن بە بەراوورد بە 1.3% دامەزراوەی زۆر بچووک و 3.2% دامەزراوەی بچووک .

خشتەی 26 : بەکارهێنانی خزمەتگوزارییەکانی هەژماری بانکی بەپێی قەبارەی دامەزراوەکان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان


| بەکارهێنانی خزمەتگوزارییەکانی هەژماری بانکی | قەبارەی دامەزراوەکان | | | | | | هەرێمی کوردستان | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | زۆربچووک | | بچووک | | مام ناوەند | | ژمارە | % |
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | | |
| بەڵێ | 25 | 1.3 | 4 | 3.2 | 2 | 14.3 | 31 | 1.5 |
| نەخێر | 1850 | 98.7 | 123 | 96.8 | 12 | 85.7 | 1985 | 98.5 |
| کۆی گشتی | 1875 | 100 | 127 | 100 | 14 | 100 | 2016 | 100 |

خشتەی 27 : هۆکارەکانی نەبوونی هەژماری بانکی بەپێی قەبارەی دامەزراوەکان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان

| هۆکارەکانی نەبوونی هەژماری بانکی | قەبارەی دامەزراوەکان | | | | | | هەرێمی کوردستان | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | زۆربچووک | | بچووک | | مامناوەند | | ژمارە | % |
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | | |
| کارەکەم پێویستی پێ نیە | 1607 | 86.9 | 99 | 80.5 | 8 | 66.7 | 1714 | 86.3 |
| من متمانە بەبانکەکان ناکەم | 169 | 9.1 | 20 | 16.3 | 4 | 33.3 | 193 | 9.7 |
| تێچووی زۆرە | 36 | 1.9 | 2 | 1.6 | 0 | 0 | 38 | 1.9 |
| هیچ لقی بانکێك لەناوچەکەم نیە | 21 | 1.1 | 1 | 0.8 | 0 | 0 | 22 | 1.1 |
| کاری کاغەزی زۆر (رۆتیناتی زۆرە) | 17 | 0.9 | 1 | 0.8 | 0 | 0 | 18 | 0.9 |
| کۆی گشتی | 1850 | 100 | 123 | 100 | 12 | 100 | 1985 | 100 |

لە دەرئەنجامی ڕووپێوەکە دەرکەوتووە کە ڕێژەیەکی زۆر لە دامەزراوەکان هەژماری بانکی بەکارناهێنن. خشتەی 27 هۆکارەکانی بەکارنەهێنانی هەژماری بانکی بەپێی قەبارەی دامەزراوەکان نیشان دەدات و دەرکەوتووە کە86.3% خاوەنکارەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە کارەکەیان پێویستی بە هەژماری بانکی نیە، 9.7% لە خاوەنکارەکان متمانەیان بە بانکەکان نیە، تەنها نزیك 2%ی **وەڵامدەران** پێیان وایە کە دروستکردنی هەژماری بانکی تێچوی زۆرە.


شێوەی 29: هۆکارەکانی سەختی بەدەست هێنانی پارە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان




شێوەی 29 هۆکارەکانی سەختی بەدەست هێنانی پارە (تمویل) لەکاتی دامەزراندنی دامەزراوەکەیان پیشان دەدات و دەردەکەوێت بەرزترین ڕێژە کە دەکاتە زیاتر لە 56% بۆ کەمی داهاتی خێزان دەگەڕێننەوە. دووەمین هۆکار بە ڕێژەی 24% ی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی پشتگیری (گەرەنتی) لەکاتی وەرگرتنی پارە. هۆکارەکانی تر لە شێوەی سەرەوە ڕونکراونەتەوە.

## تێچووی پێداویستیەکان لە دامەزراوە بازرگانییەکان

شێوەی 30: ڕێژەی تێچووی پێداویستیەکان لەکۆی گشتی تێچووی دامەزراوەکان لە هەرێمی کوردستان



ڕێژەیەکی زۆر لە تێچووەکان کە دەکاتە 44%ی کۆی گشتی تێچووەکان لە دامەزراوەکان، بۆ کەرەستەی خاو دەگەڕێتەوە، 12%ی تێچووەکان بۆ گواستنەوەیە، تێچوو لە بابەتی کارەبا و گەرمکردن و ساردکردنەوە ڕێژەکەی زۆر بەرز نییە و تەنها 9% تێچووەکانە وەك لە شێوەی 30 ڕونکراوەتەوە. کرێی ژمێریاری و مووچە و کرێی تر کەمترین تێچوویان هەیە لە دامەزراوەکان.

## پێشبینی کاری بازرگانی بۆ داهاتوو

پێشبینی **وەڵامدەران** خاوەندامەزراوەکان دەربارەی کارەکەیان بەشێوەیەکی گشتی لە ساڵی داهاتوو بەم شێوەیە یە: بەڕێژەی 66.3% ی خاوەندامەزراوەکان لە هەرێمی کوردستان پێشبینی دەکەن کە کارەکەیان بەشێوەیەکی گشتی لە ساڵی داهاتوودا کەم دەبێت، 15.6% پێیان وایە کە وەك خۆی دەمێنێتەوە تەنها 10.7% لە **وەڵامدەران** ئاماژەیان بەوە کردووە کە کارەکەیان بەشێوەیەکی گشتی لە ساڵی داهاتوو باشتر دەبێت.

لەسەر ئاستی پارێزگاکان، زۆرینەی وەڵامدەران لە پارێزگای سلێمانی بەڕێژەی 75% پێشبینی دەکەن کە کارەکەیان بەشێوەیەکی گشتی لە ساڵی داهاتوو کەم دەبێت و ئەم ڕێژەیە لە پارێزگای هەولێر 62% و لە پارێزگای دهۆك بەڕێژەی نزیکەی 60%.

خشتەی 28 : پێشبینی خاوەندامەزراوەکان دەربارەی کارەکەیان لەساڵی داهاتوو لەسەر ئاستی پارێزگاکان وهەرێمی کوردستان

| ئابووری بەشێوەیەکی گشتی | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پێشبینی | پارێزگا | | | | | | | | هەرێمی کوردستان | |
| | هەولێر | | سلێمانی | | هەڵەبجە | | دهۆك | | | |
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| کەم دەبێت | 424 | 62.0 | 553 | 74.7 | 29 | 72.5 | 330 | 59.8 | 1336 | 66.3 |
| وەك خۆی دەبێت | 132 | 19.3 | 88 | 11.9 | 4 | 10.0 | 91 | 16.5 | 315 | 15.6 |
| باشتردەبێت | 105 | 15.4 | 51 | 6.9 | 5 | 12.5 | 54 | 9.8 | 215 | 10.7 |
| نازانم | 23 | 3.4 | 48 | 6.5 | 2 | 5.0 | 77 | 13.9 | 150 | 7.4 |
| کۆی گشتی | 684 | 100 | 740 | 100 | 40 | 100 | 552 | 100 | 2016 | 100 |

خشتەی 29 : بیروڕای خاوەندامەزراوەکان دەربارەی پاڵپشتی حکومی لە کارەکان (چەندین وەڵام) لەسەر ئاستی پارێزگاکان وهەرێمی کوردستان

| جۆری پاڵپشتی داواکراو | پارێزگا | | | | | | | | هەرێمی کوردستان | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | هەولێر | | سلێمانی | | هەڵەبجە | | دهۆک | | | |
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| قەرزی دارایی | 366 | 26 | 383 | 20.4 | 20 | 16.7 | 287 | 25 | 1056 | 23.2 |
| پشتیوانی ژێرخانی (کارەبا، ئاو، ڕێگا وشەقام) | 272 | 19.3 | 380 | 20.3 | 19 | 15.8 | 199 | 17.4 | 870 | 19.1 |
| کەرەستەی خاو بۆبەرهەمهێنان وخزمەتگوزارییەکان | 127 | 9 | 233 | 12.4 | 20 | 16.7 | 121 | 10.6 | 501 | 11.0 |
| پشتیوانی بەرهەمی خۆماڵی | 111 | 7.9 | 215 | 11.5 | 22 | 18.3 | 130 | 11.3 | 478 | 10.6 |
| باشترکردنی باری ئەمنی | 121 | 8.6 | 152 | 8.1 | 4 | 3.3 | 151 | 13.2 | 428 | 9.4 |
| پاڵپشتی پسوولەی خۆراك | 152 | 10.8 | 181 | 9.7 | 11 | 9.2 | 61 | 5.3 | 405 | 8.9 |
| ئاسانکاری ڕێکارە فەرمییەکان (رۆتینیات) | 123 | 8.7 | 142 | 7.6 | 10 | 8.3 | 72 | 6.3 | 347 | 7.6 |
| شوێنی جێگیرو گونجاو بۆکاری بازرگانی | 84 | 6 | 125 | 6.7 | 5 | 4.1 | 31 | 2.7 | 245 | 5.4 |
| ڕێکخستنی پێشانگاکان وشوێنی کارکردن (وەرشە) | 19 | 1.4 | 34 | 1.8 | 5 | 4.2 | 12 | 1.1 | 70 | 1.5 |
| هیتر | 34 | 2.4 | 30 | 1.6 | 4 | 3.3 | 82 | 7.2 | 150 | 3.3 |
| کۆی گشتی | 1409 | 100 | 1875 | 100 | 120 | 100 | 1146 | 100 | 4550 | 100 |

خشتەی سەرەوە بیروڕای خاوەن دامەزراوەکان دەربارەی پاڵپشتی حکومەت بۆ باشترکردنی کارەکانیان لە هەرێمی کوردستان پیشاندەدات ودەردەکەوێت کە زۆرینەی داواکاری خاوەنکارەکان لە حکومەت پێدانی قەرزی داراییە بۆ باشترکردنی کارەکانیان کە بەڕێژەی 23.2% دێت. هەروەها بە نزیکەی 19% لە داواکاری خاوەندامەزراوەکان لە حکومەت پاڵپشتی ژێرخانییە لە ڕووی کارەباو ئاو وڕێگاوبان. ڕێژەی 10.6% لە داواکاریەکان لە حکومەت بۆ پاڵپشتیکردنی بەرهەمی خۆماڵیە لە هەرێمی کوردستان.

## سەرچاوەکان

- بەشی ئامارەکانی بازرگانی2015، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، ڕووپێوی یەکەگەشتارییەکان 2013، هەرێمی کوردستان: دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان.
- بەشی ئامارەکانی بازرگانی2019، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان ، ڕووپێوی یەکەگەشتارییەکان 2016، هەرێمی کوردستان: دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان.
- بەشی ئامارەکانی بازرگانی 2022، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بەهەماهەنگی دەزگای ناوەندی ئاماری عێراق ، ڕووپێوی یەکەگەشتارییەکان2019، هەرێمی کوردستان: دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان.
- بەشی ئامارەکانی بازرگانی 2022، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بەهەماهەنگی دەزگای ناوەندی ئاماری عێراق، ڕووپێوی یەکەگەشتارییەکان2020، هەرێمی کوردستان: دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان.
- بەشی ئامارەکانی بازرگانی 2022، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بەهەماهەنگی دەزگای ناوەندی ئاماری عێراق 2021 ، ڕووپێوی بازرگانی ناوخۆیی لە کەرتی تایبەت ( بازرگانی تاک کۆ وفروشتن و چاک کردنەوەی ئۆتۆمبێل وماتۆرسیکیل کە بزوێنەریان هەیە) 2021، هەرێمی کوردستان: دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان.
- بەشی ئامارەکانی بازرگانی 2022 دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی UNDP وپاڵپشتی دارایی (USAID) ، ڕووپێوی دامەزراوەکانی ئابووری زۆر بچوك ، بچوك و مامناوەند (MSME) لە کەرتی تایبەت 2021 ، هەرێمی کوردستان: دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان.

# ئامارەکانی پیشەسازی

# پیشەسازی

کەرتی پیشەسازی ڕۆڵێکی بەرچاو وکاریگەری هەیە لە گەشەسەندن وپێشخستنی ئابووری وڵاتان بەهۆی دەستکەوتنی داهات لە بەرهەمهێنان وبەگەڕخستنی دەستی کار کە دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی کۆی بەرهەمی ناوخۆیی. بۆ ئەم مەبەستەش، دەستەی ئاماری هەرێم لەگەڵ لایەنی تری پەیوەندیدار لە حکومەتی هەرێم کار دەکات بۆ دەستەبەرکردنی زانیاریی ئاماریی ووردی ساڵانە لە کەرتی پیشەسازی لە ڕێگای ئەنجامدانی ڕووپێوە پیشەسازییەکان.


## دامەزراوەکانی پیشەسازی گەورە

**دامەزراوەکانی پیشەسازی گەورە**: بریتییە لەو دامەزراوە پیشەسازییەی کە ژمارەی کرێکارەکانی 30 کرێکار وزیاترە.


### ژمارەی دامەزراوەکانی پیشەسازی گەورە

بەپێی ئەنجامەکانی ڕووپێوی دامەزراوەکانی پیشەسازی گەورە، دەردەکەوێت کە ژمارەی دامەزراوەکانی پیشەسازی گەورە کە لە ساڵی 2020 کاریان کردووە 128 دامەزراوەن بە بەراورد بە ژمارەی ئەو دامەزراوانەی کە لە ساڵی 2018 کاریان دەکرد (132) بە ڕێژەی % 3.03 کەمی کردووە.
لە سەر ئاستی پارێزگاکانیش، ژمارەی دامەزراوەکان لە پارێزگای هەولێر لە 59 دامەزراوە لە ساڵی 2018 دابەزیوە بۆ 57 دامەزراوە لە ساڵی 2020 کە زۆرترین ڕێژەی دامەزراوەکانی گەورە بە ڕێژەی 44% لەخۆ گرتووە لە کۆی دامەزراوەکانی پیشەسازی گەورە، لە پارێزگای سلێمانی لە 56 دامەزراوە لە ساڵی 2018 دابەزیوە بۆ 52 دامەزراوە لە ساڵی 2020 کە بە پلەی دووەم دێت بە ڕێژەی 41% ، بەڵام لە پارێزگای دهۆک لە 17 دامەزراوە لە ساڵی 2018 بەرزبۆتەوە بۆ 19 دامەزراوە لە ساڵی 2020 کە ڕێژەکە دەکاتە 15% هەروەك لە شێوەی خوارەوە ڕوون کراوەتەوە

شێوەی 1 :ژمارەی دامەزراوەکانی پیشەسازی گەورە لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵانی2018 و2020



**نەخشەی13: ژمارەی دامەزراوەکانی پیشەسازی گەورە لە پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان بۆ ساڵانی2018 و2020**




## ژمارەی کرێکاران لە دامەزراوەکانی پیشەسازی گەورە

بەپێی ئەنجامەکانی ڕووپێوی دامەزراوەکانی پیشەسازی گەورە، دەرکەوتووە کە ژمارەی کرێکاران لە دامەزراوەکانی پیشەسازی گەورە کە لە ساڵی 2020 کاریان کردووە 12,713 کرێکار بوو بە بەراورد بە ژمارەی ئەو کرێکارانەی کە لە ساڵی 2018 کاریان دەکرد کە (12,737) کرێکار بوون تەنها بە ڕێژەی (0.2%) دابەزیوە.

لە سەر ئاستی پارێزگاکانیش، ژمارەی کرێکاران لە پارێزگای هەولێر لە 4,975 کرێکار لە ساڵی 2018 بەرزبۆتەوە بۆ 5284 کرێکار لە ساڵی 2020، لە پارێزگای سلێمانی لە 6,832 کرێکار لە ساڵی 2018 دابەزیوە بۆ 6,144 کرێکار لە ساڵی 2020 و لە پارێزگای دهۆك لە 930 کرێکار لە ساڵی 2018 بەرزبۆتەوە بۆ 1,285 کرێکار لە ساڵی 2020 هەروەك لە شێوەی خوارەوە ڕوون کراوەتەوە.

شێوە 2 :ژمارەی کرێکار لە دامەزراوەکانی پیشەسازی گەورە لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵانی 2018 و 2020




## کۆی کرێی، مووچە، پاداشت، پێداویستی و بەرهەم لە دامەزراوەکانی پیشەسازی گەورە

**کۆی کرێ و مووچە و پاداشتەکان لە دامەزراوەکانی پیشەسازی گەورە** لە نزیکەی 160 ملیار دینار لە ساڵی 2018 بەرزبۆتەوە بۆ سەرووی 170 ملیار دینار لە ساڵی 2020. کۆی بەهای پێداویستیەکان لە ساڵی 2018 کە بڕەکەی زیاترە لە 2 ترلیون دینار دابەزیوە بۆ کەمتر لە 2 ترلیون دینار لە ساڵی 2020 و هەروەها سەبارەت بەکۆی بەهای بەرهەم لە ساڵی2020 دابەزیوە بۆ نزیکەی 3 ترلیۆن دینار بە بەراورد بەساڵی2018 کە بەهاکەی بریتی بوو لە3.7 ترلیۆن دینار.

خشتەی 1: نیشاندەرەکانی (کۆی کرێ، مووچە وپاداشتەکان وکۆی بەهای پێداویستییەکان وکۆی بەهای بەرهەم ) لە دامەزراوەی پیشەسازی گەورە بۆ ساڵانی 2018 و2020

| نیشاندەرەکان | 2018 | 2020 |
|---|---|---|
| **کۆی کرێ، مووچە وپاداشتەکان (ملیار دینار)** | 159.741 | 170.23 |
| **کۆی بەهای پێداویستییەکان (ترلیۆن دینار)** | 2.144277 | 1.874895 |
| **کۆی بەهای بەرهەم (ترلیۆن دینار)** | 3.722735 | 3.068238 |

## دامەزراوەکانی پیشەسازی مامناوەند


**دامەزراوەکانی پیشەسازی مامناوەند**: بریتییە لەو دامەزراوە پیشەسازییانەی کە ژمارەی کرێکارەکانی لەنێوان (10-29) کرێکارە.

### ژمارەی دامەزراوەکانی پیشەسازی مامناوەند


بەپێی ئەنجامەکانی ڕووپێوی دامەزراوەکانی پیشەسازی مامناوەند، دەرکەوتووە کە ژمارەی دامەزراوەکان لە هەرێمی کوردستان کە لە ساڵی 2020 کاریان کردووە 396 دامەزراوەن وبەبەراورد بە ژمارەی ئەو دامەزراوانەی کە لە ساڵی 2018 کاریان دەکرد وژمارەیان 375 دامەزراوە بووە بەڕێژەی % 5.6 زیادیکردووە.

لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، هەر چەندە کە پارێزگای سلێمانی لە 217 دامەزراوە لە ساڵی 2018 کەمی کردووە بۆ 214 دامەزراوە لە ساڵی 2020, بەڵام زۆرترین دامەزراوەی مامناوەند دەکەوێتە ئەم پارێزگایە بەڕێژەی 54% و هەروەها ژمارەی دامەزراوەکان لە پارێزگای هەولێر لە 75 دامەزراوە لە ساڵی 2018 بەرزبووتەوە بۆ 97 دامەزراوە لە ساڵی 2020 کە بە پلەی دووەم دێت بە ڕێژەی 25%ی کۆی دامەزراوەکانی پیشەسازی مامناوەند.لە پارێزگای دهۆك، لە 83 دامەزراوە لە ساڵی 2018 بەرزبووتەوە بۆ 85 دامەزراوە لەساڵی 2020 کە دەکاتە 21%ی کۆی دامەزراوەکان لە هەرێمدا (شێوەی 3).

شێوەی 3 :ژمارەی دامەزراوەکانی پیشەسازی مامناوەند لە ساڵانی 2018 و2020 لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان



**نەخشەی14: ژمارەی دامەزراوەکانی پیشەسازی مامناوەند لە پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان بۆ ساڵانی2018 و2020**




### ژمارەی کرێکاران لە دامەزراوەکانی پیشەسازی مامناوەند

بەپێی ئەنجامەکانی ڕووپێوی پیشەسازی دامەزراوەکانی مامناوەند، ژمارەی کرێکاران کە لە دامەزراوەکانی پیشەسازی مامناوەند لە ساڵی 2020 کاریان دەکرد 5,441 کرێکار بووە وبە بەراورد بە ژمارەی ئەو کرێکارانەی کە لە ساڵی 2018 کاریان دەکرد وژمارەیان 5,401 کرێکار بووە، تەنها بە ڕێژەی (0.7%) بەرزبۆتەوە(شێوەی خوارەوە) .

لە سەر ئاستی پارێزگاکانیش، ژمارەی کرێکاران لە پارێزگای هەولێر لە 1298کرێکار لە ساڵی 2018 بەرزبۆتەوە بۆ 1,600 کرێکار لە ساڵی 2020، لە پارێزگای سلێمانی لە 2,976 کرێکار لە ساڵی 2018 دابەزیوە بۆ 2,661 کرێکار لە ساڵی 2020، و لە پارێزگای دهۆك لە 1,127 کرێکار لە ساڵی 2018 بەرزبۆتەوە بۆ 1,180 کرێکار لە ساڵی 2020.

شێوەی 4 :ژمارەی کرێکار لە دامەزراوەکانی پیشەسازی مامناوەند لە ساڵانی 2018 و2020 لە سەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان




### کۆی کرێی، مووچە، پاداشت، پێداویستی و بەرهەم لە دامەزراوەکانی پیشەسازی مامناوەند

کۆی کرێ ومووچە و پاداشتەکان لە دامەزراوەکانی پیشەسازی مامناوەند لە 37.779 ملیار دینار لە ساڵی 2018 دابەزیوە بۆ 34.515 ملیار دینار لە ساڵی 2020. کۆی بەهای پێداویستیەکان لە ساڵی 2018 لە 456.039 ملیار دینار دابەزیوە بۆ 360.162 ملیار دینار لە ساڵی 2020. سەبارەت بەکۆی بەهای بەرهەم لە ساڵی2020، بەهاکەی دابەزیوە بۆ 551.259 ملیار دینار بە بەراورد بە ساڵی2018 کە بەهاکەی بریتی بوو لە 560.424 ملیار دینار.

خشتەی 2 :نیشاندەرەکان (کۆی کرێ، مووچە وپاداشتەکان وکۆی بەهای پێداویستییەکان و کۆی بەهای بەرهەم) لە دامەزراوەکانی پیشەسازی مامناوەندە بۆ ساڵی 2018و 2020

| نیشاندەرەکان | 2018 | 2020 |
|---|---|---|
| **کۆی کرێ، مووچە وپاداشتەکان(ملیار دینار)** | 37.779 | 34.515 |
| **کۆی بەهای پێداویستییەکان(ملیار دینار)** | 456.039 | 360.162 |
| **کۆی بەهای بەرهەم(ملیار دینار)** | 560.424 | 551.259 |

## وزەی کارەبا

### کارەبای بەرهەمهێنراو

وزەی کارەبای بەرهەم هێنراوی کوردستان لە ساڵی 2021 بەرزبۆتەوە بۆ 39,596 مێگاوات (MW) بە بەراورد 36,816 مێگاوات (MW) لە ساڵی 2020. تێکڕای وزەی کارەبای بەرهەمهێنراوی کوردستان لە ساڵی 2021 بۆ هەر مانگێك بەرزبۆتەوە بۆ 3,300 مێگاوات (MW) بەبەراورد بە هەرمانگێکی ساڵەکانی پێشووتر بۆ نمونە 2018 کە بڕەکەی 2,409 مێگاوات (MW) بوو، لە خشتەی خوارەوە زانیاری دەربارەی وزەی کارەبای بەرهەمهێنراوی کوردستان بە مێگاوات (MW) لە ساڵی 2018 تاکو2021 پیشاندراوە

خشتەی 3 :وزەی کارەبای بەرهەم هێنراوی کوردستان بە مێگاوات (MW)


| مانگ | 2018 | 2019 | 2020 | 2021 |
|---|---|---|---|---|
| کانوونی دووەم | 2405 | 3193 | 3514 | 3465 |
| شوبات | 2439 | 3150 | 3340 | 3434 |
| ئازار | 2382 | 3221 | 3139 | 3313 |
| نیسان | 2233 | 3199 | 2920 | 2993 |
| ئایار | 2345 | 3051 | 2638 | 3284 |
| حوزەیران | 2361 | 3252 | 2727 | 3200 |
| تەمموز | 2316 | 3234 | 3019 | 3259 |
| ئاب | 2299 | 3260 | 3442 | 3400 |
| ئەیلوول | 2287 | 3217 | 3252 | 3392 |
| تشرینی یەکەم | 2357 | 2772 | 2639 | 3124 |
| تشرینی دووەم | 2667 | 2970 | 2865 | 3271 |
| کانوونی یەکەم | 2813 | 3464 | 3321 | 3461 |
| تێکرا | 2409 | 3165 | 3068 | 3300 |
| کۆی گشتی | 28904 | 37983 | 36816 | 39596 |

سەرچاوە: وەزارەتی کارەبا، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کۆنترۆڵ وگەیاندن.

## کارەبای هەناردەکراو

تێکڕای وزەی هەناردە بۆ عیراق بۆ هەرمانگێك لە ساڵی2021 بەرزبۆتەوە بۆ 498 مێگاوات (MW) بە بەراورد بە268 مێگاوات (MW) لەساڵی 2020. لە ساڵی 2021 بەرزترین وزەی هەناردە بۆ پارێزگاکانی تری عێراق لە مانگی ئەیلول بووە کە بڕەکەی 736 مێگاوات (MW) بووە و کەمترین وزەی هەناردەکراو لەمانگی کانوونی دووەم بووە بە بڕی 124 مێگاوات (MW)، هەروەک لە شێوەی خوارەوە پیشاندراوە.

شێوە 5 :کۆی وزەی هەنارده بۆ عیراق




سەرچاوە: وەزارەتی کارەبا، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کۆنترۆڵ و گەیاندن.

## کارەبای دابەشکراو

کۆی گشتی وزەی کارەبای دابەشکراو لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2021 بەرزبۆتەوە بۆ 34,500 مێگاوات (MW) بە بەراورد بەساڵی 2020 کە 33,594 مێگاوات (MW) بووە. بە شێوەیەکی گشتی وزەی کارەبای دابەشکراو لە هەرێمی کوردستان لە ساڵانی2018-2021 زیادی کردووە. تێکڕای وزەی کارەبای دابەشکراو لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2021 بۆ هەر مانگێك بەرز بۆتەوە بۆ 2,875 مێگاوات (MW) بە بەراورد بە هەرمانگێکی ساڵەکانی پێشووتر بۆ نمونە 2018 کە بڕەکەی 2,337 مێگاوات (MW) بووە، لە خشتەی 4 کۆی وزەی کارەبای دابەشکراو بە مێگاوات (MW) لە هەرێمی کوردستان لەساڵی 2018 تاکو 2021 پیشاندراوە.

خشتەی 4 :کۆی وزەی دابەشکراو لە هەرێمی کوردستان

| مانگ | 2018 | 2019 | 2020 | 2021 |
|---|---|---|---|---|
| کانوونی دووەم | 2352 | 2828 | 3088 | 3369 |
| شوبات | 2430 | 2758 | 2929 | 3414 |
| ئازار | 2382 | 2822 | 2779 | 3197 |
| نیسان | 2150 | 2824 | 2560 | 2824 |
| ئایار | 2246 | 2624 | 2388 | 2864 |
| حوزەیران | 2255 | 2788 | 2568 | 2609 |
| تەمموز | 2210 | 2809 | 2855 | 2725 |
| ئاب | 2196 | 2824 | 3037 | 2853 |
| ئەیلوول | 2180 | 2769 | 2894 | 2782 |
| تشرینی یەکەم | 2283 | 2428 | 2512 | 2407 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| **تشرینی دووەم** | 2654 | 2605 | 2790 | 2568 |
| **کانوونی یەکەم** | 2711 | 3063 | 3194 | 2888 |
| **تێکرا** | 2337 | 2762 | 2800 | 2875 |
| **کۆی گشتی** | 28049 | 33142 | 33594 | 34500 |

سەرچاوە: وەزارەتی کارەبا، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کۆنترۆڵ و گەیاندن.

## سەرچاوەکان


- بەشی ئامارەکانی پیشەسازی2022، دەزگای ناوەندی ئاماری عیراق ودەستەی ئاماری هەرێم ، ڕاپۆرتی ڕووپێوی پیشەسازی دامەزراوەکانی گەورە بۆ ساڵی 2020 لە هەرێمی کوردستان، هەرێمی کوردستان: دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان.
- بەشی ئامارەکانی پیشەسازی2022، دەزگای ناوەندی ئاماری عیراق ودەستەی ئاماری هەرێم ، ڕاپۆرتی ڕووپێوی پیشەسازی دامەزراوەکانی مامناوەند بۆ ساڵی 2020 لە هەرێمی کوردستان، هەرێمی کوردستان: دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان.
- بەشی ئامارەکانی پیشەسازی 2020دەستەی ئاماری هەرێم ، ڕاپۆرتی ڕووپێوی ئاماری پیشەسازی دامەزراوەی گەورە بۆ ساڵی 2018 لە هەرێمی کوردستان، هەرێمی کوردستان: دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان
- بەشی ئامارەکانی پیشەسازی 2020، دەستەی ئاماری هەرێم ، ڕاپۆرتی ڕووپێوی ئاماری پیشەسازی دامەزراوەی مامناوەند بۆ ساڵی 2018 لە هەرێمی کوردستان، هەرێمی کوردستان: دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان
- بەشی ئامارەکانی پیشەسازی2022 ، وەزارەتی کارەبا، بەرێوەبەرایەتی گشتی کۆنترۆڵ وگەیاندن، ڕاپۆرتی مانگانەی کارەبای هەرێم2018-2021، هەرێمی کوردستان: دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان.

# ئامارەکانی بیناسازی

## بیناسازی

کەرتی بیناسازی و ئاوەدانکردنەوە لایەنێکی گرنگ و چاڵاکە لە گەشەی ئابووری وڵات لە ڕێگای دابینکردنی دەرفەتی کار وبەشداری لە کۆبەرهەمی ناوخۆیی. دابینکردنی زانیاری سەبارەت بە بیناسازی و ئاوەدانکردنەوە گرنگە بۆ دارشتنی سیاسەت و بڕیاردان و پلاندانان بە مەبەستی پەرەپێدانی کەرتی بیناسازی و ئابووری وڵات بەگشتی.

دەستەی ئاماری هەرێم پوختەی داتاکانی مۆڵەتی بینا و پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە لە کەرتەکانی میری و تایبەت بۆ ساڵانی 2019-2021 لەسەر ئاستی پارێزگاکان و هەرێم دەخاتەڕوو، لە ماوەی ساڵانی ڕابردوو، سەرەڕای هەبوونی چەندین ئاڵنگاری و گرفتی دارایی و ئابووری وەك بڕینی بودجەی هەرێم لە لایەن حکومەتی فیدراڵی، ڕێکارەکانی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، جەنگی سەپێنراوی داعش وکردنەوەی سنوورەکان بەرەو ڕووی ئاوارەکان و پەنابەران لە ڕۆژئاوای کوردستان، کەرتی بیناسازی و ئاوەدانکردنەوە بەردەوام بووە لە بوژانەوە. دەستەی ئاماری هەرێم بەهاوکاری وهەماهەنگی لەگەڵ دامەزراوەکانی پەیوەندیداری حکومی، زانیاری ئاماری نوی لەکەرتی بیناسازی کۆ دەکاتەوە وبەشێوەی زانستی دەخاتە بەردەست. ئەم داتایە هەمووجۆرە مۆڵەتی بینا لە خۆدەگرێت وەکو (خانوو و باڵاخانەی نیشتەجێبوون، بینای بازرگانی، ڤێلا، مارکێت، دوکان، کارگە ... هتر) بە ئامانجی پیشاندانی چاڵاکیەکانی بواری بیناسازی و ئاوەدانکردن وخستنە ڕووی نیشاندەرە گرنگەکان لەوانە ژمارەی مۆڵەتی بیناسازی و پرۆژەکانی بیناسازی ، ڕووبەری تەرخانکراو ، ڕووبەری ئاوەدانکراو ، تێچووی یەك م$^2$ ، پارەی گشتی خەمڵێنراو بەپێی کەرەستەی بەکارهێنراو لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان دا.

**ڕووبەری تەرخانکراو:** ئەو ڕووبەرەیە کە لەلایەن لایەنی پەیوەندیدار (شارەوانی) تەرخان دەکرێت وبە پێی نەخشە و دیزاینی پێشنیارکراو سنوربەند و مۆڵەتی پێدەدرێت کە ڕووبەرەکەی لە نێوان 75-100,101-150,151-200,501-550م$^2$ دایە.

**ڕووبەری ئاوەدانکراو:** ئەو ڕووبەرەیە کە لەلایەن خاوەن زەوی بە پێی نەخشە وئەندازەی کە پێشتر خۆی ئامادەکراوە ودواتر لە لایەن لایەنی پەیوەندیدار (شارەوانی) ڕەزامەندی وەردەگرێت ولەلایەن خاوەن زەوی ئاوەدان دەکرێت لە سەر ڕووبەری مۆڵەت پێدراو.

**بینا:** ئەو ڕووبەرەیە لە لایەنی پەیوەندیدار (شارەوانی) لەسەر وێنەی تۆمار مۆڵەت پێدراوە بۆ بیناکردن بەپێی خواستی خاوەن زەوی بۆ مەبەستی جۆراوجۆر) خانووی نیشتەجێبوون، خزمەتگوزرای، شوێنی بازرگانی...هتد) کە ڕووبەرەکەی لە نێوان -200,....,501-550 75-100,101-150,151 م$^2$ دایە.

**تێچوو یەك مەتر دووجا:** بریتیە لە گشت گۆژمە پارەی تێچوو (کەرەستە، گواستنەوە، ئاو وکارەبا، ئەندازیاری، کرێکار، ڕسومات.... هتر) بۆ ڕووبەری ئاوەدانکراو لە سەرەتای کاری دروست کردنی بینا تا کۆتایی کاری بیناسازی دابەشی ڕووبەری ئاوەدانکراو.

**تێچویی گشتی:** بریتیە لە گشت گۆژمە پارەی تێچووی تەخمین کراو بۆ (کەرەستە، گواستنەوە، ئەندازیاری، کرێکار... ) بۆ گشت ڕووبەری ئاوەدانکراو لە هەریەك لە شارەوانیەکان.


## مۆڵەتی بیناسازی

خشتەی 1 :ژمارەی مۆڵەتی بیناسازی لەسەر ئاستی پارێزگاکان وئیدارەی گەرمیان لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی ساڵانی 2019-2021


| ساڵ | هەولێر | سلێمانی | دهۆك | گەرمیان | هەرێم |
|---|---|---|---|---|---|
| **2019** | 5,086 | 3,965 | 1,868 | 664 | 11,583 |
| **2020** | 5,472 | 2,486 | 2,565 | 553 | 11,072 |
| **2021** | 4,387 | 4,070 | 1,677 | 816 | 10,950 |

قەیرانەکانی دارایی و ئابووری و تەندروستی (دابەزینی نرخی نەوت لە بازارەکانی جیهانی و ڕێکارەکانی خۆپارێزی دژ بە بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا) لە ساڵی 2020 کاریگەری ڕاستەوخۆ لەسەر کەرتی بیناسازی لە هەرێمی کوردستان هەبووە. هەروەك لە خشتەی سەرەوە دەردەکەویت، ژمارەی مۆڵەتی بیناسازی لە هەریمی کوردستان بە هاوڵاتیان دراوە بریتی بووە لە 11,583 مۆڵەت لە ساڵی 2019. لە ساڵی 2020 ژمارەی مۆڵەتی بیناسازی کەمبوونەوەی بەخۆیەوە بینی و گەیشتە 11,072 مۆڵەت وەهەروەها، ئەم کەمبوونەوەیە لە ساڵی 2021 بەردەوام بوو گەیشتە 10,950 مۆڵەت کە ڕێژەی دابەزینەکە لە نێوان ساڵانی 2019 و 2021 5.46% بووە. لەسەر ئاستی پارێزگاکان، لە پارێزگای هەولێر لە ساڵی2019، 5,086 مۆڵەتی بیناسازی تۆمارکراوە ولە ساڵی 2021 نزمبۆتەوە بۆ 4,387 مۆڵەت و ڕێژەی نزمبونەوەی 14% بووە، بەڵام لە پارێزگای سلێمانی جیاواز لە پارێزگاکانی تری هەرێم، لە ساڵی 2021، مۆڵەتی بیناسازی بە بەراورد بەساڵی 2020 ڕێژەیەکی بەرزی تۆمارکردووە کە گەیشتە 63.7%. هەروەها لە پارێزگای دهۆك لە ساڵی 2019 دا 1,868 مۆڵەتی بیناسازی تۆمار کراوە و لە ساڵی 2021 ژمارەی مۆڵەتی بیناسازی گەیشتە 1,677و بە ڕێژەی 10 % نزمبونەوەی بەخۆیەوە بینی و ئیدارەی گەرمیان لە ساڵی 2019 ژمارەی مۆڵەتی بیناسازی 664 بووە بەراورد بە 816 مۆڵەت لە ساڵی 2021 بەڕێژەی22.9% زیادی کردووە.

شێوەی 1 :ژمارەی مۆڵەتی بیناسازی لەسەر ئاستی پارێزگاکان و ئیدارەی گەرمیان لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی ساڵانی 2019-2021



**نەخشەی 15: ژمارەی مۆڵەتی بیناسازی لەسەر ئاستی پارێزگاکان و ئیدارەی گەرمیان لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی2021**




خشتەی 2 :کۆی گشتی تێچووی خەمڵێنراو بۆ کاری بیناسازی لەسەر ئاستی پارێزگاکان وئیدارەی گەرمیان لە هەرێمی کوردستان بۆ سالّی 2019 – 2021

ملیار دینار

| سالّ | هەولێر | سلێمانی | دهۆک | گەرمیان | هەرێم |
|---|---|---|---|---|---|
| **2019** | 413.2 | 416.5 | 254.2 | 28.6 | 1112.6 |
| **2020** | 523.1 | 159.8 | 151 | 25.1 | 859.2 |
| **2021** | 347.5 | 275.7 | 218.4 | 43.1 | 884.8 |

هەروەك لە خشتەی سەرەوە دیارە، لەسالّی 2019، کۆی گشتی تێچووی خەمڵێنراو بۆ کاری بیناسازی لە هەرێمی کوردستان ( 1 تریلیون و 112.6ملیار دینار) بووە و لە سالّی 2020 کەم بۆتەوە بۆ( 859.2 ملیار دینار) و بەڕێژەی 22.7% نزم بووتەوە. لە سالّی 2021، کۆی گشتی تێچووی خەمڵێنراو ( 884.8 ملیار دیناری عیراقی) بووە بەراورد بەسالّی 2019 بە ڕێژەی 20.5 % نزم بووتەوە. لەسەر ئاستی پارێزگاکانیش، لەسالّی 2021 بەراورد بەسالّی 2019 تێچووی خەمڵێنراو کەم بۆتەوە جگە لە ئیدارەی گەرمیان، بۆ نمونە لە پارێزگای هەولێر لە سالّی 2019، کۆی گشتی تێچوویی خەملێنراو ( 413.2 ملیار دینار) بووە و لەسالّی 2020 بەرز بووتەوە بۆ (523.1 ملیار دینار) کە دەکاتە بەرێژەی 26.6%، بەڵام لە سالّی 2021 کەم بۆتەوە بۆ ( 347.5 ملیار دینار ) کە دەکاتە 15.9% .

شێوەی 2 :کۆی گشتی تێچووی خەملێنراو ( ملیار دینار) بۆ کاری بیناسازی لەسەر ئاستی پارێزگاکان و ئیدارەی گەرمیان لە هەرێمی کوردستان بۆ سالّی 2019 – 2021




خشتەی 3 :کۆی ڕووبەری تەرخانکراو (م$^{2}$) بۆ کاری بیناسازی لە کەرتی تایبەت لەسەر ئاستی پارێزگاکان و ئیدارەی گەرمیان لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵانی 2019-2021

| ساڵ | هەولێر | سلێمانی | دهۆك | گەرمیان | هەرێم |
|---|---|---|---|---|---|
| **2019** | 1,204,571 | 1,798,479 | 714,374 | 134,576 | 3,852,000 |
| **2020** | 2,194,973 | 657,115 | 411,899 | 100,636 | 3,364,623 |
| **2021** | 1,134,018 | 1,005,290 | 480,830 | 164,527 | 2,784,665 |

لە هەرێمی کوردستان لە نێوان ساڵانی 2019 تاکو 2021، کۆی ڕووبەری تەرخانکراو ڕوو لە کەمبوونەوە کردووە بە شێوەیەك کە لە ساڵی 2019 کۆی ڕووبەری تەرخانکراو بۆ کاری بیناسازی لە کەرتی تایبەت 3,852,000 م$^{2}$ بووە و لە ساڵی 2020 بوو بە 3,364,623 م$^{2}$ و لە ساڵی 2021 ڕووبەری گشتی تەرخانکراو دابەزی بۆ 2,784,665 م$^{2}$. لە ساڵی 2021 کۆی ڕووبەری تەرخانکراو بە ڕێژەی 27.7% دابەزیوە بەراورد بە ساڵی 2019 . لەسەر ئاستی پارێزگاکانیش، پارێزگای هەولێر لە ساڵی 2020، ڕووبەری تەرخانکراو 2,194,973 م$^{2}$ بووە بەراورد بە ساڵی 2019 بەرزبوونەوەیەکی ئێجگار گەورە بەخۆیەوە بینیوە کە ڕێژەی بەرزبوونەوە 82.2% بووە، بەڵام لە ساڵی 2021 بە پێچەوانەوە ڕووبەری تەرخانکراو ڕووی لە کەمبونەوە کرد گەیشتە 1,134,018 م$^{2}$ و بە ڕێژەی 48.3% دابەزیوە بە بەراورد بە ساڵی 2020. هەروەها لەسەر ئاستی پارێزگاکانی تر، ڕووبەری تەرخانکراو بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە هەروەك لە شێوەی خوارەوە ڕوونکراوەتەوە.

شێوەی 3 :کۆی ڕووبەری تەرخانکراو بە (م$^{2}$) بۆ کاری بیناسازی لە کەرتی تایبەتی لەسەر ئاستی پارێزگاکان و ئیدارەی گەرمیان لە هەرێمی کوردستان لە ساڵانی 20219-2021





خشتەی 4 :ڕووبەری گشتی بیناکراو (م$^{2}$) لە کەرتی تایبەت لەسەر ئاستی پارێزگاکان و ئیدارەی گەرمیان لە هەرێمی کوردستان لە ساڵانی 2019 - 2021

| ساڵ | هەولێر | سلێمانی | دهۆك | گەرمیان | هەرێم |
|---|---|---|---|---|---|
| **2019** | 1,347,123 | 1,356,418 | 933,442 | 131,451 | 3,768,434 |
| **2020** | 1,926,094 | 668,583 | 517,399 | 108,921 | 3,220,997 |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| **2021** | 1,322,298 | 1,233,210 | 629,073 | 201,548 | 3,386,129 |

لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی2019 ڕووبەری بیناکراو 3,768,434 م$^2$ بووە و لە ساڵی 2021 کەمبوەتەوە بۆ( 3,386,129 م$^2$ ) بە ڕێژەی 10.1% بەڵام لە ساڵی2021 بە بەراورد بە ساڵی 2020 بە ڕێژەی نزیك 5% بەرزبووەتەوە. لەسەر ئاستی پارێزگاکانیش، بەتایبەت لە پارێزگای هەولێر لە نیوان ساڵانی 2019 و 2021 جیاوازییەکی ئەوتۆی نیە بەڵام بەڕوونی دیارە کە ڕووبەری بیناکراو ( 1,926,094م$^2$) لە ساڵی 2020 لە هەڵکشاندا بووە و لە ساڵی 2021 ڕووبەری بینا کراو دابەزیوە بۆ 1,322،298 م$^2$ بە پێچەوانەی پارێزگاکانی تر کە لە ساڵی 2020 ڕوو لە داکشان بووە و لە ساڵی 2021 بەرزبووەتەوە.

شێوەی 4 :ڕووبەری گشتی بیناکراو (م$^2$) لە کەرتی تایبەت لەسەر ئاستی پارێزگاکان وئیدارەی گەرمیان لە هەرێمی کوردستان لە ساڵانی 2019 –2021




خشتەی 5 :تێکڕای تێچووی خەملێنراو بۆ یەك م$^2$ بۆ کاری بیناسازی لە کەرتی تایبەت لەسەر ئاستی پارێزگاکان وئیدارەی گەرمیان لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵانی 2019-2021


دیناری عیراقی

| ساڵ | هەولێر | سلێمانی | دهۆک | گەرمیان | هەرێم |
|---|---|---|---|---|---|
| **2019** | 306,749 | 307,085 | 272,424 | 217,637 | 275,974 |
| **2020** | 271,618 | 239,080 | 291,919 | 231,003 | 258,405 |
| **2021** | 262,812 | 223,626 | 347,221 | 214,162 | 261,955 |

تێکڕای تێچووی خەملێنراو بۆ یەك م$^{2}$ لە کاری بیناسازی لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2019 دا( 275,974 دینار) بووە کە لە ساڵی 2020 (258,405 دینار) بەڕێژەی 6.4% و لە ساڵی 2021 (261,974 دینار) و بە ڕێژەی 5.1% دابەزیوە بە بەراورد بە ساڵی 2019 .

لەسەر ئاستی پارێزگاکان، پارێزگای سلێمانی لە ساڵی 2019 تێچووی ئاوەدان کردن بۆ یەك م$^{2}$ ( 307,085) دینار بووە و لە ساڵی2020 بە ڕێژەی 22.1% دابەزیوە و گەیشتە 239,080 دینار و لە ساڵی 2021 گەیشتە 223,626 دینارکەبە ڕێژەی 27.2% دابەزین پێشان دەدات. هەروەها لە پارێزگای هەولێر، لە ساڵی 2019، تێکڕای تێچووی خەملێنراو بۆ یەك م$^{2}$ 306,749دیناربووە و لە ساڵی 2020 گەیشتە 271,618 دینارکە بەڕێژەی 11.5% دابەزیوە،هەروەها لە ساڵی 2021، تێچووی خەملێنراو بۆ یەك م$^{2}$ 262,812 بووە و بە ڕێژەی 14.3% نزمبوونەوە پێشان دەدات بە باراوود بە 2019. لە ئیدارەی گەرمیان لە ساڵی 2019، تێکڕای تێچوویی بۆ یەك م$^{2}$ 217,637 دیناربووە و لە ساڵی 2020، بەرزبووەتەوە بۆ 231,003 دینار و لە ساڵی 2021 گەیشتە 214,162 دینار کە جیاوازییەکی ئەوتۆ بەدی ناکرێت. هۆکاری سەرەکی بەرزی و نزمی نرخەکان زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ 1) دووری و نزیکی کەرەستەی بیناسازی لە شوێنی ئاوەدانکراو 2) بۆ کوالیتی کەرەستەکان.

شێوەی 5 :تێکڕای تێچووی خەملێنراو بۆ یەك م$^{2}$ بۆ کاری بیناساز ی (دیناری عیراقی) لە کەرتی تایبەت لەسەر ئاستی پارێزگاکان و ئیدارەی گەرمیان لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵانی 2019-2021




## پرۆژەکانی بیناسازی تەواوکراوی تایبەت بە وەبەرهێنان

خشتەی 6 :ژمارەی پرۆژەکانی بیناسازی تەواوکراوی تایبەت بە وەبەرهێنان لەسەر ئاستی پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان لەماوەی ساڵانی 2019-2021


| ساڵ | هەولێر | | | سلێمانی | | | دهۆك | | | هەرێم | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | خۆماڵی | بیانی | هاوبەش | خۆماڵی | بیانی | هاوبەش | خۆماڵی | بیانی | هاوبەش | خۆماڵی | بیانی | هاوبەش |
| **2019** | 4 | 0 | 0 | 8 | 0 | 0 | 4 | 0 | 0 | 16 | 0 | 0 |
| **2020** | 29 | 0 | 2 | 25 | 0 | 0 | 21 | 0 | 0 | 75 | 0 | 2 |
| **2021** | 34 | 1 | 1 | 18 | 0 | 0 | 16 | 0 | 0 | 68 | 1 | 1 |

سەرەڕای قەیرانەکان کە بەرۆکی کوردستانیان گرتبوو، حکومەتی هەرێم بەردەوام بووە لە ڕاکێشانی سەرمایەی ناوخۆیی و بیانی لە بواری پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە و وەبەرهێنان. بە پێی داتای دەستەی وەبەرهێنان لە ساڵی 2019 ، تەنها 16 پرۆژەی خۆماڵی کەرتی تایبەت ڕێکارەکانی فەرمی تەواو بووە بۆ جێبەجێ کردن، بەڵام لە ساڵانی 2020 و2021، لەسەر ئاستی هەرێم و پارێزگاکان، ژمارەی پرۆژەکان بەرزبووەتەوە. لە ساڵی 2020، کۆی پرۆژەکانی خۆماڵی و بیانی و هاوبەش کە لە هەرێمی کوردستان کەوتوونەتە کارەوە 77 پرۆژە بووە.

هەروەها لە ساڵی 2021، کۆی پرۆژەکانی خۆماڵی و بیانی و هاوبەش 70 پرۆژە بووە بە بەراورد بە ساڵی 2019 کە ژمارەیان 16 پرۆژە بووە .

لە ساڵی 2019، لە هەرێمی کوردستان و پارێزگاکان، تەنها پرۆژەی خۆماڵی جێبەجێکراوە و زۆرترین پرۆژە لە پارێزگای سلێمانی بووە (8)، بەڵام لە ساڵی 2020 و 2021 زۆرترین پرۆژەی وەبەرهێنان لە پارێزگای هەولێر بووە و کۆی پرۆژەکان 31 و 36 پرۆژە بووە یەك لەدوای یەك و تەنها لەپارێزگای هەولێر پرۆژەی بیانی و هاوبەش هەبووە.

شێوەی 6: ژمارەی پرۆژەکانی بیناسازی تەواوکراوی تایبەت بە وەبەرهێنان لەسەر ئاستی پاریزگاکان و هەرێمی کوردستان لەماوەی ساڵانی 2019-2021





خشتەی 7 :ڕووبەری تەرخانکراو بە (م²) بۆ پرۆژەکانی بیناسازی تەواوکراوی تایبەت بە دەستەی وەبەرهێنان لەسەر ئاستی پارێزگا و هەرێمی کوردستان لە نێوان ساڵانی 2019 -2021

| هەرێم | | | دهۆك | | | سلێمانی | | | هەولێر | | | ساڵ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هاوبەش | بیانی | خۆماڵی | هاوبەش | بیانی | خۆماڵی | هاوبەش | بیانی | خۆماڵی | هاوبەش | بیانی | خۆماڵی | |
| 0 | 0 | 62,250 | 0 | 0 | 1,225 | 0 | 0 | 26,525 | 0 | 0 | 34,500 | **2019** |
| 38,025 | 0 | 7,069,825 | 0 | 0 | 278,200 | 0 | 0 | 2,458,200 | 38,025 | 0 | 4,333,425 | **2020** |
| 22,500 | 5,000,000 | 5,679,050 | 0 | 0 | 5,095,300 | 0 | 0 | 3,225,600 | 22,500 | 5,000,000 | 2,612,150 | **2021** |

کۆی ڕووبەری تەرخانکراو ( م² ) بۆ پرۆژەکانی بیناسازی تەواوکراوی تایبەت بە دەستەی وەبەرهێنان لەسەر ئاستی هەرێم، 62,250 م² بووە لە ساڵی 2019 و لە ساڵانی 2020 و 2021، ڕووبەری تەرخانکراو بۆ پرۆژەکانی بیناسازی تەواوکراوی تایبەت بە دەستەی وەبەرهێنان (7,107,850) و(10,701,550) م² بووە یەك لە دوای یەك (شێوەی خوارەوە).

شێوەی 7 :ڕووبەری تەرخانکراو بە (م2 ) بۆ پرۆژەکانی بیناسازی تەواوکراوی تایبەت بە دەستەی وەبەرهێنان لەسەر ئاستی پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان لە نێوان ساڵانی 2019 -2021




خشتەی 8: کۆی گشتی تێچووی خەملێنراوی پرۆژەکانی بیناسازی تەواوکراوی تایبەت بە دەستەی وەبەرهێنان لەسەر ئاستی پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان بۆ ساڵانی 2019-2021

بە دۆلار

| ساڵ | هەولێر | | | سلێمانی | | | دهۆك | | | هەرێم | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | خۆماڵی | بیانی | هاوبەش | خۆماڵی | بیانی | هاوبەش | خۆماڵی | بیانی | هاوبەش | خۆماڵی | بیانی | هاوبەش |
| **2019** | 225,616,000 | 0 | 0 | 438,951,256 | 0 | 0 | 23,707,000 | 0 | 0 | 688,274,256 | 0 | 0 |
| **2020** | 991,566,000 | 0 | 17,566,000 | 613,861,500 | 0 | 0 | 382,716,000 | 0 | 0 | 1,988,143,500 | 0 | 17,566,000 |
| **2021** | 2,781,896,495 | 4,906,110,000 | 19,818,000 | 671,461,025 | 0 | 0 | 139,115,304 | 0 | 0 | 3,592,472,824 | 4,906,110,000 | 19,818,000 |

لە ساڵی 2019، کۆی گشتی تێچووی خەملێنراو پرۆژەکانی بیناسازی تەواوکراوی تایبەت بە دەستەی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان 688,274,256 دۆلار بووە و زۆرترینیان بۆ پرۆژەی خۆماڵی بووە، بە بەراورد بەساڵانی2020 و 2021 کە کۆی گشتی تێچووی خەملێنراو پرۆژەکانی خۆماڵی و بیانی وهاوبەش2,005,709,500 و 8,518,400,824 دۆلار بووە کە بەرزبوونەوەیەکی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە کە لە شێوەی خوارەوە پێشان دراوە.

شێوەی 8 : کۆی گشتی تێچووی خەملێنراوی پرۆژەکانی بیناسازی تەواوکراوی تایبەت بە دەستەی وەبەرهێنان بە دۆلار لەسەر ئاستی پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان بۆ ساڵانی 2019- 2021





## پرۆژەکانی بیناسازی میری (کەرتی گشتی)

خشتەی 9 :ژمارەی پرۆژەکانی میری(کەرتی گشتی) تەواوکراو و بە پێی پارێزگاکان تایبەت بە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی (2019-2021) لە سەر ئاستی هەرێم


| ساڵ | هەولێر | سلێمانی | دهۆك | هەرێم |
|---|---|---|---|---|
| **2019** | 43 | 62 | 32 | 137 |
| **2020** | 33 | 35 | 24 | 92 |
| **2021** | 41 | 63 | 43 | 147 |

لە ساڵی 2019، لەسەر ئاستی هەرێم، 137 پرۆژەی میری(کەرتی گشتی) جۆراو جۆر لە بواری ئاوەدانکردنەوە و نۆژەنکردنەوە جێبەجێ کراوە و ئەم ژمارەیە لەساڵی2020 نزمبوونەوەی بەخۆوە بینیوە بۆ 92 پرۆژە بەڵام لەساڵی 2021 بەرزبۆتەوە بۆ 147 پرۆژە. لە سەر ئاستی پاریزگاکان ، لە ساڵی 2019، زۆرترین پرۆژە لە پارێزگای سلێمانی تەواوکراوە کە ژمارەیان 62 پرۆژە بووە و لەساڵی 2020 نزمبووتەوە بۆ 35 پرۆژە، بەڵام لە ساڵی 2021 گەیشتووە بە 63 پرۆژە. هەروەها لە پارێزگای دهۆك، لە ساڵانی 2019 و 2020 نزمترین پرۆژەی میری جێبەجێ کراوە ( 32 و 24 یەک لە دوای یەک) بەڵام لە ساڵی 2021 ژمارەی پرۆژەکان بەرز بووتەوە بۆ 43 پرۆژە هەروەك لە شێوەی خوارەوە پێشان دراوە.

شێوەی 9 :ژمارەی پرۆژەکانی میری(کەرتی گشتی) تەواوکراو لەسەر ئاستی پارێزگاکان و هەرێم بۆ ساڵانی (2019-2021)



**نەخشەی16: ژمارەی پرۆژەکانی میری تەواوکراو لەسەر ئاستی پارێزگاکان وهەرێمی کوردستان بۆ ساڵی2021**




خشتەی 10 :تێچووی گشتی پرۆژەکانی بیناسازی میری(کەرتی گشتی) (دیناری عێراقی) لەسەر ئاستی پارێزگاکان وهەرێمی کوردستان بۆ ساڵانی 2019-2021

بەها بەدیناری عێراقی

| ساڵ | هەولێر | سلێمانی | دهۆک | لە سەر ئاستی هەرێم |
|---|---|---|---|---|
| **2019** | 39,433,361,830 | 43,902,754,451 | 115,340,007,464 | 191,122,739,105 |
| **2020** | 21,947,530,801 | 41,220,399,435 | 76,439,328,021 | 139,607,258,257 |
| **2021** | 35,318,100,247 | 52,970,927,143 | 26,868,269,250 | 121,102,590,640 |

لە ساڵی 2019، کۆی تێچوو بۆ پرۆژەکانی بیناسازی میری(کەرتی گشتی) لە هەرێمی کوردستان 191.1 ملیار دینار بوو بەراورد بە کۆی تێچووی گشتی 139.6 ملیار دینار لە ساڵی 2020 و 121.1ملیار دینار لە ساڵی 2021 کە بە پێچەوانەی ژمارەی پرۆژەکان نزم بونەوەی بە خۆیەوە بینیوە بە ڕێژەی27% و 36.6% یەک لە دوای یەک.

شێوە 10 :کۆی تێچووی پرۆژەکانی بیناسازی میری(کەرتی گشتی) (ملیۆن دیناری عیراقی) بە پێی پارێزگاکان تایبەت بە کەرتی گشتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵانی 2019-2021




## مۆڵەتی بیناسازی بەپێی جۆری بینا

خشتەی 11 :ژمارە و ڕێژەی سەدی مۆڵەتی بیناسازی لە هەرێمی کوردستان بەپێی جۆری بینا لە نێوان ساڵانی 2021-2018

| جۆری بینا | مۆڵەتی بینا | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | 2018 | | 2019 | | 2020 | | 2021 | |
| | ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە |
| خانووی نوێ | 8728 | 89.55 | 10363 | 89.47 | 9997 | 90.29 | 9400 | 85.84 |
| زیادکراو/بەشێك لە خانووەکە زیادکراوە | 224 | 2.30 | 209 | 1.80 | 136 | 1.23 | 231 | 2.11 |
| گۆڕین/ دامەزراوەکە گۆڕاوە بۆ دامەزراوەیەکی ترە | 13 | 0.13 | 182 | 1.57 | 0 | 0.00 | 22 | 0.20 |
| نۆژەنکردنەوە وچاککردنەوە | 1 | 0.01 | 11 | 0.09 | 26 | 0.23 | 31 | 0.28 |
| تێکدان / دامەزراوەکە تێکدراوە | 165 | 1.69 | 182 | 1.57 | 115 | 1.04 | 168 | 1.53 |
| باڵەخانەی نیشتەجێبوون | 124 | 1.27 | 366 | 3.16 | 238 | 2.15 | 6 | 0.05 |
| باڵەخانەی بازرگانی | 336 | 3.45 | 165 | 1.42 | 374 | 3.38 | 642 | 5.86 |
| کۆگای بازرگانی | 9 | 0.09 | 9 | 0.08 | 10 | 0.09 | 15 | 0.14 |
| شوێنی بازرگانی ودوکان | 47 | 0.48 | 30 | 0.26 | 65 | 0.59 | 207 | 1.89 |
| پێشانگا | 0 | 0.00 | 9 | 0.08 | 27 | 0.24 | 1 | 0.01 |
| کارگەی چاککردنەوە | 0 | 0.00 | 0 | 0.00 | 41 | 0.37 | 87 | 0.79 |
| شوشتنگە | 0 | 0.00 | 0 | 0.00 | 0 | 0.00 | 28 | 0.26 |
| کارگەی پیشەسازی | 14 | 0.14 | 22 | 0.19 | 1 | 0.01 | 89 | 0.81 |
| هۆتێل | 0 | 0.00 | 0 | 0.00 | 1 | 0.01 | 1 | 0.01 |
| بینای میری | 2 | 0.02 | 4 | 0.03 | 2 | 0.02 | 1 | 0.01 |
| سەربرینخانە | 1 | 0.01 | 0 | 0.00 | 10 | 0.09 | 0 | 0.00 |
| قوتابخانەی ناحکومی | 1 | 0.01 | 0 | 0.00 | 0 | 0.00 | 0 | 0.00 |
| کۆمەڵگای پزیشکی | 3 | 0.03 | 0 | 0.00 | 0 | 0.00 | 2 | 0.02 |
| هیتر | 78 | 0.80 | 31 | 0.27 | 29 | 0.26 | 19 | 0.17 |
| کۆی گشتی | 9746 | 100 | 11583 | 100 | 11072 | 100 | 10950 | 100 |

خشتەی 11 ژمارەو ڕێژەی مۆڵەتی بینا لە کەرتی تایبەت لە ساڵانی 2018 تاکو2021پێشان دراوە. بۆ نمونە، ئاماژە بە هەندێك ژمارە و ڕێژە لە ساڵی 2021 کراوە کە لەم ساڵەدا خانووی نوی زۆرترین ڕێژەی تۆمارکردووە ( 85.8 % ) کە 9,400 مۆڵەت بووە، پاشان باڵەخانەی بازرگانی دێت بەڕێژەی 5.9 % (642)، دووای ئەو زیادەی خانوو بەڕێژەی 2.1 % (231) وشوێنی بازرگانی و دووکان بە ڕێژەی 1.9 % (207).

شێوەی 11 :ڕێژەی سەدی جۆری مۆڵەتی بینا لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2021



## سەرچاوە

- بەشی ئامارەکانی بیناسازی2022 ، وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار/ سەرۆکایەتی شارەوانی پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک-وەرگرتنی زانیاری بە نوسراوی فەرمی2022، هەرێمی کوردستان: دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان

**وەزارەتی پلاندانان- دەستەی ئاماری هەرێم**

**Krso.Gov.Krd**

وەزارەتی پلاندانان-دەستەی ئاماری هەرێم

www.krso.gov.krd